# عەقیدەی ئیمان



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# عەقیدەی ئیمان - عەقیدەی کوردیی

## "لوببەلعەقاييد"

کۆنترین دەستنووس: ١٨١٨/٥/١٦
٢٤ محرم ١٢٣٤ هجری

کۆ و کورت کردنەوەی
**خالید شارەزووریی نەقشبەندیی**
**(مەولانا خالید)**

ئاشناکردن و لێکۆڵینەوەی
**بابی لالۆ**
**(کەمال رەئووف محەممەد)**



ناوی کتێب: عەقیدەی ئیمان - عەقیدەی کوردیی
کۆ و کورت کردنەوەی: خالید شارەزووریی نەقشبەندیی (مەولانا خالید)
ئاشناکردن و لێکۆڵینەوەی: بابی لالۆ (کەمال رەئووف محەممەد)
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٦٠
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
سەرپەرشتی: ئەمیری حاجی داود
هەڵەگری: نووسەر
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم: هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشکەشی هیوای وجوودی بێ هوودەم (لالۆ)ی جوانەمەرگ...

بۆ گـیـانی پاک و ئافـەرینی بەندەی خـوداناس، ئینسـانی ژیر، کـوردی نەتەوە و هەژارپەروەر، کـوڕی خـوێندەوار و توانا و ڕەوشت بەرزم، (لالۆ)ی دەرچووی کـۆلێـجی زانیـاری- بایۆلۆژیی زانکۆی سـەلاحـەدین: ١٩٩٧ و خـوێندکـاری ناکـامی یێکەم پۆلی کـۆلێجی قـانوونی- شـەوانەی- زانکۆی سلێمـانی، کارمـەندی دەسـتپـاکی دەزگەی نێـو دەوڵەتیی F.A.O... زاوای ناکـام کـە عـەسری ڕۆژی ٢٠٠٢/١٢/٢٥ لە گـەڕانەویدا- دوای گرتنی هێلانەیێ لە ئوتێلی هاوینەهەواری دوکان بۆ گواستنەوەی بووکە حەڵاڵەکەی لە ٢٠٠٢/١٢/٣١دا- لە ڕێگەی گردە بۆری سلێمانییدا، بێ گوناه و دەستەپاچە وەک سوارێکی تاکسیی، بەپێکدادانی ئەژدەهاکێکی دی، (جوانەمەرگ) بوو... ڕەنجی تەمەنی بیـست و هەشت بەهارەی تەڕوپاراوی، چلـەی چاوی گـەشی بۆ خـوێندەواریی، خـەونە شـیرینەکـانی بۆ دواڕۆژی ڕووناک و بەرزیی نەتەوەکەی، تەخت و بەختی ژینی خێـزانی، هەمـوو پڕۆژە نووسـینێکی بابی لەخۆبوردووی و خزمـەتگوزار و دیار ئاخـیـر و تەنیـا و نەخۆش و مەنفانشینی کوێر بۆوە.

لالۆ، کوڕە پڕ جەوهەرە خۆش ئاوازەکەم، تۆ و گـیانت ئافـەرینی خودان... تۆ هاودەنگی ئەم ڕەنجەی بیستساڵەم بوویت کە هەتا دوای هەڵفڕینت بۆ عەدەم، لە ئەوێوە هانات بۆ دەهێنام، یەخەت دەگرتم ئەم (کارە) تەواو بکەم... سا من گوێ ڕایێڵ و ئافەرینیش بۆ تۆ!

لالۆ: هیـوای وجوودی بێ هوودەم، مەرگی تۆ و پێـتەختە نوێیـەکت لە گردی «سەیوان» سلێـمانیی، مەرگی تۆ و هەمـوو جوانە ناکامـەکانی بست بەبسـتی کوردسـتانی پیـرۆز، دڵنیاتری کردم کە هەموو شتێ بێ هودەیە؛ دەبێ و دەبڕێتەوە و هەر تاکە توانا و خاوەندی عەدەم و وجوود، خاوەندی هەردوو دونیای ڕوون و تاریک، (خودا) خۆی تاقە نەمرێکە و ئەزەلیی هەر ئەوە، بۆێیکا دڵنیـابە هەتا دوا هەناسـە هەر دەڵێم: (انا لله وانا الیـه راجعون). لالۆ، لەلەی بەهار و پایزی عـومرم، لا-لا-لا، لەو لەو- لالۆ جوانەکەم، چاوێ هەڵبێنە، وا هاتم!


بابت

کەمال ڕەئووف محەممەد

زیندانی مەنفا- ستێل/ هۆڵاند

نیوەشەوی ٢٠٠٣/٩/١ ملیار





لالۆی جوانەمەرگ

(١٩٧٤/٤/٢٠ - ٢٠٠٣/١٢/٢٥)

# ڕستی بابەتەکان


پێشەکی ... 10

**بەشی یەکەم**

١- سەرنجێکی مێژوویی خێرا ... 19
٢- ئایینی کورد ... 21
٣- زمانی کورد ... 21
٤- باری خوێندن و خوێندەواریی ... 22
٥- باری زمان و ئەدەبی ... 25
١/٥- باری زمان ... 25
٢/٥- باری ئەدەب ... 27
١/٢/٥- پەسنی ئەدەبی گەل ... 28
١/٣/٢/٥- وێنەی هەڵبەست و پەخشان وێکڕا ... 30
٢/٢/٢/٥- وێنەی پەخشان- چیرۆک ... 34
٢/٢/٥- پەسنی ئەدەبی نووسراو ... 35
١/٢/٢/٥- شیعر و نەزم- هۆنراو و هەڵبەست ... 36
٢/٢/٢/٥- پەخشان ... 37
١/٢/٢/٢/٥- پەخشان بەشێوەی کورمانجی باکوور ... 37
٢/٢/٢/٢/٥- پەخشان بەشێوەکانی دی ... 40

**بەشی دووەم**

١- نۆڕینێ بەوڵاتی بەبە- باباندا ... 43
٢- باری خوێندن و خوێندەواریی وڵاتی بەبە- بابان ... 45
٣- باری زمان و ئەدەب لە وڵاتی بەبە- باباندا ... 46
١/٣- زمان- شێوەیی ... 46
١/١/٣- شێخ سادیق نێو ... 47
٢/١/٣- مەلا محەممەدی سێوچێ ... 48
٣/١/٣- شایێری گەل عەلی بەردەشانی ... 48





٢/٣- ئەدەب ... 51
١/٢/٣- سەردەمی عەبدوڕڕەحمان پاشا- باری ئەدەب ... 56
٤- دوارۆژی وڵاتی بەبە- دوارۆژی ئەدەب ... 67
١/٤- دوارۆژی وڵات ... 67
٢/٤- دوارۆژی ئـەدەب ... 67
٣/٤- ئارەزووی خەڵک- دوارۆژی هونەرەکانی ئەدەب ... 69

**بەشی سێیەم**

١- عەقیدەی ئیمان، دانان و نووسینی لەنێو کورددا ... 73
٢- مەلا- مەولانا خالیدی شارەزووریی نەقشبەندیی ... 75
١/٢- لێکۆڵینەوەی ژینی ... 75
٢/٢- دانراوەکانی ... 84
٣/٢- کێشەی مەلا- مەولانا خالید ... 121
٣- پەسنی دەستنووسەکان ... 146
١/٣- پەسنی: د-١ ... 146
٢/٣- پەسنی: دەستنووسەکانی دی ... 150
١/٢/٣- پەسنی: ٢، ٣ ... 150
١/١/٢/٣- پەسنی د-٢ ... 150
٢/١/٢/٣- پەسنی د-٣ ... 151
٣/٣- یادکردنەوەی: د-٤ی بڵاوکراوە ... 152
٤- مەتنی عەقیدەی ئیمان- خالیدی شارەزووریی نەقشبەندیی ... 154

**پاشکۆ**

١- عەقیدەی کوردیی هەڵبەستراوی: سەمیع ... 167
- پەسنی ... 167
- مەتنی ... 169
٢- پەراوێزێکی پێویست ... 186
٣- فۆتۆکۆپی دەستنووس و بەڵگە و وێنە: ... 191
١/٢: د-١ ... 191

٢/٢: د-٢ ........ 226
٣/٢: د-٣ ........ 251
٤/٢: د-٤ «بڵاوکراوەی محەممەدی مەلا کەریم- گوتاری و مەتنی دەستنووسەکە ........ 263
٥/٢: د-٤ عەقیدەکە ........ 287
٦/٢: د-٥: سەمیع ........ 307
٧/٢: عەقیدەی سەیید تەهای شەمزینی ........ 317
٨/٢: موناجاتی کوردیی، (شێخ سادق) ........ 323
٩/٢: توبیا کوردیی، (مەلا مەحموود) ........ 324
١٠/٢: سەرە قەڵەمە نامەیێکی کوردیی، (مەولەوی) ........ 325
١١/٢: نامەی فارسیی، (کاک ئەحمەدی شێخ) ........ 326
١٢/٢: وەقفنامەی عەرەبیی: (عەبدوڕڕەحمان پاشای بەبە) ........ 327
١٣/٢: وێنەی نیگاری زیندووی، (عەبدوڕڕەحمان پاشای بەبە) ........ 328
١٤/٢: چەند وێنەیێکی فۆتۆگرافی لێ کۆڵ لە باژێڕی شام- سووریادا! ........ 329



## پێشەکی

-١-

باوەڕ ناکەم لەسەر ئەم زەمینەدا کوردی بێ خەم هەبێ. من یێکێکی نێویانم، بەڵام خەمەکەی من بۆ ئاسودەیی و خەو و خۆراک نەبووە، بەڵکو بۆ ئازادیی و تێ گەیشتن و پێ گەیشتنی هاونەتەوەکانم بووە. دەشبێ لە کۆنەوە ڕۆشنبیرەکانی ئەم گەلە دووچاری تاڵیی بووبن، بەڵام باری من- بەهۆی نەخۆشییەوە- لە ئەوان توندتربووە، هەر بۆیێکا لە پێشەکیی ئەم «بابەتە»دا، ناچارم ئەو بارە ناهەموارە تیکەڵ بکەم، نەک هەر لەبەر بارەکە خۆی، بەڵکو بۆ وەڵام دانەوەی مەڵامەتی دواکەوتنی ئاشنابوونی ئەم بابەتە!

ئەوجا دەڵێم لە ژینی ڕۆشنبیریمدا خولیای هێندێ بابەتی ناسک بووم. یێکێکیان (ئەدەبی نامەنووسینی کوردیی)ە کە تا ئەورۆ فەرامۆشە! بۆ ئەم مەبەستەم لە ساڵی ١٩٨٢دا بڕیاری بەخۆکەوتن و بەجێ هێنانم دا، بەتایبەتی بۆ بەرەو دوا لە کاری ڕۆژنامەنووسیی ڕادیۆ دوور خرامەوە.

هەڵبەت لە ڕایێڵەی کۆششدا، پێوست بوو چاو بۆ ناسینەوەی ڕیشەی مێژووی (پەخشانی کوردیی) هەڵبخەم کە تا ئەو هەلە و تا ئەورۆش کۆنترین پەخشان- شێوەی بابان، سلێمانیی، سۆران-ی هەر ئەو (عەقیدەی ئیمان- عەقیدەی کوردیی) خالیدی شارەزووری نەقشبەندییە کە دۆستم محەممەدی مەلا کەریمی لێ کۆڵ لە ١٩٨١دا ئاشنا و بڵاوی کردەوە![١] هەڵپەم بوو، چەند بتوانم کەرەستەی بابەتەکەم چڕوپڕتر بێ، سۆراخی هەر نووسینێکی دی بکەم و پشتیوانم بێ. بۆ ئەمە لە ساڵی ١٩٨٣دا ڕووم کردە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی و کەوتمە دەور کردنەوەی (دەستنووسە کۆنەکان)ی گەنجینەکەی کە ڕێبەرەکەی: لێ کۆڵ مەحموود ئەحمەد گەلێ دەستنووسی تۆمار و بەکتێب بڵاوکردۆتەوە![٢] لە هەلی پشکنینمدا دوو وێنە دەستنووسی دی (عەقیدەی ئیمان)ەکەم بەر چاوت کەوت کە هەردوو لەلایێن ڕێبەری دەزگەکەوە نێویان- بەژمارەوە- ڕێز کراوە. سەرنجم دا ئەو کەسە. لە ئاشنا کردنی یێکێکیاندا (بەمێژووی نووسینی نەزانیی بێ) بۆیێکا محەممەدی مەلا کەریمیش ئاگەداری نەبووە کە بێ گومان کەسی دیش پێی نەزانیوە!.

---

١- بنۆڕە: گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد- ب ٨، بەغدا، ١٩٨١، ل ١٩٩-٢٢٣.

٢- بنۆڕە:فهرست الكتب والملخوطات في مكتبة الاوقاف المركزية في السليمانية-٣ جزم:١٩٨٢- ١٩٨٤.

ئەم دەستنووسە -باسی پتر دەکرێ- گرنگییەکەی لە ئەوەدا نییە کە (نێوی ڕوونووسکەری لەسەر نییە)، بەڵکو لە ئەوە دایە کە پەنجاو هەشتساڵ پێش دەستنووسە بڵاوکراوەکەی محەممەدی مەلا کەریم نووسراوەتەوە!

ئەم باسانەم لەگەڵ ڕێبەری دەزگەکە کردەوە و ئاگەدارم کرد کە بڕیارم دا -لەپاڵ کارەکانی دی مەبەستم- خەریکی لێ وردبوونەوە و ئاشناکردنی ئەم دەستنووسە بم. هەر ئەویش دوای ماوەییێکی کەم، وێنەی دەستنووسێکی دی هەمان عەقیدەی خستە بەر دەستم، بەئەم پێیە بەبڵاوکراوەکەی محەممەدی مەلا کەریمەوە چوار وێنە دەستنووسی عەقیدەکەم لێ دیار بوو، فۆتۆکۆپیی سیانیان و ژمارەی ڕستی تۆماریشیانم وەرگرت!

لەبەرەەوە، لەپاڵ کارەکانی دیم، کەوتمە ڕاگواستنەوەی مەتنی هەر سێ وێنەکە و لێکۆڵینەوەی ئەوان و ژینی خاوەندەکەیان. لە ئەو هەلانەشدا پەنام بردە بەر زانا و گەورەم (شێخ محەممەدی خاڵ) کە باب ئاسا، دەرگەی دڵی، گەنجینە و کتێبخانە نایابەکەشی بۆ کردمەوە و کۆمەڵێ کتێبی عەرەبیی، نامەی دێرین تا نوێ، هەروەها دەستنووسێکی (عەقیدەی ئیمان)ی هەڵبەستراوی (سەمیع) نێوێکی خستە بەردەستم و ڕێگەیشی فەرموو فۆتۆکۆپیی بکەم[٣] کارەکەم هەڵکشا بوو بۆ بەرەو ژوور و هاتبوومە سەر لێکۆڵینەوەی گشتیی مێژووی هەڵکەوتنی (پەخشانی کوردیی) و باری لە وڵاتی بەبە-باباندا کە لە گەرمەی چڵەوی چاودا و نیوە شەوی ١٩٨٥/٥/١٩، کوڕە گەورەکەم (کامۆ) لە پڕێکدا و لەسەربانەوە -خەریکی کۆششی تاقیمانەی دوا پۆلی ئامادەیی بوو- هاتە خوارەوە و شپرەزە و دەم بەهاوار و پرسیار ڕووی تێ کردم و گوتی: (بابە، ئەوە تۆ دەرگەت لێ کردوونەتەوە!). سەرسامی کردم و گوتم: (دەرگەی چیی و لە کێ بەئەم نیوە شەوە!) گوتی: (والله سەربان پڕە لە قووات خاسسە!!)، تومەز نزیکەی دە کەسی پڕ چەکی نێرووە بێ ئابڕۆکانی ئاسایشی بەعسی عەرەبی عێراق، سەربانە و سەربان بازیان داوەتە سەربانی ماڵی ئێمە و بۆسەیان بۆ پێشمەرگەی کوردستان ناوەتەوە. ئەوم هێنایە خوارەوە و دەرگەی سەربانمان داخست و (نووسینەکانی بەردەستم) پێچایەوە. ئیدی لە ئەو هەلەوە دەستم لە ئەم کارەی ئێستەمە هەڵگرت و ئارەزووم نەچۆوە سەری!

لە ١٩٨٧دا کوڕە گەورەکەم -بێ ئاگە لە هەموو تێکەڵییەکی سیاسی و بە تۆمەتی

٣- لە ١٩٨٦/١٢/١٩دا دەستنووسەکەم لە ئەو زاتە گەورەیە وەرگرت و لە ١٢/٢٠ فۆتۆکۆپیم کرد و لە ١٩٨٦/٢١/٢١دا بۆم گێڕایەوە.



لایێنگیری شۆڕشگیران- لەگەڵ پتر لە سەدوپەنجا کوردی جوان و بێ گونەه کەوتە بەر کەڵبەی گورگەکانی ئاسایشی بەعسی عەرەبەوە، دوای ساڵێ ئەشکەنجەی دڕندانە و زیندانیی و هەڕەشەی لە سێدارەدان و دیتنی بەنێو (دادگەی شۆڕش- محكمة الثورة)، خودا هەموویانی ڕستگار کرد و کوڕەکەم بەنەخۆشییەکی گرانەوە بەربوو. ئەو ساڵە هەرگیز قەڵەمم پێ نەگیراوە.

لەنێوان ١٩٨٩-١٩٩١دا، بارەکانی تەنگانەی دوای (جەنگی کوێت)، هەروەها قەومانی (ڕاپەرین- کۆڕەو) و دەربەدەریی و گرانیی و بێ کاریی و گەورەبوونی کوڕەکانم و خوێندنیان لە زانکۆدا، هەموو ئەمانە -سەرباری ڕمانی تەندروستیم- هەموو زەبری گورچک بڕ بوون بۆ باری گوزەرانم، بەڵام ورەم نەبەزی و نووچی نەدا و بەکاری نووسینەکانمەوە، بەگوڕترەوە خەریک بووم. لە هاوینی ١٩٩٨دا ناچار، ناچار کەوتمە زیندانی مەنفا- هەندەرانەوە... کۆڵ و بارم چەند دەردێکی ترسناک و گیانێکی پڕ هیوابوو، بەتایبەتی بۆ ڕستگارکردنی کوڕە گەورە نەخۆشەکەم. لە وڵاتی هۆڵاندا گیرسامەوە، دەمودەست کەوتمە نێو گەردە لوولی کەمپە زیندانە نەگریسەکانەوە، بێ کەس و نەخۆش، لە بریی ئەوان و کتێب و نووسین، هاودەنگێ، سەبووریێ، ڕەفتاری ڕەگەزپەرستانە -کە بەعسیان وەبیردەهێنامەوە- تا ئەتواری ناشیرینی سەدان پەنابەری هەمەڕەنگە، جێگەیان گرتنەوە. دوای نۆ مانگێ، (دڵ) لە ئەوە دابوو بوەستێ. پزیشکان ناچار مان «پاترییەکی بچکۆلەی کۆمپیوتری» لە سنگمدا بۆ بەهێزبوونی نەبزی، بچەقێنن، ئەمەش دەبوو هەمیشە لەژێر چاودێرییدا بێ کە لە نیشتماندا توانای ئەوتۆ نییە. هەروەها سیپەلک، جگەر، گەدە، بڕبڕەی پشت و هتد، تا ئەوڕۆ بێ دەرمان ماونەتەوە.

دیاربوو کە بەڕاستیی کەوتوومەتی توونی دۆزەخەوە، نەتوانای گەڕانەوەم بۆ نیشتمان و نەبارگران کردنی ژینی منداڵەکانم و کابانم هەیە، نە لەلای سێ حکوومەتی عێراق، هەولێر، سلێمانیشدا کار و مووچەم هەیە.

ڕاستییەکەی ڕۆژێکم بەساڵێک و ساڵێکم بە سەدان سەدە دەبینی، بەڵام ئەگەر ئەمە چارەنووسی پاییزی تەمەنی مرۆڤێ بێ، دەبێت ورەی بەرز لە عۆدەی بێ و زۆرانی لەگەڵ بگرێ، بۆیێکا -وەک هەمیشە- ڕێگەی بەرهەڵستیم گرت و داوای کار و نووسینەکانم لە جگەر گۆشەکانم کرد.

لەنێوان ١٩٩٩-٢٠٠٠دا، هەگبەیێ کارم -بەدەستیی چ بەفاکس- پێ گەیشت. ئەم

(بابەتە)ی لەنێویدا بوو. ئیدی لەنێو ئەم زیندانی کەمپ و ئەوی دیدا، شەو و ڕۆژ چلەی چاوم دا. لەپێشەوە خووم دایە ڕەنجی بیست ساڵەم، (ئەدەبی نامە نووسینی کوردیی) و لەگەڵ پاکنووسی یێکجارەکی، لەبەرەوە بەسێ وێنە فۆتۆکۆپیم کرد.

بەڵام هەر کە تەواو بووم، لە سەرەتای هاوینی ۲۰۰۱دا تووشی خوێنپژانێکی کوتوپڕ و ترسناکی سیپەلک بووم، نزیکەی دوانزە ڕۆژێ لە خەستەخانەدا کەوتم و بەنیوە نەشتەرگەرییێ و بەپلاستیک تێ کردنی، ڕایانگرت و کە هاتمەوە زیندانی کەمپ، لە ئەو بارەدا کەسێ نەبوو پەرداخێ ئاوم بداتێ لە هەلێکدا -بەنێو- خوشک و لە هۆلاند و دوو برا لە ئەوروپادا بوون!! ئەم هەڕەشە هەمیشەییەی حەزرەتی عیزرائیل و کەمپی پڕ گێچەڵ و نادیاریی داخوازیی پەنابەریم -چوار ساڵی برد- بەتایبەتیش ترسی لەنێوچوونی ئەم هەگبە نووسین و کارە نیوە چڵانەیە کە هەموو موڵکی نەتەوەکەمن، ناچاریان کردم گشتیان خڕ بکەمەوە و لە ماڵی هەرە هاوەڵی بەشەرەف و دڵسۆزم (مەحموود ڕەزا ئەمین)ی نیشتەنیی دوورە باژێڕێکی هۆڵاندا دایبنێم تا بپارزرێن و ئەگەر عیزرائیل مۆڵەتی فەرموو و لە ئەم وڵاتەدا مامەوە، لەبەرەوە بابەتاو و بابەتم بۆ پۆست بکات کاریان تێدا بکەم! ئەو هاوەڵە جوامێرە و هاوەڵێکی دۆستم (ئازاد کاکە ڕەش) پێکەوە هاتن بۆ دیدەنیم و هەگبەکەمیان برد کە بەشێکم جودا کردبۆوە -دەستنووسە هەرە گرنگەکەی ئەم بابەتەیشی لەنێو دابوو- تا لە ئاییندەیێکی نزیکدا کاریان تێدا بکەمەوە.

هەر لە سەرەتای بەهاری ۲۰۰۲دا کە مافی پەنابەرێتیم پێ بڕا، دەبوو چاوەنۆڕی دەستگیربوونی کولانەیێکی دی بکەم کە سنووری دیار نییە، من هێزی چاوەنۆڕیم نەمابوو، بەتایبەتی لە مانگی حوزەیراندا دیسان تووشی خوێنپژانی سیپەلک بوومەوە و بێ ویژدانیی پزیشکەکەم دیت کە لەبڕیی فریاکەوتنم ئاگەداری کردم گۆیا چارەم نییە و ژینم بەبەرەوە نەماوە، هەر بۆییێکا دەردەکەی جگەریشم دەرمان ناکرێ. ئیدی بڕیاری گەڕانەوەم دا بۆ نیشتمان تا لە نیشتمانەکەمدا بنێژرێم، بەڵام لەبەر گەرما گەڕانەوەم دواخست بۆ پاییز.

لە ئەو هەلەدا هاوەڵە دڵسۆزەکەم (مەحموود ڕەزا ئەمین) لەسەر سەفەر بوو بۆ دیدەنیی نیشتمان و تکام لێ کرد تا ئەو دەگەڕێتەوە و سەرەی سەفەری من دێ، بەشە کاری (ڕۆژنامەی پێشکەوتن- سلێمانیی) بۆ پۆست بکا تا چەند بتوانم و تا پاییز تەواوی بکەم. ئیدی بۆیی ناردم و بەنەخۆشییەکانمەوە کەوتمە چلەی چاو. تا ئەو لە مانگی ئەیلوولدا هاتەوە، کارێکی باشم کردبوو، بەڵام لە پڕێکدا ڕاوەستام کە هێندێ سەرچاوەی



کارەکەم لێ بڕابوو، بەخەیاڵی خۆم ئەو هاوەڵەم لەبیری چووە بیاننێری. لەگەڵ چاوەنۆڕیی هاتنەوەی ئەو و دەستگیرکردنی ئەوەی مەبەستمە، من لەلای خۆمەوە لە گەڕانەوەم بۆ نیشتمان پاشگەز بووبوومەوە، چونکە (لالۆ) کوڕە نێونجیبە بەخشندە و ژیر و خۆشەویستەکەم هاوسەری هەڵبژاردبوو، بەڕەوام نەزانیی ژینی نوێی بەئەم دەردە سامناکانەمەوە گیرۆدەی داماویی و تاڵیی بکەم. بگرە بڕیارم دا لە زیندانی غەریبایەتیدا بمرم خۆشترە لە ئەوەی ژینی تاڵ بکەم، ژینی (لالۆ).

کە هاوەڵەکەم لە مانگی ئەیلوولدا گەڕایەوە، لەلایێکەوە کولانەیێکی حەوانەوەی نویم بۆ دەرچوو بوو کە دەکەوتە ئاواییەکی چەپەکی سەر سنووری هۆڵاندا – ئەڵەمانیا و دەبوو لە ۲۲/ ۲۰۰۲/۱۰دا بگوێزمەوە. هەر کە هاتەوە ئەم هەواڵانەم لێ ئاشکرا کرد و داوای ئەو (کەرەستانە)م لێ کرد کە لە هەگبەکەمدایە، هەروەها سەر لەنوێ داوای بەشەکانی دی «ئەم بابەتە»م لێ کرد تا پێکەوە بۆ بنێرێ و لەبەرەوە، لە کولانە نوێیەکەمدا کاریان تێدا بکەم، کەچیی چەند ڕۆژێ خۆی ماندوو کرد و گەڕا، هەر بۆیی نەدۆزرایەوە گۆیا ئەوانەی تێدا نییە! ئەم هەواڵە تەزاندمی و لە تاودا پەنام بردە بەرماڵە دۆستانی دیم وەک (ئاسۆی مام عومەر) و (لوقمان فەرحان قاسم- بابی بارین) نەبادا ئەم (بەشە کارانە) کەوتبێتە لایان، کەچیی هەموویان یێک وەڵامیان هەبوو؛ لامان نییە[٤].

لە ۲۰۰۲/۱۲/۱۵دا لالۆکەم بەتەلەفوون -دوا قسەی نێوانمان بوو- ئاگەداری کردم کە وێنەی هەرە دەستنووسە کۆنەکەی (عەقیدەی ئیمان) و داواکراوەکانی دیی دۆزیوەتەوە و بەهاوەڵێکی (شاهۆ)ی برای لە سویددا ناردوونی و بەئەم نزیکانە دەمگاتێ. دڵم ڕوون و ورەم بەرزبۆوە. لە ئەو لاوەشەوە کاکە مەحموود ڕەزا ئەمین جانتایێ نووسین و بەڵگەنامە و

---

٤- ئێستە و ئەوساش چەند بیرم گوشیوە، ئەم ون بوونەم بەوێنەی ڕێکەوتی بێ هوودە دەهێنێتە پێش چاو. من لەدوا دیدەنیی ئەم دوو هاوەڵەمدا، بەجودا ئەو (کەرستانە)م لە کیسەیێکی ڕەشی نایلۆنی زبڵدا ئاخنیی بوو. دڵنیام یێکی لە ئەواندا بەهەڵە کیسەکەی بەزبڵ زانیوە و فڕێی داوە.ئەو کیسەیە، وێنەی هەرە کۆنی (عەقیدەی ئیمان) و پاکنووسی هەرسێ دەستنووسەکانی و لێ کۆڵینەوەی ئەوان و ڕۆژگاری هەڵکەوتنی پەخشانی کوردیی لە وڵاتی بەبەدا، هەروەها چەند کەرەستەیێکی (ڕۆژنامەی پێشکەوتن- سلێمانیی) و کۆمەڵێ کتێبی بەنرخی کوردیی و سەرچاوەی عەرەبیی و چەند وێنەیێکی دەگمەن و زۆر کۆنی فۆتۆگرافی هێندێ بەنێوبانگی کوردی تێدابوو. بەڵام بە ئەوەی باش بوو فۆتۆکۆپیی (دوو دەستنووسی عەقیدەکە) و (ژینی خالید شارەزووری نەقشبەندیی) و (عەقیدەی ئیمان)ی هەڵبەستراوی (سەمیع) نێو، لە ئەو کیسەیە دا نەبوو.

کتێبی بۆ پۆست کردم.

هێشتا کەرەستە نێردراوەکانی نیشتمانم پێ نەگەیشت بوو -لە گەرمەی پێنج فەرزە نوێژ کردن و چاوەنۆڕییدا- لەپڕێکدا، لە ٢٠٠٢/٢/٢٨دا هەواڵی جوانەمەرگ بوونی (لالۆ)م پێ گەیشت کە تەخت و بەختی هەستیمی ڕماند و هێزی ئەژنۆ و قەڵەمی شکاند و هەرچیی ئەلف و بێ و کارێکی نووسین هەیە، هەموو بوون بەتارماییەکی بێ هوودە. هەر ئەو ڕۆژە هەمووی پێچرایەوە و دامە دەست کاکە مەحموود تا بۆ ڕۆژگار بیانپارێزێ و ڕۆژگارێ -دوای خۆم- ئەو خۆی یان نەوەکانم کاریان تەواو بکەن... بەئەم پێیە بووم بەپەڕێکی سووکی بێ کێش بەدەم گەردەلوولی بێ هوودەییەوە و دیار ئاخیریش بووم.

بەتەمای گەڕانەوە بووم بۆ نیشتمان، بەڵام بەهیوای مافی هێنانی کابانم و کیژە تاقانە داماوەکانم، هەروەها لەبەر نالەباریی و کێشەی تەواو نەبوونی (کامۆ) و (شاهۆ)ی دەربەدەرانی سوید و بریتانیا، مانەوەم پەسەندتر کرد. هیوای یێکەم -دوای چوار ساڵ چاوەنۆڕیی و لێ نەپرسینەوە- پووچ دەرچوو، بۆیێکا بڕارم دا ئەو داماوانەش نەکەونە زیندانی مەنفاوە، تا ئەوڕۆش کە ٢٠٠٣/٢/٦ ملیارە هەواڵی کارەساتەکەم لە کوڕەکانم شاردووەتەوە.

ئەم ماوەیە، بەئەم لەش و لار و ئەم زیندانەوە، قەڵەم شەرەمەسارە وێنەی ژینی مەمرە مەژییم بکێشێ، بەڵام تا ئەم دوای مێژووە سات نەبووە وێنە جوان و دەنگە و وریاکەی (لالۆ) نەم ورووژێنێ، نەم تەزێنێ، نەمجووڵێنێ...

لالۆ قوتابی دوا پۆلی سەرەتایی بوو کە لەگەڵم دەهات بۆ کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانیی. من دەوری دەستنووسە کۆنەکانم دەکردەوە، ئەویش خەریکی خویندنەوەی جزمەکانی مەوسووعەی (ئەلمەعریفە- المعرفە) بوو.

بێ لە پێوەندیی باب و فرزەندیی، پێوەندییەکی پیرۆزیشمان لەنێواندا بوو، ئەو شەیدای خوێندنێکی پێشکەوتوانە و من خولیای خوێندەواریی و خزمەت.

دوێنێ وێنەی هەرە دەستنووسە کۆنەکەی (عەقیدەی ئیمان) و کۆمەڵە بەڵگەنامەی دی کە بۆی ناردبووم، پۆست لەلای (شاهۆ)ی برایەوە گەیاندییە دەستم، کە چاوم بەئەوانە ڕوون بۆوە، زایێڵەی دەنگی (لالۆ) لە گیانمەوە دەهات: (بابە، تو هەمیشە خودا، کورد و کوردستان، ئێمە و زانستت لە ئامێزی گیان، لە ڕەزمی دڵ و لە ڕووناکیی چاوتدا نابوو، چۆن دەبێ بوەستیت؟ مەوەستە، گوڕ بگرەوە، تەحەددای بێ هوودەیی بکە!)

ئەوە بڕیارم داوە بەگوێی هاواری ڕاست و ڕەوانی بکەم، هەر بۆیێکا بڕیارم دا -



بەتەلەفوون- داوای دەستنووسەکانی دی عەقیدەکان و ژیننامەی خاوەندەکەی بکەم کە لە هەگبەکانی لای کاکە مەحموود دان، بەڵام وەکو ئەم کارەشم بەجێ هێناوە هەرچەند دەکەم لەخۆ ڕانابینم هێمنانە بیر بکەمەوە، قەڵەم بگرم و بکۆڵمەوە.

ڕاستییەکەی ئەوە پەشیمانیم هێنا و بڕیارم دا تەلەفوون بکەم کە ئەو دڵسۆزە هیچم بۆ نەنێرێ، چونکە بەڕاستیی هەست دەکەم بەتەواو بوونم، بێ لە بڕوای پزیشک هەست بەشکستیی تەواوەتیی دەکەم!.

-٢-

ئەوڕۆ ٢٠٠٣/٦/٢٥ ملیارە و شەش مانگە (لالۆ)کەم بەجەستە لە ئامێزی خاک و خۆڵی گردی «سەیوانە» دایە. باری خۆم و خێزانم مەمرە مەژییە، بەڵام ئەوەتە -بەزەبری گیانی لالۆوە -قەڵەمم گرتووە و بڕیارم داوە چەند بابەتێکی عەرەبیی بنووسمەوە[٥].

-٣-

لە ئەوڕۆوە کە ٢٠٠٣/٧/٢٢ ملیارە و فۆتۆکۆپیی کتێبە عەرەبییەکەم تەواو کرد، بڕیارم داوە بکەومەوە کار لە عەقیدە نامەکەدا.

-٤-

چل و حەوت ساڵە وڵاتی هۆڵاند گەرمای ئەو ساڵی نەدیتووە، پلەی گەرما چل و چوارە، پانکەییێکم نییە و چەندم کرد لە بازاڕدا دەستم نەکەوت. خنکاوم، لە چایخانەییێکدا کە هێندێ فێنکە، ئەوڕۆکە ٢٠٠٣/٨/١٠ ملیارە لە نووسینەوەی (عەقیدە نامە) هەرە کۆنەکە بوومەوە.

-٥-

ئەوڕۆ ٢٠٠٣/٨/١٣ ملیارە، لە کونجی زیندانەکەمدا کەوتمە تەواوکردنی ئەم پێشەکییە کە بیرم تیژکردۆتەوە بڵێم:

---

٥- بابەتەکانی (وثیقة تأریخیة مفقودة لادانة متهم معروف) و (قراءة موثوقة للوضع الکورد الاجتماعي بعد الحرب العالمیة الاولی) و (عریضة شکوی لنخبة السلیمانیة الی سلطان الدولة العثمانیة) و (باقة رسائل الشیخ معروف النودیهي البرزنجي شهادة علی عهد وذاته) بۆ کتێبە عەرەبییەکەم کە نێوم لە (دراسات صحافیة ثقافیة کوردیة)وە گۆڕیی بۆ (باقة دراسات کوردیة) کە لە ١٩٩١ەوە چاوی نۆڕی چاپە.

١- نازانم ڕۆژانی داهاتووم چۆن دەبێت و ئایا حەزرەتی عیزرائیل بواری تەواوکردنی ئەم کارە دەدا یان نا؟

٢- ئەگەر بوارم بوو، بەرگەی درێژدارێی ناگرم و لەبریی هێنان و بردنەوەی جوداییەکانی وشە و ڕستە گۆڕدرا و داتاشراوەکانی نێو دەستنووسەکانی (عەقیدەی ئیمان)، بڕیارم دا، دەستنووسەکان -وەک خۆیان، بەنووسینەوەکەی چوارەم دەستنووسی محەممەدی مەلا کەریمەوە- چاپ بکرێن کە ئەمە نەک سووک کردنی باری منە، بەڵکو دەرفەتێکی ڕوونە بۆ لێ کۆڵەکانی زمان و ئەدەب تا لەلاییێکەوە باری گۆڕین و دەستکاریی هەمان پەخشان- عەقیدە نامە و باری ڕێنووسیشیان ورد بناسنەوە.

٣- پێ ویستم زانیی لە ئاستێکی ماقووڵدا، کۆمەڵە باسێکی کورد و کوردستان تا هەڵکەوتنی هونەری پەخشان و هەڵبەست و هۆنراوە -لە ئەدەبی گەل و نووسراودا- بنوێنم بەشکو خوێندەوار ڕوونتر لەباری هەڵکەوتنی ئەم پەخشانە- عەقیدەنامەیە تێ بگات و باری گۆڕینەکانی بیر و پێشکەوتنی نووسینی پەخشانی کوردیی ببینن.

٤- دەبوو «فەرهەنگۆکێ» ڕێک بخەم، بەڵام هەستم کرد تەواوکردنی کارەکە لەپێشترە بۆیێکا فەرامۆش کرد.

٥- هەموو مەبەستێکی کارەکەم بەتەنێ ئەوەیە، ئەم دەستنووسە هەرە کۆنە و ڕاستییەکەی کۆنیی و دانانی لە مێژووی ئەدەبی کورددا ون نەبێ.

٦- دەستنووسەکان، بە عەقیدە هەڵبەستراوەکەی (سەمیع) نێوەوە، چوارن... هەرە کۆنەکەی کە یێکەم جارە بخرێتە ڕوو، ژمارەی تۆماری لە دەزگەی ئەوقافی سلێمانییدا دیارە و لەبەر دەستمە، بەڵام دوو وێنە دەستنووسەکەی دی ژمارەکانم لە دەست داوە و لێ ون بووە.

ئەم دوو وێنە دەستنووسە -وەک بڵاوکراوەکەی محەممەدی مەلا کەریم- گۆڕین و دەستکاریی ڕستە و وشە و ڕێنووسیان بەئاشکرا پێوە دیارە و نرخەکەیان هەر ئەوەیە و ئەویشە کە درێژەیان داوە بەبڵاوبوونەوەی عەقیدەکە لەنێو خوێندەوارەکانی سەردەمەکانیاندا. من لە جێگەی تایبەتیدا کەمێ قسەی دییان لێ دەکەم.

عەقیدە هەڵبەستراوەکەی (سەمیع) نێویش -کە فۆتۆکۆپییەکەیشی چاپ دەکرێ- بۆیێکا نواندوومە تا بزانرێ کە (عەقیدەی ئیمان) کاریگەر بووە و بەشێوەی (هەڵبەست)یش لەنێو کوردەوارییدا بڵاوبۆتەوە و دیارە هاوتایشی لە شوێنانی دی



کوردستاندا لە کۆنەوە باو بووە. ئەم باسەم لە بابەتی (عەقیدەی ئیمان- دانان و نووسینی لەنێو کورد) دا ڕوونتر کردۆتەوە.

٧- عەقیدە دەستنووسەکانی بەردەستم و ئەوەی بڵاوکراوەی محەممەدی مەلا کەریمیش، بەڕێز و بەنیشانەی تایبەتی ئەوهە نواندووە:

یێکەم: هەرە دەستنووسی کۆن بەشێوەی، (د-١).

دووەم: دەستنووسی دووەم کە نێوبراوە بە(لوببولعەقایید- لب العقائد) بەشێوەی (د-٢).

سێیەم: دەستنووسی سێیەم کە لەلاپەڕەکانیدا نێوەکانی (محەممەد مەزناوی) و (مەزناویی دووەم) هاتووە، بەشێوەی (د-٣).

چوارەم: مەتنی عەقیدەی بڵاوکراوی محەممەدی مەلا کەریم بەشێوەی (د-٤).

پێنجەم: دەستنووسی (عەقیدەی ئیمان)ی هەڵبەستراوی (سەمیع) نێو لە پاشکۆدا بەشێوەی (د-٥) کە ئەمیش یێکەم جارە بڵاو بکرێتەوە.

٨- لەبەر باری تەنگم و دەستگیر نەبوونی سەرچاوەی پێ ویست، بۆم نەکراوە ژیننامەی کەسەکان، بەتایبەتی (سەمیع) و (مەزناوایییەکان) ورد بنوێنم. چەندم پێ کرابێ و لەبیر دابێ، هێندەم گوتووە.

٩- ئەو نێو نیشانەی بۆ کتێبەکەم داناوە، پێم وەیە ڕاستتر و ڕەوانترە.

ئیدی یێکێ لەباری من و سەرەمەرگدابێ، دیارە هەر کەموکورتی لێ دەقەومێ، خودا بکا بیروڕا و لێ کۆڵینەوەم سەرکێش و هەڵەی گەورەی نەبێ و توانیبێتم ئەم ئەرکە بەجێ بهێنم و گیانی پاکی (لالۆ)یش کە مایەی بووژاندنەوەی بوو، ڕەنجیدە و (ناکام) نەبێ.

لەدوا دێریشدا دەبێ سوپاسی نووسەری کورد، هاوەڵی هەرە بەشەرەف و دڵسۆزم کاکە مەحموود ڕەزا ئەمین بکەم کە قەڵەم ناتوانێ داستانی چاکە و جوامیری بگێڕیتەوە، خودا پاداشتی غیرەتی بداتەوە(*).

ئیمزا
بابی لالۆ
٢٠٠٣/٨/١٤ ملیار
زیندانی مەنفا، ستیل- هۆڵاندا

(*) کارەکە بەپشتیوانی خودا نیوە شەوی ٢٠٠٣/٩/١ ملیار تەواو بوو.

# بەشی یێکەم

## ١- سەرنجێکی مێژوویی خێرا

ئەم وڵاتی (کوردستان)ەی ئەوڕۆ، مەڵبەندی ژین و هەڵکردی دێرینی مرۆڤایەتییە، بەڕادەیێ دەبێژرێ (نووح) پەیامبەر و تۆفان هەر لە ئەم وڵاتەدا هەڵکەوتووە و قەوماوە.

ئەو باسە ئەگەر تا ئەوڕۆ ئەفسانە بێ، ئەو ڕاست و ڕەوان زانست دەریخستووە و جەختی کردووە کە پێش هەڵکەوتنی مێژوو، مرۆڤی هەرە کۆن و ناسراو بە (نیاندەرتاڵ) لاشەکەی لە ئەشکەوتی «شانیدەر»ی ئێستەی سەربەباژێری «ڕواندز» و هەروەها یێکەم گوندی کشت و کێڵدار لەنێوچەی «گەرمیان- گوندی چەرمۆ»دا دۆزراونەتەوە[١].

ئەم وڵاتە سەختە، پڕ چیا و دارستان و لەوەڕ و ئاو و ڕووبار و بەراو و بەرە، دواتر کۆمەڵە گەلێکی بەنێوبانگی مێژووی کۆنی تێدا ژیاوە وەک، (مادەکان، سۆمەرەکان، ئاشوورەکان، کاشییەکان و هتد) و هەر یێکەیش لە ئەمانە و لە سنوورێکی مێژوودا، پەلاماری یێکدی یان وڵاتانی دی وەک (کلدان، بابل)ەکانیان داوە، تا بڕاونەتەوە!

مادەکان: گەلێکی کۆن و توانا و پڕ دەسەڵات بوون. پەیامبەری یێکتا ناسیان (زەردەشت) و کتێبی دینیان (ئاوێستا) بووە، بێژراوە لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی پێش عیسا پەیامبەردا هەڵکەوتووە، دوایی ژێر کەوتووە و (کۆرۆش)ی پاشای وڵاتی فارسی زەفەری پێ بردوون، وڵاتی لێ زەوت کردوون. بەڵام ئەم و وڵاتەکەیشی لە **٣٣٠**ی پێش عیسادا تووشی پەلامار و زەوتکاریی (ئەسکەندەری ماکادۆنیی) و دوای ئەویش و هی دی، تا لە **٦٣٣**ی عیساییدا بەهاتنی ئیسلام دەسەڵات و وڵاتیان لە دەست دا و ژێرماڵە بوون، تەنانەت زمانی فارسییش پەکی کەوت، عەرەبیی خۆی داکوتا، ڕەواجی بوو.

هێندێ سەرچاوەی مێژوو دەڵێن (مادەکان) ساتێ لەنێوەندی فەرمانڕەوایی (ئەخمینیەکان)دا کوێربوونەوە، لە دەوروبەری ساڵانی ٤٠٠ی پێش عیسادا خۆوڕاستان

---

١- بەپێی لێ کۆڵینی ئارکیۆلۆجیی -شوێنەوارناسی، گوندی «چەرمۆ» لەنێوچەی (زەرزێ)دایە. زەرزێش مانای ڕوونە. (ئاوی زێڕین- زێی زێڕینە!).



بەنێوی (کاردۆخیی)یەوە سەریان بەرزکردۆتەوە و گۆیا (کورد)ی ئەوڕۆ وەچەیانە، بەڵام ڕای پێچەوانەش هەیە و گۆیا (کورتییەکان)ی نیشتەجێی وڵاتی «میدیای بچووک» باپیرە گەورەی کوردە.

هەرچۆنێ بێ وێڕای ڕاگۆڕکێی زاناکانی مێژوو، زۆربەیان یێکدگیرن کە گەلی (کورد)ی ئەوڕۆ (ماد)ی و ئاریی نەژادە، تەنانەت کوردناسی ئەوتۆ هەیە (زەردەشت) خۆی بەهاووڵاتی کوردستانی خۆرئاوای ئەوڕۆ دەژمێرێت.

ئەگەر لە ئەو سنوورە مێژووییە و لە ئامێزی ئەو سەجەرەیەدا نێو و گەلی (کورد) هەڵکەوتبن، ئەوە وشە و نێو و شوێنێ، وڵاتی بەنێوی (کوردستان)ەوە لە سەدەی دوانزەی عیسایی و فەرمانڕەوایی (سەلجووکە تورکمانەکان)دا دەرکەوتووە و بەرە بەرە هێندێ دەوڵەتچکۆیێکی کورد لە ئێرە و ئەوێدا هەڵکەوتوون وەک: (ڕوادییە، دۆستەکیی، شەددایی، هەزبانیی، عەیاریی هتد...)، دواتریش کۆمەڵە میرنشینێ هەڵکەوتوون، بەڵام هەرگیز -تا ئەوڕۆ- ئەم وڵاتە و گەلەکەی لەژێر ئاڵای فەرمانڕەواییی یێکگرتوو. ئازاد نەهاتوونە مێژووەوە.

ئەو بارە درێژەی کێشاوە، بەڵام قەومانی جەنگی گرانی پەنجا ساڵەی نێوان (سەفەوییەکان)ی مەزەب شیعە و (عوسمانییەکان)ی مەزەب سوننە کە دوا جەنگیان (جەنگی چالدێران: **٩٢٠**ک- **١٥١٤**ز) بووە ئەوجا هەڵکەوتنی پەیماننامەی نێوانیان هەر لە (پەیمانی ئەماسیە: **٩٦٣**ک- **١٥٥٥**ز)ەوە تا دوا پەیمانی ئێرانی قاجاریی و تورکی عوسمانیی کە ناسراوە بە(پەیمانی دووەمی ئەرزەرۆم: ١٨٤٧/٤/١ز) هەموو کارێگەربوون بۆ بەرزیی و نزمی ئەو میرنشینە کوردانە... دەمێ سەربەخۆی تەواو و دەمێ نیمچە سەربەخۆ و مل کەچی فەرمانی لایێکیان بوون، سەرئەنجام هەردوو لا بەمەبەستی پەرەسەندن و تاڵان کردن، بەزۆر و ستەم و ئاژاوە نانەوە لەنێو خانەدانەکانی میرنشینەکاندا، لەبەرەوە توانییان قڕیان تێ بخەن و تا نیوەی سەدەی هەژدەی عیسایی بەتەواوەتی پاکۆیان دان. بەئەو پێیەش کورد و کوردستان وەک دوو بەشی داگیرکراویان مانەوە و جەنگی یێکەمی گێتیش لە ١٩١٤ز- ١٩١٨ز. دا باری گرانتر کردن کە بەشە داگیرکراوەکەی عوسمانییەکانی کرد بە سێ کەرتەوە، کەرتێکی بۆ تورکیای کەمالیی هێشتەوە -کوردستانی باکوور- و دوو کەرتەکەی دیی خستە پاڵ دوو وڵاتی تازە دروست کراوی: (عێراق) و (سوریا)ی عەرەب.

جێگەی باسە هەرە میرنشینی بەنێوبانگی دوا ڕۆژگار، میرنشینەکانی (هەکاری- جزیرا بۆتان) و (موکریی) و (ئەردەلان) و (بەبە- بابان) و (سۆران) بوون[٢].

بنچینەی فەرمانڕەواییشیان میراتگریی عەشایێریی بووە و لە بابەوە بۆ کوڕ، برا، کە زۆربەیان لەسەر دەسەڵات کوشت و کوشتار و تاڵان و بڕۆیان بەرامبەر بەیێکدیی نواندووە.

## ٢- ئایینی کورد

کورد وەچەی (مادەکان) بێ، دیارە زەردەشتیی ئایین بووە[٣].

بەڵام دوای دەسەڵاتی ئیسلامەکان ئەویش چۆتە ژێر ئاڵاوە بۆیێکا زۆربەی سوننە و شافیعیی مەزەب، هیندێکیشی -ژێر ماڵەی عەجەمی ئێران- شیعە مەزەبن و کۆمەڵانێکی دیشی ئیزیدییی و عەلیوڵڵاهین.

## ٣- زمانی کورد

وەکو زانا کوردناسەکان ڕیشە و پێوەندیی زمانی کورد دەبەنەوە بۆ کن زمانی (ئاوێستا) و بەزمانێکی ڕەسەنی خاوەند پەسن و پێزی تایبەتی دەژمێرن، مێژوونووسی کورد (شەرفخانی بدلیسی) دابەشی چوار شێوەی سەرەکیی کردووە: (لوڕیی) و (کەڵهوڕیی)[٤]و (گۆرانیی)[٥] و (کرمانجی).

٢- پێتەختەکانیان بەڕێز ئەمە بوون: ئامەد- دیاربەکر، مەهاباد- سابڵاخ، شارەزوور- زەڵم- سنە، ماوەت- قەڵاچۆالان- سلێمانیی، ڕواندز.

٣- گەلێ لێ کۆڵێن هەیە -ڕاستیشن- دەبێژن کە دوایی چوونەتە سەر ئایینی عیسا.

٤- لوڕستان لەلای هێندێ مێژووناس کوردستانی باشوورە و شێوەی زمانەکەیش بە کوردیی ڕەسەن دەژمێرن. من لەگەڵ ئەو ڕایەم و نێوبردنی کوردستانی -عێراق- باشوور بەهەڵە دەزانم و ڕاستەکەی کوردستانی نێوەندە. جێگەی خۆیتی -بێ لە لێکدانەوەی مێژووناسان و زمانەوانەکان- من خۆم لە زیندانەکانی مەنفادا چەند ئاشناییێکی زمان «کەڵهوڕ»م هەبووە و بەئەنقەست و دوور و درێژ ئاخاوتووین و پەندی پێشینان و مەتەڵ و گۆرانییمان گێڕاوەتەوە و سەرئەنجام تەواو لەیێک گەیشتووین و هاوسۆز بووین.

٥- شێوەی گۆران «کرماشان» و «سنە» و هێندی نێوچەی شارەزوور دەگرێتەوە.



بەپێی باری ڕاستی زمانەوانیش، کورمانجیی دوو شێوە زاری لێ دەبێتەوە، کورمانجیی باکوور، باشوور[٦].

## ٤- باری خوێندن و خوێندەواریی

گەلی کورد -لێ کۆڵینەوەی نووسەرانی عەرەب و کورد جەختی بۆ دەکەن- یێکێکە لە گەلە دیارەکانی دڵسۆز و پەرۆشی ئایینی ئیسلام و داب و دەستوور و زانستی. لە باژێرەکانیەوە تا ئەوپەڕی گوندی چەپەک مزگەوت و فیرگەی خوێندەواریی ئیسلامییان تێدا ئاوەدان کراوەتەوە. میرەکانی، خەڵکەکە خۆی، خەرجیی ئاوەدانیی، مووچەی مامۆستایانی، بژێویی شاگردەکانیان گرتۆتە ئەستۆ. گەلێ مامۆستا گوند، زەوی و زار، کانیی و جۆگەیان پێ بەخشراوە، بەڵام وەکو هەزاران زانای بەنێوبانگی گۆش کردووە - فەڕی زۆریشیان بۆ گەل و وڵاتانی دی و زانست و زمانیان بووە- ئەوە لەبەر نەریتی کۆمەڵیی عەشایێریی کە پتر لاوچاکیی و ئازایێتیی و نێوبانگی پەسەندتر کردووە، هەروەها لەبەر پشێویی سیاسیی و نالەباری گوزەران، ڕێژەی خویندەواریی کەم بووە و وەک ئەوڕۆ پێ خوێندنی هەموو کەسێ باو نەبووە.

شاگردێ تا لە زانستەکانی «عەقلیی» و «نەقڵیی»دا[٧] ئیجازەنامەی -شەهادەی-

٦- کورمانجیی باکوور کوردەکانی کوردستانی باکوور (ژێرماڵەی تورکان) و کوردە ئێزیدییەکان، کوردەکانی کوردستانی خۆرئاوا (ژێرماڵەی سوریای عەرەب) و بەیرووت، هێندێ لە کوردەکانی باکووری خۆرئاوای کوردستانی خۆرهەڵات (ژێرماڵەی عەجەم) و کوردەکانی کوردستانی نێوەند (ژێرماڵەی عێراق) کە نیوچەی «بادینان» دەگرێتەوە. کورمانجیی باشووریش -ڕاستتر نێوەند- نێوچەکانی وڵاتی جارانی (سۆران) و وڵاتی (بەبە)، وڵاتی (موکری) دەگرێتەوە کە یێکەم و دووەم کوردستانی نێوەندی(ژێرماڵەی عێراقی عەرەب)، و سێیەمیان کوردستانی خۆرهەڵات(ژێرماڵەی عەجەم)ە.

٧- زانستەکانی نەقڵیی، ئەو زانستە شەرع کراوانەی (قرآن) و فەرماییشتەکانی پەیامبەری ئیسلام محەممەدە کە دەستکارییان ناکرێت و تایبەتن بەمیللەتی ئیسلام. لە ئەم سەرچاوانەشەوە زانستی دی هەڵدەقوڵێن وەک، حەدیس، تەفسیر، فیقە و ئوسووڵی فیقە، عەقایید، زانستەکانی قسە، زمان، نەحوو، سەڕف، بەیان، بەلاغە، ئەدەب. زانستەکانی عەقڵییش ئەو زانستانەیە کە دانایی مرۆڤ پێکاونی و بنچینەی داناون و فەڕیان لێ دەستگیر دەبێ و بەکاری دەبەن، وەک فەلسەفە، پزیشکیی، گەردووناسیی، بیرکاری، ئەندازە، سروشتناسیی، مێژوو، مووسیقە و هاوتاکانیان، بەڵام لە کوردستاندا لە ڕێزی هەردوو زانستەکەدا -نەقڵیی و عەقڵیی- پتر نەحوو، سەرف، =

وەرگرتووە و پلەی «مەلایێتیی» پێ براوە،[٨] زۆری ویستووە.

لە ئەو ماوەیەدا گەلێ فێرگە و مامۆستا و ئەم باژێر و ئەو ئاوایی و ئەو گوندی میرنشینەکانی پێواوە کە بەنێوبانگەکانی لە ئەم شوێنانەدا بوون: ئامەد- دیاربەکر، بانە، بایەزید، بیارە، پێنجوێن، تورجان، تەکیە، حەریر، خەرپان، زیارەت، ڕواندز، ڕۆست، سلێمانیی، سنە، شەقلاوە، شنۆ، قەڵاچوالان، قەرداخ، کەرکووک، کۆیێ، گراو، گەڵاڵە، گوڵعەنبەر، خورماڵ- خۆرماد، ماوەران، مهاباد، سایلاخ، هەزارمێرد، هەولێر و هتد...[٩] لە ئێرەدا وێنەی بەڵگەیێکی مێژووی گرنگ بۆ پشت گرتن و ڕێز لێ نانی خوێندەواریی و زانست، مامۆستایان و زانایان دەنوینم کە (سلێمان پاشای خالید پاشای بەبە) لە ساڵی ١١٧٤ک- ١٧٦٠ز. دا سامانێکی زۆری بۆ مزگەوت و فێرگە، مامۆستایان و شاگردانی شوێنانی زۆر -وەقف کردووە- بڕیوەتەوە و گەلێ زانا و مامۆستای ڕۆژگارەکەی مۆری

=مەنتیق، ئیستعارە، وەزع، مونازەرە، عەقایید، ئوسوولّی فیقھ، گەردووناسی، بەلاغە، حەدیس، تەفسیر، خوێندراون و لە هێندێ نێوچەشدا بیرکاری و گەردووناسیش فەرامۆش کراون.

٨- کەسێ خوێندنی مەبەست بووبێ، لە شەش ساڵانەوە خراوەتە بەر حوجرەی مەلایێ و چەند سوورەتێکی (قرآن) و بەتایبەتی «جزمی عەمە» و سەرەتاییێکی ناسینی ئەلف و بێ و ژماردنی فێر کراوە. دوایی چۆتە بەر فێرگەیێ و پلەی «سوختەیی- شاگردیی» کە هەشت نۆ ساڵێکی بردووە و بەشێوەییێکی چڕ کتێبی باوی وەک «عەوامیل»ی جەرجانیی، سەعداللەی سەغیر، «شەرحولمەغنی» خوێندووە و ئەگەر کارامەش نەبووبێ خوێندنەکەی پتری پێ چووە. دوایی چووەتە سەر پلەی «فەقیاتیی» کە دوو ساڵێ سەرگەرمی خوێندنی «نەحوو»، «وەزع»، «ئیستعارە»ی عەرەبیی بووە، ئەوجا چۆتە سەر دوا پلە، «موستەعیدد- ئامادەیی» کە پێنج ساڵی بەخوێندنی «نەحوو»، «سەرف» و لەپاڵیاندا «شەرحی ئەلفییە»ی نوسیووتیی و «شەرحی شافییە»ی سەیید عبداللە کە لێک دانەوەی «شافییە»ی ئیبنولحاجیبە، هەروەها وانەی «ئیستعارەیی عیسا موددین و «موتەووەل»ی سەعدەددین تەفتەزانیی و «موختەسەر لەسەر کورتەی مەعانیی- المختصر المعاني و «تەهزیب»ی تەفتەزانیی و لێکدانەوەیشی، هەروەها کتێبی «جەمعولجەوامیع» و «فەتحولعەین» لە شەرعدا، کتێبەکانی دیش لەمەڕ «عەقایید»، «تەفسیر»، «هەیئە» وەک «ئەلروبعولموجیب» و «تەشریح ئەلئەفلاک». مەبەستی ئەم کەسەش خۆ ئامادەکردنە بۆ دەستگیرکردنی «ئیجازەی زانستیی» لەدوا مامۆستای و کە پێشی گەیشت لە ئاهەنگیکدا ئیجازەی دراوەتێ و بە (مەلا) ناسراوە، ئەگەر کارامەش بووبێ و نیازی زانستی پتر بووبێ، بە وڵاتانی دیدا گەڕاوە، یان لە فێرگەییێکدا دانراوە بە(مامۆستا).

(٩) بنۆڕە: محمد قزلجي -التعريف بمساجد السليمانية ومدارسها الدينية، بغداد ١٩٣٨.



شاییێتییان لێ داوە.

وەقفنامەکە عەرەبییە و کوردییەکەی ئەمەیە:

(ئیدی، ئەوە سەرکەوتم، هەرچیی عەقارمە و بەکڕین بوونەتە موڵکم لە باخ و بەراوو خان و دوکان و زەویی و جۆگە و تیمارەوە، تا ئاوایی و گوندەکانی شارەزوور و دەوروبەری، کۆیسنجق و دەوروبەری، هەولێر و دەوروبەری، کەرکووک و دەوروبەری، مەریوان و گوندەکانی، هەموویانم بڕییەوە بۆ فێرگەکانی قەڵاچوالان و مامۆستا و شاگردانی، هەروەها مزگەوتەکانی و پردەکەیشی، دیسان بەهەمان شێوە لە شارەزووردا، بۆ هەتیوە خوێندەکانی نێو قەڵاچوالانیش، ڕۆژوو گرەکانی دوای دەی ڕەمەزان و هیندێ ڕۆژانی دی. هەروەها بۆ میوانخانە و واعیز و وەرگێڕ و دانەرەکان، بۆ فێرگەی گوڵعەنبەر -خورماڵ- و مامۆستایان و شاگردانی و مزگەوتەکەی، بۆ فێرگە و شاگردان و مامۆستایانی ئاوایی کۆیێ، بۆ فێرگەی هەولێر و مامۆستایانی، بۆ دوو فێرگەکەی کەرکووکیش کە دروستمان کردوون و بۆ شاگرد و مامۆستایانی کە سەرگەرمی کتێبەکانی «حوجەج»ن بەجوێ).[١٠]

١٠- ئەم وەقفنامەیە مۆرکراوی زاناکانی سەردەمەکە و مامۆستایانی «قەڵاچوالان» و دەوروبەرییێتی وەک؛ محەممەد وەسیمی گەورە، مەلا ئیسماعیل و مەلا حسێنی بیارەیی، مەلا عەبدولقادر و شێخ عەلیی و شێخ لەتیفی مامۆستایانی فێرگەکانی «قەڵاچوالان»، مەلا محەممەد -ئیبنولحاجی مامۆستای فێرگەی «هەزار مێرد»، مەلا جەلالی کولعەنبەریی، قازیی عەبدولکەریمی تەڕەماریی، مەلا محەممەدی گولانیی، مەلا حەسەنی قازیی «سورداش»، مەلا محەممەد و مەلا یەعقووبی مامۆستایانی فێرگەی «سورداش»، محەممەدی کوڕی ئەحمەدی شلێریی، مەلا ئەحمەدی مامۆستای فێرگەی «هەرمن»، شێخ ئەحمەدی عەبدالانیی، مامۆستایان عەبدوسسەلام و شێخ عەبدوسسەمیعی تەختیی، مامۆستا عەبدولکەریمی سەقزیی، مامۆستا عەبدولقادری ئەربیلیی، مەلا محەممەدی ڕیشکانیی، مامۆستا مەلا مەحموود و مەلا ڕەسووڵ و مەلا یووسف و مەلا محەممەد و مەلا ئیسماعیل و مەلا خالید و مەلا وەلیی و هتد... بنۆڕە: محمد الخال -الشيخ نعروف النوديهي البرزنجي، بغداد ١٩٦١.

## ٥- باری زمان و ئەدەبی کورد

### ١/٥- باری زمان

هەرچیی هەواڵێکی مێژوویی و یادگاری دەستنووسی ئەدەبیی کورد هەیە -تا ڕمانی میرنشینەکان- جەخت دەکەن لەلایێکەوە، لەبریی زمانی نەتەوەیی کورد خۆی، لە هەموو فێرگەکاندا زمانی «عەرەبیی» بەتەنێ و کەم کەمێ فارسیی باو بووە. لەلایێکی دیەوە، لە هەموو مێژووی فەرمانڕەوایی خۆماڵیی کورددا -تا ساڵی ١٩١٨ز- زمانی کوردیی هەرگیز زمانی کاروباری فەرمانڕەوایی نەبووە.

هێندێ دەبێژن ئەم بارە -ناقۆلایە- مایەی کێشەی سیاسی و مایەی یێکنەگرتوویی شێوە زارەکان بووە کە هەردووکیان بێ گومان مەلامەتی کاریگەن، بەلام ڕاستترین ڕا ئەوەیە کە دەبێژرێ: مەلامەتەکە ڕێز لێ گرتنی بێ ئەندازەی خەڵکی موسڵمانیی -شافیعیی مەزەبی- کوردە بۆ زمانی (قرآن) کە ئەو زمانە عەرەبییە لە جیهانی موسڵماناندا، هەروەها لە کاروباری فەرمانڕەواییدا باڵا دەست و باوبووە.

ڕاستییەکەی مەزەبی شافیعیی خۆی داخوازی ڕاست و ڕەوانی هەیە کە بانگی داوە بۆ (تێکەڵ بوون -ئیندیماج-ی تەواوەتیی لە عەرەبیدا)[11]، دیاریشە چینی هەڵبژاردەی خوێندەوار و فەرمانڕەوا کوردەکان مل کەچی ئەو داخوازە بوون و فەرامۆش کردنیان بەلادانێ یان نەنگیی و تاوانێ داناوە و چاویان لە گەلانی دی نەکردووە.

ئەگەر ئەم بڕوا و خوونەریتە نەبێ، داخۆ بۆچی ئەو (چینە هەڵبژاردە) خوێندەوارە دەسەلاتدارەی نێو فێرگەکان و کۆمەلانی خەڵکیی لە ولاتی «بەبە»ەوە تا ولاتی «سۆران» نەک هەر ترسنوکانە و شەرمن، بەڵکو بەچاوێکی سووکەوە سەیری (زمانی کوردیی) خۆیان دەکەن و هانی پێشکەوتنی نادەن؟ من بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە سێ بەڵگەی حاشا هەڵنەگر دەهێنمەوە:

١- مەلا محەممەدی ناسراو بەئیبنولحاج کە خۆی مامۆستاییێکی زانا و خاوەندی «فێرگەی هەزار مێرد» بووە و یێکێکە لە ئەو زانایانەی «وەقفنامەکە»ی سلێمان پاشای خالید پاشای بەبەی کوژراوی مۆرکردووە، لە ساڵی ١٧٦٢ز.دا بابەتێکی بەنێوی (مەهدیینامە) و بەشێوەی نەزم داناوە و باسی مەهدیی و ئاجووج و ماجووج دەکات،

---
١١- بنۆڕە: محمد قزلجي- التعريف بمساجد.



کۆتاییەکەی کە پەلاماودانێکی زمانی کوردییە بەئەم جۆرەیە:

نەزمم کرد بەقەولی سەحیح
(بەلەفزی کوردیی نافەسیح!!)
بۆ مونسیفان لا لیشەحیح
بۆ ئینتیفاعی عامەتێ!![12]

٢- زانایێکی بەنێوبانگی میرنشینی سۆران (١٧٨٤ز-١٨٣٧ز) کە خاوەندی گەلێ دانراوی زانستییە، تەنانەت لە ئەستێرەناسیشدا و نێوی (مەلا ئیبنو ئادەم)ە، ویستوویێتی (پەراوێزێکی کوردیی) بۆ کتێبی عەرەبیی «مشكاة المنقول- موشکاتولمەنقول) دابنێ، کەچیی گەلێ زانای دی لێ ڕاست بۆتەوە و ڕەخنەیان لێ گرتووە کە کارێکی ئەوتۆ بکات!! مەلا ئیبنو ئادەم هەر خۆی لە پەراوێزی ڕاڤەی عەرەبییەکەی هەمان کتێبدا ڕاستییەکەی گێڕاوەتەوە و بە عەرەبیی باسی کردوون و نووسیویێتی: (سەیر ئەوەیە لێیان بەعەیب گرتووم پێشەکییەکەم بەکوردییە! بەئەوەدا ئەو گوتەیەی کوردیان لێ بەڕاست دەگەڕا کە دەڵێن: وەک هێلکە لە قەپیلکی خۆیان دەرچوون)[13].

٣- کاک ئەحمەدی شێخ -کوڕی شێخ مارفی نۆدێیی بەرزنجەیی- کە لێی گوتراوە گۆیا کیتاب و سوننەتی بۆ شاگردانی بە کوردیی لێک داوەتەوە، لە نامەیێکی عەرەبیی و دەستنووسی خۆیدا بۆ زانا مەلا عومەر ئەفەندیی هەولێریی نووسیوە -پێش ساڵی ١٨٨١ز- گوتوویێتی: (سوپاست دەکەم بۆ باوکردنی کتێبەکانی عەقایید، تکا دەکەم ئەگەر بەهەردوو زمانی فارسیی و عەرەبیی بن پتر کەڵک دەبەخشن!!)[14]. و هەڵبەت هەر ئەم بڕوایانە مایەی سووک کردن و توانجی بیانەکان بووە بەرامبەر زمانی کورد کە

---
١٢- بنۆڕە: محەممەد عەلیی قەرەداخیی- مەهدینامەی ئیبنولحاج، بەغدا، ١٩٧٥ (بەدەستکاریی ڕێنووسەوە).

١٣- بنۆڕە: مەسعود محەممەد -حاجی قادری کۆیی، ب٢، بەغدا ١٩٧٤ ل١٢٧-١٢٩.

١٤- بنۆڕە: إحسان المفتي: رسائل كاك احمد الشيخ الى الحاج ملا عمر كجكه أربيلي، كاروان- ژ٢٤، ئەیلوولی ١٩٨٤. مەتنە عەرەبییەکەیشی ئەمەیە: (أشكرك على ترويج كتب العقايد وأرجو أن تكون باللغتين الفارسية والعربية وتكون أنفع!!).

تورکان گوتوویانە؛ «کورد زمان ڕەسمیی نییە»[١٥] عەرەبان هەروەها[١٦] و فارسەکانیش (کوردییان بەترِی کەر زانیوە!!).[١٧]

### ٢/٥- باری ئەدەب

ئەو هەڵوێستە نالەبارەی(چینی هەڵبژاردە)ی خوێندەوار لەلایێک و زەبری ژینی سیاسی و ئابووریی و خوێندەواریی لەلای دیەوە، هەموو دەمانبەنە بەردەم دوو ڕاستیی گەورە:

یێکەم: پێویستیی مێژوویی و نەتەوەیی بۆ هەڵکەوتنی جۆرە ئەدەبێکی سەر بەنەتەوە- گەلە کەم خوێندەوارەکە. ئەو ئەدەبەش کە بێ گومان هەڵکەوتووە، (ئەدەبی گەل)ە و ئەورِۆ نێوبراوە بە فۆلکلۆر.

دووەم: ڕاستیی دواکەوتنی ڕەوتی (ئەدەبی کورد) بەگشتی و (ئەدەبی نووسراو) بەتایبەتی.

١٥- بنۆڕە: ڕەسووڵ ناجی؛ پێشکەوتن - سلێمانیی، ژ ٨٧، ١٩٢١/١/٢٢، گوتاری (زمانی خۆمان لەبیر نەچێ!) و تورکمان دەڵێن: «کُرد لرده لسان رسمي يوقدر» و عەرەبان دەڵێن: «أكراد ما عندهم ليسان!».

١٦- بۆ ڕاستیی قسەی سەرچاوەی پێشوو، ئاماژە بۆ مێژوونووس و شاعیری ناسراوی عەرەب عوسمان ئیبنو سەنەد ئەلوائیلی ئەلبەسریی موریدێکی گەورەی مەولانا خالیدی نەقشبەندیی دەکەم کە لەبارەی زمانی کوردییەوە توانجێکی ناشرینی نووسیوە و دەڵێ: (ماللاکراد و البيان وهم عجم الطباع واللسان/ کورد و ڕەوانبێژییان نەگوتووە، ئەوان سروشت و زمانیان عەجەمانەیە!!). بنۆڕە، عثمان ابن سند الوائلي البصرى- اصفىٰ الموارد فى سلسال أحوال الإمام خالد، المطبعة العلمية، مصر ١٣١٠هـ، ص٢٥.

١٧- فارسەکان گوتوویانە:

أصل عربی أست «ئەسڵ عەرەبییە»
ترکی هنر است «تورکیی هونەرە»
فارسی شکر است «فارسیی شەکرە»
کردی کوز خر است «کوردیی ترِی کەرە»

بنۆڕە: پێشکەوتن- سلێمانیی، ژ٧٠، ١٩٢٠/١٠/٢٨
(نووسراوی بێ ئیمزای مێجەرسۆنە soane کە بەلێکدانەوەی خۆی ئەم توانجە شەڕمەسارە لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوای عەجەم فەتح عەلیی شادا بڵاوبۆتەوە و «سۆن» توند پەرچی داوەتەوە و فارسیی بەلاواز و کوردی بەزمانێکی یادگار و بنجداری مادەکان دەزانێ.



### ١/٢/٥- پەسنی ئەدەبی گەل

بەری هۆش و بیر، ئارەزوو، زمان، کێش و ئاوازی دانان و هۆنینەوەی خەڵکانی -ژن و پیاوی- گەلە و جگەرگۆشەیانە. پتر کاری خەڵکانی نەخویندەوارە و بەدەگمەنیش نیوە خوێندەواری کە ئەوبەری فەقێیە بووە.

لە بریی قافەز و قەڵەم بۆ تۆمارکردنی، هەڵگرتن و ڕاگواستنەوەی -کە بەختی ئەدەبی نووسراوە- بیر و زمان و گێڕاندنەوەی دەماودەم و نەوە دوای نەوە، ژیاندووتی زاووزێشی کردووە.

بەراوردکردنی شێوە و بابەتە ڕەنگینەکانی هونەری، جەخت دەکەن کە بەمێژوو، بەقەبارەوە کۆنتر و گەورەترە، لەلای نەتەوکەش میراتێکی پیرۆزە.

هەردوو هونەری (هەڵبەست) و (پەخشان)ی گرتووە و لقەکانی هونەری ئەدەبییشی -لە ئەدەبی نووسراو پتر، بێ بابەتی زانستیی- پان و بەرین و چڕوپڕ ترە، (پەندی پێشینان، ئەفسانە، بەیت، چیرۆک، داستان، گۆرانیی، لاوک، حەیران، مەتەڵ) هەمووی مایەی دانایی وزانایی، ڕەنج و گەنج، خەم و خۆشیی، شەڕ و ئاشتیی، باوەڕی ئایینیی، خو و نەریت و ڕەوشتی پەتیی خۆیین و هەموو شێوە زمانەکانی گەلەکەیشی هاودەنگ و هاوبەشە.

(بەیتی شێخێ سەنعان) وێنەی بابەتی ئایینێ، (بەیتی کاکە میر و بابەشێخ) وێنەی بابەتی کۆمەڵییە. (بەیتی قەڵای دمدم) و (بەیتی ئەوڕەحمان پاشای بەبە) وێنەی بابەتی مێژوویی و (بەیتی مەم و زین)، (لاوکی خەج و سیامەند) وێنەی بابەتی ئەڤینییە، (لاوکی کەیغان) و چیرۆکی (وێسو ئاسکە) وێنەی سوارچاکیێن و ئیدی هەتا خوا حەز بکا بگەڕێ و ببیە! عەلائوددین سەججادیی مێژوونووسی ئەدەب ڕیشەی (پەندی پێشینان) دەباتەوە بۆ لای کەلەپووری (ماد)ی باپیرە گەورە. لێ کۆڵێکی دی (بەیت- لاوکی زەمبیل فرۆش) نزیکی کەلەپووری (هیندەکان) دەکاتەوە. بەرۆشنایی لێ کۆڵینەوەی تۆفیق وەهبی زانا لەمەڕ (قەڵای جولوندیی) قەڵای گەلی (کیانیی)[١٨] وێ دەچێ (بەیتی جولوندیی) پێوەندیی بەکەلەپووری ئەو گەلەوە هەبێ. ئەفسانە (بەیتی شێخ فەرخ و خاتوون ئەستێ) نزیکی کەلەپووری عیسایی و جووەکانە. سەدان چیرۆکی

١٨- ئەم قەڵا دێرینە هێشتا شوێنەواری ماوە کە دەکەوێتە نێوچەی ئاوایی سورداش- سلێمانیی.

سەرزاری داپیرانیش مەگەر هەر خودا بزانێ سەروبنیان چییە.

هەڵبەت وەکو خاوەندی هەرە بەشی گەورەی ئەم کەلەپوور و یادگارانە نەناسرێنەوە و ونن، دەستوورێکی فێربوون و وەرگرتن و ڕاگواستنەوەیان هەبووە.

ئۆسکارمانی ئەڵەمانیی لە ساڵانی ١٩٠١-١٩٠٣دا و بەنێوچەی (موکریان)دا گەڕاوە، سەرنجی ئەم باسەی داوە و لێی ئاخاوەتووە. کەسانی ژیر و زەین ڕوون و وردبین ئەم گوند و ئاوایی و باژێر دەپێون و لەهەر شوێنە و لەلای هەر وەستاییێکی شارەزا و لێزان بەتکا و بەدیاریی ییێک و دوو دەدۆزنەوە لێیان فێر دەبن و وەردەگرن و بڵاودەکەنەوە. ئەو جۆرە کەسانە بەگشتیی (شاییر، بەیتبێژ، چیرۆکبێژ، لاووکبێژ) یان پێ دەڵێن:

قادری فەتاحی قازیی نیوی کۆمەڵە وەستاییێکی شارەزا و بەنێوبانگی هێناوە، وێرای ڕەحمانی بەکری موکریی -ئۆسکارمان زۆری ستاییش کردووە و گەلێکی لە زارەوە وەرگرتووە- دەفتەری بۆ نێو و تاریفی کۆمەڵێ ڕاگرتووە وەک؛ (جەمشید، حەمە عاسمانیی، وسوو شاییر، قاسم هەوشاریی، هەڵکەتیی و خڕناڵ، ئەحمەد حەڵوا، حەمە بەنگینە، عوسمان بەگ، بەشیر بەگ، مامە شێرە، لەشکریی- ئەبولقاسم، ئەحمەدی کۆر، مەجید گروێ، حەسەن سووتاو، عەزیز دمرقایە، ئەحمەد بەگی جانگیر بەگ، مام باپیر، حسێن کەنیلە، میرزا بایەزید، عەلیی بەگ، خانەی مام عەزیز و هتد...)[١٩].

بەڵام چ ئەو و چ محەممەد تۆفیق وردیی، هەروەها خۆمیش، کەسێکی لێ هاتووی وەک (عەلیی بەردەشانیی) بەسەرداری هەموو بەیتبێژ و شاییرانی دوو سەدەیێ لەمەوبەر دەزانین. (عەلیی هەریریی)ش کە شاعیری نەتەوەپەروەر و گەورە حاجیی قادری کۆیی نێوی هێناوە، هاوشانی بووە.

حاجیی، هەردوویان دەخاتە ڕێزەی (حەسسان کوڕی سابت)ی شاعیری گەورەی عەرەب و دەڵێ:

دوو (عەلیی)ن شاعیر وەک حەسسان
«بەردەشان» و «حەریر»ە مەسکەنیان

ئەم گەلە شاییر و بەیتبێژە هەڵکەوتوانە تا سەدەی بیستەم دەوری گەورە و ڕەنجی فەرهادیان بۆ گەشەی (ئەدەبی گەل) داوە. مخابن لەبەر پیشەی دەفتەر نەگرتن، زۆربەیان

١٩- من هێندە نێوم لەبیرداماوە، بەڵام ئەو لێ کۆڵ و کۆکەرەوەی ئەدەبی گەل، دەفتەری بۆ ڕاگرتوون. بنۆڕە: مهد وفا، تەبرێز، س ١٩٦٥.



نێویان کوێر بۆتەوە. مێژوونووسی کورد و کوردستان، شەرفخانی بدلیسی کە ساڵانی ١٥٩٧ز- ١٥٩٨ز (شەرفنامە)کەی داناوە، ییێکەمین کەسە کە یادی ئەو کەسانەی کردۆتەوە.

شەرفخان لە باس کردنی وەچەی بەبە- بابانەکاندا (میر بوداغی کوڕی ئەبدال بەگ)دا لێیان دەئاخێوێ، (شاییران و خۆشبێژانی کوردستان، دەربارەی دڵاوایی و ئازادیی ئەو میرە، «بەیت»ی زۆریان هەڵبەستوون و پەسنیان داوە و پێیان هەڵگوتووە و لە کۆڕی دیوەخانان‌دا دەنگ خۆشان بەئاهەنگەوە دەیخوێننەوە!)[٢٠].

دڵنیا و پڕ باوەڕ دەتوانم بڵێم، مێژووی -نەنووسراوی- ئەم ئەدەبە (ئەدەبی گەل)، زۆر پێش مێژووی (ئەدەبی نووسراو) کەوتووە، هەروەها لە نواندنی هونەرەکانی (هەڵبەست) و (پەخشان)یشدا، لە ئەو پێشکەوتووترە، بەتایبەتیش لەڕووی دووەم هونەردا.

بێ درێژکردنەوەش، لەلاییێکەوە بۆ نواندنی زمانپاراویی ئەدەبی گەل و لەلای دیەوە بۆ ناسینی وێنەی هەردوو گوڵزار، دوو گوڵ هەڵدەبژێرم.

**٥/٢/١/١- وێنەی (هەڵبەست و پەخشان وێکڕا)**

**(بەیتی کاکە میر و بابەشێخ)[٢١]**

کاکە میر و کاکە شێخ ئاغای مەرگەییان بوون. مەیتەریان بۆ وڵاغی خۆیان قەت نەدەگرت. دەبوو ژنی ڕەعییەتان بێ تەویلەی بماڵێ، ئەسپان ئاو بدا، کا و جۆیان بداتێ. ئەگەر خەلاسی دەبوو دەبوو بچێتەوە. دەیانگرت، دەرکەیان لێ دەگرت، دەیانگا و دەیانناردەوە، ژن و کچیان نەهێشت.

هەیدەر گۆران پیاوێکی ڕەشید بوو، خەڵقی دێییێکەی پاکی وەخڕ کردەوە، پاکی قورعانی خوارد. گوتیان: (دەبێ قسەمان ییێک بێ، سبەینێ دەبێ بانگ ئێشتنیان بکەین بۆ ماڵە هەیدەر و گۆرانێ، فەسڵی نەهارێ).

کاکە میر و کاکە شێخ دوازدە برابوون، بانگ ئێشتنیان کردن. هەر براییێکیان دەنێوانی

٢٠- بنۆڕە: شەرفخانی بدلیسیی- شەرفنامە، وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردیی: هەژار موکریانیی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٢، ل٥٢٠.

٢١- بنۆڕە: ئۆسکارمان -توحفەی موزەففەرییە، ساخکردنەوە و ڕێنووس هێنانەوەی بۆ کوردیی؛ هێمن، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧١، ل٦٨٥-٦٨٩.

دوو کرمانجـدا دانا. نانیـان هێنا، دایاننا. کوتیـان: (بسم الله). دەسـتـێکیـش کـوتی: (یالله).

هەرکەس جیرانی خۆی گرت، سەری هەر دوازدان لە مەجلسیان برین. خوێن بەسەریاندا ڕژا. ڕایانکێشا ماڵە کاکە میر و کاکە شێخان، کچی وانیان فەساد کرد. بەتۆڵەی خۆیان، عیوەزیان کردەوە.

هەیدەر گۆڕان هەموو مەخلووقەکەی هەڵگرت، پاکی بردە سەر خمێ، پاکی دەخمێ نا. پاکی دەقوڕێ نان.

ڕۆیین بۆ ئەستەمبووڵێ بۆ شکایەتی سوڵتانێ، یای ئەستێ دەڵێ بە یای بەغدانێ:
خوشکێ دڵم بەغلووره، چەندە بەغلووره،
تەماشای ئێختەرخانەی کاکان بکە،
دەبەر بوورو برەوانم کەوتووە جل و هەوسار و نووره.
لە دیوەخانی کاکان هەڵگیراوە هەژدە موتەکا و دوازدە مافووره
ئەو ڕۆژانە خوشکی کاکان سەر بەقوڕیان،
ئەگەر لەسەر ماڵی کاکی مەیان هەڵگرت کەوڵ و قاقوم سەمبووره
ئەوێ ڕۆژێ مل بەکوێن بای، ئەگەر لە داری جەنگەی لەشکر،
لە دووی کاکێ مە دەبوو جەمبووره بەجەمبووره.
ئێستە بێ ساحێب بووم، حدووی بێ نیشانە،
بێ سەلابوون خانمی دەڕوو سووره.
چەندم کوت: کاکە مەچۆ ماڵە هەیدەری،
پیاوێکی غەیان، لە دۆستایەتیێ دووره.
خەڵقی مەرگە، ئەمن چ بکەم، چ بکرێنم؟
بۆ خۆم دەعواییێک بکەم، یا بە سوڵتانی ڕابگەیێنم؟
ئەمن خوێنی دوازدە برای خۆم لە کێ بستێنم؟
یای بەغدان دەڵێ:
یای ئەستێیە:
خوشکێ ئەو هەڵاو هەرایەت بۆ چییە؟
جاری بچن جەنازەیان بێنینەوە، لە ماڵە هەیدەر گۆڕانێ،



تەسلیمیان بکەن بەگڵێیە
ئەو دەمێ مەسڵەحەتی لێ دەکەین، بزانین تەگبیرمان چییە!
چەندی نۆکەر و پێشخزمەتە ڕاوەستاوە
ئەویی ڕەعییەت بێ لە وڵاتی مەرگیدا نەماوە،
چوونە ماڵە هەیدەر گۆڕانێ،
جەنازەی برایان هەڵدەگرت و دەیانهێناوە
بانگ لەسەر بانگیان لێ داوە،
دەڵێ: هیچ کەس وای لێ نەقەوماوە
لە دوازدە برا یێک نەماوە
پاکی کفن و دفن کراوە
پاکی چوو دە خاکێ نراوە
مەخلووق بۆ ماڵێ گەڕاوە.
یای ئەستێ دەڵێ: خوشکێ یای بەغدانێ،
خەبەرێکم دەبیست، یێکەم دە دەدینە
غولوویێک لە دەرکی ماڵە بابێ مەیە،
نازانم ئەو غولووە نە شاییە و نە شینە
کێ بوو لە کارەکەرێ گوارزێرینە
لەولایەڕا دەچوو بە گوشادیی و بەپێکەنینە
لەولاڕا دەهاتەوە بەگریان و ڕوو پچڕینە
دەڵێ: خاتوونینە،
وەرن هەموو وێکڕا بگرینە،
ئەو غولووە لە دەرکێ ماڵە بابمان بوو،
شایی بوو، لێیان بوو بەشینە
لە دیوەخانی کاکانیان هەڵگرتن ئافتاوە و مەسینە
لە ئیختەر خانی کاکی مەیان دەرهێنا جوانوولەی دە نەوزینە
خاتوونیان پێل دەگرت و دەریاندەهێنا،
سواری جوانوولەیان دەکردن بەقەرەپۆشی دەشینە

بەمردن و تالانیش قاییل نەبوون، ژنیان بەئێخسیر بردینە
جا مە تەگبیرێ چلۆن بکەین خەبەرێ بدەین بە سولتانی ئەمینە؟
یای بەغدان دەلێ:
خوشکێ چەندم کوت: کاکە مەچۆ بەری مەرگێ بەمیوانییی،
مەچۆ مالە هەیدەری دەگەل گۆرانی،
فێلی وانم گەلێک زۆرترن لە فێل و فەرەجی شەیتانی
قەت بووە لەکنە خۆت پیاوەتیی بکەی، بدەیەوە نانی؟
قەت واشدەبێ بێ ڕوحمیی و بێ ئیمانیی
سەری دوازدە برایان ببڕی لە سەر سفرەی دە نانی؟
خولا بکا مەرگەییان ببینم هەر وەهایان بەسەرێ،
ڕسقێی وانم بچێتە سەرپشتی ماکەرێ،
سەد باری ڕەحمەتان ببێ لە کوڕی میری دەگەل میرە «دەسکەرێ»[22].
بەتۆلە ئاغای خۆی هەژدەی دانە بەر خەنجەرێ،
هەژدەی دەدیشی داوێتنە بەرێ،
لە زەبری دەستان و لە خوێنی جگەرێ،
ئەوا لکەی شل دەبوو لە خەنجەرێ.
نەحلەت لە بابی ئەو وەستایە بێ،
لەپاش کوڕە میرە «دەسکەرێ» ،
ئەگەر سێ بزماران نەدا لە گۆی خەنجەرێ،
ئەگەر خەنجەر بزماری ببێ لە دەسکی نایەتە دەرێ.
هەی ڕۆ، برالە ڕۆ،
ئەو جێی کاکە میر و کاکە شێخ[23] لێیان دەکرد شەقێن و شەڕەگۆ، ئێستە مەرگەیی

---

٢٢- دەسکەرە ئاواییەکە لەلای کفریی و سەر بەولاتی بەبە بووە.

٢٣- بەپێی ڕووداوی مێژووی فەرمانڕەوایانی ولاتی بەبە- بابان ئەم دوو کەسە (کاکە میر و حاجیی شێخ- کاکە شێخ) کوڕانی ئیبراهیم نێون کە لە دوای کوێربوونەوەی خانەدانی بەبەوە دەرکەوتوون و دەسەلاتیان گرتووە و دیارە (ئاغا) بوون. بەلام مێژوو نێوی دوانزە برایان نابات و هەر نێوی (سلێمان)ی برایانی بردووە. هەر بەقسەی مێژووش ئەو جووتە برایەی بەیتەکەیان بەسەردا =



گوو خۆریان دەیکەنە برنجاڕ و پەمۆی کەس نییە جووتەی دەئاغایان، جووتەی ناسکە سواران، هەلگرێ و بیانباتەوە موقبەرەی کن بابی خۆ؟ (ڕەحمان) خۆش بێ، (ساحێب)[24] ڕەحمەت لە تۆ!

### ٢/١/٢/٥- وێنەی (پەخشان- چیرۆک)

«بێ نێونیشانە»[25]

لە دێیی لاجانێ، دوو ئامۆزا تفەنگیان دەشانی کرد. چوونە ڕاوی گا کێویی. ئەوێ ڕۆژێ پێنج گا کێوییان کوشت. شەویان بەسەردا هات، چوونە ئەشکەوتێکی. ئاووریان کردەوە، کەبابیان کرد، دەستیان کرد بەخواردنی.

یێکیکیان کوتی: (ئامۆزا، ئەمن ئەوە دەنووم، ئەتو کێشکێی بکێشە، خەوت لێ نەکەوێ، ئێرە بەترسە!).

خەوی لێ کەوت. ئەوی دیکە زۆر، خەوی دەهات، نوست. نیوەی شەوێ وەخەبەر هات. تەماشای کرد ئامۆزای نەماوە. ئاووری خۆش کرد، تەماشای کرد خوێن زۆر ڕژاوە.

لە ئەشکەوتەکەیدا کونێکی دیبەوە، ڕووناکیی دەدا. چوو دەکونەکەیەوە، تەماشای کرد لە بنەبانێ جانەوریک دانیشتووە، ئاووری کردۆتەوە، کەبابی دەکا، کێردێکی بەدەستەوەیە کەلاکی ئامۆزاکەی لەتەنیشتی بەکێردەکە دەیبڕێ، لەسەر ئاووری دادەنێ، نیوە برشتوو دەیخوارد. کابرا سەرسام بوو، تفەنگی خۆی پڕ کرد، ڕووی لە سینگی وی کرد، لێی ئاوور دا. دەعباکە گوللەکەی بەدەستی گرتەوە، بۆلژنێکی لێ هات، گوللەی بۆ هاوێشت.

کابرا زۆر ترسا، چوو تفەنگی ئامۆزاکەی هێنا، پڕی کرد، دوو گوللەی لێ هاوێشت، لەپشتی ئاووردا. جانەوەرەکە بۆلژنێکی لێ هات، کەوتە سەر عەرزی. کابرا چووە سەری،

---

=هەلدراوە، لە سالی ٩٤١ک- ١٥٢٤ز. دا کوژراون، بەلام وەک دەگێڕێتەوە کوشتنیان لە (مەرگە)دا بووە، باسی چۆنییێتی ناکات. دیارە لەنێوان مێژوو نووسین وەک زانست و ئەدەبی گەلدا وەک هونەرێ گەلێ جودایی و ناڕێکی هەلدەکەوێ بەتایبەتی کە قەومای دەماو دەم و سالەهای دوور و درێژ بسووڕێتەوە، وێڕا شتێ کە گرنگ بێ ئەوەیە، بیری گەل کوێر نییە و زمانیشی تەڕ و هونەریشی بەکارە.

٢٤- ڕەحمان بەیتبێژەکەیە و (ساحیب) کە ناسنێوێکە لە هەموو فەرەنگییان نراوە، مەبەست لە (ئۆسکارمان)ی ئەلەمانە.

٢٥- میرزا جەوادی قازیی لە سالی ١٩٠٣دا بۆ ئۆسکارمانی گێڕاوەتەوە.

دوازده خەنجەری لێ دا، جانەوەرەکەی کوشت.

ئەوێ شەوێ لەوێ بوو، سبحەینێ هەڵستا چۆوە دێیێ... ڕدێنێ سپیی ببوو. خەڵقیی نەیانناسیەوە. کوتی: (بابە حیکایێتێکی وام بەسەردا هاتووە ڕدێنم بویێ سپیی بووە. وەرن بچن مەیتەکەی بهێننەوە!)، چوون هێنایانەوە./تەواو(٢٦)

هەڵبەت لە هێندە پتر باسی (ئەدەبی گەل) بۆ ئەم کتێبە ناشێ لە داهاتووشدا وێنەی دی دێتە بەرچاو.

### ٢/٢/٥- پەسنی ئەدەبی نووسراو

ئەدەبی نووسراو وەکو نێوەکەی بەخۆوەیە، ئەویش هەر بەری هۆش و بیر و ئارەزوو، زمانی ئەو خەڵکانەی گەلە کە خوێندەوارن. ئەم خاوەند و سنووری مێژوویی دیارە، دەفتەر و قەڵەمی نووسین دەستا و دەستی پێ دەکا و دەیگێڕێ و بڵاوی دەکاتەوە. فێرگەکان و مامۆستایان و شاگردانی، لانە و وەستای هەڵکەوتنین لە هەر ڕۆژگارێکدا.

وردبوونەوە لە یادگارەکانی -هەتا سەرەتای سەدەی بیستی عیسایی- ڕاستیی دەنوێنن کە لایێنگری هونەرەکانی (شیعر- نەزم/ هۆنراوە و هەڵبەست) بووە و زۆر درەنگانێ چمکی هونەری (پەخشان)ی گرتووە. لە هونەری یێکەمدا بە هونەری هۆنینەوەشەوە، پەیرەوی کێش و ئاوازی عەرەبیی، چ کێش و ئاوازی خۆماڵیی کردووە، بەڵام لەڕووی بابەتەوە پتر دەور و خولی (غەزەل) و (ستاییش) و نزا و پاڕانەوەی ئایینی داوە و توخنی بابەتی مێژوویی، کۆمەڵیی، زانستیی نەکەوتووە و بەدەگمەنیش لە ئەو هونەرە باس کراوانەدا بابەتێکی داستانیان گێڕاوەتەوە.

وردبوونەوەی ژیرانە ڕاستییەکی دی دەناسێتەوە کە ئەوەیە؛ ئەو غەزەل خوان و هەڵبەست نووسانە، کە زۆربەیان زانا و مامۆستای ئایین و فێرگەکانن، زەبری زمان و (ئەدەبی گەل)یان پێوە دیارە و بەرهەمەکانیان بەڵگە و شایێتن بۆ ناچارییان و نزیک بوونەوەیان لە ڕاستیی و خەڵکیی، بەڵام دیارە ئەم هەڵوێستەیان زۆر درەنگی پێ چووە کە لە زووەکەوە تا درەنگ، ویژدان زیندووەکانی نەتەوە، شاعیرانی گەورەی وەک (ئەحمەدی خانی: ١٧٠٦ز مردووە)، (حاجیی قادری کۆیی: ١٨٩٧ز مردووە) ڕەخنەیان لە بەکار نەهێنانی نووسین و دانانی کوردیی گرتووە.

٢٦- بنۆڕە: ئۆسکارمان. توحفەی موزەففەرییە.



ئەمە بۆ خۆیشی شایێتییە بۆ ڕەوتی سست و بەرهەمی کەمی ئەم ئەدەبە لە چاو گوڵ و گوڵزاری چڕی ئەدەبی گەلدا، بەڵام وێڕای ئەوە، لە هەموو شێوە زمانەکانی کورد و ئەدەبی نووسراویاندا، بەرهەمی قەشەنگ و نایابیان تێدا هەڵکەوتووە و شانازییان پێوە دەکرێ.

من چاکتری دەبینم -لە ئەم کتێبەدا- بێ درێژدارپیی سەرنجی مێژوو، هەروەها دیارترین یادگارەکانی ئەم ئەدەبە لەنێو هەموو شێوە زمانەکانی کورددا و هەرێمەکانی کوردستاندا بدرێ و خوێندەوار ڕەوانتر بیانناسێتەوە، چ یادگارەکانی (شیعر، هەڵبەست)، چ (پەخشان).

#### ١/٢/٢/٥- شیعر و نەزم- هەڵبەست

تاڕمانی هەموو میرنشینەکانی کورد لە کوردستاندا و نیوەی سەدەی هەژدەی عیسایی دیارترین وێنە ئەمەن:

١- بەشێوەزاری (لوڕی)؟ یادگاری شاعیری -دایک کوردی- گەورە و بەنێوبانگ (بابا تایێری هەمەدانیی- عوریان) کە خۆی لە دەوروبەری ساڵی ١٠١٠ز.دا ژیاوە و شیعرەکانی -بەقسەی لێ کۆڵەکانی ئەدەبی کورد- نزیکی شێوەزاری نێوبراوە.

٢- بەشێوەی (گۆران)، یادگاری شاعیری خاوەند دیوان (ئەبولقاسم- مەلا پەرێشان) کە ساڵی ١٣٩٨ز زیندوو بووە. ئەوجا بەهەمان شێوە خاوەندی داستانە شیعری «شیرین و خوسرەو»ی شاعیر (خانای قوبادی) کە ساڵانی ١٧٠٠ز-١٧٥٩ز ژیاوە، هەروەها شاعیرانی دی وەک (مەلا عومەر- ڕەنجووریی) کە ساڵانی ١٧٥١ز-١٨٠٩ز، ژیاوە، هەروەها (مەعدووم- مەولەویی) کە ساڵانی ١٨٠٧ز-١٨٨٣ز ژیاوە و هتد...

٣- بەشێوەی کورمانجیی- باکوور- جزیرا بۆتانیی، یادگاری شیعری شاعیر و سۆفیی (مەلای جزیریی) کە ساڵانی ١٤٠٧ز-١٤٨١ز ژیاوە و دیوانی چاپ کراوە. ئەوجا خاوەندی داستانە شیعری بەنێوبانگ «مەم و زین» (ئەحمەدی خانیی) کە ساڵانی ١٦٥٠ز-١٧٠٦ز ژیاوە، هەروەها چەندی دی.

٤- بەشێوەی کورمانجیی- خۆرهەڵات، نیوەندی کوردستان- موکریی و بابان: شێخ سادق نێوێکی نەناسراوە کە دیارە لە ساڵی ١٧٤٣ز.دا بەیتی پاڕانەوەی بۆ شیفای کوڕەزای سلێمان بەبە (خالید پاشا) داناوە و بەیتەکەیشی هەر بەنێوەیەوە ناسراوە(٢٧) دوای

٢٧- باسێ دێتەوە.

ئەو مەنزووم -هەڵبەستی (مەهدینامە)ی زانای ئایین مەلا محەممەد ئیبنولحاجە کە لە ١١٧٦ک- ١٧٦٢ز.دا، ئەوجا بەهەمان شێوەی هەڵبەستی (بەیتی ئەووەڵ و ئاخیر- تەزکیرەتولعەوام)ی مەلا محەممەدی سێوچی کە ساڵی ١٧٧٨ز دایاننناوە، ئەوجا مەنزووم- هەڵبەستە فەرهەنگۆچکەی شێخ مارفی نۆدێیی بەرزنجیی کە لە ساڵی ١٧٩٤ز داییناوە، تا دەگاتە شاعیرەکانی دوا ڕۆژگاری بەبە- بابان.

### ٢/٢/٢/٥- پەخشان

لێ کۆڵینەوەم دڵنیایی داومەتێ بڵێم، لە هەڵێکدا مێژووی «پەخشان»ی کوردیی لە (ئەدەبی گەل)دا کۆنتر دەبینم، ئەوە هەرچیی بەڵگە و دەستنووسێکی کوردی هەیە و تا ئەورۆ دەستگیرن جەخت دەکەن کە پەخشانی (ئەدەبی نووسراو) تازەیە.

بەر لە یادکردنەوەی ئەم هونەرەی ئەدەب، پێ ویستە بشزانرێ کە کوردە پێشنیەکان - بەمیران و زانایانەوە- بەر لە بەکاربردنی پەخشانی کوردیی، بەزمانەکانی بیانەکان پەخشانیان نووسیوە: بۆ وێنە میری شارەزوور و کارکەنار کراو، (مەئموون بێگە بەگ) لە ساڵی ٩٨٥ک-١٥٧٥ز.دا بە «تورکیی» سکاڵاَ و یاداشتی خۆی بۆ سوڵتانی عوسمانیی (مورادی سێیەک) نووسیوە[٢٨] هەروەها میر و مێژوونووسی بەنێوبانگی کورد و کوردستان (شەرفخانی بدلیسی) لە ساڵی ١٥٩٧ز-١٥٩٨ز.دا شەرفنامەکەی بەزمانی «فارسیی» نووسیوە.

### ١/٢/٢/٢/٥- پەخشان بەشێوەی کورمانجیی باکوور

ئەو دەستنووسە یادگارانەی کە تا ئەورۆ دەستگیرن، جەخت دەکەن کە گەلی کوردی باکوور -لە هەکاری، جزیرا بوتاندا- بەڕاستیی دەستپێشخەر و کارامە بوون بۆ بەکاربردنی «پەخشانی کوردیی».

کۆنترین یادگارێ کە دیار و ناسرابێ، (دەستووری زمانی عەرەبیی)ە بەکوردیی کە زانایێکی ئایین و شاعیرێکی توانا (عەلیی تەڕەماخیی، لە ساڵی ١٥٩١ز.دا بەدواوە ژیاوە) داییناوە و زانایێکی دی (مەلا مەحموودی بایێزیدیی) لە ساڵی ١٢٧٤ک-

---

٢٨- بنۆڕە: مذكرات مأمون بيگەبگ- ترجمة محمد جميل روژبياني و شكور مصطفي، بغداد ١٩٧١.



١٨٥٧ز.دا بەدەستی خۆی ڕوونووسی کردووە و پێشەکییەکی خۆیشی خستۆتە پاڵ[٢٩].

ئەمە کەرتێکی وێنە نووسینی ئەو دانراوەیە:

(إعلم تو بزان ای مفردی مذکر مخاطب کو ژ بوی طایفا اکرادان را ژی لازمە کو ب کرمانجی او ژ علمی صرف بزانن. لورا لبنا و اساسا همو علمان ل سر علمی صرفی یە. علم حسیبکە دکو میزینە ژ بوێ علومید مایی دا فنونید ب علم صرف تینە و زاندین کو

---

٢٩- پێ ویستم زانیی بەشێکی ئەو پێشەکییە بنوێنم کە لەلاییێکەوە شێوەی نووسینێکی دوو سەد ساڵی دوای دانراوەکە، لەلاییێکی دیەوە هێندەی هەواڵی خوێندەواریش تیدا دەخوێنینەوە... ئەمەتە:

(بسم الله الرحمن الرحیم

معلومی تە ببت کو طلبە و فقهاید اکرادان حتی تاریخا حزاری علمی صرفی ژ کتیبید عربی العبارە وکو کتیبا سعدالدین تفتازانی کو سعدینی دبیژین و ژ چار پردی یی و ژ سعدالله گورە ژ ڤان امثال کتیبان استنباط و اخراج دکرین و اخراجا ژ کتیبید عربیە ژی زاف دژوار دبویە. پاشی د تأریخا حزاری بشوڤە و قضاید حکاریان دقضا مکشیدا گوندەک هیە ترەماخ دبیژین، ژی وی گوندی ناڤی علی مروڤکە خوی ذهن و ادراک و صاحب هش و فطانت پیدا بویی، طلبا علم و فنونید گریایی و مایی و خوندی و کسب کمال و فنون علوم کری. دفنی علمی صرفیدا زیدە مهارات و رسوخ پیدا کری. د زمانی خودانی -زمانی کوردی/ کەمال- قوی و زیدە مشهور و معروف بویە و بلکو حتی نهاژی ناڤ و نیشانید وی د کوردستانیدا هین. اوی «علی ترەماخی» بخو بدستی خو دنیڤا گوندی مزگفت و مدرسە بنا کرینە و مدیکی بخو ژ درس گوتینە.

وکو دیتیە و مشاهدە کرینە کو علمی صرف فنکی زحمت و دژوار و اسی یە. و مبتدی زو بزو صیفە و أعلالید وان ژ کتیبید عربیە اخراج ناکن. ژ بوی هیسیا مبتیدیان بزمانی کورمانجان عبارەتکی تصریفی تصنیف کرییە کو او عبارە د نیڤا طلبە ید اکرادان قوی مقبول و اهم و لازمە. البتە وکو طالبی مرادا خوندنا صرف و نحو و مادە منطق و علومید مایی دکن. البتە بری متن و عبارەیا علی ترەماخی بخونن و ژ بد بکن، پاشی دست بعلومید مایی بکن، لورانی اڤ علم صرف میزی نە، البتە هر شیئک حوجەیی میزی نی نەدا درست و نەدرستیا وان کفشن ببە، لورانی بری زاف مدارس د ولاتید کوردستانیدا هبون و شهرتا علومان ژی گلک هبون دکافە باژیر و قضا و قصبە و گوندید اهل اسلامید کوردستانیدا، البتە فلابد مدرسەیک و دو و سە و بلکو ایدی زیدە هبون و بلا درجە دقت و اهتمام ژ کنارید والی و أهالیان درحق امرید مدارس و علمان هبون ولنک نزیم و بچوکید کوردستانی قدر و رفعتا علم و علمان هبو، ملاید قوی ذو فنون د جزیر و عمادی و صوران و سعرت و اطرافاندا زاف بون، طلبەید کوردستانی حتی بغداد و بصرا و موصلی دچون و گریان تحصیلا علوم دکرین... هتد)

درست و غليطا وى علمى و خبر دانا وى كـلامى راست و درست ببـه. لورا وكـو تشـتك نئيته و زاندين، كسك تمام و كيما سياوى نزانه. بس وكو هايه واجبه كو مروڤ علمى صرف بزانه دا تكلم و خبردانا راست و درست ببه. بى علمى صرف كلام درست نابى.

لورا لازمه كو تو وضعا خبردانى بزانى... مثلا مفرد و تثنيه و جمعان فرق بكى بزانى و غايب و حاضرى ژ ئيبك و دو جودا بكى و مذكر و مؤنثى ژ هڤ دو ڤڤينى كو حتى خبر دانا راست و درست ببه. مثلا اگر تو نزانى به لفظا مفردى دگل تثنيه و جمعى خبر بدى، كەلامى تەغلط دبى و جعلاته معلوم دبه. اڤ علم صرفى و حمو كافيد لساناندا هيه و اجرا دبه، اما ئيك و نها ژ بوى مەلازمه زمانى كرمانجيه، لكن لازمه كو بعضك زمانى عربى و فارسيى مثالان بينن لورا ئەڤ عيلم صرف به أصل و ابتداد زمانى عربى دا بويه و الفاظيد كو لازمه ژ بوى علمى الفاظى كو لازمه ژ بوى علمى صرفى الفاظى عربينه... هتد)(٣٠) ئەگەر ئەم (پەخشانەی زانستیی)ە نوخشەییێکی کۆنترین پەخشان بێ، بەڵگەی دی لە هەمان ڕۆژگار و شێوە زمانەوە هەڵکەوتووە و (مەلا مەحموودی بایێزیدیی) نێوی هێناوە و دەستنووسەکەیشی زیندووە. ئەم بەرهەمە (مەولوودنامەی کورمانجی- یان مەولوودنامەی مەلای باتەیی)ە کە دانەرەکە زانایێکی ناسراوی سەدەی پانزەی زاییینی بووە(٣١) بەڵگەی دواتر پەخشانێکی زانستییە لەمەڕ داو و دەرمان و پزیشکیی لە دەستنووسەکەی لای زانا عەبدوڕڕەقیب یووسفە کە لەسەری نووسراوە (طبا کردی- توبیا کوردیی) و دانانی (مەلا مەحموود) نێوێکە کە ڕوونووسکەرەوەی ساڵی ١٢١٢ک/ ١٧٩٧ز- ١٧٩٨ز ڕوونوسی کردۆتەوە.

ئەمە وێنەییێکی نووسینەکەیە: (بسم الله الرحمن الرحيم و بەڤقتی، درمانی: چاڤی طارى بوى: نيڤ مثقال دارِ و فلفل، مثقالك برى بحرى دو مثقال شكرى نبات تيكدان بكنه كل د چاڤى خوه بكيشن.

درمانى چاڤى كوره تازه گرتى: برى بحرى و كسپكيت هيكان چيژك ژى درافى هر دوكان وكى يك بكن دچاڤى خوه بكيشن.

درمانى چاڤى كوراهى لى بت كڤن: زعفرانه

درمانى چاڤى هيستر بكن دندكيت قصپان بصوژن. بقطن تيكل بكن پاشى دچاڤى خوه بكيشن.

درمانى چاڤى ژ بر فى بايشت: دوى تتونى بكلچرڤى تى بكيشن.

درمانى چاڤى خون نى هبت: بنى پرى فرخكى كوتران تى بكيشن.

درمانى چاڤى مژانك هوا بگرت يانه وركرت: ارى بهاره پاك دناڤ دهنى هڤير بكن لسر بنن پاشى چلكى بخونا حيضى بصوژن پاشى بقطن دچاڤى بكيشن.

درمانى شڤكوژى: جگرا رش پايزى داننه سر اگرى كلچوڤكى دشون اڤاوى بكيشن، فلفلان هور بقطن پيوربكن دما نڤستن دچاڤى خوه بكيشن: يا نه خونا كوترا رش هشك بكن بقطن بكنه چاڤى خوه... هتد)(٣٢)

## ٢/٢/٢/٢/٥- پەخشان بەشێوەکانی دی.

بەئەو پێیـەی تا ئەوڕۆ چ لێ کـوڵێکی ئەدەبی کـورد هەواڵێکیـان لەمـەڕ پەخشـانی شێوەکانی (لوڕ، گۆران، موکریی، بەبە، سۆران) ڕانەگەیاندووە -یان من لێیان بێ ئاگام- دیارە تا درەنگانێکی زۆر، لە ڕیزی ئەو شێوە و زمانانە و لە (ئەدەبی نووسراو)دا، باو نەبووە. دواترین هەواڵێکی ڕاست و ڕەوان بۆ هەڵکەوتنی (پەخشان) لە وڵاتی بەبە-باباندا، وێنەییێکی یێکەم چارەکی سەدەی هەژدەی عیسایییە و ژینی (مەلا خالیدی شارەزووریی- مەولانا خالید نەقشبەندیی)ە کە لە داهاتوودا پتر ڕوون دەبێتەوە و بناغە و مەبەستی ئەم کتێبەیە. بۆ ئەوەش پێ ویستە ورد تەماشای وڵاتی بەبە و زمان و ئەدەبی بکرێ.

بەر لە ئەم کارە، بەچاکی دەبینم کاکڵەی باسەکانی لەمەڕ ئەدەب وەبیربهێنمەوە کە

٣٠- بنۆڕە: در. مارف خەزنەدار- دەستووری زمانی کوردیی عەلی تەڕەماخیی، بەغداد ١٩٧٦ (بەڕێنووسی خۆیەوە).

٣١- هەمان سەرچاوە، ل٢٦، در. مارف لە پەراوێزدا نووسیویێتی کە دەستنووسی (مەولوودنامەکە) لە کتێبخانەی «لێنیگراد»دا پارێزراوە، (وێنەی ئەم مەولوودنامەیەی مەلای باتەی لە ساڵی ١٩١٥ز- ئەستەنبوولدا چاپ کراوە/کەمال).



٣٢- بنۆڕە دەستنووسەکە کە پێوەی دیارە دانەرەکەی لە پەراوێزدا هێندێ تاریفی داناوە و من پێ ویستم نەزانیی بیاننووێنمەوە. شایەنی باسە، ڕێنووسی ئەم دانراوە -دەستنووسە بڵاونەکراوە- بەنرخەکە هێندی دەنگی -تیپی زمانی کوردیی وەکو (گ،ڤ) وەک خۆیان نووسیوە کە ئەم کردەوەیە بە یادگاری نووسراوەکانی کورمانجی: موکری- بەبە- سۆرانەوە دەرنەکەوتووە و تا یێکجار درەنگ، «سێ خاڵیان» لەسەر (ک) بۆ (گ) و (ل) بۆ (ڵ) داناوە.

ئەمەیە، تا ئێرە لە خوێندەوار ڕوونە، (ئەدەبی گەل) بێ هیچ گومانێ و لە هەموو شێوە زمانەکانی کورددا، کۆنتر و چڕوپڕ ترە، پێچەوانەیشی (ئەدەبی نووسراو) لە کۆڕی هەموو شێوە زمانەکان و میرنشینەکانی کورددا و لە چاو گەلانی دیدا وەکو زۆر کۆن نییە، پتر بە شیعر و هەڵبەست و زۆر کەمتریش پەخشانەوە خەریک بووە. هەروەها (ئەدەبی نووسراو)ی شێوە زمانی «گۆران» و «کورمانجیی باکوور» پێش شێوە زمانی کورمانجیی نێوەند: موکریی، بەبە، سۆران کەوتووە. هەروەها مێژووی هونەری (پەخشان)ی کورمانجیی باکوور لە ئەمان کۆنترە و وێڕای بابەتی ئایینی، زانستی زمان، زانستی پزیشکیی یەسەرکردۆتەوە کە لەلای ئەمان ئەوە هەرگیز ڕووی نەداوە یان زۆر زۆر درەنگ -پتر باسیش دەکرێ- وێنەی بابەتی ئایینیی تێدا هەڵکەوتووە لە هەڵێکدا نەلەلای ئەوان و نە لەلای ئەمان زمانی کوردیی (زمانی ڕەسمیی) نەبووە. هەڵبەت ئەم بارە جوێیە مەڵامەتی سیاسیی و ڕۆشنبیریی و زانستیی لەپشتەوە هەیە کە یێکێکی کاریگەریی زەبری سیاسیی و شەڕی هەمیشەیی و چاوچنۆکیی هەردوو دەوڵەتی ئێرانیی و عوسمانییە بەرامبەر وڵاتانی موکریی، بەبە، سۆران و زەبری نزیکیی زمان و ئەدەبی فارسیشە لێیانەوە کە تا ڕادەیێ ئەو زەبرانە هەموو سووکتر بەر میرنشینەکانی (هەکاری- جزیرا بۆتان) و شێوە زمانی کورمانجیی باکوور کەوتووە. لە لایێکی دیەوە -پتریش باس دەکرێ- دەبینم شێوە زمانی وڵاتی بەبە- سلێمانیی لەگەڵ ڕەوتی ڕۆژگار و بەرز و نزمیی خانەدانی بەبە، بەرە بەرە جێگەی خۆی لە (ئەدەبی نووسراو)دا کردۆتەوە تا بەخۆیدا هاتووە و پۆشتە بووە و ئەم شێوەیەی ئەوڕۆی لێ دەرچووە.

# بەشی دووەم

١- نۆڕینێ بەولاتی بەبە- باباندا

چونکە لانەی ڕاستەقینەی لێ کۆڵینەوەکەم -وەک بابەتەکە خۆی- ولاتی بەبەیە، پێ ویستە بەخێراییش بێ تەماشاییێکی باری سیاسی و ڕۆشنبیریی بکەین.

بەبە- بابان ناسنێوی خانەدانێکی هۆزی (نوورەددینی)ی نیشتەنیی نێوەچەی «پشدەر»ە. ڕیشەی ناسنێوەکە و خانەدانەکە و مێژووی ڕاستی فەرمانڕەواییان زۆر ڕوون نییە. نووسەرێکی کورد بنەچەیان دەباتەوە سەر کوردە (شەددادییەکان)ی خاوەند دەوڵەتی «شەددادیی» کورد[1] تۆفیق وەهبیی زانا -لەلێ کۆڵینەوەییێکدا- مێژووی نەوەی یێکەمی فەرمانڕەواکانی گێڕاوەتەوە بۆ سالانی ١٣٣٥ز- ١٣٨٠ز و دامەزرێنی نوێی خانەدانەکە (فەقێ ئەحمەدی دارشمانەیی)ەوە گۆیا سوڵتانی موسڵمانان ئازاییێتیی نرخاندووە و هەرێمێکی ئەم نێوچەیەی بێ بەخشیوە[2] زانای هەڵکەوتووی ولاتی بابان شێخ مارفی نۆدێیی بەرزنجەیی لە نامەییێکی عەرەبیی خۆیدا - بۆ عەلیی ڕەزا پاشای والیی بەغداد و ڕۆژگارەکەیشی ساڵی ١٨٣٤ز دەگرێتەوە- مێژووی خانەدانی خۆی لە مەملەکەتی باباندا بردۆتەوە بۆ پتر لە پێنج سەد ساڵی ڕابردوو کە لێکدانەوەی قسەکەی، جەخت بۆ مێژووەکەی تۆفیق وەهبی دەکات[3]، ڕەنگبێ مێژووی خانەدانەکە کۆنتریش بێ!

شەرفخانی بدلیسی لەسەردەمی هەڵکەوتنی شا ئیسماعیلی سەفەوییەوە، (٩٠٧-

١- لێ کۆڵ جەمیل محەممەدیی سنەیی -نیشتەنیی سوید- گفتوگۆییێکی تەلەفوونیدا بڕوای خۆی ئەوهە نواند.

٢- لێ کۆڵینەوەییێکی ئەنتروپۆلۆژیی. «ئەز خولامی چاوی دەکلۆڵێم- خانی قەیغان»، دەنگی گیتیی تازە- س١، ب٥، شوباتی ١٩٤٤.

٣- نامە عەرەبییەکەم لە گەنجینەی زانا (شێخ محەممەدی خاڵ)ەوە وەرگرتووە و لەلامە. شێخ مارف هەرگیز نامەیێ یان کارێکی دی بە پەخشانی کوردیی نەنووسیوە. کاک ئەحمەدی کوڕیشی هەروەها. کەرتێکی نامەکە دێتە بەرچاو.



٩٣٠ک-١٥٢٣ز) باسی بابانەکانی گێڕاوەتەوە و دەڵێت، (حاکمانی بابان لەنێو حاکمەکانی کوردستاندا بەزۆریی خێڵ و هۆز و فرەیی لایێنگیر و نۆکەر نێوبانگی تەواویان هەبوو، بەڵام کە فەرمانڕەوایی ئەو زنجیرەیە وەکو باسی دەکرێ بەپیر بوداقی بەبەیی و بەبراکەی گەییشت و ئەوانیش وەجاخ کوێر مردن، ئیدی فەرمانڕەوایی بنەماڵەکە کەوتە دەست نۆکەرانیان، کەسێ کە بۆ کاروباری فەرمانڕەوایی سەرۆکاییێتیی لێ وەشاوەبێ لەنێو ئەو بنەماڵەیەدا نەما)[4].

جارێکی دی و لە باسی فەرمانڕەوایانی بەبەدا، شەرفخان دەڵێت: (ئێستە ئێلی بابان بێ فەرمانڕەوایە، بەڵام بەرامبەر چوار هەزار پیاوی ئەسپ سواری پڕ چەک لەنێو ئەو قەومەدا هەیە و سەر بۆ کەس نەویی ناکەن. هەر ئاغایێ لە ئاغاکانی هۆزەکان نێوچەییێکی ئەو ولاتەی گرتۆتە دەست. هەموو ساڵێ چوار خەروار زێر لەنێو خۆیاندا گرد دەکەنەوە و دەیدەن بەخەزێنەی شارەزوور، ویلاییێتی بابان لە ڕێزی موڵکی تایبەتی سوڵتانە... تا ئەورۆ کە ساڵی ١٠٠٥ک-١٩٩٦ زایینە بارو گوزەرانی ئەم ویلاییێتە بەئەم جۆرەیە)[5].

بەڕۆشنایی ئەو وێنانە، دیارە سەرەتای هەڵکەوتنی بەبە- بابانەکان، وێڕای فرە خێڵیی و پڕ چەکیی و دەوڵەمەندییان، زوو بەزوو کوێر بوونەتەوە و سەریان هەڵداوەتەوە.

لاپەڕەکانی مێژوو جەخت دەکەن -وێڕای ناکۆکیی هەمیشەیی نێو خانەدانەکە- ژین و گوزەران و فەرمانڕەواییان هەمیشە بەر زەبری کاریگەری هەردوو دەوڵەتی سەفەویی و قاجاریی لەلاییێکەوە، عوسمانییش لە ئەم لاوە کەوتوون و ڕەنگی تێری پەیمانەکانی نێوانیان، (پەیمانی ئەماسیە، ١٥٥٥ز) و (پەیمانی زەهاو، ١٦٣٩ز) و (پەیمانی ئەرزەرومی دووەم؛ ١٨٤٧ز)یان بەسەردا ڕژاوە و بەرزونزمی کردوونەتەوە تا سەرئەنجام دەوڵەتی عوسمانیی لە ساڵی ١٨٤٩ز.دا بەیێکجاری میرنشینەکەی پاکۆدا و «سلێمانیی» پێتەختی پڕ سەرباز و دەسەڵاتی خۆی کرد.

سنووری ولاتی -میرنشینیی بەبە- بابان بەپێی بارەکانی ڕۆژگار لە کشان و داکشاندا بووە، هێندێ جار لەلای باکوورەوە سنووری میرنشینیی موکریان و لەلای باشوورەوە گەیشتۆتە زەنگاباد و زەهاو و چیای حەمرین و جەسسان و بەدرە و مەندلیی، لەلای خۆرهەلاتیشەوە مەریوان و بانە و سەقز و سنە، لە خۆرئاوایشیەوە گەیشتۆتە کۆیێ،

٤- شەرفخانی بدلیسی- شەرفنامە، ل٣٦٢.

٥- شەرفخانی بدلیسی- شەرفنامە، ل٣٧٠-٣٧١.

پشدەر، هەریر، پردێ، هەولێر، بەڵام لە دوا ڕۆژگارەکانیدا یێکجار تەسک بۆتەوە و نێوچەی سلێمانیی و کۆیێ گرتۆتەوە.

هەرە میری توانا و زانا و بەدەسەڵاتیان کە بەدامەزرێنەوەی خانەدانی بەبە- بابانیش دەناسرێت: (سلێمان پاشای گەورە)یە کە سامانێکی زۆر و نێوبانگی گەورەی هەبوو. هەر ئەویشە کە پێتەختی لە ئاوایی «ماوەت»ەوە ڕاگواستەوە بۆ ئاوایی «قەڵاچوالان» بەڵام لە شیرینەخەودا، شەوێکی ساڵی ١١٧٨ک- ١٧٦٥ز «فەقێ ئیبراهیم» نێوێ بەخەنجەر کوشتوویێتی.

ئیبراهیم پاشای کوڕی ئەحمەد پاشای بابان لە ساڵی ١١٩٩ک-١٧٨٤ز.دا پێتەختی ڕاگواستەوە بۆ ئەم «سلێمانی»ەی ئێستە و ئاوەدانیی تێ خست. لە ئەو هەلەشەوە -وەک پێشینەکان- تا ڕمانی میرنشینەکە، شەڕی براکوژیش هۆیێکی گەورە و کاریگەر بوو بۆ نەهامەتیی و ڕمانی.

مێژوو (سلێمان پاشای گەورە)ی کوژراو و وەچەییێکی (عەبدوڕڕەحمان پاشای کوڕی مەحمود پاشای بەبە) بە دوو کەسی دیاری خانەدانەکە دەناسێ کە یاری سەربەخۆیی بوون، تەنانەت دووەمیان لەسەر ئەو نیازەی و لە ساڵی ١٨١١ز.دا -لە کۆیەدا- تووشی پەلاماری دوو قۆڵیی ئیرانییەکان و تورکە مەمالیکەکانی بەغداد بوو.

٢- باری خوێندەواریی وڵاتی بەبە- بابان

وەقفنامەکەی سلێمان پاشای بەبەی باس کراو، بۆ خۆی بەڵگەییێکی گەشی دڵسۆزیی و پەرۆشیی و ڕێزی بەبەکانە بۆ ئایین و زانست و خویندەواریی کە هەتا دوای پاکۆبوونی تەخت و دەسەڵاتیان هەر چاویان تێ بریی بوو. ئەحمەد پاشای کوڕەزای عەبدوڕڕحمان پاشای بەبە دوای کارکەنارکردنی و نیشتەجێیی لە ئەستەنبوڵ و ئەوجا دامەزرانی بەفەرمانڕەوای وڵاتی (یەمەن) لە ئەوێڕاوە خێرا خێرا بارە دەستنووسی دەگمەن و کتێبی زانستەکانی (نەقڵیی) و (عەقڵیی) نایابی بۆکتێبخانەی بەبە لە «سلێمانیی»دا ناردووە. ئێستەش کۆمەڵێکی بە مۆری خۆیەوە هەڵگیراون.[٦]

لەلایێکی دیەوە هەڵکەوتنی گەلێ زانا و شاعیر دیسان بەڵگەی ڕەوانە، زانایان مەلا مەحموودی غەزایی ، ئیبنولحاج، عەبداللەی بێنوشیی، سیوچێ، مەلا عەبدوڕڕەحمانی

٦- بنۆڕە: فهرست مخطوط مكتبة الاوقاف المركزي في السليمانية- ج١-٣



جەلیی، شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجەیی، شێخ مارفی نودێیی، مەلا خالیدی شارەزووریی کە هەردووکیان ڕەابەری ڕێبازی (قادریی و نەقشبەندیی) بوون، شاعیران: ڕەنجووریی، مستەفا بەگی کوردیی، مەلا خدر- نالیی، سالمی ساحێبقڕان، مەولەویی و مەحویی و گەلێکی دی کە لە ئەم کتێبەدان، هەموو بەخاک و ئاو و هەوا و نان و نمەکی ئەم وڵاتەوە هەڵکەوتوون.

## ٣- زمان و ئەدەب لە وڵاتی بەبەدا

### ١/٣- زمان

هێندێ لێ کۆڵی ژێر بنج و بناوانی هۆزاییێتی میرنشیینەکانی (موکریی، سۆران، بەبە) بە یێکێ دەناسێ... ئەمە ڕاست بێ یا نا لەلای من جێگەی باس و لێ وردبوونەوەی چڕ نییە، مەبەستی گەورەی من زمان و ئەدەبی خەڵکەکەیە.

لەمەڕ زمانەکە لە سەرەتادا دەڵێم: هەتا ئەوڕۆ، هەرچ شێوە زمان و یادگاری ئەدەبی گەل و ئەدەبی نووسراوی هەر سێ میرنشینی (موکریی، بەبە، سۆران)هەیە[٧] دڵنیایی زۆر دەبەخشن، ئاخاوتنی -شێوە زمانی هەر سێیان یێکجار بەییێک دەچێ ئەگەر نەڵێم هەر یێکی بوون و گەڕی چەرخی ڕۆژگار و دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی جوێ، تێکەڵیی هۆز و تیرەی دی هێندێ جودایی تێ خستبن. لەلایێکی دیەوە پڕ باوەڕم کە هەردوو شێوە ئاخاوتنی (بەبە، سۆران) بنجەکەیان شێوەی (موکری)یە، بەتایبەتی تا نیوەی سەدەی هەژدەش زۆربەی یادگاری (ئەدەبی گەل) و (ئەدەبی نووسراو)ی چینی هەڵبژاردە پێوەندیی گیانی گیانیی بەئەو شێوەیەوە هەبووە و دوایی (شێوە ئاخاوتنی وڵاتی بەبە) ئەو شێوەیەی گرتووە و چەسپیوە کە ئەوڕۆ نێوی لێ دەنرێ (شێوەی سلێمانیی).

ڕاستییەکەی ئەگەر (ئەدەبی گەل) و (ئەدەبی نووسراو)ی ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی «بەبە» وردبکەینەوە -بەنەزم و پەخشانەوە- ئەوە ئەو پێوەندییە و کاریگەرییەی شێوەی موکریی دەبینین.

درێژداریی -بۆ قەبارەی کتێبەکە- ناشێ و هەر بۆ وێنەی ڕاستیی و لەپاڵ هێندێ بەڵگەی پێشوو، ئەم چەند وێنە بەڵگەیەش دەنوێنم.

٧- وێنەی یادگاری موکریی و سۆران بەدەستەوە نییە.

٣/١/١- شێخ سادق نێو له ساڵی ١٧٤٣ز.دا، بەهەڵبەست- نەزمی نزا و پاڕانەوەکەیەوە -موناجات- بۆ شیفای خالید پاشای بەبە، یێکەم وێنەی (ئەدەبی نووسراو)ی نیشان داوین و ئەمە چەند پڕیشکێتی:

یاڕەب بەشقی حەبیبان بەئەسراری نەجیبان
لە بۆ بابی غەریبان یاڕەببی بدەی شیفای
نۆکەر گردبوون تەمامە دوعایان بدەی بەعامە
خزمەت لەمە حەرامە یاڕەببی بدەی شیفای
نۆکەر گرد بوون بەیێکجار بۆ وان ئەفغان و هاوار
بۆ «خالید پاشا»ی نازدار یاڕەببی بدەی شیفای
پاشای گرفتاری کردیا، لە دیوانی نووربیا
سەلای تەڵەب کردیا، لە دیوانی بۆ لەشکر، یارەببی بدەی شیفای
مەلام بێننە سەرینێ دەست بکا بەیاسینێ
من دەچمە ژێر زەمینێ یاڕەببی بدەی شیفای
یاالله یا سەبوور یا پادشاهی غەفوور
بێ نازنەکەی شارەزوور یاڕەببی بدەی شیفای
یاالله و یا سوبحان یا سەخییی و یا دەییان
«خالید بەنی سولەیمان» یاڕەببی بدەی شیفای
«خالید پاشا»ی بەحوکمات
ئەنجا، موهلەتی بدات، یارەببی بدەی شیفای
پاشای نەبیتن زەلیل، یاڕەببی بدەی شیفای
یا خالیقی زولمینەن چون ئەز هائیم لە وەتەن
دەستم بڕا لە مەسکەن، یاڕەببی بدەی شیفای
«سادق» بەندەی کەمتەرین،
(یا ارحم الراحمین)
یاڕەببی بدەی شیفای[٨]

---

٨- بنۆڕە: محەممەد عەلی قەرەداخیی- کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردیی، ب١، بەغداد ١٩٧٥ (بەدەستکاریی ڕێنووسەوە) جێگەی خۆبێتی ڕاستیێ بنوێنم: محەممەد عەلیی قەرەداخیی =



٣/١/٢- مەلا محەممەدی حاجیی حەسەن (ابن الحاج) بابەتێکی بەنێوی (مەهدی نامە)ەوە بەشیوەی هەڵبەست هۆنیوەتەوە و هەر بەشێوە زمانی پێشوو دەچێ. من -لە مەنفادا- هەر ئەم چەند دێڕەم لەبەردەستە:

یاڕەب تۆیی ساحیب هودا
وەقتێ دەبێ فیتنە بەدای
حیفرەن بکەی «یا ذا الندا»
بەئیسمی تۆ بیدایەتێ
بیدایەتم بەئیسمی تۆ
لە زیکری فیتنەی خەڵقی تۆ
ویفقی حەدیس نەبیی تۆ
زانیومە بەئیرسیەتێ[٩]

٣/١/٣- شایێری گەل (عەلیی بەردەشانیی) لە بەیتی سەرزاریی ئەدەبی گەلدا، بەبۆنەی کۆمەڵێ شەڕ و ئازایێتیی عەبدوڕڕەحمان پاشای بەبەوە -ڕێکەوتی ساڵی ١٨٠٥ز قەومان- ئەوها ئاخاوەتووە:

تاق و تەنیا تەن، سوبحانی
تۆفیق دەری موستەعانی،
خالیق و حاکمی هەموانی
چاک و خراپ خۆت دەیزانی،

---

=پێوەندیی ئەم مەنزومە- هەڵبەستە و خاوەندەکەی بە پاشای نێوبراوەوە پێ نەزانیوە، من خۆم بەراوردی مێژوو، بەسەرهات و شوێن کۆچی دوایی پاشاکە، هەروەها (أُرجوزة- ملحمه الموصل، سيد فتح الله القادري، تحقيق سعيد الديوەجي، بغداد، ١٩٦٧)م کرد و ناسیمەوە، بەڵام بەر لەوەی خۆم بڵاوی بکەمەوە، باسەکەم دا بە نەوشێروان مستەفا ئەمین، (میراییێتی بابان لەنێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا، لەندەن ١٩٩٨) کە ئەو ئاگەداری سەیید سادق و بەرهەمەکەی، هەروەها ئورجوزەکەش نەبوو. لەلایێکی دیەوە لە کتێبەکەی نەوشێرواندا نووسراوە گۆیا من لەبەر دەستنووسێکی دی چوار تاکە بەیتی کۆتایم داناوە، ڕاستییەکەی لە ئەو کتێبەی ئەودا- کە من ڕوونووسم کردۆتەوە- پەراوێزێکم بۆ خۆی نووسیی بوو- ئاگەدارم کرد بوو کە ئەو کۆتاییە محەممەد عەلیی قەرەداخیی لەبەر دەست نووسێکی دی وەرگرتووە.

٩- بنۆڕە: محەممەد عەلیی قەرەداخیی- مەهدی نامە- چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد ١٩٧٥.

ئەزم «عــەلیی بەردەشــانیی»
لەنگم نەکـــــەی دەزبـانـی،
بەیـتـی دەڵـێـم بـەڕەوانـیـی،
فەتحی پاشـای کـوردسـتـانی.
عـامیـان پاشا، کامیان باشە،
شایەد«ڕۆمیی»ن «قزڵباش»ە،
هەرچەند جـارێ شیری کێشا
عـــالەم دەهاتنە تەمـــاشــا،
مـــەردە ئەوڕەحـــمـــان پاشـــا
پاشای بەبان، جیهـانگیـری،
ڕەنگ «ڕۆستەم،زاڵ»ی پیری،
(ڕانابوێرم بەفــەقـــیـــریی،
ناکـــەم خـــزمـــەتی وەزیری،
نانی دەســتـــینم بەشـیـــری،
بەشیـر نەبێ قـەت پێک نایە
سوێندم خواردووە بەوەاللەیە،
ناچمە سەفـەری لە «حسایە»
یاغـــیی دەبم لە بەغــدادیە،
یاغـــــیی دەبم ئینشـــــاللە،
تەوەککول و تەعـــــال اللە
ئافــــەرین و بـارەکـــەاللە،
هەی کوڕە بەبینە هاللە... هتد[١٠]

وەک پێ ویستی نابینم وێنە بەڵگەی دی پتر بنوێنم –هی دیش هەر دێنە پێشەوە– پرسیارێکی گرێ کوێر بەبەرچاوەوە قووت دەبێتەوە کە دەڵێ: ئەگەر شێوە زمانی بەبە و موکریی هاوبەش بووبن –وێرای ئەوەی کوردیی زمانی فەرمانڕەوایی و خویندەواریی

١٠- لە چەند سەرچاوەدا، (ئوسکارمان، محەممەد تۆفیق وردیی، حسێن حوزنیی موکریانی) و هتد... بڵاوە.



نەبووە– بۆچیی و ئایا لەبەر ئەو دوو مەڵامەتە ئەو هەسست و درەنگانێ خۆی گرتووە و بووە بەزمانێکی ئەدەبی نووسراو و پۆشتە بووە.

بەر لە هەر وەڵامێ، دەبێت بزانرێ کە زمان بەزەبری ئایین و دەسەڵاتەوە بۆ خوێندەواریی و فەرمانڕەوایی هێز دەگرێ و دەچەسپێ. ئەوجا دەڵێم: ئەگەر لەلایێکەوە (پەیماننامەی ئەماسیە ١٥٥٥ز)ی نێوان ئێرانیی و عوسمانیی، هەر چوار میرنشینی (ئەردەڵان، موکریی، بەبە، سۆران)ی لە نەخشەی سیاسیی و جوگرافیی جۆێ کردبێتەوە و دابڕیی بن کە بێ گومان زەبرێکی بێکجار ئاستەم و گرانە، ئەوە (بەبە) لە چاو میرنشینی (ئەردەڵان)ی فەرمانڕەوای شارەزووردا –لەپێشدا پێەختیشی قەڵای زەڵم بووە– خانەدان و میرنشینێکی تازە هەڵکەوتوو بووە کە لە هێندێ ڕۆژگاردا کوێر بۆتەوە و سەرگەردان. بۆ وێنەی ئەو ڕاستییە، شەرەفخانی بدلیسی –باسیشی دووبارەیە– وێنەی قۆناغێکیانی گرتووە و گێڕاوێتییەوە کە ئاغاکانی ئەو وڵاتە بێ فەرمانڕواییە –کوێرەوە بووە– ساڵیی بای چوار خەروار زێڕیان داوە بەمیرنشینی (ئەردەڵان) کە ئەو هەلە خانەدانی میر (بێگە بەگ) فەرمانڕەوای ئەردەڵان بووە.

لەلایێکی دیەوە، وێڕای دێرینیی و دەسەڵاتی میرنشینی ئەردەڵان با زمانی خۆیشی زمانی فەرمانڕەوایی و خویندەواریی نەبووبێ، ئەوە شێوە زمانی خۆی، «گۆران»، بەڕاستیی (زمانی ئەدەبی نووسراو) بووە کە بەدرێژایی خۆی و تەمەنی میرنشینی (بەبە)ش و تا سەدەی بیستیش لە وڵاتەکانی بەبە و ئەردەڵاندا، (شێوە زمانێکی ئەدەبیی باو)، قەدر گران، بەپیت و بەرەکەت بووە.

وێڕای ئەم بارە، دەبینرێ کە (بەبە) بەرە بەرە دەسەڵاتی بەرز هەڵکشا و بەهێز بوو، شارەزووریشی کەوتە بن دەست، بەتایبەتی لەسەردەمی فەرمانڕەوایی (سلێمان پاشای گەورە) و کوژراوەوە، ئەوجا ئیدی شێوە زمان و ئەدەبی وڵاتی بەبە– هۆز و تیرەی دیش تێکەڵی ژینی بوو ملی داوەتە بەر بەخۆ کەوتن تا بەرە بەرە دەستی بەخۆدا هێناوە.

## ۲/۳- ئەدەب

ئەگەر لە مێژووی ئەدەبی دیاری وڵاتی بەبە ورد ببینەوە -بەهەردوو جۆرە ئەدەبەوە- ئەوە هەتا پێش بنیاتنانی سلێمانیی، بەتەنێ لەلایێکەوە بەری درەختی (ئەدەبی گەل) لە شایێر و بەیتبێژەکانەوە وەردەگرین کە وێڕای «لاووکی کەنغان»ی لەمەڕ سوارچاکیی فەقێ ئەحمەدی دارشمانەیی بنجی خانەدانی بەبە، (شەرفخانی بدلیسی) بەئاماژە و «موناجات»ە هەڵبەستەکەی (شێخ سادق) نێو بۆ خالید پاشا و «مەهدی نامە» و «تەزکیرەتولعەوام بەیتی ئەووەڵ و ئاخیر» نەبێ، چیی دی لە (ئەدەبی نووسراو)دا نایێتە بەرچاو و دەستگیر نەبووە.

ئەمە وەک بەڵگەیشە بۆ ون بوونی هونەرەکانی ئەدەبی نووسراو و دەستە پاچەیی بەرامبەر نواندنی کاری زانستانە، هەرچیێ بێ، بەڵام وەک ئاماژەیێ یان وێنەیێ لە ڕابردوودا شتێ خرابێتە ڕوو، ئەوە دەکەونە بارێکی دیەوە کە قسەی لێ دەکرێ.

### ۱/۲/۳- قۆناغی بەخۆ کەوتن.

هەرچەند پریشکێکی ئەوتۆم نواندووە، بەڵام پێ ویستە گەرمتر و ڕوونی بکەمەوە.

وڵاتی بەبە، هەتا ڕمانی میرنشینەکەی، بەڕاستیی لەڕووی سیاسییەوە تا دەگاتە کۆمەڵیی، ئەدەبیی، دوو قۆناغی گۆڕین و بەخۆ کەوتنی پێشکەوتوانەی بەخۆوە دیتووە کە وێڕای دەسەڵات و توانا، وریابوونەوەکەی سەربەستی خواز بووە.

قۆناغی یێکەم ڕێکەوتی فەرمانڕەواییی (سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشا)یە کە لەپاڵ قەدر گرتنی زانست و زانایان و چاودێری کردنی شاگردان، چاویشی بڕیوەتە پشتیوان مسۆگەر کردن کە پیشەزنانی «باروت» دروست کردنی لەخۆی کۆکردۆتەوە و ڕەنجی بۆ داوە. وێڕاش سنووری دەسەڵاتی (بەبە)ی گەیاندۆتە ئازادکردنی باژێڕە گەورەکانی وەک (کەرکووک) و (شارەزوور) و تا سنووری مەریوان کشاوە و خولیایێکەی بۆ سەربەخۆیی ترسی خستۆتە دڵی عوسمانییەکان و ئێرانییەکانەوە، بۆیێکا بەجووتە پیلانیان لێ کرد.

بەڵێ لەسەردەمیدا، باری زمان و ئەدەبی کوردیی وڵاتەکە گۆڕینێکی دیاری پێوە نییە و دەشێ کوشتنەکەیشی بەدەستی «فەقێ ئیبراهیم»ی نالەبار، کۆسپی لەبەردەم نەشونمای خوێندەواریشدا دانابێ، بەڵام بێ گومان بنجی وریابوونەوەییێکی لە خانەدانەکەی و نێو خەڵکی وڵاتەکەدا داکوتی کە پێم وەیە -دوای خۆی- ڕاگواستنەوەیپێتەخت لە «قەڵاچوالان»ەوە، مایەی ئەوە.



قۆناغی دووەم، ڕێکەوتی بنیات کردنی «سلێمانیی»ە لە ۱۷۸٤ز.دا، گرنگیی قۆناغەکە لە دوو لاوە دیار و ڕووناکە. لایێکی کاری بنیاتنانی باژێڕێ، کردنیشی بەپێتەختی میرنشینیی، ئەمە بۆ خۆی وێنەی پێشکەوتنێکی شارستانێتی، سیاسیی، کۆمەڵیی، ڕۆشنبیرییە. بەکورتیی بۆ خۆی کردەوییێکی کاریگەرە بۆ وریابوونەوەی پتر.

لای دووەم: لە ئەو سەرەتایەدا، ئەستێرەی جووتە برا، (عوسمان، عەبدوڕڕەحمان)ی کوڕانی مەحموود پاشای بەبەی کوژراو دەرەوشاوەتەوە، بەتایبەتیش لەنێوان ۱۷۸٦ز-۱۸۱۳ز.دا.

برا گەورە (عوسمان) ئەستێرەی بەختی زوو کوژایەوە، لە ۱۷۸۷ز.دا تورکە مەمالیکەکانی بەغداد، ژەهر خواردیان کرد، بەڵام (عەبدوڕڕەحمان)ی برا بچکۆڵە، جێگەی گرتەوە و -ئەگەرچیی شەش جار کار کەنار و چەند جار بەندیی و دەربەدەریی و شەڕی گەورە و هێندێ جار نوشوستیی دیتووە- نزیکەی چارەکە سەدەیێک وێنەی پاشایێکی توانا و ئازا و ورە بەرز، پەرۆشی ئاساییش، پێشکەوتن و لەسەر و هەموویشیەوە سەربەخۆ خوازێکی ڕاستەقینە بوو.

عەبدوڕڕەحمان پاشای میری میران -هەرچەندە ئامۆزاکانی بێ بار و هاوکاری دوژمنانی بوون، خۆی و براکانی هەمیشە هاودەنگ و ڕەنج و سەنگەر بوون- لەڕووی خوێندەواریی، ڕەفتاری سیاسیشەوە هەڵکەوتوو بوو.

لەڕووی یێکەمەوە لەسەر دەستی مامۆستا زانا بەنێو بانگەکاندا پەروەردە و لە زانستەکانی «نەقلیی» و «عەقلیی»دا پێ گەیشتوو بووە، تەنانەت لە فێرگەی خۆیدا، (مزگەوتی عەبدوڕڕەحمان پاشا)دا مامۆستایی کردووە و دەرزی بەشاگردان گوتۆتەوە. بەڵگەنامە و دەستنووسی بەدەستەوە هەن کە فارسیی و عەرەبییەکی چروپڕ و جوان و ڕەوانی زانیوە و پێیی نووسیون. زانایان، شاعیران، نووسەرانی کورد تا عەرەب گەلێکیان دۆست و نزێکی بوون.

لەڕووی دووەمەوە شەڕ و ئاشتیی لەگەڵ تورکە مەمالیکەکانی هەرێمی بەغداد کردووە. شەڕی گەورە گەورە کردووە و هێندێ جار خراپ تووشی نوشوستی بووە. هێندێ جار -لە دژی پاشاکانی بەغداد- هاریکاریی عەرەبەکانی کردووە و ئەوان ناپاکیان نواندووە. هێندێ جاری دی هاریکاری لایێ لە ئێرانیی و مەمالیکەکانی عوسمانیی دوژمنانیی کردووە کە ئەوان هەمیشە ترسی هێز و گیانی سەربەخۆ خوازیان لێ کردووە.

لە ساڵی ۱۸۱۰ز.دا هەرێمی بەغدادی کەوتە بن دەستەوە، خەڵکانی عەرەب تکایان

لێ کرد خۆی سەروەر و والییان بێ، بەڵام نیشتمانی نەگۆڕیەوە بەتاجی درەخشان. وەکو چەند مێژوونووسێ -چ ڕاپۆرتی کاربەدەستانی عوسمانیی- دەگێڕنەوە، ئەو ساڵە بەشیری خۆی (عەبدالله)ی خەزنەداری بە (والیی- پاشا)ی بەغداد داناوە. مێژوونووسی عەرەب -هەرچەند ناحەزی بووە- یاسین ئەلعومەریی بە(جەببار- دلاوەر)ی کوردی ناساندووە[11].

مەبەستی گەورەی عەبدوڕڕەحمان پاشا -وەکو مێژوونووسەکان دەگێڕنەوە- سەربەخۆیی و خۆ نەبەستنەوە بووە بەوالیی بەغدادەوە و ئامادەبووە پتر باجی ساڵانە بدا بە (سوڵتانی عوسمانیی) و هەر سەر بەئەو بێ، بەڵام چ سوڵتان و چ مەمالیکە نۆکەرەکانی بەغداد و چ ئێرانییەکان دوژمنی مەبەستی بوون. بەورەی بەرزیەوە، لە ساڵی ١٨١١ز.دا گوێی نەدایێ والیی بەغداد (عبدالله پاشا)ی کۆنە خەزنەداری نمەک بەحەرام، ئەو و شازادەی ئێران محەممەد عەلیی میرزا بەجووتە ڕێککەوتن و پیلانیان لێ کرد. شەست هەزار سوپایی عەجەم لە (کۆیی)دا گەمارۆیان دا، بەڵام ئەو بە حەفتا- هەشتا شۆڕە سواری کوردی بەبەوە ئازاییتیەکی بێ وێنەی نواند، دوژمنەکانی هیوا بڕاو و ناچاری ڕێککەوتن کرد!.

مێژوونووسی عەرەب، شاعیر عوسمان ئیبنوسەند ئەلوائیلی ئەلبەسریی بۆ ئازاییتی و بەرگریی لە ئەو شەڕەدا، قەسیدەیێکی درێژی پڕ ستایشیی بە عەرەبیی بۆ نووسیوە و بەزانا مەلا سبغەتوللە حەیدەریبیدا ناردوویێتی. ئەمە هێندێکی قەسیدەکەیە:

| | |
|---|---|
| اليه تحيات حسّان تواترت | فأهدت من المدح العريض له اللبا |
| تحيات صب لمْ يزلْ ذا حشاشة | مقرحة من حب من قطن اللبا |
| فنى من هواه صور الله معصما | فصيرَّ فيه قلب عاشقة قلبا |
| جفاه فهذا قلبه متوجعا | عليه وهذا دمعه يفضح السحبا |
| وحق هواء العذب ما ذاق جفنه | كراه وإنْ أمسى كمنطقه عذبا |
| ولم ينس لما ان جفاه لياليا | بهن دعاه للهوى وله لبا |
| وعاطاه أقداحا لها ملأ الهوى | معتقة تدعو الى شربها الصبا |
| فما برحا والانس يسقيهما معا | هوى لو سقا شيخا سلافته شبا |
| الى ان جنى الدهرُ الخوان فاصبحا | وكل مناه أنْ يرى مرة قربا |

١١- بنۆڕە: ياسين أفندي العمري- غرائب الاثر في حوادث ربع القرن الثالث عشر: نشره محمد صديق الجليلي، موصل ١٩٤٠.



| | |
|---|---|
| وان يودع الارواح منه تحية | مضمنة من ذوب مُهجته حبا |
| فها هو ذا يهوي النسيم لانه | يبلغ عنه حسن تسليمه الحبا |
| سما يبني كُرد بن عمر وبن عامر | مفاخر تسمو بالمفاخرة الشهبا |
| فماء السما لو كان يدريه آتيا | لسامي به الاقبال للعرب العربا |
| فكم بيت عزّ شاده بمهنّد | متى مادعا موتا لمضربه لبا |
| وكم حومة أروى بها حائم القنا | اذا لم يذق غير الدما ذابل شربا |
| وكم غارة شعواء كفّ رعيلها | فانهلها طعنا ونكلها شربا |
| فعنْ طعنه فاسأل فوارس فارس | غداة أتوه مجمعين له ألبا |
| يرومون نشر الرفض في أرض قومه | وقد نشروا الرايات في نصره عجبا |
| فكَرَّ عليهم كرَّةً حميرية | باسد يرون القتل في دينهم عذبا |
| فدارات رحى الحرب العوان عليهم | وقد صدروه في مقدمها قطبا |
| فكم هامة قد فلقتها سيوفهم | وكم رافضي مات من سلها رعبا |
| وكيف وبيض الكرد تجزم للطلى | فثورتها كسرا وتمنعها نصبا |
| قفت عابد الرحمن والفارس الذي | له صدرت قحطان في وردها الحربا |
| اليك ابن ماء المزن مني تحية | توافيك بالاقبال منشرحاً لبا |
| تحية مشتاق اليك لوده | يرى غاية الاجلال أن يلثم التربا |
| مُضمنة خير الدُّعاء يزينها | ثناء يُحاكي نظمه اللؤلؤ الرطبا |
| فانت الذي اعززت للدين راية | بعضب يمين الرفض من ضربه عضبا |
| وأنت الذي خضت المنايا بذابل | تكاد تخدّ الاسد من هزّه رُعبا |
| ولست بمستقص ثناك وإن أكُنْ | نظمت لك الأكليل في المدح والقلبا |
| فدونكها حسناء ترفل بالثنا | متي أنشدت في الرّكب أطربت الركبا |
| وما قصدت الاّ قبولك مهرها | فخذها فإن السعد من ختمها هبا[12] |

١٢- بنۆڕە: اصفى الموارد- ل٧٥-٧٧ من ئەم باسانەم داوە بەخاوەندی (میرایەتیی بابان...) شایانی باسە تا ئێستەش لە «کۆیێ»دا و نزیکی «ڕەزی شۆخێ» شوێنەواری کوژراوەکانی شەڕە مەردانەکە ماوە و ناسراوە بەگۆڕستانی (شەهیدانی عەجەم) کە هەر ئەم نێو لێ نانە خۆی بەڵگەیێکی وریابوونەوەی خەڵکی وڵاتی بەبەیە.

هەرچەندە وڵاتی بەبە و میرنشینی و دەسەڵاتی (عەبدوڕڕەحمان پاشا) بەهۆی کاری دوژمنانەوە مایەی ئاشووب و گەلێ جار تەنگانەی سەخت بووە، بەڵام وەک مێژوونووسەکان دەگێڕنەوە، یێکێ لە ئامانجەکانی خۆی ئاسوودەیی و ئاسایش بووە کە ئەم بارە پتر بە دوا چوار ساڵی فەرمانڕەواییەوە دیارە. بۆ ڕاستیش، گەشتوانی سکۆتلاندی (جەیمیس بیلی فریزەر J. B. FRASER) کە لە سەردەمی (سلێمان پاشای بەبە)ی کوڕی عەبدوڕڕەحمان پاشادا دەیدەنیی «سلێمانیی» کردووە، لە نامەیێکی ١/١١/١٨٣٤ی خۆیدا و لە زمان (عەولی خدر ئاغا) نێویێکی متمانە پێ کراوی پاشاکەوە کە یادی ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی (عەبدوڕڕەحمان پاشا) دەکاتەوە، نووسێوییێتی، (گەورەم چیی بڵێم؟ پاشا -مەبەستی سلێمان پاشایە/ کەمال- لە وڵاتەکەی خۆیدا گیروگرفتی زۆرە. هیچ حاکمێکی ئێمە ماوەیێکی ئەوەندە درێژ نامێنێتەوە تا ئەوەندە بەهێزبێ، بتوانێ پارێزگاریی هێمنیی گشتیی و ئارامیی بکا... بەڵام ئەمە لەسەردەمی ئەوڕەحمان پاشای بابی سلێمان پاشا و مەحموود پاشا وەها نەبوو. لەسەردەمی ئەودا کارێ لە ئەم بابەتانە ڕووی نەدەدا. لە ئەوپەڕی قەڵەمڕەوی پاشایەتییەوە تا ئەمپەڕی، لەسەردەشتەوە تا کفریی و لە کۆیێیەوە تا بانە، گەوهەرت بەسەرەوە و زێڕت بەدەستەوە هەبوایە، دەتتوانی بڕۆی بێ ئەوەی هیچ کەس هیچت لێ بپرسێ دونیای ئێرە سەلامونعەلەیک و عەلیکوموسسەلام بوو!)[13]

گەلێ سەرچاوە لە عەبدوڕڕەحمان پاشای بەبە -شەوی ١٧ی ڕەبیعی دووەمی ١٢٢٨ز-٢/٣/١٨١٣ز[14] بەنەخوشییێ کۆچی ماڵئاوایی کردووە- لە زمان خەڵکەوە دەڵێن، لە گیانەڵادا بەزۆر دابین کراوە سکاڵای کردووە، (چۆن دەبێ من لەنێو جێگەدا بمرم؟).

شاعیرێ (عینایەت بەگ)ی نێو بووە لە قەسیدەیێکی فارسییدا مێژووی کۆچی و پەسنی نووسیووە:

چو بود او ظل رحمن در حقیقت

از ان شد سال فوتش (ظل رحمن: ١٢٢٨ه)[15]

---

١٣- فریزر- رحلة فریزر الی بغداد.

١٤- بنۆڕە: گۆڤاری ڕۆژی نوێ- ژ١، ١٩٦١.

١٥- بنۆڕە: محمد قزلجي التعريف بمساجد السليمانية ومدارسها الدينية، بغداد، ١٩٣٨، (واتە چونکێ سێبەری ڕەحمان بوو، ساڵی کۆچی ئەوێ دەمێ بوو).



### ٣/٢/١/١- سەردەمی عەبدوڕڕەحمان پاشا- باری ئەدەب

یێکەم چارەکی تەمەنی «سلێمانیی» پێتەختی نوێی میرنشینی (بەبە) بەشریخەی شیر و بریقەی تیغی خەنجەری دەبان و هەڵڵا و هەڵمەت و قوربانیی سوارەی وڵاتی بەبەوە، بە(عەبدوڕڕەحمان پاشا)ی میری میران و کوڕ و برایانیەوە، بەگیانێکی سەربەستیی خوازەوە، ڕووبەڕووی شەڕ و غەدری هێزی گەورە و پۆشتەی تورکانی عوسمانیی، سوپایی ئێرانیی و نۆکەرە ناپاکەکان بۆوە، بێ هیچ گومانێ ئا ئەم تەمەنە خوێنینە، هەست تەزێنە، وەرچەرخانێکی مێژوویی و قۆناغێکی ناسکی (وریابوونەوە)ی لە ژینی کورد و بەتایبەتی کوردی وڵاتی (بەبە)دا خولڤاندووە.

ئایا ئەوە بەزمان و ئەدەبی وڵاتی (بەبە)وە درەوشاوە و ڕۆشنە؟

ڕواڵەتی بار و بەرهەم بەشێوەیێ خۆیان دەنوێنن، نە زمانی فەرمانڕەوایی -ڕەسمیی- و نە زمانی ئەدەبیی و بەرهەمی، بەرگی کوردییان بەبەردا نەبڕا. لە عەبدوڕڕەحمان پاشا خۆیەوە تا زانا و مامۆستا و خویندەوارەکان، هەر پەیڕەوی دەستووری زمان و نووسینی ڕابردوویان کردووە و (ئەدەبی نووسراو) چ کۆرپەیێکی جوانی ئەوتۆی نەبووە، مەگەر ئەو تاقە کردەوەیە -فەرهەنگۆچکەی (ئەحمەدی)ی شێخ مارفی نۆدێیی بەرزنجەیی نەبێ کە نێویشی بەخۆوەیتی- کە لەبەر خاتری ئەحمەدی کوڕی و بۆ فێربوونی زمانی عەرەبیی دایناوە![16] وێڕای ئەم ڕواڵەتە سارد و سڕە بەپێی لێک دانەوەی قانوونی پێشکەوتن کە (وریابوونەوە بنچینەی کردەوە)یە، ئەوە بەڕاستیی کاکڵەی ساغی بارەکە پڕی خلێنەی وریابوونەوەیە کە نیشانەی بەهۆش و بیر و کردەوەی هاوسەردەمەکە و پشتا و پشتەوە مۆرە و هەڵکەندراوە.

خلێنەکانی وریابوونەوە، گیان، دڵ، چاوی بۆ هەست و ڕەزم کردن و تەماشای ڕوون، ناسینی خەم و پەژارە و خۆشیی، ئازایی و ترسنۆکیی، قوربانیی شەهید و شەرمەسار بوونی ناپاک، نیشانەکردنی زاتی خۆ و دۆست و دوژمن، چاک و خراپ، ڕەوا و ناڕەوا و هەتا دوایی ئەمانەیە. هەڵڕشتن و پێ گەیشتنیشیان هەڵبەت مەرج نییە دەمو دەست بێ - کە دەمو دەستیشی پێوە دیارە- و سروشتییە بەرە بەرە بەر بگرێ، پێ بگا، جوان و دڵفڕێن خۆ بنوێنێ.

زەبری ئەم وریابوونەوەیە لە قۆناغی (عەبدوڕڕەحمان پاشا)دا، لە (ئەدەبی گەل)دا

---

١٦- وێڕای ئەم ڕاستییە، هەر نرخی خۆی هەیە و یێکەم فەرهەنگۆچکەیێکی عەرەبیی کوردییە!.

بەکالاّ و والاّ کوردییە پەتییەکەیەوە، دیارە و لە (ئەدەبی نووسراو)دا بە«شێوە زمانی گۆران» و «کەمتر بەشێوە زمانی بەبە»، هەروەها بەزمانەکانی «فارسیی، عەرەبیی»ەوە دەرکەوتووە کە شاییری گەل تا زانا و مەلا و شاعیر، بەشی خۆ نواندنێکی ڕاستەقینەیان هەبووە و زۆریش دیارە کە پاشای نێوبراو ڕێزی خۆیان و کردەویانی زۆر پێ زانیی بێ.

لە (ئەدەبی گەل)دا، شاییران و بەیتبێژان نەک هەر دیوەخان نشینی پاشابوون، بەڵکو - بەرهەمیش خۆی بەڵگەیە- تێکەڵی ڕووداو و بەتایبەتی شەڕە بەنێوبانگەکانی پاشا بوون.

سەرداری شاییران (عەلی بەردەشانیی) خۆی یێکەمی ڕیزە کە وێڕای کارە بەنێوبانگە مێژووییەکەی (بەیتی عەبدوڕڕەحمان پاشا). هەروەها (بەیتی عوسمان پاشا)یشی -بۆ برا جوانە مەرگەکەی پاشای- هۆنیوەتەوە و تا ئەوڕۆش لەسەر زارانە[١٧].

لە ئەوەش پتر -ئەگەر پاشا بۆ خۆشیی و تاقی کردنەوە لەگەڵ ژنە شاییر (مەلکە) شەڕە بەیتی پێ کردبێ- ئەوە سەرداری شاییران (عەلیی بەردەشانیی) داستانی ئەنتیکەی بە (پەخشان و هەڵبەست)ەوە لە دەست هاتووە و بۆ پاشا و بۆ ئەدەبی گەلی کردووە بەدیاری و هێشتا لە خوینی دڵ و لە بیلبیلەی چاوان و بەسەر زارانەوەیە.

قادری فەتاحی قازیی ئەدەبناسی گەل (داستانی میهر و وەفا)ی لە کەسێکی وڵاتی «موکریی»ەوە وەرگرتووە و (عەلیی بەردەشانیی) داستانی ئەنتیکەی بە (پەخشان و هەڵبەست)ەوە لە دەست هاتووە و بۆ پاشا و بۆ ئەدەبی گەلی کردووە و بە دیاریی و هێشتا لە خوێنی دڵ و لە بیلبیلەی چاوان و بەسەر زارانەوەیە.

قادری فەتاحی ئەدەبناسی گەل، داستانی (میهر و وەفا)ی لە کەسێکی وڵاتی «موکریی»ەوە وەرگرتووە و (عەلیی بەردەشانیی) بەخاوەندی دەزانێ کە بۆ پاشای نێوابراو گێڕاوەتەوە. وێنەی بەشە «پەخشان»ەکەی ئەو داستانە نرخێکی ئەدەبیی گەورەی بۆ ناسینی شێوە زمانی ڕۆژگارەکە تا پێزی ئەدەبەکە خۆی هەیە، بۆیێکا نواندنی پێ ویست دەبینم و خوێندەواری لێ بێ بەش ناکەم.

سەرەتای (میهر و وەفا) ئەمەیە، دەڵێ:

---

١٧- پیرەمێردی شاعیر و ڕۆژنامەوان لە ڕۆژنامەی (ژین)ی چلەکاندا بڵاوی کردۆتەوە. من بەهێندێ پەراوێزەوە سەرلەنوێ لە ڕۆژنامەی (عێراق)ی کوردییدا نواندمەوە، مخابن لە زیندانی مەنفادا نە ژمارەی ڕۆژنامەکە و نە مەتنەکەیم بەدەستەوە نییە.



عەلیی -مەبەست بەردەشانییە/ کەمال- ئەگەر هاتە ژووری بۆ میری شتێکی کوت.
کوتی: شتێکم بۆ بڵێ پێم خۆش بێ و قەتم نەبیست بێ.

کوتی: میر دوو برا بوون، یێکیان نیوی سوبحان و یێکیان نێوی میر سەهمان بوو. میر سەهمان برا گەورە بوو، تەواوی دونیا لە ترسی ئەوانە دەلەرزیی.

برای گەورەیان ئەگەر هاتە مردنێ ، کوڕێکی بوو، نێوی خدر بوو. کابراش کچێکی بوو نێوی ناز بوو.

کوتی: ئێمە هەر شەریکین، تەواوی دنیا لە ئێمە دەترسێ! کوتی: ناز لە خدر مارە بکە.

دایکی خدر جحێڵ بوو، هەر خدری ببوو. نۆزگی بوو، نۆبەرەی بوو، لێی مارە کرد.

چەندی پێ چوو بابی خدر مرد. مامی پێی کوت: ڕۆڵە ئەتۆ لێرەکانەبە، ئەمیش دەچمە جێییێکی دی، خەریکی کاسپیی و بەسەر عێل ڕاگەییشتن دەبین.

کوڕەکە هێندە بەجەوهەربوو، ئشتییای لەوەی بوو پیاوی ڕەشید ڕابگری. مامەکەیشی عەجایەباتی وا هەر نەبوو، تەواوی کوردی تورکییە خەرجییان بۆ دەنارد.

ئەگەر میوانی مامی دەبوو، چاوی دەکەوت بەناز، ڕووحیان دەگەڵ یێکتری تێکەڵ دەبوو، هەرکیان جحێڵ بوون، ئارەزووی یێکترییان وەهابوو وەکو پیاو ئارەزووی ئاوی کەوسەری هەیە.

جا خدر چوار کەسی نارد، پیاوی کەیخودا و ڕدێن سپیی و ئیختیاردار.

کوتی: بە مامم بڵێن نازم بداتێ، چیدی بۆ لە ماڵە خۆی ڕادەگرێ؟

کوتی: واللە مارەکراوی خۆیتی، دەیدەمێ، بەڵام ئەمیش دڵم بەدایکییەوەییتی، ئەویش دایکی بدا بەمن!

خدر ڕقی هەستا. کوتی: جا چۆن مامم لەڕووی هەڵاتووە: جا ئەوە قسەیە مامم کوتوویێتی؟ لەو قسەیە گەڕێ! عەیبە بۆ وی، پیاوی وا ساحێب جەوهەر قسەی وا پکا؟ نازیشم بداتێ و خودداریی ئەکا! کوتی: واللەهی هەرتک چاوی کۆر ببێ، دایکیم نەداتێ، نایدەمێ. نایەڵم چاوی بەناز پکەوێ.

جا خدر کوتی: ئەوە سەفیی بووە شتێکی وای بەمن کوتووە. ئەوانیش نیسحەتیان کرد و کوتیان: مامتە هەر بە زمانی خۆش.

تەقریبەن حەفتەییێکی پێ چوو، وەک ئێستە سەر چاکی... ئەوە ماڵ و منداڵی پاشا دەگەڵ ناز چوونە سەر چاکی. چاکەکەش دوور بوو، ڕێگەی چوار سەعات دەبوو. ناز

خواجە سەرایێکی نارد کە پێی بڵێ: خاترجەم بێ، بەخواییشت بابم نایداتێ، بێ هەڵمگرێ و بمبا. هاتن خەبەریان بە خدر دا. جا دەست بەجێ خدر سوار بوو، کورتی ببڕێتەوە، هات پێشی پێ گرتن، یێخسیری کرد. یازدە ژن و کچی دەگەڵ بوو.

کوتی: مامم هەچ خەڵەتیکی دەکاو بکا!

ئەگەر خەبەر بۆ مامی چووە، وەک تیخی چاک دەکالاندا ڕانەدەوەستا.

ئەوە هات، سازبوو بۆ سەر خدر. حەوت خوشکی بوو، ئاخیر کچ و کچی دیکە و تایێفە و شێست ژن جڵەوەکەیان گرت، خڕخاڵی جەواهیرات لە ملدا.

کوتیان: ئێمە دێین، نایێلێن ئەو شەڕە ببێ!

گوتی: لە بەرگی ژنایێتیدا نابێ بێن، زرێ و شیر و خەنجەر لە خۆتان بدەن. ئەو شەڕە دەبێ! دەبێ ئەنگۆتی کەون!

عافرەتەکان هەموو وەکو بیزا ناسک و دولبەرن. ئەوان هاتن. خەبەری لە خدر نارد، گوتی: کەڵی گەیشتە سەر، حازر بێ ئەو ئەتکەی دەگەڵ من کرد!

خەبەریان دا بە دایکەکەی خدر... نیزیکەی حەفتا و پێنج کچ و ژنی هێناوە، هەمووی غەرقی خەنجەرن، ئەوانیش بۆ شەڕێ هاتوون.

جا دایکی، خدری بانگ کرد، کوتی: ڕۆڵە هاتوون بۆ شەڕێ، ڕاوەستە ئێمەش لەشکرێکی وا سازبکەین، جوابی بدەینەوە.

ئەویش بەخوشک و خوشکەزا و هەشتا عافرەتی سازکرد. هەمووی پتەت لەپشتی بدابایە دەپەڕیی وەک ڕەشە ڕێحانە.

ناز کە تازەی هێنابوو، ئەوە بەتەواویی ئەسڵەحەی لە خۆی دا. خۆی زرێ پۆش کرد، ئەویش تێدا بێ.

خدر زۆری خۆشدەویست، ئێستەکانی نەیگوت مەبە: کوتی: ئەتۆش حازر بە!

ئەوە ڕدێن سپیی و کەیخوادایان نارده کن یێک، قسەیان یێکدگیر نەبوو.

دایکی خدر نێوی «بەسێ» بوو، مامەکەی کوتی: خدری بەسێ، هەڵبەت دەڵێی لێم دەترسێ، نایێلم چیی دیکە ڕووحت ببێ، کچم لە کنت یێخسیر بێ!

جەنگەکە قەوما... تێ ڕژان تێکرا ژن و پیاو... هتد(١٨).

لە (ئەدەبی نووسراو)دا، زانا و شاعیرێکی دیاری وڵاتی بەبە، خاوەند یادگاری

١٨- بنۆڕە: میهر و وفا... ل١٥٦.



زانستیی -بەفارسیی- و دیوانی شیعری کوردیی بە«شێوە زمانی گۆران» و بەدەگمەنیش بە«شێوەی بەبە» داناوە و گوتووە(١٩).

کەسێ کە ژیرییەکەی هانی داوە بۆ تۆمارکردنی میژووی ڕووداوەکانی وڵاتی (بەبە)، نەک هەر ژیریی و سۆزی بەرامبەر (عەبدوڕڕەحمان پاشا) و خانەدانەکەی نواندووە، بەڵکو -وەکو عەلیی بەردەشانیی- هەستی بەکارەساتەکان و هەڵس و کەوتەکان کردووە و یێکەمێکە کە نێوی (ویلایێتی کوردستان) بهێنێ!

سلێمان پاشای گەورە، والیی بەغدادی تورکی عوسمانیی دوای چوار ساڵ کار کەنار و دەست بەسەریی کردنی (عەبدوڕڕەحمان پاشا) لە بەغداددا، لە ساڵی ١٨٠١ز.دا ئەو پاشایە و (سەلیم بەگ)ی برای لە باژێرێ «حیللە»دا زیندانیی کرد.

ئەو زانا -شاعیرە، مەلا عومەر- ڕەنجووریی بەشێوە زمانی «گۆران» قەسیدەیێکی داناوە و بۆیشی ناردووە کە ئەمە بەشێکییێتی:

ڕەوان بەڕاهی چون بەرق و ڕەهوار
مدارا مەکەر تا وە «بەغدا» شار
نە بارەگەی خاسان بوازە هیممەت
ڕووکەر نە ماوای قەیس پڕ بەینەت
دەور بدەر نە مولک «بابل» بێ ئەندێش
بشۆ وەجایێ «حیللە» ماچان پێش
شەهزادێ جە نەسل بەگزادەی بابان
جەنەوەی ئوجاغ، مالیک ڕیقابان
(والیی ویلایێت گشت کوردستانەن
ئیسم شەریفش عەبدوڕڕەحمانەن)
ستارەی بەختش قیران نەحسەن
جە «حیللە»ی دنیا نە «حیللە» حەبسەن...(٢٠)

زانا و هۆشمەندی دی وەک مامۆستا و زانا (سەیید عەبدوڵڵەتیفی بەرزنجەیی) و مامۆستا و شاعیر بەزمانی فارسیی (مەلا خالیدی شارەزووریی- مەولانا خالید)

١٩- لە دیوانی ئەم شاعیرەدا چەند بەیتێ شیعر بەئەو شێوەیە دیارە و بەدەستمەوە نییە.

٢٠- بنۆڕە: محەممەد عەلیی قەرەداخیی -دیوانی ڕەنجووریی، بەغداد، ١٩٨٣، ل ٢٠٥-٢٠٧.

ئەوانیش ژێریی هەستی خۆیان نواندووە. یێکەم بەزمانی عەرەبیی[٢١] دووەم بەزمانی فارسیی.

مەلا خالیدی شارەزووریی -مایەی ئەم لێ کۆڵینەوانە و بابەتەکە خۆی- نەک وێنەی پێوەندیی بەهێزی خۆی لەگەڵ (عەبدورڕەحمان پاشا) نواندووە[٢٢]، بەڵکو قەسیدەکانی هەست کردنێکی جودایە کە دۆست و دوژمنی جوێ کردۆتەوە، لەلاییێکەوە پاشا و برا و کەسی بەدۆستی خۆی و والیی بەغدادی تورکیی عوسمانیی -با نوێنەری خەلیفەی گۆیا موسڵمانان بێ- بەدوژمنی ئەوان و خۆی ناسیوە.

پاشای بەبە (عەبدورڕەحمان پاشا) لە ١٢٢١ک- ١٨٠٦ز.دا، چەند شەڕێکی گەورە و سەرکەوتووانەی لەگەڵ والیی بەغداد (سلێمان کەهیا) کرد. لە ئەو شەڕانەدا، (سەلیم بەگ)ی برای پاشا شەهید بووە[٢٣]

---

٢١- مخابن لە زیندانی مەنفادا شیعرەکەیم بەدەستەوە نییە.

٢٢-ئەو پێوەندییە -بەڵێک دانەوەم- تا ساڵی ١٨١٣ز-ی خایاندووە.

٢٣- سەرداری شاییران عەلیی بەردەشانیی لە (بەیتی عەبدورڕەحمان پاشا)دا ئەوهەی پەسن کردووە:

سەلیم بەگ بوو میری میران
پەسەندی شا و وەزیران
چەند کەسی کوشتن بەشیران
ڕوو وەرناگێڕێ لە تیران
ڕوو وەرناگێڕێ هەر قەت
گەییە هەوی ئاخیرەت
جوابێ بەپاشەوە هات،
ئەی هاوار، میرن ئەنگوت،
پاشا سەرت سەلامەت».
پاشا بۆی هەڵکێشا ئاخ
حەیف بۆ مەردی قوچاخ
پەڕەی کەوتن وەک بەیداخ
بێ نازی کردن چراخ
چۆڵی کردن «قەرەداخ»
دۆست و دوژمن دەڵێن: ئاخ!
تورک و عەرەب و عەجەم،
پاکیان بۆیان کێشا خەم



ئەویش بۆی (لاواوەتەوە)، قەسیدەییێکی دیشی بۆ (میر عوسمان) بەهەمان شێوە و بۆ مەرگی داناوە:

١- لاوانەوەی فارسیی بۆ سەلیم بەگ:

هزبر بیشەی مردی سلیم بن محمود انکە
بە نوک نیزە اش بس عقدەی واناشدە، واشد
زکینش رزمگە شد دست چین از بس تن بی جان
تو می گوئی ز جیهەش قابض الارواح هویدا شد
تمنا داشت پیش شیر شیران داور اعظم
کشد خودرا و اخر عمر اودراین تمنا شد
بسوی اشیان قدس در پرواز شد جانش
روانش طوطی نزهتگە فردوس أعطی شد
بەچشمش روز روشن چون شب تاریک یلداشد
بەماقم داریش آشفتە شد شاهنشە ایران
ز مرگ او بسی اه و دریغا در جهان افتاد
همیت تاریخ سال مرگ او «اە» و «دریغا» شد

= ١٢٢١ک/ ١٨٠٦ز[٢٤]

٢- لاوانەوەی فارسیی بۆ میر عوسمان:

داد ازین گردون، فریاد ازین
نیست جز مردان حق را در کمین.
بحر احسان، کوە عرفان، کان جود،
فخر دوران، ناصب اعلام دین.
«میر عثمان» انکە رای روشنش،
بود نظم ملک را حبر المتین
گشت جانش تیر قدرت را هدف،
باد بروی رحمت از جان افرین

---

٢٤- بنۆڕە: میرایێتی بابان لەنێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا- لەندن، ١٩٩٨. ل١٣٣ (من توانای گۆڕینی شیعری فارسیم نییە!).

ماه ذالحجه بد و بیست ویکم
رخش همت کرد در یکشنبه زین
رخت بیرون برد از دنیای دون
خیمه بر افراشت در خلد برین
شد ز صهبای شهادت جرعه نوش
گشت با همنام پیشنش قرین.
خاک بر فرق فقیران کرد و رفت،
خاطر خوشنود عالم شد حزین
بسکه نداند اسمان را از زمین
زاریش را شب همه شب تا سحر
دیدهها بگشاده چرخ هشتمین
از پی تأریخ سالش گفت دل
«با صد باره به مرگش افرین»

= ١٢٢١ک/١٨٠٦ز[٢٥]

مەلا خالید –مەولانا خالید–ی شارەزووریی دیسان هاوسۆزیی و هاودەنگیی خۆی و بەتایبەتیش بۆ (عەبدوڕڕەحمان پاشا) نواندووە کە چەند بەیتە شیعرێکی فارسیی بەرەو ڕوو کردۆتەوە و ستایشی دەکات. وێ دەچێ بۆنەکەی ڕێکەوتی ئەوێ دەمێ بێ کە پاشای نێوبراو بەگیانی سەربەخۆیی خوازییەوە گوێی نەدەدا بەوالیی عوسمانیی بەغداد (سلێمان کەهیا– سلێمان پاشای کوچک) کە لە ساڵی ١٢٢٣ک–١٨٠٨ز.دا بڕیاری پەلاماردانی دابوو. عەبدوڕڕەحمان پاشا لەشکرێکی پێنج هەزار سوارەی بەبەی لە «دەربەندی بازیان»دا گرد کردەوە و خۆی بۆ ئامادەکرد، بەڵام والیی بەغداد بەچاوساغیی هەردوو ئامۆزای ناپاک (محەممەد بەگی خالید پاشا و سلێمان پاشای ئیبراهیم پاشا) و دوای

٢٥– بنۆڕە سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤ جێگەی باسە ئەم شیعرە کە دیارە باسی (میر عوسمان) دەکا و گۆیا لە ئەو مێژوودا کوژراوە– مردووە، لە سەرچاوەکانی مێژوودا نێوی کوژرانی میرێ بەئەو نێووە نەهاتووە، بەڵام ئەو سەرچاوانە هەروەها عەلیی بەردەشانیی ئاماژە بۆ کوژرانی کوڕی عەبدوڕڕەحمان پاشا، (خالید) دەکەن، من هەست دەکەم ئەم شیعرە تێکەڵ بووە!؟



شەڕێکی یێکجار سەخت و پڕ قوربانیی شکاندی کە لە سەرەتادا بەرگەی پەلاماری گرتبوو.

وێ دەچێ شیعرەکەیش ڕێکەوتی ئەو بەرگە گرتنەی سەرەتای شەڕەکە بووبێ کە دەڵێ:

عبدرحمن، شیر میدان، شاه گردون، جاودان
با عموم شهر تش، مهراست ماننداسها
توپ اژدروار را چون بر عراده تکیه داد
پارەشد خمپارەوش قلب عدو زین اعتنا
حسب حال خصم ملهم گشت تاریخش بدل
«دشمن بد چون رهد از شیر یا از اژدها»

١٣٣٢ک–١٨٠٨ز[٢٦]

بێ ئەوەی مەبەستم لەبیر چووبێتەوە، ئەم هاودەنگییە تایبەتەی مەلا خالیدی شارەزووریی، هانم دەدا پێوەندییەکەی ڕۆشنتر بکەمەوە. نێوبراو لەنێو نامە عەرەبیی و فارسییەکانیدا، نامەیێکی یادگاری –بە فارسیی– هەیە و بۆ خۆی ئاوێنەیێکی ڕووناکیی نوێنی ئەو پێوەندییە ناسک و بەهێزەیە.

ئەم نامەیەی –بەوەرگێڕانی لەلاییێن منەوە– بۆ کوردیی ئەمەیە[٢٧]: (ساحێب، جێگەی هیوا، چونکێ سەروچاوەی دڵسۆزیی ئەسڵی کاری فرە پاکیژە و لە گەشتی پڕ کێشەی دەرووندا لە ئەندازە بەدەر بنجی داکوتاوە، ئەوە هەر ڕۆژەی مێوەیێکی تازە پێ گەیشتووی ڕاستیی، هەردەمە و بەری نوێی دۆستیی بەبار دەهێنێ و ئەوەتە گەیشتیش بەشاگوڵی گوڵستانی تەریقەت، سەرووی بێستانی حەقیقەت، ئەستێرەی بورجی کام، گەوهەری دوڕ ئاسای سەروەریی، کەشتیی دانسقەی نهێنیی یەزدانیی، دوڕی بێ هاوتای دەریای عیرفانی سوبحانیی، مەلەوانی چاپوکی هیدایەت، دەنگی دین، حەزرەتی قوتبی عاریفان، گەورەی خوداناسان: سەیید محەممەدی هیراتیی چینیی کە ڕستەکانی لەرزە و لەرزۆکیی پێکەوە داوە، تەنافەکانی جودایی تەواو لەیێک پساندووە و پاکۆی داوە.

بەئەرکی سەرشانمی دەبینم، منێکی دەوڵەتخواز، بەدرێژایی شەوگار و ڕۆژگار –آناء

٢٦– سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤–١٣٥.

٢٧– نووسینەوەی مەتنە فارسییەکەی نامەکەم پێ ویست نەزانیی!.

اللیل وأطراف النهار- دەستی نزا و پاڕاندنەوە بۆ کام و سەرکەوتنی دین و دونیای ئێوەی ڕێزدار بەرەو ڕووی دەرگەی یەزدانی ئافەرینکار بەرز ڕابگرم و لە هەر بوارێکدا خۆم لە دەستەی هۆگران دوور ڕانەگرم.

تا پەیامەکەش ون نەبێ، ئەوە یێک دانە تەزبیحی مۆزەمزەم کە بەزیارەتی دییاری حەرەمەینی شەریفەین پیرۆزە بووە، هەروەها بڕێ زێڕکە یێکێ لە خۆشەویستانی «خوراسان» ناردبوویان بۆ خزمەتی سەیید و ئەویش بۆ پیرۆزیی بەمنی چەپەڵی ڕەوا دیتووە، لەگەڵ کلاوێک کە دەستچنی خۆیێتی، بۆ پیرۆزیی پێشکەشتانی دەکەم! هیوام پەسەندیتانە کە مایەی خۆشیی ئەو ئازیزەشە. ئیدی قەڵەم لەنگە، بەری نامە تەنگە و وەنەبێ باس و خواستیش نەمابێ، بەڵام بۆ گوێ فرەبێژیی لاڵە.

هیوام کام و خۆشیتانە، وەسسەلامو وەلئیکرام[٢٨]).

[تەواو]

ئەم نامەیە -وێرای پەسنە نیشان کراوەکەی- ڕاستیی گەورەمان دەخاتە دڵەوە کە مەلا خالیدی مامۆستای «فێرگەی عەبدوڕڕەحمان پاشا» لەنێو ڕیزی زانا و مامۆستا بەنێوبانگەکانی پاشای نێوبراو، پاشایێ کە وێرای ئازایی و نێوبانگی، مەبەستی گیان و ڕەنجی شانی سەربەستی خوازی، هۆشی زانستپەروەرانەی، گوی ڕاییێڵ و دۆستی بابەتی ئەدەبیی کوردیی -لە بەیت و داستان، هەڵبەست و شیعر و پەخشانی هەر زمانێک- بووە! هیچ بەدووریش نازانرێ کە خولیای هەڵکەوتنی بابەتی کوردییی ئەوتۆش بووبێ، بابەتەکانی «ئیسلام» بە کوردیی ببێنێ و ڕوویشی لە مەلا خالیدی مامۆستا -زانا نەنابێ، یان ئەم مەلا- زانایە خۆی هەستی بەکردەوەیێکی ئەوتۆ نەکردبێ تا لەلای پاشا و لەنێو ڕیزی خەڵکدا پتر قەدر گران بێ!! ئەگەر وا نەبێ و زەبری ئەو لەرزەی وریابوونەوەی قۆناغی فەرمانڕەوایی پاشای نێوبراو توندوتیژ نەبووبێ، داخۆ چۆن دوای مردنی پاشا -بەشەشساڵ- بابەتێکی ئایین: (عەقیدەی ئیسلام) و بەشێوەی «پەخشان»ی کوردیی

٢٨- بنۆڕە: (جێگەی ئاماژەیە: ئەو سەیید محەممەد هیراتییەی نێوی بردووە هەر ئەو کەسەیە کە هاتووە بەدوویدا و بردوویێتی بۆ هیندوستان. لەلایێکی دیەوە جێگەیێتی هەر زوو بڵێم، ئەم پێوەندییە دوای تەریقەت و وەرگرتن و گەڕانەوەی مەلا خالید نەقشبەندیی، ڕووی لە تێک چوون کرد بەڕادەیێ -نامەی خۆی بەڵگەیێ و باسەکەش لە ژیاننامەیدا ڕوونتر کراوەتەوە- عەبدوڕڕەحمان پاشا نەبەڕابەریی و نە بەنەخۆیشی قاییل بووە!



وڵاتی بەبەی لێ هەڵدەکەوێ کە کەسێکی دی پێش نەکەوتووە.

ئەو باسە خۆی و -لە جێگەی خۆیشیدا ڕوونتر دەبێتەوە- وێنەی بەڵگەی دی، یێکجار دڵنیام دەکەن بڵێم، قۆناغی باس کراو، بەڕاستیی بنجی وریابوونەوەی لە هۆش وبیری خەڵکدا بەجۆریکی ئەوتۆ پتەو داکوتاوە کە تەنانەت پشتاوپشتی نەوەکانی گرتۆتەوە.

منداڵەکانی ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی (عەبدوڕڕەحمان پاشا)، شاعیرە هەڵکەوتووە بەرزەکانی دواڕۆژ، (نالیی: ١٧٩٧-١٨٥٥ز)، (سالم: ١٨٠٥-١٨٦٥ز) کە دوو ئەستێرەگەشە و دڵداری خاک و خۆڵ و ئاووهەوا و زمان و ئەدەب، ئازادیی گەلی کوردی وڵاتی بەبەن، وێنە بەڵگەی زیندووی مێژووی ئەدەبن.

با دوورتر بڕۆم و بابەتەکە بەدوا وینەیێکی دانسقەی زەبری لەرزەی وریابوونەوەی پشتاوپشت مۆر بکەم کە تاوێ پڕیشکی لەپڕیشکی خۆر ناسکتر، تیژتر و گەرمترە... بنۆڕە: منداڵێ لەپشتی بابیدا بووە و هەرگیز قۆناغی، (عەبدوڕڕەحمان پاشا)ی نەدیتووە، تەنانەت لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی (سلێمان پاشای کوڕی عەبدوڕڕەحمان پاشا)دا منداڵێکی پێنج شەش ساڵەی بەر حوجرە بووە، ئا ئەم منداڵە گەورە و کامڵ بووە، یادی ڕۆژگاری (سلێمان پاشا) و «دارلمولکی بابان»ی کردۆتەوە، هۆش و بیری بەجۆرێ گۆش کراوە، هاتووە گرتنەکەی بەغدادی ساڵی ١٨١٠ز باس دەکات و بابی (سلێمان پاشا)یشی -بێ نێو هێنانی- لەڕێزەی (سلێمان پاشای گەورە) داناوە... ئەو منداڵە- گەورە و کامڵ بووە، شاعیری گەورە و بیروزمان تیژی کورد: (شێخ ڕەزای تاڵەبانیی)[٢٩]ە کە لە شیعرە ناسراوەکەیدا دەڵێ:

بەزەربەیی حەملەیە بەغدادی تەسخیر کرد و تێی هەڵدا
سولەیمانی زەمان، ڕاستت دەوێ باوکی سلێمان بوو!

٢٩- شێخ ڕەزا لە ساڵی ١٩١٠ز.دا گیانی سپاردووە و لە بەغداد دا نێژراوە.

### ٤- دوارۆژی وڵاتی بەبە - دوارۆژی ئەدەب

هەرچەندە نێونیشان و بابەتی کتێبەکە سنووری لێ کۆڵینەوەمی پێوە دیارە، بەڵام دەبینم بۆ گەشەی بیری خوێندەوار- هێندێکی دی برۆم و تارمایی هێندێ پرسیاری ماقووڵ بڕەوێنمەوە.

### ٤/١- دوارۆژی وڵات

مردنی عەبدوڕڕەحمان پاشای ئازا و بەهێز و بەنێوبانگ -تەمەنیشی نیشانە نەکراوە و پێم وەیە هەر لە پەنجا ساڵییدا بووە- سەرەتای وەرچەرخاندنی میرنشینییەکە و وڵاتەکە بوو بەرەو نوشوستیی و ناکامیی. لەلایێکەوە هەردوو دەوڵەتی عوسمانییی و ئێرانیی قاجارەکان ددانیان لێ تیژ و پیلان و پەلاماریان گەرمتر کرد. لەلایێکی دیەوە ئەو یێکییەتییەی لەنێوان (عەبدوڕڕەحمان پاشا) و براکانیدا هەبوو، دوای خۆی لەنێوان کوڕەکانی خۆیدا، ڕاییڵەی پساو کوڕەکانی -وێڕای ئامۆزا و مێملەکانیان- شەڕی برا کوژیان دەکرد و هەر یێکەیان بەپشتیوانی عوسمانیی یان ئیرانییەکان پاشقولی خوێناوی لەوی دی دەگرت. پەتای «ڕشانەوە»ش، نا ئاسوودەیی، ماڵ وێرانیی و کاول بوون، پەک کەوتنی ژینی بازرگانیی و کشت و کێڵ کردن، خوێندەوارییش ڕۆژبەڕۆژ باریان گرانتر دەبوو. لەسەر کەلاکی ئەم بارە کارەساتاویەش و لە ماوەی چارەکە سەدەیێکی دی دوای (عەبدوڕڕەحمان پاشا)دا ئەوییی هەرە قازانجی کردبێ هەردوو دوژمن: عوسمانیی و ئێرانیی بوون کە لەنێوان ساڵانی ١٢٣٨-١٢٦٣ک/١٨٢٢-١٨٤٥ز.دا بەدوو پەیماننامەی ناسراو، «پەیماننای ئەرزەڕومی یێکەم و دووەم» بۆ خۆیان ڕێک دەکەوتن و فەڕیان دەبینی و میرنشینی بەبە و وڵاتەکە و گەلەداماوەکەش لە بەرییێک هەڵدەوشا و نابووت و پەرت و بڵاو و برسیی و ئاوارە دەبوو. برایانی (عەبدوڕڕەحمان پاشا)، عەبداللە، ئەحمەد، عومەر، هەروەها کوڕانی مەحموود، عوسمان، سلێمان، حەسەن، عەزیز و کوڕانی ئەمانیش هەموو -لەگەڵ ئامۆزا میملەکان- کەسیان جڵەویان پێ نەگیرایەوە تا سەرئەنجام لە ١٨٤٩ز.دا میرنشینەکە ڕما و هەرچیی ئەو پاشایانە و نەوەیان هەیە کوژران یان کەوتنە ئێرانەوە، یان زۆربەیان -بەخاو و خێزانەوە- ڕاپێچی ئەستەنبوول کران و نەهێڵرا سەر بەوڵاتەکەدا بکەنەوە و لە غەریبایەتیدا کوێر بوونەوە.

### ٤/٢- دوارۆژی ئەدەب

سەردەمی (عەبدوڕڕەحمان پاشا)ی باس کراو کە هەرەزەبری کاریگەریی بنج داکوتانی



وریابوونەوە بوو. ڕووداو و کارە کارەساتەکانی چارەکە سەدەکەی دوای خۆیشی بێ گومان هێندە تاڵ و دژوار بووە کە تەنانەت -شێخ مارف گوتەنیی-[٣٠] چرای خویندنی کەوتۆتە کزیی و ڕووی لە کوژانەوە کردووە، لەلاییکەوە هۆشی نیشتمانیی و نەتەوەیی بووژاندۆتەوە و کوڕگەلێکی ژیر و دڵسۆز و خوێندەوار هەڵکەوتوون و لە ئاستی ئەم هەموو پەلامارەی داگیرکەران و ئەم هەموو خوێنە و ماڵ وێرانییەدا تەقیونەتەوە و بە هەست و قەڵەم و دەنگێکی ئەدەبیی نارازییەوە خۆیان نواندووە و بەتایبەتیی (شیعر)یان چڕیوە و دەربەدەریی، ئاوارەبوونی وڵاتان، زمانیانی لاڵ نەکردووە، (مستەفا بەگی کوردی، نالیی، سالم، شێخ حسێنی قازیی، حاجیی قادری کۆیی، شێخ ڕەزای تاڵەبانیی و هتد...) ئەمانە

---

٣٠- لە گەنجینەی مامۆستا (شێخ محەممەدی خاڵ)ەوە کۆمەڵێ نامەی عەرەبیی زمانی (شێخ مارفی نودێیی بەرزنجەیی)م وەرگرتووە کە -وەکو باسم کرد هەرگیز خۆی و کاکە ئەحمەدی کوڕیشی نامەیان بەکوردییی نەنووسیوە- ئاماژە بۆ شکستی باری خوێندن و کاوڵ بوونی فێرگەکان و کەم بوونەوەی شاگردان دەکات. ئەم نامە عەرەبییەی -خۆی مێژووی هیچ نامەیێکی نەنووسیوە- کە بەلێکدانەوەی خۆم لە ساڵی ١٨٣٤ز.دا بۆ والیی بەغدادی عوسمانیی، (عەلیی ڕەزا پاشا)ی نووسیوە، ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە! من نواندنی مەتنە عەرەبییەکەی نامەکە پێ ویست نابینم، ئەمە کەرتێکی کوردییەکەییتی من کردوومە: (بۆ حەزرەتی والیی باژێری سەلام -بەغداد/ کەمال- وابێ نەزمی کاروباری دەوڵەتی چاک و خۆیشی لە ڕۆژگاری ژیندا بۆ ئاییینی ئیسلام کارامە و چاک بێ. وابێ لە هەلی مەرگدا کۆچی بەئیمانەوە بێ. وابێ خۆی لە ترسی بەخت و سزای دوو دڵیی و سزای ماڵی تۆڵە بپارێزێ. وابێ لە ڕۆژی شەهادەتدا بەشی لە ماڵی سەرفرازییدا نەمریی بێ کە هەر یێکە لە ئەم دوعایانە لەبۆ ئەوانەی خەون دەبینن، خۆشەویستترە لە زێڕ گرتنی زەویی! ئەوجا، سەییدەکانی بەرزنجەیی لە مەملەکەتی باباندا، بەر لە چەند سەدەییێکەوە، لە پێنج سەد ساڵەوە، گوندی زۆریان، نیشتەنیی و خۆشترین بار و ژینیان هەبووە و بەپێی فەرمانەکانی شەرع، توانا کاروباریان هەڵسووڕاندووە. ئەوەتەی شای عەجەم و سەربازەکانی شیعە ڕافیزەکان ئەم مەملەکەتەیان داگیر کردووە، کاروباری دنیا و دین شێواوە. لە گوندەکاندا کۆڕ و کۆبوونەوە نەماوە کە گوندەکان هەموو ئاوەدان بوون، کەچیی ئەورۆ سەرەو ژێرن، خویندنیش لە قوتابخانەکانی ئەم باژێرەدا -سلێمانیی/ کەمال- پەکی کەوتووە و کەسی لە شاگردان تێدا نەماوە لە بڕێکی کەم بەئەولاوە. فێرگەکانی ئێمەش پتر لە حەفتا شاگردیان تێدا هەبوو، کەچیی ئەورۆ کەمتر لە دەی تێدا هەیە و ژوورەکانی فێرگەکانیشمان وێران، هەر بۆیێکا ئێمەی گەلە سەییدی بەرزنجەیی بڕیارمان دا بە خاووخێزانەوە، بەنۆکەر و دۆستمانەوە بەرەو مەملەکەتی ئەفەندیمان -والیی/ کەمال- کۆچ بکەین... هتد!) بنۆڕە: کتێبی: ئەدەبی نامەنووسیی کوردیی - کەمال ڕەئووف محەممەد، یان (باقة دراسات کوردیة)م، (دووەم چاوەنۆڕی چاپە).

یێک بەدوای یێکدا و تا دوای ڕمانی میرنشینی بەبەش لە زمان نەکەوتوون.

سەردەمی وریابوونەکە خۆی و سەردەمی نوشوستییی، بەتایبەتیش کە کۆمەڵانێکی خەڵکیی زۆر، چ بەهۆی گرانیی باری سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵیی و، چ بەهۆی نەخۆشیی و شەڕ و ئاژاوەوە «سلێمانیی»ان چۆڵ دەکرد، کارێکی ئەوتۆی کرد خەڵکە ڕەسەنەکەی باژێرەکە بمێنێتەوە کە شێوە زمانەکەی خۆی بپارێزێ و لە ئەولایشیەوە بەزەبری کاریگەری ڕووداوە تاڵەکان، هەروەها مردنی زانا و مامۆستاکان یان کۆچ کردنیان، هەموو کارێکیان گێڕا ئەم شێوە زمانەی (بەبە) ڕوو بکاتە ئەم شێوەیەی کە ئیستە باوە لە هەڵێکدا لە ئەو بۆشاییەدا و بەزەبری گۆڕینی ژینی سیاسیی و ڕۆشنبیریی، «شێوە زمانی گۆران»یش پتر سەری بەرزکردەوە و گوڕی گرتەوە، بەتایبەتی کە شاعیرێکی وەک (مەولەویی- مەعدووم) و هاوتایان دەنگیان زولاڵ و شان بەشانی شێوە زمانەکەی (بەبە- سلێمانیی) ئەدەبی کوردیان ڕەنگین دەکرد[٣١].

٣/٤- ئارەزووی خەڵک- دوارۆژی هونەرەکانی ئەدەب

دڵنیام خوێندەوار لە باسەکانی ڕابردوودا ئەگەر تەواو ئەم باسەی نەچێژتبێ، بۆنی کردووە. من دەمەوێ پتر دڵنیای بکەم کە گەلی کورد بەگشتیی چونکێ پەروەردەی سروشتێکی سەخت، وڵاتێکی جوان و ناسک، زمانێکی سازگار و شیرینە، چونکێ هەمیشە لە هەڵس و کەوت و گەڕان و دووچاری پلاری قەدەر و تیری ژەهراویی دوژمنان بووە، بەشی زۆری خوێندەواریی و زانستیی بەرنەکەوتووە، ناچار بووە سەرپێیانە -بەڵام ورد و جوان- چ هەستێکی هەیە، لە قالبی هەڵبەست- بەیتدا بیهۆنێتەوە و بەسەر زارانەوە لە ئەم نەوەوە بیکا بەدیاریی بۆ نەوەکانی دی. لەبەرامبەریشیەوە، دەستەی هەڵبژاردەی خاوەندی (ئەدەبی نووسراو) کە کاری دەستووری خوێندنی ئیسلامیی و زمانی عەرەبیی و فارسیی و چۆتە خوێنیانەوە و خەڵکی ڕەشووکیی بەتەنێ گوێ ڕاییڵیان بوون، ئەمانەش ئارەزووی «نەزم- هەڵبەست» و «هۆنراو- شیعر»یان هەبووە و بەرەبەرە ناچار

٣١- دەبێت گەڕی (ئەدەبی گەل)یش فەرامۆش نەکرێ کە بەروبوومی درێژەی هەبووە. بۆ وینە (بەیتی: شەریفی هەمەوەند) کە محەممەد تۆفیق وردیی لە کتێبی «فۆلکلۆری کوردیی- ب٢، بەغداد ١٩٦٥)دا بڵاوی کردۆتەوە لەمەڕ ئەو کەسە و - گۆیا کوڕی ژنێکی دی عەبدوڕڕەحمان پاشا بوو- لەگەڵ سلێمان پاشای کوڕی عەبدوڕڕەحمان پاشا بەشەڕ هاتووە و داوای تەختی میراتیی کردووە، بەڵام لە شەڕێکی سەخت و لە گردی سەیواندا، سەری دانا و بەشیری براکەی پەڕیی!



پردێکیان لەنێو خۆیان و ئەواندا دروست کرد. چونکێ بابەتەکانی زانستەکانیش بە«هەڵبەست و هۆنراو» ڕوون نابنەوە و ئەوان بۆ خۆیشیان کە بەزمانەکانی دی شارەزاییان هەیە و بە کوردیی پێ ویستیان نەبووە، ئەوە تێ گەیاندنی خەڵکی ئاساییان بێ بەش کرد. بە ئەم ڕۆشناییەش پێ ویستیان بە (پەخشان)ی کوردیی نەبوو، پەخشان بێ ناز مایەوە کە فەرمانڕەواکانیش -دەسەڵاتدارەکان- بێ نازتریان کرد.

ئارەزووی خەڵکیی، هەردوو بەشی خوێندەوار و نەخوێندەوار بەئەم جۆرە ماوەتەوە تا بەرەبەرە، پێ ویستی کۆمەڵ و پێشکەوتنی ڕۆژگار و مەرامی چینی هەڵبژاردەی خوێندەوار، وردە وردە باری هەڵکەوتنی «پەخشان»ی ئاسانتر کرد.

لە وڵاتی بەبەدا کە هەموو بارێکمان نواند -گوتیشمان زمان دەسەڵاتی ئایین و فەرمانڕەوایی وڵات دەیچەسپێنێ و ڕەواجی بەهێز دەکات- بارەکە ئەوهە مایەوە هەتا قۆناغێکی وریابوونەوە ڕووی دا و لە ڕاییێڵەدا مەلایێکی توانا و زانای وەک (مەلا- مەولانا خالید) هەڵکەوت و لەبەر پێ ویستی خۆی وەک ڕابەرێکی -ڕێبازێکی- ئایینی و گەیاندنی پەیامی خوداناسیی بەخەڵکێکی زۆر و گرد کردنەوەیان لەخۆی، توخنی هونەری «پەخشان»ی کوردیی کەوت و ئەم (عەقیدەی ئیسلام- عەقیدەی کوردیی)ەی گەڵاڵە کرد و نووسییەوە کە لە سێ سەرەوە خێری بۆ تێ گەییشتی خەڵکیی، ئەدەبی کوردیی، خۆیشی دایەوە.

هەرچەندە باری سیاسی چ باری کەسی خۆی و وڵاتی بەبەش جێگیر و هێور نەبوو، خۆی وڵاتەکەی چۆڵ کرد و سەرئەنجام غەریباتیی هەڵبژارد، جارێکی دی نەچۆوە سەر ئەو جۆرە هونەرەی ئەدەب، ئەوە یادگارەکەی جێگەی خۆی کردەوە و لە ئەم دەست و ئەو دەستەوە، لە ئەم نەوەوە بۆ ئەویی دی دەپەڕییەوە و کاری لە کەسانی دیش کرد لاسایی هونەرەکەی بکەنەوە. ئەوە بوو، دوای ئەم کارە، (شێخ حسێنی قازیی: ١٨٠٠- ١٨٧٥ز) کوڕی وڵاتی بەبە، پەخشان و هەڵبەستی بەکاربرد بۆ هەڵکەوتنی بابەتی لە دایێک بوونی پێغەمبەری ئیسلام و نێوی لێ نا (مەولوودنامەی کوردیی)[٣٢]

٣٢- بەپێی گەلێ سەرچاوەی مێژوویی: دەستووری (مەولوود) خوێندن لەنێو کورددا و بەتایبەتی لە ڕۆژگاری (موزەففەروددین کۆکەبریی) لە هەولێرەوە هەڵکەوتووە! مەولوونامەکەیشیساڵی ١٩٣٥ چاپ کراوە لەلایێکی دیەوە -وەک باسم کرد- مێژووی مەولوودنامەی کوردیی و نووسینی بەشێوەی کورمانجیی باکوور، پێشکەوتووترە.

بەرە بەرەش نرخی هونەرەکە لەلای خەڵکیی گەورەتر و تامی شیرینتر بوو، بەڕادییێ – ویڕای زەبری ڕمانی فەرمانڕەوایی بەبە و ژێرماڵەبوونی وڵاتەکە لەلایێن تورکانەوە– خەڵکە خویندەوارەکە کەم کەمە لە نامە نووسینشدا بەکاریان برد و (مەولەویی– مەعدووم)ی زانا و شاعیر بەبێچووە شێوەزمانی «تاوەگۆزیی» خۆیەوە سەرەقەڵەمێکی (نامەنووسینی) پێوە دەرکەوتووە[٣٣]، تا خەڵکانێکی ژیر و خویندەوار و موسڵمانی ڕاست و کوردی دڵسۆز لە سەرەتای سەدەی بیستدا: وەک قازیی پێنجوێن (مەلا محەممەدی خواهەرزاد) ئازایانە (تەفسیری قرآن)ی پیرۆزی بەکوردیی نواندووە کە لە ساڵی ١٩١٤ز.دا بیست جلدی تەفسیر کردووە و نیوی لێ ناوە، (تذکار ایمان بۆ کۆمەڵی کوردان– یادگاری ئیمان بۆ کۆمەڵی کوردان)[٣٤].

٣٣– شیعرنامە بەر لە پەخشاننامە لەنێو ئەدەبی گەل و ئەدەبی نووسراوی کورددا زووتر هەڵکەوتووە. ئەم سەرە قەڵەمانەی (مەولەویی) لە پەراوێزی شیعریدا بۆ شاعیری کورد (ئەحمەد بەگی کۆماسی)دا هاتوون کە چوار جار نووسیونی:

١– تاقەت خۆ نابێ! خالۆ، فەرمووده بوند کاغەز بنووسمە پەنجە –گوندە/ کەمال– یان لە گرەوە نزیکترە!! ئەرێ خاک وەسەرم بەو خاس نزیکە. لە گرە تا پەنجە، ڕۆژە ڕێگە ئەست. نازانم چ بنووسم؟ دەردم دووبارە بوو گەشەوە؟ یاخوا خۆم لە کاغەز زووتر بڕۆمەوە، ئاخ!.

٢– بەخودا ئەگەر ئینساف بوێ، بەشەکەی قیامەتیچت بەسە، بەشەرتێ لەگەڵ «زەهاویی» وەییێکۆە بخوێنن! کاکە بەمەرگی تۆ جارێ تر کەس ناوێژێ!.

٣– ئاخ خۆم لە کوێم بۆت بخوینم.

٤– قافڵەی بەهارییە، ها خاسی بخوێنە! ئامان هەی داد! (بنۆڕە: محەممەد عەلیی قەرەداخیی– شارۆییێک لە باخچەی ئەدەبی مەولەوی، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، بەرگ٦، بەغداد ١٩٧٨، ل٢٥٤).

٣٤– دەستنووسەکانی ئەم بابەتە لە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانییدا پارێزراون و دیومن. مخابن –لەگەڵ هەگبە ون بووەکەم ژمارەییم لێ ون بووە. مەلا محەممەدی پیاوچاک لە پێشەکیی کارەکەیدا دەڵێ: [ئەم بەندەی کە نموونەی بێ چارەی کەم عیلمییە کە مەعلوومە بە محەممەدی خوا هەرزادی پێنجوینیی و جورئەتی کردە سەر ئەم کێوە عەزیمە کە تەفسیری (قرآن)ی کەریمە بە زمانی کوردیی، لەبەر ئەمە بوو کە چاوم پێ کەوت تەفسیری بە فارسیی و تورکیی و هیندیی و سائیری زبانی جیاجیاش کراوە، وە بەزبانی کوردیی نەبووە، دڵم مەیلی چووە سەر تەفسیر کردنی بە زبانی کوردیی «تا قەومی کوردانیش ڕەسم و ناوێکیان ببێ... هتد»). /بەدەستکاریی ڕێنووسەوە].



ئەم ڕەفتارە لەگەڵ «پەخشان» و لە وڵاتی بەبەدا –دیاریشە لە وڵاتی هەکاریی و شێوە زمانی کورمانجیی باکووردا زووتر کراوە– کە وێنەی وریابوونەوە و ئارەزووی خەڵکە و ئەنجامی پێ ویستی ڕۆژگارە، ڕەوتی خاو و باری گران و کۆسپی زۆری لەبەردەم بووە... بازاڕی گەرمی «هەڵبەست و هۆنراو– نەزم و شیعر»، نەبوونیی چاپ و ڕێگەکانی بڵاوبوونەوەی خێرا، پشت نەگرتنی هێندی زانا –وەک کاکە ئەحمەدی شێخ– بۆ کوردی نووسین، ئەمانە و نەخوێندەواریی زۆربەی خەڵکیی هەموو بەڵگەی ڕاستین.

هەرچۆنێ بێ بەبووژاندنەوەی گیانی نەتەوەییەوە –دەتوانم بڵێم لە ڕۆژگاری عەبدوڕڕەحمان پاشاوە– هونەری پەخشان و ئارەزووی خەڵکیی یێکیان گرت و دەروازەکانی ڕووناکییان لێ کرایەوە کە هەرگیز کلۆم نادرێن!.

## بەشی سێیەم

١- عەقیدەی ئیمان- دانان و نووسینیی لەنێو کورددا

عەقیدەی ئیمان- ئیسلام، نێو و بابەتی بەخۆوەیتی و پێ ویستی بەڕوون کردنەوەیە نییە، شتێ کە هەرە گرنگ و شایانی باس بێ ئەوەیە؛ خۆی وەک زانستێکی ئیسلامیی، بابەتی خوێندن و قەدر گران بووە و هەر لەگەڵ هەڵکەوتنی ئایینی ئیسلام، عەرەبەکان، ئەوجا دواتر عەجەم و تورک و هیندییە موسڵمانەکان، هەروەها کوردیش یێکجار بایێخیان پێ داوە و پیرۆزە ڕیانگرتووە و لێیان نووسیوە و بڵاویان کردۆتەوە.

لەنێو گەلی کوردا و ( ئەدەبی نووسراو)یدا، مێژووی -بەبەڵگەی ڕاستەوە- هێندەی لەبەردەستە، ئەم یادگارانە دەێنونن.

شاعیر و زانای کورد (ئەحمەدی خانیی: ١٦٥٠- ١٧٠٦ز) بەشێوەی هەڵبەست و بەکورمانجیی باکوور (عەقیدەی ئیمان- ئیسلام)ی داناوە و ئەورۆش چاپ کراوی دیارە![1] مامۆستا و زانا: (مەلا- مەولانا خالیدی شارەزووریی نەقشبەندیی: ١٧٧٩- ١٨٢٦ز) بەشێوەی پەخشانی کورمانجیی باشوور- نێوەند: بەبە، سلێمانی: (عەقیدەی ئیمان- عەقیدەی کوردیی) داناوە و بڵاوە.

زانا و شاعیر -لایێنگیری ڕێبازی نەقشەبەندیی- (مەولەویی- مەعدووم: ١٨٠٧- ١٨٨٣ز) بەشێوەی هەڵبەست و بەشێوە زمانی گۆران دووجار، جارێ بەنیوی (العقیدة المرضیة) و، جارێ بەنێوی (عەقیدەی ئیمان)ەوە هەمان بابەتی داناوە و بەرچاویش کەوتوون[2].

شێخ عوسمانی پۆڕی بەشێوەی پەخشان و کورمانجیی باکوورەوە لە ٢٩ی ڕەمەزانی ١٢٧٣ک- ١٨٥٦، ١٨٥٧ز.دا (عەقیدەی ئیمان)ی داناوە. سەرەتا و کۆتایی، بەرێنووسی خۆوەی ئەمەیە:

١- ساڵی ١٩١٨ز لە ئەستەنبووڵدا چاپ کراوە.

٢- یێکەم ساڵی ١٩٣٤ و دووەم ساڵی ١٩٧٧ چاپ کراون.



(تو بزان، رکنی اسلامی پینجن. رکن اولی کلمە شهادتە، [اشهد]: أز شاهدی ددم [ان لا اله الا الله]، کونین تو معبودی...

هەتا کۆتایی، السلام علی من إتبع الهدی[3].)

هەواڵی زۆر و نووسراو بەدەستەوە هەن بەرە بەرە -بێ لە کاک ئەحمەدی شێخ و پشت نەگرتنی دانانی بە کوردیی کە نامەی خۆیشی بەڵگەیە- تا سەدەی بیست زانا و مامۆستا و شاعیر و نووسەران بەهەڵبەست و پەخشانەوە خەریکی بڵاوکردنەوەی بوون. بەڵام وەکو دیارە زووتر لە کورمانجیی باکووردا دەرکەوتووە و درەنگتر لە کورمانجیی باشوور -بەبەدا، ئەوە کارەکەی مەلا خالید- مەولانا یێکەمە بۆ ڕەواج پێ دانی لە ئەم شێوە زمانەدا کە تەنانەت دوای -کاریگەری- خۆیشی، کەسانی دی بەهەمان شێوە زمان و بە«هەڵبەست»ەوە هەر ڕەواجیان پێ داوە، پیرۆز ڕایانگرتووە.

عەقیدە هەڵبەستراوەکەی (سەمیع) نێو کە ڕوونووس کردنەوەی لە ١٣١٤ک- ١٨٩٦ز.دایە، وێنەیێکی ڕوونە و دەشێ زووتر دانرابێ. ئیدی گەلێکی دی و بەشێوە زمانەکانمان و لە ئێرە و ئەوێدا هەڵکەوتوون، بیری خەڵک و ئەدەبی کوردیان گەش کردۆتەوە! ئەمێستە بەدەیان (عەقیدەی ئیمان) و (مەولوودنامە) بەهەڵبەست و پەخشانەوە کەوتوونەتە ڕوو، بەڵام لە ئەو کۆنانە کۆنتر نین[4].

٣- دۆستم عەبدوڕڕەقیب یووسف لە نامەیێکی ساڵی ١٩٨٤دا، ئەم باسەی بۆ کردم کە پتر ڕوونی دەکاتەوە، عەقیدەکە سیانزە لاپەڕەیە و لە «مەکتەبەتوددیڕاسات ئەلعولیا- مكتبە الدراسات العلیا، بغداد»دا هەیە. (شێخ عوسمان پۆڕێ)ش زانایێکی ئایین و هەڵکەوتووی سەدەی نۆزدە بووە. گۆڕەکەی لەژێر گومەزێکدایە لەپشت باژێری «تەتوان»ی سەر کەناری خۆرئاوای دەریاچەی وان - قەزای بدلیس لە کوردستانی باکووردا.

٤- لە گشت شێوە زمانەکاندا و بەتایبەتی لە کورمانجیی باکوور و کورمانجیی باشووردا «!!»: موکریی، بەبە- سلێمانیی، سۆران! مخابن دەرفەتی ڕێز کردنیانم نییە ئەگەرچی هەواڵیانم لەبەر دەستە.

## ٢- مەلا خالید- مەولانا خالیدی شارەزووریی نەقشبەندیی[*]

### ٢/١- لێ کۆڵینەوەی ژینی

خالید - کوڕی جافی شارەزوور[١]- کوڕی ئەحمەد کوڕی حسێنە. دەبێژری لە بابەوە چۆتەوە سەر پیاوچاکی ناسراو (پیر میکاییلی شەش ئەنگوست)[٢]، لە دایەوە -نیوی چەند جۆرە- گۆیا ڕیشەی دەچێتەوە سەر پیاوچاکی ناسراو (پیر خدری شاهۆیی)[٣].

ڕۆژی دووشەممەی مانگی کوحەڕڕەمی **١١٩٣**ک -مانگی کانوونی دووەمی **١٧٧٩**ز لە ئاوایی «زەردیاوا»دا، قەرەداخی سەر بەبازێڕی «قەڵاچوالان- سلێمانی»ی مەڵبەندی بەبەدا هاتۆتە دنیاوە[٤].

سەرەتای ژینی خوێندنی، چوونە بەر فێرگەییێکە کە (قرآن)ی خەتم کردووە. هەروەها «المحرر»ی ئیمامی شافیعیی لە «فیقهی شافیعیی» و «المتن الزنجانی» لە بابەتی سەرفدا، هەروەها شتێکی لە ڕێزماندا خوێندووە[٥].

پێش خۆناسین -باڵق بوون- باڵا دەست بووە لە دانانی پەخشان و هەڵبەست و شیعری فارسییدا[٦]. دواتر خولیای گەشت بووە بۆ زانست وەرگرتن و فێربوون. چووە بۆ «زەهاو» و «حەلوان» و لەلای زاناکانیاندا: «شرح الکمال علی متن الشافیة- ئیبنولحاجیب»ی خویندووە[٧]. ئەوجا گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانیی و لە ئێرەدا و لای زانای گەورە (شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجەیی) بابەتی «شرح الکمال علی متن الکافیة- ئیبنولحاجیب»ی خوێندووە[٨]. هەروەها لەلای زانای گەورە (محەممەد ساڵحی تەڕەماریی) شتێکی لە بابەتی «شرح الجامی» لەمەڕ هەردوو زانستی نەقڵیی و عەقڵیی خویندووە[٩]. هەروەها لەلای زانایان (شێخ ئیبراهیمی بیارەیی) لە بابەتی « في الادب والوضع من وسائله» و هێندێکی لە زانستی «مەنتیق» خوێندووە[١٠]. هەروەها لەلای زانایان (شێخ عەبدوڕڕەحیمی بەرزەنجەیی)[١١] برای شێخ عەبدولکەریم و لە لای (شێخ عەبداللەی خەرپانیی)ش خویندوویێتی[١٢].

خالید -فەقێ- لە ئەوە بەدواوە جارێکی دی ئارەزووی گەشت کردن و زانست وەرگرتنی بووە. لە سەرەتای ساڵی **١٢١١**ک- **١٧٩٦**ز.دا[١٣] ڕووی کردۆتە «کۆیێ» و «هەریر» و دەوروبەریان و لەلای زانا (مەلا عەبدوڕڕەحیمی زیارەتیی)ی ناسراو بە (مەلا زادە)

(*) چونکە بابەتی پەراوێزەکان زۆر درێژن ناچار خستمنە دوا لاپەڕەکانی باسەکەوە.



بابەتی (شرح الجلال علی تهذیب المنطق)ی بەپەراوێزەوە خوێندووە[١٤]. هەروەها لەلای زانای توانا (مەلا محەممەدی باڵەکیی- ئیبنوئادەم)[١٥]یش خوێندوویێتی. ئەوجا هاتۆتە بۆ «کۆیێ» و کن زانا (مەلا عەبدوڕڕەحمانی جەلیی) کە لە ئەو هەلەدا نەخۆش بووە و مردووە[١٦]. ئیدی گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و دەوروبەری و لەلای زانا (مەلا مەحموودی غەزایی) بابەتی «شرح الشمسیة في علم المنطق» و «المطول في علم البلاغة»ی خوێندووە[١٧]. ئەوجا ڕووی کردۆتە بەغداد و بابەتی «مختصر المنهی فی الاصول»ی تێدا خوێندووە[١٨]. ئەوجا گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانیی و بەفێرگەکانیدا سووڕاوەتەوە. هەرچەندە لە چاو مامۆستاکانیدا تەمەنی کەم بووە، بەڵام زیرەک و لێ هاتوو، زمان پاراو بووە و چ بابەتێکی زانستیی وەک «تحفة- ئیبنولحەجەر» و «تفسیر ئەلبەیزاوی» و زانستەکانی دی لێ گیر نەبووە. دەنگی داوەتەوە بەڕادەیێ (ئیبراهیم پاشای ئەحمەد پاشای بەبە)[١٩] تکای لێ کردووە لە فێرگەکەیدا مامۆستایی بکا بەڵام ئەوێکی خولیای زانست وەلامی داوەتەوە کە هێشتا شایستەی ئەو پایەدارییە نییە[٢٠]. ئەوجا لە سەرەتای ساڵی **١٢١٣**ک- **١٧٩٨**ز.دا ڕووی کردۆتە بازێری «سنە» و دەوروبەری و زانستەکانی «بیرکاریی، ئەندازە، گەردووناسیی و ئوسترلاب، حیکەم»ی لەلای زانا (شێخ محەممەد قەسیمی سنەیی) خوێندووە[٢١]. ئەوجا لە ساڵی **١٢١٣**ک-**١٧٩٨**ز.دا گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانیی و دوای ڕوودانی پەتای ڕشانەوەی نێو سلێمانیی کە مامۆستاکەی شێخ عەبدولکەریمی بەرزەنجەیی پێ مردووە و لە فێرگەی (مزگەوتی عەبدوڕڕەحمان پاشا) لە جێگەی ئەو مامۆستایەدا بووە بەمامۆستا[٢٢]. لە ئەم هەلەشەوە خەریکی دەرز گوتنەوە و بڵاوکردنەوەی زانست، هەروەها کاری نووسینی خۆی بووە هەتا لە دەوروبەری مانگەکانی زیلقەعیدە- ڕەمەزانی ساڵی **١٢٢٠**ک- **١٨٠٥**ز.دا بەڕێگەی «مووش، دیاربەکر، ڕەها، حەڵەب، شام»دا ڕووی کردۆتە «مەککە» بۆ حەج کردن. لە چوون و هاتنەوەیشدا - بەڕێگەی حەجدا- لە بازێری «شام»دا بەدیداری زانای گەورە، (شێخ محەممەد کوزبەریی)[٢٣] گەیشتووە و بابەتی «حەدیس»ی لەلا خویندووە و ئیجازەیشی لێ وەرگرتووە. هەروەها شاگردی ئەو زانایە، زانا (شێخ مستەفا کوردیی)[٢٤] ئیجازەی «تەریقەتی قادریی» پێ داوە.

ڕێگەی هاتنەوەی هێندەی ڕێگەی حەجی بردووە[٢٥] و لە سەرەتای ساڵی **١٢٢١**ک- **١٨٠٦**ز گەیشتۆتەوە سلێمانیی. دەستی کردۆتەوە بەمامۆستایی، بەڵام خولیا و چاوەنۆڕی دەلیلێ بووە -گۆیا- یێکی دێ بۆ لای کە لە توافی کەعبە و دەمی حەج کردندا یێکی پێی

گـوتووە: (فـەتحـی تۆ لە ئێـراەدا نیـیـە و لە هیندوسـتـانـدایە. چاوەنۆڕ ببـە، ئامـاژەت بۆ دێ!!)[٢٦]. سەرئەنجام لە ئەو وڵاتەوە -یێکەکە- [٢٧] هاتووە بۆ سلێمانیی و بەحاجیی مـەلا خـالیـدی گـوتووە: (ڕابەر و زانایێکی هەیە و تەریقـەتی نەقـشـبـەندییـە، سـا وەرە هاوەڵیت بکەم بۆ گەییشتن بەخزمەتی لە باژێری جیهان ئابادا. من ئاماژەم وەرگرتووە کە بۆ ئەو نیازەت بگەییتە ئەوێ!!).

مەلا خالید -گۆیا- زۆر دڵی ڕوون بۆتەوە و دەستی لە مامۆستایی هەڵگرتووە و لەگەڵ ئەو کـەسـە و لە سـەرەتای مـانـگی مـوحـەڕڕەمی ١٢٢٤ک-١٨٠٩ز.دا[٢٨]، سلێـمـانیی بەجێ هێشتووە و بەڕێگەی ئێراندا[٢٩] چووە بۆ هیندوستان.. بەباژێرەکانی «ڕەی، تاران، بەسـتـام، فـەرقـان، سـەمنان، نیـسـاپوور، تووس، مـەشـهـەد، هیـرات، کـەندەهار، کـابوڵ، بیـشـاوور، لاهوور»دا ڕۆیشـتـووە و لە ڕێگەدا چاوی بەگـەلێ زانا کـەوتـووە و کـۆبۆتەوە و دیدەنیی چەند مەزارێکی پیاوچاکانی کردووە هەتا گەیشتۆتە باژێرێ «جیهان ئاباد»[٣٠]. ئیـدی لەلای «پیرەکە- شێخەکە»ی چۆتە گۆشەی خزمەتگوزاری و کۆشش و زیکرەوە کە پێنج مانگێکی بردووە[٣١] تا بووە بەئەهلی «حوزوور» و «موشاهەدە» و پیرەکە مژدەی پێ داوە و ئیجازەی ڕابەریی و خەلیفاتیی تەواوی لە پێنج تەریقەتی[٣٢] «نەقشبەندیی، قـادریی، سـەهرەوەردیی، کـوبرەویی، چەشـتـیی»دا خـەڵات کـردووە. هەروەها ئیـجـازەی بەگێـڕانەوەی هەرچیی «حەدیس» و «تەفسیر» و «تەسەووف» و «ئەحزاب» و «ئەوراد» هەیە، پێ داوە. لە ئەو هەلانەشدا (شێخ عـەبدولعـەزیزی حەنەفیی نەقـشـبـەندیی کـوڕی دەلیلوللای حەنەفیی نەقشبەندیی) ئیجازەیێکی لە مەڕ «روایات الصحاح» و هێندێک لە «ئەحزاب» پێ داوە. ئەوجا کـە سـاڵێکی تەواو نەکردبوو[٣٣] پیرەکەی فـەرمانی داوە بگەڕێتەوە نیشتمانی تا دەست بکات بە ڕابەریی و پەروەردەکردنی تەریقەتخواز. پیرەکەی نزیکەی چوار مـیـلێ هاوەڵی بەڕێ کـردنی بـووە، ئەوجـا کـە گـەیشـتـۆتە بەندەرێ لە بەندەرەکانی هیندوستان، بەڕێگەی دەریادا کە پەنجا ڕۆژێکی بردووە، گەیشتۆتە بەندەری «مـەسـقـەت» و لە ئەویشەوە بەرەو باژێرەکـانی ئێران[٣٤] «شـیـراز، یەزد، ئیـسـفـەهان، هەمەدان، سنە»دا هاتۆتەوە بۆ سلێمانیی کە ڕێکەوتی ساڵی ١٢٢٦ک- ١٨١١ز بووە و گەورە پیـاوان، زانایان، خـەڵکێکی زۆر بەرەو پیری چوون و گەرم و گوڕ پێشوازییان لێ کردووە[٣٥]! ماوەیێکی کورت مـاوەتەوە ئەوجا بەئاماژێیێکی (پیرە)کەی ڕووی کردۆتەوە باژێرێ بەغـداد و لە گـۆشـەی «تەکـیـیـەی غـەوس- شـێخ عـەبدولقـادری گـیـلانیی»دا حەواوەتەوە و دەستی بە«تەریقەت- ڕێباز» نوێنیی کردووە. دوای پێنج مـانگێ (دەمەو



کۆتایی ساڵی ١٢٢٦ک- ١٨١١ز) گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانیی و خەرێکی ڕێبازنوێنی و کاری زانستانەی لە زانستەکانی (نادیار و دیار- باطین و ظاهر)دا بووە[٣٦].

لە ئەم دەمەوە ڕوودداوێ، گۆیا ناکۆکیی مەولانا خالید و شێخ مارفی نۆدێیی ڕابەری ڕێبازی «قادری» هەڵکەوتووە بەڕادەیێ لەلای فەرمانڕەوایی وڵاتی بەبە- عەبدوڕڕەحمان پاشا/ کەمال- قسەی خراوەتە پاڵ گۆیا داوای ویلایەت دەکات!! سەرئەنجام لە یێکەم جارەکی ساڵی ١٢٢٨ک- ١٨١٣ز.دا زویر و تۆراو، ڕووی کردۆتەوە بەغداد و لە «فێرگەی ئەلئەحسائییە»ی ناسراو بە«تەکییەی خالیدیی»دا جێگیر بووە کە ئەوێ دەمێ والیی بەغداد (سەعید پاشای کوڕی سلێمان کەهیا) فەرمانڕەوا بووە و گەلێ ڕێزی گرتووە و لە ئاستی ناکۆکییەکەدا، لایێنگری بووە و لەسەری کردۆتەوە[٣٧].

ئەوهەو هەتا ساڵی ١٢٣٢ک- ١٨١٦ز ماوەتەوە و ئەوێ دەمێ مەحموود پاشای کوڕی عەبدوڕڕەحمان پاشای فەرمانڕەوای بەبە، هاتووە بۆ بەغدا و تکای گەڕانەوەی لێ کردووە بۆ سلێمانیی[٣٨] و لە پارەی حەلاڵی خۆی، مزگەوت و خانەقای بۆ دروست کردووە و خەرجیی خۆی و مورید و شاگردانی گرتۆتە خۆی و گوند و جۆگەی -وەقف کردووە- بۆ بڕیوەتەوە[٣٩] ئیدی هاتۆتەوە و دەستی بەڕێنمایی و فێرکردنی زانست کردووە، بەڵام سەرلەنوێ زویر بووە و بۆ دووەم جار، لە ٢٠ی تەشرینی یێکەمی ١٨٢٠ز.دا (١٢ی موحەڕڕەمی ١٢٣٦ک) ڕووی کردۆتەوە بەغداد و «تەکییەی خالیدییە». نامەکانی خۆی بەڵگەن کە لە ئەو ماوەیەدا دیدەنیی کوێستانەکانی سلێمانیی کردووە و -موریدانی- مەحموود پاشای بەبە و براکانی کۆششیان کردووە و بیگێڕنەوە بۆ سلێمانیی، بەڵام نیازەکەیان بێ ئەنجام بووە[٤٠].

لە ساڵی ١٢٣٨ک- ١٨٢٢ز.دا «بەغداد»یشی چۆڵ کردووە و «شام»ی هەڵبژاردووە بۆ حەوانەوە[٤١]. لە ئەویدا بەدەستووری جارانیەوە ڕەفتاری کردووە، دوای ماوەیێکیش چووە دیدەنیی بۆ «قودس» و، ئەوجا سەرلەنوێ چۆتەوە بۆ حەج و هاتۆتەوە بۆ شام. شەوی هەینی ١٣/١٤ی ذیلقەعیدەی ١٢٤٢ک- ١٨٢٧/٦/٧ز، بەپەتای «ڕشانەوە» مردووە و لە بەرزاییەکانی چیای «قاسییوون- تەل ئەلنوور»دا ئەسپاردەی خاک کراوە[٤٢].

مەلا- مەولانا خالیدی شارەزووریی نەقشەبەندیی کە گەلێ نێوناسی دی وەک (ئەبولبەها زییائوددین زیلجەناحەین- أبو البهاء ذی الجناحین)[٤٣]ی بەسەردا دابڕاوە، گەلێ لایێنگر و خەلیفەی هەبووە کە وێنەی زانا و نووسەرە گەورەکانی هاودەنگ و ڕێبازی

ئەمەن(٤٤).

– ئەبو بەکر محەممەد حەنەفیی ئەلئەحسائیی. (خاوەند کتێبی: (النشر الوردي باخبار مولانا خالد النقشبندي الكردي).

– ئیبراهیم فەسیح حەیدەریی. (خاوەندی کتێبی المجد التالد فی مناقب الشێخ مولانا خالد، هەروەها کتێبی: عنوان المجد).

– ئەبی سەنا سەیید مەحموود ئالووسیی، (خاوەندی کتێبی الفیض الوارد علی مرثیة مولانا خالد. هەروەها نزهة الالباب وغرائب الاغتراب. هەروەها: مسك الازمر في علماء القرن الثالث عشر. هەروەها: نشوة الشمول- نشوة المدام).

– سەیید ئیسماعیبل عومەر غەززەیی عامیریی- موفتیی دیمەشق.

– محەممەد ئەسعەد ساحیب- برازای (خاوەند کتێبی: بغیة الواحد- هەروەها: الفیوضات الخالیدیة، هەروەها: جمع القلائد ومجمع الشوارد في فرائد حضرة مولانا خالد. هەروەها: نور الهدایة والعرفان).

– شێخ محەممەد ئەمین عابدین- موفتیی شام، (خاوەند کتێبی: سل الحسام الهندي لنصرة مولانا خالد النقشبندي).

– شێخ محەممەد ئەمین- موفتی حیللە، (خاوەند کتێبی: القول الصواب برد ماسمي بتحریر الخطاب).

– محەممەد سلێمان حەنەفیی بەغدادیی، (خاوەند کتێبی: الحدیقة الندیة في اداب الطریقة النقشبندیة والبهجة الخالدیة).

– شێخ محەممەد ڕەخاویی، (خاوەند کتێبی: الانوار القدسیة في مناقب السادة النقشبندیة).

– شێخ محەممەد عەبدالله مستەفا خاشی، خاوەند کتێبی (البهجة السنیة في آداب الطریقة العلیة الخالیدیة النقشبندیة. هەروەها: السعادة الابدیة فیما جاء بالنقشبندیة).

– مەلا حامیدی بیارەیی شارەزووریی- کورد، (خاوەند کتێبی: ریاض المشتاقین/ فارسیی!).

– شێخ حسێن ئەحمەد دووسەریی، (خاوەند کتێبی: الاساور المجسدیة في المآثر الخالدیة. هەروەها: الرحمة الهابطة في ذکر اسم الذات والرابطة).



– شێخ داود سلێمان جەرجیس ئەلعانی ئەلبەغدادیی، (خاوەند کتێبی: مسلي الواجد ومثیر التواجد في تشطیر مرثیة مولانا خالد).

– شێخ عەبدولمەجید محەممەد ئەلخانی، (خاوەند کتێبی: الحدائق الوردیة في حقائق أجلاء النقشبندیة).

– سەیید عەبدولفەتتاح ئەلئەدهەمی- ناسراو بە واعیز، (خاوەند کتێبی: البهجة الحلبیة في المشایخ النقشبندیة).

– عوسمان کوڕی سەنەد ئەلوائیلی ئەلبەسریی، (خاوەند کتێبی: أصفی الموارد في سلسال احوال الامام خالد. هەروەها: مطالع السعود).

زانا –شاعیر و مێژوونووس- عوسمان ئیبنوسەنەد، لە ڕیزی ئیمامی غەزالیی و ئیبنولموقریی دایناوە و شیعرێکی زۆری بەسەردا هەڵداوە. بۆ وێنە دەڵێ(٤٥):

فيا (قَرَداغَ) إفْخَر فانك مطلع
لبدر تسامى عن وجود مناظرِ
ومعدن عرفان سما بمعارفَ
أوابدَ لم تُدركْ باعمالِ خاطرِ
فدع عنك ما قال الحواسد إنّما
هو الغوثُ كمْ غاثَ النهّى بالمواطرِ
إذا أخذته نشأةَ الذكرِ خالدَ
لدى السُّكر رضوى كلّ سام و سامرِ
أبانَ لنا نهج السلوك فاصبحتْ
مناهجه تهدى لأسنى الذخائرِ
فلمْ يبقَ في بيدائه غير مُهتدَ
ولمْ يبقَ في ظُلماتَه غير سائرَ
رياض التُّقى لولَاه روض زهُرهاَ
لما كُنَّ في ذا العصر ذات أزاهرِ
تخبرنا منه العلوم بانّه
هو البحرُ لولا انهّ غير زاجرِ

زانای گەورە و بەنیوبانگی عیراق ئەبی سەنا سەیید مەحموود ئەلئالووسیی –شاگردی بووە- لێی گوتووە کە کەسێکی هاوتای نەدیتووە. دوای ستایشێکی زۆریش شیعری

بەسەردا هەڵداوە. دەڵێ(٤٦):

ألامامُ الجليل غوث البرايا
غيثها المُرتجى ندى إحسانه
ذو سجايا مثلُ الرياض سقاهاَ
وابلُ القطر من نَدى هُتانه
بحر جود له جداول عشرٍ
في يديه تدفقت منْ بنانه
سار في الخافقين ذُكرَ علاهَ
وعَلا قدرهُ على كيوانه
فائض العلم عن روية فكرَ
كادُ يجلو سرَّ القضا بعيانه
ثابت الذّهنِ كم خفايا علومٍ
قد جلاها بالكشف عن بُرهانه
فهو كشاف مُشكلات معانٍ
جلَّ الفاظها بديع بيانه.

ئەدیبی دیمەشقیی شێخ مووسای سیباعی لە ١٢٣٩ک.دا، شیعری بەسەردا هەڵداوە و تییدا دەڵێ(٤٧):

هو خالد في التمكين عارف وقته
ملجأ الرجال بحضرة الاطلاقَ
النقشبندي الكامل البحرُ الذيَ
لذوي الهدى والحبُّ اضحى الساقِ
هو ذو الحقائق والمعارف والهدىَ
عين الزمان حديقة الاحداق
بدر المطالع جامع العرفان إذ
يعلوه نور الفضل بالاذواق
شمسُ بدتْ للعارفينَ واشرقت
بدمشق فهو الطيبُ الاعراقِ

هەروەها شێخ شاهین عەتتار، شیعری بەسەردا هەڵداوە و دەڵێ(٤٨):



انّ الغرامَ مقرهُّ في خالدٍ
وشعاعه ضاءٍ على العشّاقَ
كالشمس تغربُ عند عين ظمأنٍ
واذا بدت عَمَتْ على الآفاقِ
صدر المحامد جمعتْ بكاملهَ
فاثارها بمحاسنِ الاخلاق

شێخ محەممەد عابدینیش بۆ کۆچی ماڵئاوایی مەلا- مەولانا خالید قەسیدەیێکی جوانی داناوە، تێیدا دەڵێ(٤٩):

أيّ رُكن من الشريعة مالا
فرأيناه قد أمال الجبالَ
منذُ رزئنا باوحد العصر علما
وبهاء وبهجة وكمالا
وإجتيهاداً وطاعةً وصفاءً
وسخاءُ وعفةَ ونوالا
هو بحرالعلوم شَرقاً وغرباً
ويميناً وقبلةً وشمالا
هو قطبٌ عليه دارت رحى العرْ
فان وهو الفريدُ قالا وحالَا
هو شيخ السلوك منْ نالَ هدياً
منْ سناه فقد تزكى فعالا
ولَعثمان ذي الحياء وذي النو
رين صحّ إَنتسابه واجلاله
دأبهُ نشر حكمة وعلوم
كم به من بُعد تقرب حالا
تعاد النجومَّ اتباعه في
كلّ قطر به صّفوا أعمالا
كم من خليفة زاد قُربا
وأمتطى في التُّقى مقاماً وتعالا

قد أجاب الاله لمّا دعاه
ولدار النعيم دام إنتقالا
فبكت العيون دمعاً غزيرا
فكأنّ العيونُ أصبحت ثكالا
خالد لقُطب انْ يزَلْ فَهداهُ
خالداً في الأنام ليس مزالا
ما سرى في الضمير ذكرٌ خفيّ
وإرتضاهُ سبحانه وتعالى

لەنێو دەیان شاعیر و دەیان قەسیدەی دیدا، شاعیر محەممەد جەداد سیاپۆش (؟) بەقەسیدەییێکی بەرزەوە کە ئەبیلسەناء مەحموود ئالووسیی روونی کردۆتەوە- لاواندنەوەییێکی بۆ کردووە. دەڵێ(٥٠):

لباذخٍ هذا الفضلُ لقبُك الورى
بحقّ ضياءالدين والاسم خالدُ
ومن أجل ذا كنيتَ ثم أبو البها
بهذا صفتْ للسالكين الواردُ
آحباء يراعي في الرثاء وإنني
الجواد ولا يُرقي لماّ أنا واجدُ
بكاك بعين الرّفق كلَّ موحَّد
لآنّك فردُ في الكرامة واحدُ
ولما هَوَيْتُ الحقَّ قُلت مُؤرّخا
هوى للقاء الحق في القدسِ خالدُ/ ١٢٤٢هـ

نێوبانگی مەلا- مەولانا خالید و رێبازی، بەرۆشنایی نامەکانی خۆی و دەیان سەرچاوەی باوەڕ پێ کراو، دەیسەلمێنن کە نەک هەر لە کوردستاندا(٥١) بەڵکو لە ئەستەنبوڵی پێتەختی دەوڵەتی عوسمانییەوە هەتتا: بەغداد، بەسرە، ئەحسا، شام، قودس، مەدینە، مەککە، میسر، مەغریب، تەنانەت هەتا لە کەفکاسیادا(٥٢) دەنگی داوەتەوە؛ دەیان خەلیفە، سەدان تەکیە، هەزاران مورید- لایێنگری هەبووە بە وەزیر و پاشا و میرزادە و زاناوە(٥٣).



کلۆدیۆس جیمس ریچ Richی گەشتڤانی ئینگلیز کە دیدەنیی «سلێمانیی» کردووە، لە یاداشتی رۆژی ٢٤/٧/١٨٢٠ز.دا- ١٢ی رەمەزانی ١٢٣٥ک، دەگێڕێتەوە: (موسڵمانێکی خوداپەرستی گەورە لە سلێمانییدا هەیە و نیوی شێخ خالیدە. کوردان پێیان نەنگە لە «حەزرەتی مەولانا»ی کەمتر پێ بڵێن ، گفتاریشی دەخەنە رێزەی «حەدیس- حديث»ەوە. لە هەموو شوێنێکی جودا جودای تورکیا و وڵاتانی عەرەبدا دوانزە هەزار لایێنگری هەیە. کوردان هەموو بە«وەلیی» دەزانن و زۆریان قسەکان لە رێزەی فەرماییشتەکانی پەیامبەریان پێغەمبەریان داناوە«!!».

عوسمان بەگ -کوڕی عەبدوڕڕەحمان پاشا/ کەمال- بۆ منی گێڕایەوە کە خۆی و پاشا- مەحموود پاشای برای، هەروەها نزیکەی هەموو سەردارەکانی کورد لایێنگیری ئەون)/تەواو(٥٤).

مامۆستای مێژوونووسان عەبباسی عەززاوی -زۆر بە مەولاناوە خەریک بووە و لێی نووسیوە- دەڵێ: (لە سنووری ئەو رۆژگارانەی دەوڵەتی عوسمانیی پان و بەریندا، لایێنگیرەکانی مەولانا خالید لە ماوەییێکی کەمدا خۆی دا لە بیست هەزار کەس)(٥٥).

خاوەندی: (الانوار القدسية) قسەی لە ئەو رۆژگارەی مەولانا و پاشتر کردووە و دەڵێ: (خەلیفە و لایێنگرەکانی خۆیان داوە لە سەد هەزار کەس پتر!)(٥٦).

لەمەڕ شێوەیشی نووسراوە: (پیاوێکی باڵابەرز، چوارشانە، سپیکەلە و روومەت ئاڵ، چاوومووڕەش، برۆ پان، ریشدارێکی هێور و جوان. جلوبەرگ پۆشتە و بێ داردەست و تەیڵەسان بووە!)(٥٧).

٢/٢- دانراوەکانی: عەرەبیی- فارسیی- کوردیی

١٢/٢/- سەردەمی مەلاییێتی- مامۆستایی

١/١- تعليقات على حاشية عبدالحكيم السيالكوتي على الخيالي في علم الكلام (يان) حاشية على الخيالي في العقائد. (چاپ کراوی ئەستەنبوڵ: ١٣٠٧ک-١٨٨٩ز).

٢/١- جلاء الاكدار والسيف البتار بالصلوة على النبي المختار.

٣/١- حاشية على جمع الفوائد من جامع الاصول وجمع الزوائد. (دانراوەکە خۆی، شێخ محەممەد ئیبنو سلیمان مەغریبیی دایناوە!).

١/٤- حاشية على نهاية الرّملي في الفقه الشافعي الى باب الجمعة.

١/٥- ديوان شعر مولانا (يان) ديوان بلاغتخوان مولانا الشيخ مجدد طريق نقشبنيدي ضيا ءالدين خالد قدس سره العزيز (چاپ كراوى ئەستەنبوولّ: ١٢٦٠ك- ١٨٤٤ز، هەروەها سالّى ١٩٧٧ز. شیعرەكانى عەرەبيى، فارسيى، كورديى شێوەى «گۆران»نن).

١/٦- شرح أطباق الذهب لجارالله الزمخشري (فارسيي).

١/٧- شرح العقائد العضدية في علم الكلام.

١/٨- شرح لمقامات الحريرى.

١/٩- فرائد الفوائد(يان) شرحه على حديث الايمان (فارسي).

١/١٠- الفوائد الضيائية (يان) حاشية على السيالكوتي لحاشية عبدالغفور اللاري على شرح العارف الجامي على كافية ابن الحاجب في علم النحو. (سەد و سێ پەڕەى لە سالّى ١٢٥٩ك- ١٨٤٤ز.دا چاپ كراوى ئەستەنبوولّە).

٢/٢/٢- سەردەمى ڕابەريى.

٢/١- جالية الاكدار في تقلبات الامصار

٢/٢- رسالة في اثبات الرابطة (سالآنى ١٨٤٠ز، ١٨٩٢ز چەند جارێ لە «قازان» و ئەستەنبوولّ»دا چاپ كراوە).

٢/٣- رسالة في اداب الذكر.

٢/٤- رسالة في اداب العبارات.

٢/٥- رسالة في اداب المريد مع شيخه (سالّى ١٨٩٥ز لە ڕووسيادا چاپ كراوە).

٢/٦- رسالة في طريقة (سالّى ١٢٦٢ك- ١٨٤٥ز لە ميسردا چاپ كراوە، ئەوجا كراويشە بە توركيى).

٢/٧- العقد الجوهري في الفرق بين كسبي الماتريدي و الاشعري. (سالّى ١٣٠١ك- ١٨٨٣ز لە بەغداددا چاپ كراوە).

٢/٨- عەقيدەى ئيمان- عەقيدەى كورديى. (دەستنووسى هەرەكۆنى ڕێكەوتى:٢٤ى موحەڕڕەمى ١٢٣٤ك- ١٨١٩/٣/٢٠ز.يە و لە ١٩٨١ز.دا وينەيێكى ١٨٧٧ز بلآوكرايەوە. هەرە وێنەى كۆن ئەمەيە لە ئەم كتێبەدا).



پەراوێزەكانى مەولانا خاليد:

١- بۆ خۆنێو بردن و لەسەر نووسينى، بنۆڕە: بغيه الواجد- ص١٧٣،٢٤٥/ الرقعه ٤٤، ٨٤. هەروەها: يادى مەردان- ج١، ل٢٥١/ نامەى فارسيى، ژ ١١٤.

تاريفێكى جاف: هۆزێكى كوردەواريى زيندووە. لە كۆنەوە لە چەند تيرە و بەرييێكى كۆچەرى نيو كوردستانى باشوور- نێوەند پێك هاتووە و هێنديێكيان نێويان ماوە و هينديێكى زيندووە. ئەوانە زۆربەيان -لە ئەم سەدەيەدا- نيشتەنيى و جێگير بوون و تاك و تەرايشيان بەمالآتەوە گەرميان و كوێستان دەكەن. كۆن لە زەهاو و سنە و بابان و ساپلآخدا دەهاتن و دەڕۆيين و هێنديێكيان لەنێويناندا جێگير بوون. جاف، يێكەمين جار لە بەلّگەنامەيێكدا نيوى دەركەوتبێ لە (پەيماننامەى زەهاو: ١١ى موحەڕڕەمى ١٠٤٩ك- كانوونى دووەمى ١٦٣٩ز)دايە. جاف، لەگەلێ لق و بۆبى گەورە و بچووك پێك هاتووە، تيرەى «ميكاييلّى» يێكێكە لە لقە گەورەكانى و ئەميش چەند پەلێكى هەيە و «ئاليى بەگيى- عەليى بەگيى» يێكێيانە و (مەلا- مەولانا خاليد) و (ناليى) شاعير بەرەيين (بنۆڕە: العشائر الكردية- ص٢٨،٤٧). جاف، لە تەمەنى بەبە- باباندا، بەتايبەتى لەدوا نيو سەدەياندا ناسراو بوو، خزمايێتيى، هاريكاريان هەبوو، دواى بەبە خۆيان و پێوەنديان لەگەلّ دەولّەتى عوسمانيى- توركى داگيركەرى سلێمانيى- هەبوو، دەسەلآتيان گرت. مەحموود پاشاى جاف لێيان هەلّگەڕايەوە و دوايى دانيشت. لەدواى يێكەم جەنگيى گێنييەوە، دەستەيێكيان هاريكارى ئينگليز و دەستەيێكيان پشتيوانى حوكمدار- مەليكى كوردستان، حەفيد زادە مەحموود بوون. ئەو خانەدانە «هەلّەبجە»نشين بوون و لە شەستەكانى سەدەى ڕابردووەوە زۆربەيان چۆلّيان كرد، كەوتنە سلێمانيى و بەغدادەوە. لەنێو جافدا و بنەمالّەى «هەلّەبجە»دا، برايان، تايير بەگ و ئەحمەد موختار جاف شاعيرانى دياربوون. عاديلەخانى دايكيان سياسەتمدار بوو، نيشانى «بهادر»ى لەلايێن بريتانياوە پێبڕا. ئەمێستە زۆريان خوويان داوەتە خويندەواريى و بازرگانيى. كوردستان نشينەكانيشيان -گوندنشينەكان- خەريكى كشت و كێلّن. **تاريفێكى شارەزوور**: نێوچەيێكى فراوانە لە كوردستانى نێوەندا. ميژوونووس (شەمسەددين ساميى)ى تورك لە (قامووس ئەلئەعلام)دا دەلّێ: سنوورى شارەزوور لە خۆرئاوايەوە ڕووبارى ديجلەيە، خۆرئاواى باكووريش باژێڕى مووسلّە. باشووريشى نيوچەى هەكارييە. خۆرهەلآتيش سنوورى ئێرانە. خۆرئاواى باشووريشى، چياى حومرينە.

ياقووتى حەمەويى دەلّێت: لە هەرێمى چوارمەدايە. درێژايى حەفتا پلەيە و سێ يێكە. پانيى بەرى سيى و حەوت پلە و سێ چارەكە. هەرێمێكى فرە چياى نيوان هەولێر و هەمەدانە. دانيشتووەكانى ئەم شوێنانە هەموو كوردن. مسسەعەمەر بن موهەلهەل ئەلئەديب دەلّێ: شارەزوور باژێڕ و گوندانە. ئاوييەكەى لە ئەم هەلەدا «نيم از ڕاى» پێ دەبێژن و لە دەشتانيدايە. خەلّكەكەى توندوتيژ و جەربەزەن. خۆيان بەهێز دەكەن و مالّيان دەپارێزن. ئەستووريى شوورەى باژێڕەكە هەشت گەزە. زۆربەى ميرەكانى خۆيين. ولآتەكەيان هەوارگەى شەست هەزار مالّە كوردى جۆر بەجۆرى هۆزەكانى:

گەلاڵیی، باسیانی، حەکیمیی، سۆڵییە. کشت وکێڵی زۆرە، خەڵکەکەی لە بەروبوومی دەشتەکانیان دەخۆن. لە نزیک ئەم باژێڕەوە چیایێ هەیە «شەمران- شەمیران»ی نێوە. لە خۆرئاوییشیەوە چیایێکی دی هەیە «زەڵم»ی نێوە. لە شارەزووردا باژێرێکی دی هەیە «شیز»ی پێ دەبێژن و گۆمێکی تێدا هەڵەدقوڵێ و دەڕواتە دەرەوە. ئەم باژێڕە، دارای کوڕی دارا دروستی کردووە. ئەسکەندەر پێی نەوێرا. پێوەندیشی هەتا خانەقین کشاوە. (بنۆڕە: الشیخ معروف، ص ٩- ١٠). ئەم هەواڵانەی سەدەی چوارەمی کۆچیی، یادی دوارۆژمان پێ دەکەنەوە کە زۆر دەبا. من لە بریی درێژکردنی، (بەڵگەیێکی دەستنووس و بەنرخ) یاد دەکەمەوە کە لە گۆڤارێکی ١٩٨٤دا بڵاوە. بەڵگەکە یاداشتی خانەدانێکی ئایینپەروەری نێو شارەزوورە و لەسەر لاپەڕەکانی (قرآن)یێکی پیرۆزدا، وەچە دوای وەچە نووسراوەتەوە. یێکەمیان کە باپیرە گەورەی هەمووانە و لە ساڵی ٥٢٨ک- ١ی نۆڤمبەری ١١٣٣ز.دا لە دەرەوەی شارەزوورەوە هاتۆتە نێوەوە و لە ساڵی ٥٤٠ک- ٣٠ی ئەپریلی ١١٥٠ز، لە باژێڕی «خورماڵ»ی ئێستەوە ئەم هەواڵانەی نووسیوە: (باژێڕی «خورماد» نێو لە ئەوەوە هاتووە: پاشایێ هەبووە نێوی «ماد» بووە. قەلاّیێکی سەختی دروست کردووە و نیوی «خۆر»ی تاقە کوڕی لێ ناوە. هەردوو نێوە لە یێکدراوەکەی باب و کوڕ بە «ڕوز- ڕۆژ» و بەکارهێنانی زۆریش وشەکەی داتاشیی بۆ «شەهرەزوری کوڕی ماد»! بەڕۆشنایی ئەو بەڵگە دەستنووسەش ڕوونە کە «خۆرماد» هەر «دزدان» و «خورماڵ»ی ئێستەیە، بگرە من دەڵێم ئەم وشەی «هەورامان»ەی ئێستە ڕیشەکەی هەر بۆ «خۆرماد- خوراماد، خورامان، هورامان، هەورامان»ی چیا و نێوچەش دەگرێتەوە! شایانی باسە، ئیبنوخەلەکانی مێژوونووس لە (وەفییاتولئەعیان- ج١، ل٤٢٢دا دەڵێ: شارەزوور لە لایێن «زوور»ی کوڕی «زەهاک»ەوە دروست کراوە). لەلایێکی دیەوە بەڵگەی باس کراو، یاداشتی وەچەیێکی دی (محەممەد مەنسوور: ٧٧٠ک- ١٦ی ئۆگۆستی ١٣٦٧ز) دەنوێنێ کە بە عەرەبیی وەک پێشینەکانی نووسیویێتی: (ئیبراهیم ئەلحەسەن لە ساڵی ٥٣٠ک- ١١ ئۆکتۆبری ١١٣٥ز، لە باژێڕی «خورماد»دا «عەنبەر»ی کیژە تاقانەی «بەدر پاشای خۆرمادی لێ مارە کراوە و خۆیشی بووە بەڕاوێژکاری کاروباری ئایینیی ئەو پاشا زادەیە. دوای مردنی پاشایش -دەوروبەری ٥٥١ک، ١١٥٥ز- عەنبەر خاتوون بووە بەشاژنی خۆرماد کە هەتا ساڵی ٥٦٤ک- ٥ی ئۆکتۆبری ١١٦٨ز ژیاوە. لەپاش مردنی شاژن خۆی، «بیلال»ی کوڕە گەورەی بۆتە پاشا). (بنۆڕە: مەحموود ئەحمەد مەحموود- حلقة مفقودة من تأريخ شهرزور أو مذكرات مجموعة علماء البلباسيين: گۆڤاری کاروان- ژ٥، ١٩٨٦. هەولێر) جێگەی باسە زۆربەی سەرچاوەکان و لێ کۆڵینەوەکانی جاران، لەمەڕ ڕیشەی نێوی «گوڵعەنبەر» کەوتبوونە هەڵەوە. بۆ وینە گوتوویانە گۆیا ئەم نێوە ئەو هەبووە: (خورمال- خوڵمار- گوڵمار، گوڵ عەنبەر) یان (گوڵعەنبەر-گرماڵ- خرماڵ) یان (گوڵعەنبەر کیژە جوویێکی جوان بووە) و وشەکەیش «خورمار، خاکی مارە» یان «ماڵی ڕۆژە». ڕاستییەکەی هەرە ڕای نیزیکیان ئەوەیە کە گوتوویێتی: (گوڵعەنبەر کیژێکی خانەدانی کوردان و سەردەمێ شاژنی خورماڵ بووە) کە ئەمە لە کتێبی (العراق الشمالي-



ص ٤٥٠)دا هاتووە. (بۆ گەڕی ئەم بیروایانە، بنۆرە: اصول اسماء المدن- ج١، ص١٦٢). جێگەی داخیشە، دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ز، کوڕ و کاڵێکی هونەرپەروەر دۆست، لە نەشارەزاییەوە (نمایشی گوڵعەنبەر)یان نواندووە و کردیان بەپیاوێکی شۆڕەسوار و تێکەڵی سەردەمی عوسانیی و ڕووداوی ئەم ڕۆژگارەیان کرد. من زۆرم پێ پێ گران بوو، بەیێک دوو کەسیانم گوت: کەچیی ئاش لە خەیاڵێ و ئاشەوان لە خەیاڵێ. ڕاستییەکەی کردەوەی هونەریان لەلایێک و نەشارەزایی مێژووش نەگبەتیی ڕۆشنبیریی و سەر لێ تێکچوونە. خودا خراپتر نەدا! بێمەوە سەر باس و دەڵێم: لە دوای مردنی شاژنەوە، خۆرماد وەکو بوو بە «گوڵعەنبەر»، ئەم نێوە هەر بە ئەو شێوەیە و لە ڕۆژگاری «بەبە»دا بەنێوچەی خورماڵ و دەوروبەری -بەهەڵەبجەشەوە- نێوبراوە، نەک بەنێوی شارەزوورەوە. لە ڕۆژگاری بەبەدا «شارەزوور»م باس کردووە کە کوێی گرتۆتەوە، بەلاّم دوای ڕمانی بابان و بەر لە ڕێکخستنی (هەرێمی مووسڵ)، نێونیشانی «شارەزوور» بەشێوەیێکی ڕەسمیی درا بەلیواکانی کەرکووک و قەزاکانی کەرکووک، هەولێر، ڕانیە، ڕواندز، کۆیسنجق، سەلاحییە- کفری. شارەزووری مێژوویش- گوڵعەنبەر- وەکو قەزایێ، بەهەڵەبجەشەوە خرایە سەر سلێمانیی، (بنۆڕە: تاریخی سلێمانیی- ل١٧٤). «گوڵعەنبەر» لە دەست چوو، قەزای هەڵەبجە ئاوەدانتر و «خورماد- خورماڵ»ە کۆنیش بوو بە ئاوایییەکی سەر بەهەڵەبجە کە هەتا ئەوڕۆش باری ئەو هەیە. بەلاّم «شارەزوور»ی هەرە کۆن بەتەنێ بەدەشتێکی کشت و کێڵی دەوڵەمەندی سەر بەئاوایی «عەربەت» و دەوروبەری دەناسرێ. من پێشنیاز دەکەم ئەم نێوەی (خورماڵ)ە لابدرێ و (خۆرماد)ی لێ بندرێتەوە. نێوی (گوڵعەنبەر)یش بەسەر قوتابخانەیێکی کیژانی خۆرماددا دابڕن.

٢- بنۆڕە: الحديقه الندیه- ص٢٩، اصفی الموارد- ص٢٣. ئەم دوا سەرچاوەیە دەشلێ: مەولانا بەنەسەب عەرەبە چونکی پیرمیکاییلێ -شەش ئەنگوست- دەچێتەوە سەر عوسمانی کوڕی عەففانی سێیەم خەلیفەی ئیسلام. نامەی ماجستێر -نووسراو بە عەرەبیی- لەلاپەڕە «٢»دا بەڕۆشنایی (سلێمان فاٸق بەگ- تأریخ بغداد) وەرگێڕانی لە تورکییەوە بۆ عەرەبیی: موسی کاظم نورس دەڵێ: بابی مەولانا «ئەحمەد ئاغا» بووە. هەروەها لەلاپەڕە «٢٧»دا دەشلێ، بابی مەولانا لە سەرەتادا - منداڵیی مەولانا / کەمال- لەبەر باری گوزەرانی سەختی نیازی نەبووە پێی بخوێنێ. جێگەی باسە، هەرگیز چ سەرچاوەیێکی دی هاوڕۆژگاری ژینی مەولانا، باسی «ئاغایی» بابی مەولانایان نەکردووە. کتێبی: الحديقة الندية، هەروەها أصفی الموارد کە ساڵانی ١٣٢٢ و ١٢٣٤ کۆچیی داندراون و ژیننامەی مەولانایان لە (نووسراوی شاگردێکی مەولاناوە) وەرگرتووە، تەنانەت دانراوەکانی محەممەد ئەسعەد ساحیبی برازایشی و کەسانی دی، هەرگیز بابی مەولانایان بە«ئاغایێ» نیشان نەداوە. بێ لە ئەمانە هەموویشی، نامەکانی مەولانا خۆی، هەرگیز نیشانەیێکی ئەوتۆ نانوێنن!

٣- بنۆڕە سەرچاوەکان: الحديقة الندية: ص٢٩، ٣٠ کە پتر دەڵێ: (پیر خدر فاتیمیە) و أصفی الموارد- ص٢٣ دەڵێ: (دایکی مەولانا عەلەوییە) و یادی مەردان- ج١، ل٧، بە نێوی (فاتمە)ی ئاشنا

کردووه. الانوار القدسیه- ص٢٦٠ نێوی (فاتمه)ی بەکیژی تاقانەی مەولانا ئاشنا کردووه، بەڵام نامەی ماجستێر- ص٨، دەڵێ «خاتو پیرۆز»ی نێو بووه گۆیا مەلا عارف نێوێکی سەرشەقامیی سلێمانیی ئەم ڕۆژگارە ئەو نێوەی دایکی مەولانای پێ زانیوه کە هەوگیز چ سەرچاوێی نێوێکی ئەوتۆیان نەهێناوه و بڕوا دەکەم ڕیشەی ڕاستیشی نەبێ. جێگەی گوتنە سەرچاوە کۆنەکان نێوی «پیر خدر»یان بێ ناسنێوی «شاهۆیی» نواندووه کە لە نێو کوردەوارییدا هەر بە «پیر خدری شاهۆیی» ناسراوه.

٤- سەرچاوەکان: الحدیقة الندیة- ص٣٠، أصفی الموارد- ص٣. ئەم سەرچاوانە نزیکەیساڵی ١١٩٠ک- ١٧٧٦ز بۆ هاتنە دنیای مەولانا دەنوێنن، بەڵام برازای خۆی لە پەراوێزی، الحدیقة الندیة دا، ئەو مێژووەی بە«١١٩٣ک» نواندووه گۆیا ئەمەی بەڕۆشنایی وەسیەتنامەی مەولانا لێک داوەتەوە و پتر ڕوونی دەکاتەوه، (بەگێڕاندنەوەی نوێژە فەرزەکانی سیی و پێنج ساڵی تەمەنی کە وەسییەتی بۆ کردبوو! خۆیشی پەنجا ساڵ و مانگێک و حەڤدە ڕۆژ کەم ژیاوە و ئەوە دیارە لە ئەو مێژووەدا لە دایک بووه!). بەئەو ڕۆشناییە، سەرچاوەکانی دی: التعریف بمساجد، تاریخی سلیمانی، الشیخ معروف، یادی مەردان، ساڵی ١١٩٣ک دادەنێن، بەڵام نامەی ماجستێر- ص١٢، بەتەنێ دەڵێ: (لەیێکێ لەخێوەتەکانی نێوان هەردوو گوندی تەڕەزەیت و نەفتیی سەر بەقەرەداغ لە داییک بووه!) ئەم گفتارەیشی لە ئەو کڵاو ڕۆژنەوە هاتووه گۆیا (برای مەولانا مەحموود ساحێب لە ١١٩٧ک- ١٧٨٢ز لە گوندی نەفتیی سەر بەزەردیاوا) هاتۆتە دنیاوە و لە: الفیوظات الخالدیة- ص٤٩دا نووسراوه. ڕاستییەکەی ئەم پێوانە پەسەند نییە چونکی ئەگەر شوێنی مەولانا دیار نەبوایە دەشیا بەشوێنی لە دایک بوونی براکەی بکەون، بەڵام هەرچیی سەرچاوەیێ «قەرەداغ» دەنوێنن و باسی دەکەن و کەسیان نێوی گوندی «نەفتیی» نەهێناوه. بۆیێکا نێوی «قەرەداغ»یشیان هێناوە چونکە لەگەڵ هەڵکەوتنی عوسمانیی و تێکەڵیی و داگیرکارییان -هەتا لەسەردەمی فەرمانڕەوایی بەبەشدا- نێوە کوردییە ڕەسەنەکە: (زەردیاوا)یان بەکار نەبردووه و وێڕا نێوە هەرە ڕەسەنە کوردییەکە خۆی «کاردۆخ» یان «کارد-ئاخ/ عەردی کاردو- وڵاتی کاردۆ- کورد»ی پێش ئیسلامیان کوێر کردەوه. «نەفیتی»ش گوندێکە کە سەر بەزەردیاوایە. بنۆڕە: اصول اسماء المدن- ص٢٧١-٢٧٣.

٥- بنۆڕە: الحدیقة الندیة- ص٣١، اصفی الموارد- ص٢٧. ئەم دوو سەرچاوەیە تا دەگاتە: التعریف بمساجد، الشیخ معروف، تاریخی سلێمانیی، یادی مەردان نێوی مامۆستاکانی «قەرەداخ»یان نەهێناوه، بەڵام نامەی ماجستێر- ص١٥ دەگێڕێتەوه گۆیا. (لە ماڵە بابیدا فێری خوێندن بووه). لە لاپەڕە ٢٦دا دەشڵێ گۆیا (بابی مامۆستای بووه و قرآنی لەلا خەتم کردووه). هیچ سەرچاوەیێ، هەتا یێکەم سەرچاوه: الحدیقه الندیه- مەولانا باسی خۆی بۆ شاگردەکەی کردووه- قسەی ئەوتۆیان نەکردووه کە ئەم نامەیە لە لاپەڕە ٢٧یشدا نێوی «شێخ لەتیفی قەرەداخیی»ش دەبا گۆیا. مامۆستای بووه!!

٦- بنۆڕە: الحدیقة الندیة- ص٣٠، اصفی الموارد- ص٢٨ کە هیچیان باسی برهەمێکی کوردیی



مەولانان نەکردوه.

٧ سەرچاوەکان نێوی مامۆستاکانی ئەم هەلەیان نەهێناوه.

٨- بنۆڕ: اصفی الموارد- ص ٢٩، الحدیقة الندیة- ص٣٠ و هاوتایان.

## شێخ عەبولکەریم بەرزنجەیی کێیە؟

کوڕی ئەبیلقاسم کوڕی حەسەنی بەرزنجەییە، کتێبی «حلیة البشر- ج٣، ص٧٥٤ لەنێوهێنانی شێخ تەهای کوڕی شێخ عەبدوڕڕەسووڵی کوڕی بایەزیدی شافیعیی مووسەوییدا دەڵێ ئەم زانایە لەلای عەبدولکەریم و عەبدوڕڕەحیمی کوڕانی ئەبیلقاسم کوڕی حەسەنی بەرزنجەیی خوێندوێتی!» خاوەندی: علماؤنا- ص ٣١٢ دەڵێ: کوڕی شێخ قاسم کوڕی شێخ حسێن کوڕی شێخ بایەزیید کوڕی شێخ ئیسماعیل کوڕی شێخ بابا ڕەسووڵی بەرزنجەییە. مامۆستا محەممەد خاڵ (مجلة المجمع العلمي العراقي- م٥، س ١٩٥٨، ص ٢٧.هـ) دەڵێ: (لە دەوروبەری ساڵی ١١٤٠ک- ١٧٢٧ز لە گوندی بەرزنجەی سەر بە سلێمانییدا لە دایک بووه، لە ساڵی ١٧٩٨ز بەپەتای ڕشانەوەکەی سلێمانیی مردووه و لە ئەو گۆڕستانەدا نێژراوە کە ئێستنە نێوی هەڵگرتووه. مەولانا خالید بەقەسیدەیێکی فارسیی بۆ کۆچی ماڵئاوایی لاواوەتەوه).

قەسیدەکەی مەولانا خالید ساڵی مردنەکەی بەئەم شێوە ڕاگرتووه:

بنی تأریخهم رَبّ الرحیم

«کفاکم خالدا دار النعیم= ١٢١٣ك»

بنۆڕە: یادی مەردان- ج١، ل٥٩٥.

التعریف بمساجد- ص٣٨ دەڵێ: (مەلا ئیبراهیمی بیارەیی زانا، شاگردی بووه). هەتا ئێستەش هەواڵی بەرهەمی دانراوی ئەم زانایە ئاشکرا نییە کە دەسەڵاتی زانستی بنوینی بەڵام قەدر و حورمەتی بەئەوەدا دیارە، فێرگە- مزگەوتی عەبدوڕڕەحمان پاشای بەبە ئەسپاردەی کراوی ئەو بووه. خاوەندی أصفی الموارد- ص٢٩ ستایشێکی زۆری کردووه و شیعری بەسەردا هەڵداوه. بۆ وێنە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| وشریف نراه علماً علیا | ولطیف الذکا قویم القیاس |
| سیروه علماً فألفوه بحراً | فائض الـــدُّرِ طیّبُ الانفاس |
| فبتحقیقه أبانَ مـــحیا | من بحوث تغنیّ عن النبراسِ |
| أعاذلٌ في الأکراد لمْ یك مثلهُ | اذا قیلَ مَنْ للمشکلات یَحلّهاَ |
| اذا روضة الابحاث صوح نبتها | سقاها من الافکار جوداً یطّلها |
| یداوي کلوم المعُضلات بفکرة | سریـــعٌ الی جُلَّ المسائل حلّها |
| سما کلَّ منْ خلفاهُ بَدْرَ البلدةِ | وإن کان سعداً بالحظوظ یحلهًا |
| أجل اولی التحقیق في حَلبةٍ | اذا قیلَ هل خریت فهم یدلّها |

هتد...

## مەلا محەممەدی ساڵحی تەڕەمایی کێیە؟

هەر هیندە خاوەندی حیلة البشر- ج٣، ص١٣٠٤ بەشێخ محەممەد ساڵح کوردی شافیعیی ئەشعەریی نیـوی هێناوە و سـەرچاوەی دی بەرهەم و یادگـاری نانوێنن. (تەڕەمـار)یش گـوندێکی لای ئـاوایی سورداشە! التعریف بمساجد-ص٣٨ دەڵێ: ئیجازەی مەلاییێتی لە ساڵح ئەفەندیی حەیدەریی وەرگرتووە. نامەی ماجستێر- ص٣٥ دەڵێ: مەلا محەممەد مەلا ڕەسوول زەکیی شاگردی ئەم زانایە بووە. بۆ مردنەکەی، حیلە البشر- ج٣، ص١٣٠٤ دەیخاتە ساڵی ١٢٢٠ و هێندێ!! بەڵام مەولانا خالید کە بەقەسیدیێکی فارسیی بۆ مەلا ساڵح نێوێ -هەر ئەویشە- لاواوتەوە، ساڵی مردنەکەی ڕاگرتووە کە یادی مەردان، ج١، ل٦٠٧ و پەراوێزی ١، هەمان قەسیدە و دوا نیوە دێڕی قەسیدەکەی بەتیپەکانی ئەبجەدی لێک داوەتە و بە ساڵی ١٢٠٥ک دەژمێرێ. پێم وەیە ڕاگرتنەکە ناتەواوە کە لەگەڵ نیشاندانی لاواندنەوەکەی مەولانا خالید کە بۆی گوتووە:

فــــرید دهر مـــــلا صـــــالح زاد
کـه تا بد داد علم و فـضل مـیـداد
روانش بـود مــــرغ گلشـن قـــدش
روان شـد سـوی نزهتگاه خـودشـاد
ســتــون علم و عــمــان مــعــانی
همــه اســتــاذ هارا بـود اســتــاد
رقم زد خـــامـــه تـاریخ وفـــاتش
(کـه از پا ان ســتــون علم افـتـاد)

ئەم دواتاکە -گۆیا دەکاتە ١٢٠٥ - بەڕیزکردنی تیپەکانی ساڵی ١٢٢٩ک- ١٨١٤ز دەگرێتەوە و بەئەم شێوەیە:

کە= ک/ ٢٠+ـه/ ٥=٢٥
أز= أ/ ١+ز/ ٧=٨
پا= پ/ ٢+آ/ ١=٣
آن= آ/ ١+ن/ ٥٠=٥١
ستون= س/ ٦٠+ ت/ ٤٠٠+ و/٦+ ن/ ٥٠=٥١٦
علم= ع/ ٧٠+ ل/ ٣٠+ م/ ٤٠=١٤٠
افتاد= أ/ ١+ ف/ ٨٠+ ت/ ٤٠٠+ آ/ ١+ د/ ٤=٤٨٦

خاوەندی: اصفی الموارد- ١٢٢٩ک ص٣٠ قەسیدەییێکی بەسەردا هەڵداوە.
بۆ وێنە دەڵێ:

یا کــامــلاً خطب الکمــال بفکره
الوقّـــادِ حـــتـی کـــانَ مِنْ أربابـهِ
شکراً لمنْ أولاك علمـــــاً لم یَزَلْ
یحـیــا الهُـدی بسـحـابه وأبابه
ادرکتَ بـالتـحـریر للبـحث الذری
ونظمتَ بـالتــقــریر دُرَّ ســخــابه
أقـــــرأتَ خـــالدا الاجلّ المُـتقیَ
شرفـاً تُخـال الشـمسَ دون هضـابه
وفـتـحـتَ عینَ الفکر فـیــه فـاتحـاً
من ورارد الاحـــســـان مُـــرتجٌ بـابه
وبقــیتَ مُـفـتـخـراً بإقــراء امـرئٍ
دین إلتـقی هو إرتشـافَ حَـبـابه
وکـحلْتَ بـالتـوفـیق طرفك نـاظراً
من خـالدٍ فـضـلاً علی أضـرابه.

٩- ئەو دوو زانستەمان تاریف کردووە.
١٠- بنۆڕە: الحدیقة الندیة- ص٣٠، اصفی الموارد- ص٣١، التعریف بمساجد- ص٣٨، هامش١.

## مەلا ئیبراهیمی بیارەیی کێیە؟

خاوەندی، علماؤنا فی خدمه، ص٢٤-٢٥، لێی گوتووە: کوڕی مەلا ئیسماعیلی مامۆستای گوندی «بیارە»ی سەر بەئاوایی «گوڵعەنبەر- خورمال» بووە. لە ١١٨٥ک- ١٧٧١ز لە لاوییدا بۆ زانست فێربوون گەشتی کردووە، لە ئەم هەلەدا بابی مردووە. بۆ جێگە گرتنەوەی بابی پتر خوێندوێتی و لەلای شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجەیی و لە سلێمانیی»دا خوێندنی تەواو کردووە. میرانی بەبە- بابان ڕێزیان گرتووە و فێرگەیان بۆ ئاوەدان کردۆتەوە. دەگێڕنەوە لە زانستەکانی (بەلاغە، وەزع)دا شارەزابوو. بێ لە ئەوانەش لە زانستەکانی نەقڵیی و عەقڵییدا باڵا دەست بووە. هاو ڕۆژگاری زانایان! شێخ عەبداللەی خەرپانیی، مەلا جەلالی خورماڵیی بووە. دوو کوڕی، مەلا حسێن و مەلا تاهیری هەبووە، یێکەمیان مەلا مستەفا و مەلا تەیبیی بووە. مەلا مستەفایش مەلا عەزیزی بووە کە جیگیری قازیی «گوڵعەنبەر» بووە. مەلا ئیبراهیمی بیارەیی لە دەوروبەری ١٢٥٠ک- ١٨٣٤ز.دا مردووە! (بەهێندێ دەستکارییەوە). خاوەندی، حلیة البشر- ج١، ص٤٥-٤٦ ستایشی کردووە و دەڵێ یا لە ساڵی ١٢٢٠ک- ١٨٠٥ز، یا لە ١٢٩٠ک- ١٨٧٣ز.دا مردووە کە بێ گومان بەرامبەر سەرچاوەی پێشوو، کەوتۆتە هەڵەوە.

خاوەندی: اصفی الموارد- ص٣١، ستایشی کردووە کە بەمەلا- مەولانا خالیدی خوێندووە، شیعریشی بەسەردا هەڵداوە، ئەمە وێنەتی:

علمٌ سمـا للعـــلم أعلی ذروة  شـمـخـتْ علی الأعـلام والأطاد
مغنی اللبیب یفید کلُ مطوّل  تلخیــــصه في مجمع الأیراد

مـفـتـاح ايضـاح لمعنى مـزتج      مـصـبـاح مـفـتـقـر الى الامـداد
منْ عـابـه في الدرس قـال مـقـرراً      يحـــيـى الدروس بذهنه الوقـاد
هو روضـه لــــكن كـمـائم روضـه      لــمْ يـخلهـا يومـاً من الاوراد
ذكـر الربيع فـقـال يا أم اشـكري      مـني ربـيـعـاً للبـويطي الهـادي
هتد...

خاوەندی: التعريف بمساجد- ص٣٣ دەگێڕێتەوە، لە ساڵی ١١٩٩ک-١٧٨٤ز کە ئیبراهیم پاشای بەبە سلێمانیی ئاوەدان کردەوە، مەلا ئیبراهیمی لە گوندی «مەلکەندیی»دا بە ماۆستا دانا.

١١- بنۆڕە: الحديقة الندية- ص٣٠، اصفى الموارد- ص٣١، التعرف بمساجد- ص٣٨.

## شێخ عەبدوڕڕەحیمی بەرزنجەیی کێیە؟

برای شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجەیی باس کراوە. ژین و بەرهەمی زۆر دیار نییە. دۆستی هاوڕۆژگارەکانی، شێخ مارفی نۆدێی، مەلا عەبداللەی خەرپانیی بووە.

خاوەندی: اصفی الموارد- ص٣١، ستایشی کردووە و شیعری بەسەردا هەڵداوە. ئەمە وێنەیتی:

منْ لعبد الرحيم في البحث حاذا
ولَكمْ شَدَّ للنوادر حَاذا
وأرانا العلومُ تفترّ ثغرا
مَنْ رأه يقول مالي وهذا
لاتطع فيه عاذلاً باذ واسأل
من الى ما أجراه في الدّرس باذا
فهو فاروق كلَّ بحث وانْ كنتُ
اراهُ للهاربين معاذا
ما لقوم قد أنكروا علويا
قد تسامي باحمد لاقباذا
هتد...

خاوەندی: حلیة البشر- ج٢، ص٨٤٢-٨٤٤، ستایشی کردووە و ساڵی مردنی بە ١٢١٢ک-١٧٩٧ز داناوە. ئەمەش هەڵەیە و دواتر کۆچی کردووە و هەتا ساڵی ١٢١٦ک- ١٨٠١ز هەر زیندوو بووە و لە فێرگەی «گوڵعەنبەر»دا مامۆستا بووە کە بەڵگە و مۆری خۆی بەسەجەرە نامەیێکی مەلا عەبداللە خەرپانییەوە هەیە و محەممەد عەلیی قەرەداخیی بڵاوی کردۆتەوە. بنۆڕە: محەممەد عەلیی قەرەداخیی- شێخ عەبداللە خەرپانیی، گۆڤاری زانیاری کورد، ٢-٢، ١٩٧٤، ل٢٥٠.

خاوەندی: یادی مەردان- ج١، ل١٢ لێی گوتووە: ئیجازە نامەی دەچێتە سەر سەیید محەممەدی کوڕی خدری حەیدەریی.

١٢- سەرچاوەکانی: الحديقة الندية- ص٣٠، الشيخ معروف- ص٣٨ ، یادی مەردان- ج١.ل٩. نامەی ماجستێر- ص٣٨، ئەمانە جۆری خوێندنیان نیشان نەداوە.



## شێخ عەبداللە خەرپانیی کێیە؟

کوڕی سەیید ئیسماعیل کوڕی سەیید محەممەد کوڕی سەیید عەلیی کوڕی سەیید خدر، کوڕی سەیید ئەویسی، کوڕی سەیید نووڕەددین، کوڕی سەیید مستەفا، کوڕی سەیید سەلاح، کوڕی سەیید عەوەز هەتا دەگاتە (ئیمام هەمزەی کوڕی ئیمام مووسای کازم)!!

ڕیشە و بنجی نیشتەنیی کەسوکاری دەچێتەوە بۆ گوندی «تەکیە»ی سەر بەقەرەداخ. وێ دەچێ خۆی لە گوندی «خەرپان»ی سەر ڕێگەی «هەڵەبجە- بیارە»دا و لە دەوروبەری ١١٥٩ک- ١٧٤٦ز لە دایک بووبێ.

خوێندنی (قرآن) و سەرەتاکانی نەحوو سەرفی لەلای بابی خوێندووە. چەند شوێنی دی گەڕاوە، وێنەیان گوندی «تەڕە مار»ە. نێوناسی «ئیبنوزەبیح»ی لە بابییەوە هەڵگرتبوو، بەڵام بە«خەرپانیی» نێوبانگی بەرزبووە. زانایێکی هاو ڕۆژگار و دۆستی، شێخ عەبولقادری موهاجیر، شێخ مارفی نۆدێیی، شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجەیی، شێخ بابەعەلیی تەکییەیی و شێخ مستەفای قازیی سلێمانیی، شێخ عەبدوڕڕەحیمی بەرزنجەییی بووە.

شێخ عەبداللەی خەرپانیی لە ١٢١٦ک مامۆستای فێرگەی گوڵعەنبەر بووە. سەجەرە نامەیێکی مۆری هێندێ زانای باس کراوی بەسەرەوە هەیە. شێخ مارفی نۆدێیی بەرزنجەیی -برایانە- ئیجازە نامەیێکی لە هەموو زانستێکدا کە خۆی لە زەینواعابدینەوە وەریگرتووە، بەقەڵەمی خۆی بۆ نووسیوە.

شێخ عەبداللە لە چەند شوێنێکی وەک، گوڵعەنبەر- هەڵەبجەدا مامۆستایێتی کردووە. هەروەها لە ساڵی ١٢٣٦ک- ١٨٢٠ز.دا کە مەولانا خالید سلێمانیی چۆڵ کرد لە فێرگە و خانەقاکەی مەولانادا جێگیر بووە و ٣-٥ ساڵێکی تێدا ڕابردووە و ئەوجا گەڕاوەتەوە بۆ هەڵەبجە!

شێخ عەبداللە لای پاشا و میرزادەکانی بەبەوە، ئیبرا هیم پاشا، سلێمان پاشای خالید پاشا و ئەحمەد بەگی برای، عەبدوڕڕەحمان پاشا، مەحموود پاشا و کوڕانیەوە ڕێز لێ گیراوبووە. دووەم و سێیەم یادگاریان هەیە کە کتێبیان لەسەر وەقف کردووە، هەروەها ئەوان بەرووبووم، ڕووباری «دێلێن، مالوان» و گوندەکانی «تەوێڵە» و «خەرپان» و «کولەزێ» و شوێنی دیان لەسەر فێرگەکەی و خۆیشی وەقف کردووە کە هەتا جەنگ یێکەمی گێتیی بەدەست نەوەکانیانەوە بوو.

سەرچاوەکانی باسەکان: محمد الخال- محمد فيضي الزهاوي مفتي بغداد، مجلة المجمع العلمي العراقي- م٥، س ١٩٥٨، ص١٢٤، هامش ٢. هەروەها، محمد علي قرەداغي- الشيخ عبدالله الخرپاني من خلال مخطوطات مكتبته- مجلة المجمع العلمي الكردي، م٢، ع٢، س ١٩٧٤، ص٢٣٩-٢٧٥.

جێگەی باسە هەر بەڕۆشنایی ئەو سەرچاوانە، گەلێ شاگردی هەڵکەوتوون: مەولانا خالید، نالیی شاعیر، زانا مەلا عەبدوڕڕەحمانی نۆدەشەیی، مەلا ئەحمەدی موفتیی نۆدشە، مەلا سادقی تەوێڵەیی، محەممەد فەیزی زەهاویی، مەلا یووسفی نشاریی، مەلا ئەحمەدی هەڵەبجەیی، مەلا مەعرووفی دەربەند فەقەرەیی ناسراو بەئیبنوتالیع، مەلا یاسینی تەوێڵەیی.

١٣- لێکدانەوەی خۆمە و بۆ تێ گەیشتنی پتر بنۆڕە پەراوێز ١٦.
١٤- سەرچاوەکان، الحدیقة الندیة- ص٣٠، اصفی الموارد- ص ٣١، هەروەها هی دی.

**مەلا عەبدوڕڕەحیمی زیارەتیی کێیە؟**

زانایێکی گەورەی ڕۆژگاری خۆی بووە. خاوەندی، اصفی الموارد- ص ٣٣-٣٤ ستاییشی کردووە بەفەرهەنگی ژماردووە و شیعری بەسەردا هەڵداوە. دەڵێ:

قصائد لم تطربن الا لآنها
لها من علا عبدالرحیم مساند
إمام زکا عرقا فاضحی محله
له سمرت فوق السماء مصاعد
تجسد من علم فمن قال انه
عباب ففیما قال لاحت شواهد
تقاریر أما زهرها فسوائر
ولو انها کالخالدات خوالد
فوائده في الدرس هن فرائد
ولو انها للدارسین موائد
قواعد أبداهنُّ غرُّایزینها
نوادر في الآفاق هنّ الشوارد
إذا جال في بحث رأیت به فتی
له طاب من بحث العلوم الموارد
له عُزرُ لمآعة وبراعة
لها من بدیع النظم صارتْ أوابدَ

خاوەندی: حلیة البشر- ج٢، ص ٨٤٤ ستایشی کردووە بە شێخ عەبدوڕڕەحیم ئەززیاریی ناسراو بە مەلا زادە ئەششافیعی ئەلئەشعەریی نێو بردووە. ساڵی مردنی بە ١٢١٢ک داناوە. ئەمە هەڵەیە چونکە خاوەندی: علماء ومدارس، ص٩٠-٩١ دەگێڕێتەوە کە لە ساڵی ١٢٣٩ک- ١٨٢٣ز.دا ئیجازەیێکی مۆرکراوی خۆی داوە بە ئەبووبەکری مەلا عوسمان کە تێیدا دەڵێ: (وأنا الحقیر قرأت العلوم النقلیة والفنون العقلیة والحکمیة والاعتقادیة والصنایع العربیة علی العلامة صبغة اللة افندي وهو علی مولانا صالح افندي الحیدري). سەرچاوەی نێوبراو پتر دەڵێ: کە عەبدوڕڕەحیمی زیارەتیی کاوەیێ لە هەولێریشدا دەرزی گوتۆتەوە. هەروەها دەبێژێ، مامۆستا مستەفا نەقشبەندیی گوتوویێتی کە مەلا زادە لە مزگەوتێکی بچووکی خۆرهەڵاتی هەولێردا دەرزی گوتۆتەوە و دوای هەر لە ئەو شوێنەدا مزگەوتی ئەبوبەکر ئەفەندیی نەقشبەندیی دروست کردووە. ئەئەمانەدا دیارە، درەنگتر و لە دوایی ١٢٣٩ک مردووە کە نازانرێ کەیە!! جێگەیتی بڵێم: زیندووبوونی ئەو زانایە دوای



تەریقەت وەرگرتنی مەولانا خالید لەبەرچاوە. نامەیێکی -فارسیی- مەولانا بەرەو ڕووی دەڵێ: (مخلص صمیم ومشفق قدیم أستاد اجل ملا عبدالرحیم). بنۆڕە یادی مەردان- ج١، ل٢١٩. زیارەت، دوو گوندە یێکێ لە دامێنی خۆرهەڵاتی چای پیرەمەمدایە. ئەوی دی لە دامێنەکانی خۆرئاوای چیای سەفین دایە و هەردوو سەر بەنێوچەی خۆشناوەتین لە شەقلاوەدا. بنۆڕە: علماء ومدارس- ص٨٩. هەمان سەرچاوە ص٢٨٥ دەڵێ: کوڕی مەلا مستەفای زیارەتییە و لە دەورووبەرانی ١١٨٠ک هاتۆتە دنیاوە. خوێندنی لەلای بابی دەست پێ کردووە و ئیجازەیشی لێ وەرگرتووە، هەروەها ئیجازەش لە زانا ساڵح حەیدەریی. زیارەتیی عەبدوڕڕەحیم ئیجازەیشی داوە بە مەلا عەبدوڕڕەحمان ڕۆژبەیانی.

١٥- سەرچاوەکان: الشیخ معروف- ص١٠٣.هـ (له عنوان المجد- ص١١٤وە). علماء ومدارس- ص١٠٤، یادی مەردان- ج١، ص١٩. الحدیقة الندیة- ص٣٠ نێوی شوێن زاناکە، ئیبنوئادەمی نەهێناوە و گوتوویەتی: (کۆیێ و هەریر و دەورووبەریان).

**ئیبنو ئادەم کێیە؟**

محەممەد- ئیبنو ئادەمی باڵەکیی -کوڕی عەبدالله باڵەکییە. لە زانست و زانیندا گەورەترین زانای باڵەکە. ساڵی ١١٦٤ک- ١٥٧٠ز لە گوندی «ڕۆست»ی باکووری «گەڵاڵە»ی سەر بەباژێڕی ڕواندز لە دایک بووە. لە ئەویشدا پێ گەییشتووە و لەسەر دەستی کۆمەڵێ زانا خوێندوویێتی وەک: زانای گەورە محەممەد کوڕی عەبدالله بایێزیدیی کە ئیجازەنامەی پێ داوە. لە نامەیێکی دەستنووسی خۆیدا -سلسلة الذهب کە ساڵی ١٢٣٤ک/ ١٧٧٨ز دایناوە، ژینی خۆی دەنوێنێ و دەبێژێ: لە تەمەنی سیی ساڵاندا خوێندنی زانستەکانی ئیسلامی تەواو کردووە و پەراوێزی بۆ هێندێکیش داناوە. ئەوجا خووی داوەتە زانین. مامۆستا محەممەدی خاڵ دەڵێ: زۆر هۆگری گەشت بووە، بۆ وێنە ساڵی ١١٩٢ک-١٧٧٨ز چووە بۆ «مەهاباد» بۆ فێربوونی فارسیی کە لە ئەو هەلانەدا مامۆستا و نووسەر بووە. دواتر، وێ دەچێ تا دوای ١٢٠٥ک- ١٧٩٠ز لە گوندی «وێڵـزێ»دا ژیابێ و ئەوجا ڕووی کردبێتە ڕواندز کە میر محەممەد پاشای کۆر داخوازی بووە، بەڵام دوای چەند ساڵێ -دیاریی نەکردووە کەی؟- لەگەڵ پاشا تێک چووە و ناچار لە گوندی «ڕۆست»دا جێگیر بووە. لە ئەم شوێنەشدا زۆربەی دانراوەکانی داناوە. مەلا وەیسیی کوڕی مەلا عەبدالله کە وەچەی خۆیێن دەڵێ، لە ساڵی ١٢٦٠ک-١٨٤٤ز.دا کۆچی کردووە. ئیبنو ئادەم دوانزە کوڕی هەبووە، هەندێکیان لە زانست و داناندا باڵا دەست بوون. ئیبنو ئادەم لە ڕۆژگاری خۆیدا گەلێ زانا و مامۆستا دۆستی هەبوون، لە ڕیزدا: مەلا یەحیای مزووریی، شێخ مارفی نۆدێیی بەرزنجەیی، مەا عەبدوڕڕەحمانی جەلیی، مەلا عەبداللەی خەرپانیی، مەلا عەبدوڕڕەحمانی ڕۆژبەیانیی، عەبداللەی گەڵاڵیی، عەلیی دووسانیی، مەلا محەممەدی خەتیی کە ئەم سیانەی دوایی -وێرای مەولانا خالید- شاگردی بوون. بەقسەی زانا مەسعود محەممەدیش، حاجیی قادری کۆییش هەروەها. ئیبنو ئادەم پێوەندییەکی زانستانەی بەهێزی لەگەڵ شێخ مارفی نۆدێیدا هەبووە. بۆ بەڵگە لەسەر مەنزوومەکانی نۆدێیی «کفایة الطالب نظم

کافیة- ابن الحاجب» و «مصباح الخافیة في شرح الکافیة»ی نووسیوە. هەروەها ئیبنو ئادەم پێوەندیی لەگەڵ عەبدورڕەحامن پاشای بەبەش هەبووە. (لە شوێنی دیدا پتر باسی دەکەم!). ئیبنو ئادەم بەڕاستیی زانایێکی هەڵکەوتوو بووە، لە زانستەکانی (کەلام. مەنتیق، سەڕف، بەلاغە، حساب، ئەندازە)دا دانراوی بەنرخی هەیە، دیسان لە زانستی (گەردووناسیدا- فەلەک شوناسیی) یانزە دانراوی هەیە کە تێکڕا هەموو سیی و شەش دانراوە. وەک باسیم کردووە، **مەبەستی کوردیی بنووسێ و بەریان لێ گرتووە**. دەبێژرێ هەڵبەستی کوردیی- هەروەها عەرەبیی- داناوە. دیسان بێژراوە هێندێ بەیتی کوردیی دۆزراوەتەوە کە نێوناسی (واجم)ی بەکار بردووە. ئیبراهیم فەسیح حەیدەریی لێی گوتووە: لەنێو ئەو مەزنانەی لە منداڵیدا پێیان ڕاگەیشتووم و میوانی ئەسعەد حەیدەریی باپیرم بوون، زانای هەڵکەوتووی دونیا، سەرکەوتوو بەسەر هەموو زانا و پیرانی عێراقدا، خاوەندی چەند دانراوی بەنرخ، پیری هەموو لە هەموو شتێکدا، مەولانا محەممەد ئیبنو ئادەمی کوردە. بنۆڕ: علماء ومدارس- ص١٠٢-١٠٨ بەهێندێ دەستکارییەوە.

١٦- سەرچاوەکان: الحدیقة الندیة- ص٣١. أصفى الموارد- ص ٣٤، هەروەها هی دی.

## مەلا عەبدورڕەحمانی جەلیی کێیە؟

کوڕی مەلا عەبداللەی یێکەم، کوڕی مەلا محەممەدی ناسراو بە «مەلا زادە»ی دانیشتووی گوندی «شیواشان»ی سەر بەئاوایی تەق تەق- کۆیێ. کوڕی ئیبراهیم کوڕی مەلا حەسەن، کوڕی میرزا مەلا ئەبووبەکری دانیشتووی گوندی «گلاس- بێگەلاس»ی نێوچەی پشدەر. (بێگەلاس لای من ئەو کەسەیە کە بەیتی ناسراو و لاووکی لاس و خەزاڵی بەسەردا هەڵدراوە/ کەمال) مێژووی لە دایک بوونی -تەواو- ڕوون نییە و وی دەچێ لە دەوروبەری ١١٤٠ک- ١٧٢٦ز.دابێ و لەنێو خانەدانەکەیدا دەستی بەخوێندن کردووە، ئەوجا بۆ زانست گەڕاوە. بۆ نموونە، لەلای محەممەدی کوڕی خدری حەیدەریی -کۆچ کردووی ١٧٦٤ز- خوێندووتیی و ئیجازەی وەرگرتووە. دوایی لە گوندی «جەلیی» نزیک چیای «ئاوەگرد»ی باکووری قەزایی «کۆیێ»دا جێگیر بووە. لەسەر خواستی (عەبدورڕەحمان پاشای بەبە) هاتۆتە «کۆیێ» و فێرگەی بۆ ئاوەدان کراوە و ڕێزی لێ گیراوە. مەلا عەبدورڕەحمانی جەلپی کۆمەڵێ دانراوی چاپ نەکراوی هەیە، وەک پەراوێزەکانی لەسەر (شرح مولانا الجامي على کافیة ابن الحاجب)، (شرح کمال الدین الفسوي رشافیته)، (حاشیة الملا الیزدي في المنطق)، (شرح العقائد النسفیة للتفتازاني)، (المختصر والمطول في علم البلاغة)، (شرح جمع الجوامع)، (شرح مختصر المنتهي)، (شرح منهاج البیضاوي في اصول الفقه) (المنح المکیة في شرح القصیدة الهمزیة- الشیخ احمد بن حجر الهیثمي)، (فتح المبین- الاربعین النوویة)، (أشکال التأسیس في الهندسة)، (شرح الجغمیني) هەروەها لە (اثبات الواجب)دا نامیلکەییێکی هەیە و ڕوونی کردۆتەوە. هەروەها لەسەر (خلاصة الحساب- بهاءالدین العاملي) و پەراوێزی دی لەسەر (خلاصة البیضاوي) و (تحفة المحتاج- ابن الحجر). بنۆڕە: علماؤنا، ص٢٦٨- ٢٦٩. علماء ومدارس، ص٦٢-٦٣.



خاوەندی: اصفی الموارد- ص٣٤ شیعری بەسەردا هەڵداوە و ستایشی کردووە و دەڵێ:

ولعُ بابکار المعـــاني فکره
فکانها عرب الیها یطربُ
صفي من العلم الدقیق زجاجة
فوها عن السرَّ الإلهي معربُ
یا ربع فقه الشافعي بشارة
إذ جاد روضك منه دان صیبُ
اصبحت مفتر الازاهر ضاحکا
من علمه ففناك منه مخصبُ
أضحَتْ مواردك الشهیة في الورى
موروده إذ طاب منك المشربُ
حکم أراها ما بَدوَن لعارفٍ
إلا سما وله أتمَّ المطلب
ونوادر مازلن منه شواردا
نادي العلوم بها مریع مخصب
رقتْ زجاجة طبعه فطلبته
لإنال منه مابه أتقرب
والشیب لم یکرع بفودي ذوده
وقضیبه برد النجابة یسحب
فضرخت عنه لسوء جد في الورى
وبقیت لاشرف لدي ومنصب

خاوەندی: حیلة البشر- ج٢، ص٨٢٩- ٨٣٠ بەشێخ عەبدورڕەحمان ئەلعیراقی ئەلشافعی ئەلئەشعەریی نێو بردووە و پەراوێزێکی هەڵە و ستایشی بۆ نووسیوە. ساڵی ١٢١٢ک-١٧٧٩ز بەساڵی مردنی داناوە. علماؤنا، علماء ومدارس و چەندی دی ساڵی مردنەکەیان بە ١٢١٧ک-١٨٠٢ز داناوە. نامەی ماجستێر- ص٤٥ بەدەوروبەری ١٢١١ک- ١٧٩٦ز داناوە! وردبوونەوەیەییێکی پێ ویست لە ئەم گەشتەی مەولانا خوێندکار! و ئەو ساڵانەی نیشان دران، کارێکم پێ دەکەن لەمەڕ (گەشتەکەی نیوان هەریر- سلێمانی) وردتر تەماشا بکەم کە چەند نهێنیی -نادیار- شایانی یێکلاکردنەوەن: جارێ: «الحدیقة الندیة- ص٢٩-٣١» کە یێکەم سەرچاوەیە قسەی لە گەشتەکەی کردووە، کە دەڵێ: (علی ما اخبر تلمیذه/ وەکو شاگردەکەی ئاگەدار کردووە) واتە مەولانا، دڵنیام دەکا کە گفتارەکانی لەمەڕ ئەو گەشتە، دروست کراو نییە و ورد داڕێژدراو مەولانا خۆی شایێتە، بەڵکو چاکترە ڕووی ڕاستیی لە ئەم ئاماژە گرنگەوە تەماشا بکەم کە: (زاوای مەولانا محەممەد خانیی خاوەندی، البهجة السنیة- ص٣: دەگیڕێتەوە: الحدیقة الندیة چاکترین

کتێبە بۆ نواندنی تەریقەتی خالیدی نەقشبەندیی. پتر دەڵێ: جارێکیان مەولانا قەددەسیرڕەهو و پرسیاری لێ کردم، فەرمووی: چیی بۆ موریدەکان دەخوینیتەوە؟ گوتم: کتێبی الحديقة الندية. فەرمووی، ئایا عیبارەتەکانی ڕەوانن؟ گوتم: لە دونیادا ڕەوانتر نییە؟ فەرمووی: هەموو عیباراتی منە!/ تەواو). نهێنیی لە ئەمەدا ئەوەیە، مەولانا خۆی هەموو وشەیێکی بۆ «الحديقة الندية» گێڕاوەتەوە و -وەک مامۆستا محەممەد خاڵ دەڵێ- خاوەند کتێبەکە هەر ڕیزی کردووە و ڕێکی خستووە. لە ئەم سەرچاوەیەوە، ڕستەیێکی پێکگرتوو دەبێژێ: (۱- رحل الي نواحي كويي و حرير/ ڕووی کردە ئاواییەکانی کۆیێ و هەریر! ۲- قرأ شرح الجلال علي تهذيب المنطق بحواشية علي ملا عبدالرحيم الزياري المعروف بملا زادة/ ئەو کتێبە و بەراوێزەکانی لەلای مەلا زادە خوێندووە! ۳- وأخذ في تلك النواحي غير ذلك من غيرة/ لە ئەو دەوربەرانەدا چشتی دی لە کەسانی دی وەرگرتووە و خویندوویێتی! ٤- فعاد الي قصبتة «كويي» للاخذ عن العالم العامل الملا عبدالرحمن الجلي/ ئیدی گەڕایەوە بۆ کۆیێ و خوێندن لەلای جەلیی! ٥- فصادفة مريضا الذي توفي فيه/ ڕێکەوتی کرد نەخۆشە و پێی مرد! ٦- ورجع الي السليمانية/ گەڕایەو بۆ سلێمانیی!)، ئەمە و اصفى الموارد، ص۳٤-۳٥، هەتا دەگاتە: الانوار القدسية- ص۲۲٥، هەرییێکە بەداڕشتنی خۆیەوە هەمان مەبەستیان داوە بەدەستەوە. ئەم ئاوێنەیە بۆ چەند باسێ و لێ بوردبوونەوەیان هانم دەدا، وەک:

- ئایا مەلا عەبدوڕڕەحمانی جەلیی، لە دەوروبەری ۱۲۱۱ک یان لە ۱۲۱۷ک مردووە؟ بۆ ساڵی ۱۲۱۱ک بەڵگەی تۆمارکراو دیارە کە دەڵێ: هەتا پاش ڕەمەزانی ۱۲۱۱ک کەسێ مانگی قەمەریی بۆ تەواو بوونی ئەو ساڵە و هاتنی ساڵی ۱۲۱۲ک ماوە، جەلیی زادە هەر زیندوو بووە، چونکی عەبدوڕڕەحمان پاشای بابان، بەمۆری خۆیەوە کتێبی «صحيح البخاري» لەسەر وەقف کردووە - ڕەنگبێ هەر بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزانیشەوە بەدیاریی- بۆیی ناردووە. ڕوونووسکەرەوەی کتێبەکە: محەممەد کوڕی شێخ یووسفی کوڕی شێخ مەولانی کوڕی شێخ عومەری نەوەی ئەویسی قەرەنیی، دەڵێ: (لە مانگی ڕەمەزان لە نووسینەوەی تەواو بوو) بنۆڕە: مەسعوود محەممەد- حاجیی قادری کۆیی- ج۱، ل۲٥۷-۲٦۰ کە وێنەی دەستنووسەکەیشی نواندووە. مایەوە سەر ساڵی ۱۲۲۷ک، ئایا ئەم ساڵە لەبەرامبەر گفتارەکەی «شاگردی مەولانا والحديقة الندية دا» کە دەڵێن: (جەلی زادە بەنەخۆشیی دیتووە کە پێی مردووە، ئەوجا گەڕایەوە بۆ سلێمانیی) پەسەندە؟ مەولانا خالید - فەقێ- کە لە کۆیێیەوە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانیی -لە ئەوێ و دەوروبەریدا- لەلای مەلا مەحموودی غەزاییی و هی دی خوێندووتی، ئەوجا (چووە بۆ بەغدا) و شتێکی خوێندووە، ئەوجا (گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانیی سەردەمی ئیبراهیم پاشای بەبە) کە دوای لێ کردووە لە فێرگەکەیدا مامۆستا بێ و ئەویش خۆی پەڕاندۆتەوە و پەسەندی نەکردووە، ئەوجا چووە بۆ «سنە» و کێ مامۆستای دی: شێخ قەسیمی سنەیی. ئەوجا (بەپاش ڕوودانی پەتای ڕشانەوەکەی ساڵی ۱۲۱۳ک- سلێمانیی) و مردنی شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجەیی (هاتۆتەوە بۆ سلێمانیی و بووە بەمامۆستا لە فێرگەکەی مامۆستا کۆچ کردووەکەیدا!).



بەپشتی ئەم باسانە دەڵێم:

۱- دیارە ساڵی ۱۲۱۷ک تەواو لە جەلیی زادەوە دوورە. بەواتایێکی دی مەولانا لە ئەو هەڵەدا «شاگرد» و لە ۱۲۱۷ک مامۆستا بووە.

ڕاستییەکەی من وەک: حليه البشر کە دەڵێ: (ولم يمضي علية حتي اختار- واتە جەلیی زادە- الاخرة دار السلام/ چەند ڕۆژێکی پێ نەچووە کە ئاخیرەتی ماڵی ئاسوودەیی هەڵبژارد)م پێ ڕاستە کە ئەم ساڵی ۱۲۱۲ک نیشانە نەکردووە.

۲- ڕستەی (واخذ تلك النواحي غير ذلك من غيره) نهێنییەکەی هەر ئەوەی، درەنگتر -وەک ئیبراهیم فەسیح حەیدەریی لە المجلد التالدا ڕوونی کردۆتەوە- ڕووی لە دەوروبەرانی دی، ڕووی کردۆتە لای مەلا محەممەد ئیبنو ئادەمی باڵەکیی کە لە ئەو ڕۆژگارانەدا جەلیی زادە و ئیبنو ئادەم هەرە بەنێوبانگی ئەو دەوربەرانە بوون. لە ئێرەدا پەنجە دەدەم لە نامەیێکی عەرەبیی مەولانا خالید کە لەسەردەمی خوێندکارییدا -بێ نێوهێنان- بۆ مامۆستایێکی نووسیوە و ڕستەی «لترصدي نقلتكم الي المصايف في القري/ سەرنجی چوونتانم بۆ کوێستانەکانی گوندەکان دا» ئەوە دەنوێنێ کە وێرای دیاربوونی وەرزەکە، نامەکەی بۆ مامۆستایێکی کوردستان نشین نەک بەغدادنشین نووسیوە. وێڕای ئەمەش - لە ئەم نامە عەرەبییەی مەولانا خالیدی خویندکاردا- ڕستەی «ئادەم» بێ هوودە دانەنراوە کە دڵنیام مەبەستی ئیبنو ئادەمە خۆیتی... بزانە نامەکەی چیی دەنوێنێ:

بسم الله الرحمن الرحيم

حمداً لمنْ علمَّ (آدم) الاسماء تعليما وكرَّمَ نبيَّهُ على العالمين تكريما واصطفى منهم مُحمداً وعظمهُ تعضيما وصليَّ الله عليه وعلى آله وسلمَّ تسليما. وبعد فيا من أحوجني اللهّ الى نواله مع غاية عنأي وأكرمني منّ عميم أفضاله مع نهاية رجاءي والذي سلك بنا مسلك التعلم والتعليم وإنه قسم له تعلمون عظيم. إنيّ لم أردُ حينَ إنتقالي من (وطني) الاّ وصالي الى جنابكم ولَمْ انو زمان إرتحالي من مسكني سوى إكتحالي بتراب ابوابكم وإلاّ فالعلماء في أرضنا اكثر من أنْ تُسقصى مع أنَّ جلاء (الوطن) من فرط القتاد اصعب وقد استهلته وصحاب الاحبة من كلّ عذبِ أعذَبُ وقد إعتزلته. وأما سبب عَدم توقفي بعد ما بلغت ذلك المقام فهو عدم إطاقتي لغلبةَ الكثرة والازدحام وإنزواءي في هذه الورطة مسور الاحجار والثرى، لم يكن الاّ لترصدي نقلتكم الى المصايف من القرى. فالآن أنْ تأمرو بعودنا فنحنُ راجعون قهقري، والاّ فسبيل مجيئنا يرى ورضينا مِن القلم لِما جرى والسلام.

بنۆڕە: بغية الواحد- الرقعة الثامنة والاربعون، ص۱۸۱ هەروەها: یادی مەردان- ج۱، الرقعة ۳٤، ص۳۷۸.

۳- ئارەزوو دەکەم خویندەوار پتر دڵنیای هاتن و چوونەکەی مەولانا- خوێندکار بکەم و بەتایبەتی لەلایێکەوە دڵنیا بێ کە لە کاتی پەتای «ڕشانەوەکەی سلێمانیی» و «ئیبراهیم پاشای بەبە»دا لە سلێمانییدا نەبووە و دوای ئەو پەتایە گەڕاوەتەوە و بووە بەمامۆستا. هەروەها زەبری پەتاکەش بناسێ... غرائب الاثر، ص٥۱-٥٤ کە پەتاکەی نێو سلێمانیی دەخاتە کاتێکی درەنگی ۱۲۱۳ک-

١٧٩٨ز، هەروەها خـۆیشی باسی ڕووداوەکـانی «مـووسڵ»ی ١٢١٤ک- ١٢٩٥ک، دواتر دەکـا، دەڵێ: «لە زیلقەعیدەی ١٢١٤ک- نیسان ١٧٩٩ز پەتاکە گەیشتە مووسڵ و لەنیوەی سەفەری ١٢١٥ک- ١٨٠٠ز.دا بڕایەوە. لە باژێڕی سلێمانییدا هەژدە هەزار، تەنانەت دەبێژرێ بیست و حەوت هەزار کەسی مراندووە، سێ لاشە و پتر خراونەتە چاڵێکەوە. وێ دەچێ پەرێشانیی و شپرزەیی زۆر قەومابێ بۆیێکا سەگی هار بەربوونەتە لاشەی مردوو، تەنانەت هێندە بەوەزەن – موزیڕ- بوون چل کەسیان کوشتووە. ئیبراهیم پاشای ئەحمەد پاشای بەبەی فەرمانڕەوایش ناچار بووە پیاوەکانی بەگوللە قڕیان تێ بخەن!) بەکورتیی، مەولانا-خوێندکار کە لە «سنە»ەوە هاتەوە و پەتاکە بڕابۆوە، لەساڵی ١٢١٤ک- ١٧٩٩ز.دا، لە تەمەنی بیست و یێک ساڵاندا بووە بەمامۆستا!.

١٧- سەرچاوەکان، اصفی الموارد- ص٣٥. الحدیقة الندیة- ص٣١ (بێ نیو هێنانی مەلا مەحموود)، هەروەها سەرچاوەی دی.

## مەلا مەحموود غەزایی کێیە؟

کوڕی محەممەدی غەزایی- محەممەد کوردەی غەزایی، کوڕی دانیال کوڕی محەممەد غەریب، کوڕی پیر بەکر، کوڕی سوبحان، کوڕی محەممەد مەنسووری بلّباسی، کوڕی سادق کوڕی سادقی باب(*)
کوڕی بیلال کوڕی: ئیبراهیم و شاژن عەنبەر خاتوونی کیژی پاشا بەدری کورد، پاشای خۆرماد- خۆرماڵ لەپێش ٥٣٠ک- ١١٣٦ز.دا. بنۆڕە: کاروان- ژ٥، حلقة تأریخیة... خاوەندی: حلیة البشر- ج٣، ص١٤٨٢ ستایشی کردووە و بە مەلا مەحموود کوڕی غەزایی کوردیی سلێمانیی شافیعیی ئەشعەریی نیشان داوە و پتر دەڵێ گۆیا: لە ساڵی ١٢١٢ک- ١٧٩٧ز.دا لە دایک بووە کە ئەمە هەڵەیە. سەرچاوەی دی بەدەستەوە نییە هەموو ژینی و بەرهەم ڕوون بکاتەوە، اصفی الموارد- ص٣٥ ستایشی کردووە و شیعری بەسەردا هەڵداوە. ئەمە وێنەیتی:

یا طالبـاً تحفَ العلوم علیك مـا
یرویه مـحـمـود من الآثارِ
کم جـوهرٍ ابدی بحلقـة درسـه
ترویه عنه عـواطل الافکار

*(*) ڕەنگبێ یێکێ لە ئەم دوو (سادق) نیوە، کوڕ و باب، ئەو (شێخ سادقە بێ کە موناجاتەکەی بۆ خالید پاشای میری بابان، کۆچ کردوو لە باژێڕی ئۆرفە، ١١٥٦ک-١٧٤٣ز.دا گوتووە!) و هەر ڕەنگبێ سادقی کوڕیشی بێ. بابی ئەم زانایە کە لەلای، حلیە البشر- ج٣، ص١٤٨٢ بەغەزایی کوردیی سلێمانیی شافیعیی ئەشعەریی نیوبراوە، لە گەلێ سەرچاوەشدا هەر بە (محەممەد کوڕەی غەزایی) ناسراوە. ئەم هەستە پاکەی دەچێتەوە سەر ڕیشەی خانەدانە دێرینە کوردەکەی پاشانینی کوردی خۆرماد- خورماڵ. ئەم سەجەرەیەش کە وەک باسم کرد لەسەر لاپەڕەکانی (قرآن)ێکی پرۆز بۆ پشتاوپشت نووسراوە: لەلای نەوشیروان مستەفا ئەمین - هەرچەندە پێم گوت من لەگەڵ ڕای نیم- بەدەستکرد و تازەبابەت و بۆ مەبەستێ لە قەڵەم دراوە کە ئەو ڕایەی پەسەند نییە. کۆنە دەستنووسێ لەسەر لاپەڕەکانی (قرآن)ی پیرۆز بەڵگەیێکە بۆ پیرۆزیی و قەدەغەبوونی دەستکاریی و پاراستنی ڕاستیی کە ڕەنگبێ لەسەر لاپەڕەی قاقەزی دیدا بوونایە، لەمێژبوو کوێر دەبوونەوە، دەفەوتان.*



عـینـاً لاثارِ النبيَّ وجـدتـه
أو مـا تـراه کلّ یوم جـار
هتد...

١٨- سەرچاوەکان: الحدیقة الندیة- ص٣١ (بێ نێوبردنی جۆری خویندنی و مامۆستای)، الانوار القدیمة- ص٢٢٥ (بەنێوبردنی خوێندن و مامۆستایەوە)، یادی مەردان- ج١، ل١٠ (لە المجد التالدەوە)، نامەی ماجستێر- ص٢١ (هەر خۆی دەبێژێ لەلای حەیدەرییەکان خویندوویێتی!!)

١٩- ئیبراهیم پاشا کێیە؟...

کوڕی ئەحمەد پاشا کوڕی خالید پاشا کوڕی بەکر بەگ کوڕی بەبە سلێمان. مێژووی لە دایک بوونی دیار نییە. لە ساڵی ١١٩٦ک- ١٧٨١ز.دا نێوی دەرکەوت کە بەرەزامەندیی (مەحموود پاشای بەبە)ی مام و جگەرسۆزەی هەمیشەیی بابی، بووە بەفەرمانڕەوای کۆیێ و هەریر، بەڵام لە ئەم هەلەدا - لەژێرەوە لەگەڵ مامی ناپاک بوو- لەگەڵ والیی عوسمانیی بەغداد ڕێک کەوت بۆ جودا و دەست بەرداربوونی مامی. لە ١١٩٧ک- ١٧٨٢دا لە «دەربەندی بازیان»دا گفتێ کە دابووی بەوالیی دوژمن، بەجێی هێنا و هاریکار بوو بۆ دەرپەڕاندن و کەوتنی مامی، خۆیشی بەبەرگ و نیشانی پاشاییەوە کرا بەفەرمانڕەوای بەبە و کۆیێ و هەریر، مامیشی پەنای بردە ئێران و لە ئەوێدا، ١١٩٨-١٧٨٣ز بەپیلانێکی ئیرانییەکان تووشی شەڕێ بوو لەگەڵ (بوداق خان)ی موکریی و بەگوللەیێ بەکوشت چوو، تەنانەت سەر بڕدرا، ئیبراهیم لە ساڵی ١١٩٩ک-١٧٨٤ز.دا «سلێمانیی» ئاوەدان کردەوە کە مەحموود پاشای مامی لە ١١٩٦ز.دا سەرایێکی لە گوندی «مەڵکەندیی- سلێمانیی»دا دروست کردبوو. لە ساڵی ١٢٠١ک- ١٧٨٦ز.دا لە فەرمانڕەوایی بەبە خرا و (عوسمان پاشای مەحموود پاشا) دامەزرا. لە ١٢٠٣ک- ١٧٨٨دا سەرلەنوێ بەپاشایێتی دامەزرایەوە، لە ١٢٠٤ک- ١٧٨٩ز.دا جارێکی دی لێ خراو ڕای کرد بۆ ئێران. لەنیوان ١٢٠٥- ١٢١٢ک/ ١٧٩٠-١٧٩٨ز، لە بەغدادی تورکە مەمالیەکاندا ژیاو سەلەنوێ -وەک داردەستێ- هاتەوە جێگەی عەبدوڕڕەحمان پاشا. لە ١٢١٦ک- ١٨٠١ز.دا باژێرۆکی «کۆیێ» و «هەریر» لە سەلیم بەگی برای عەبدوڕڕەحمان پاشا سەندرایەوە و خرایە پاڵ ئەو لە ١٢١٧ک- ١٨٠٢ز.دا لە باژێڕیی «مووسڵ»دا بەنەخۆشیی مرد و لە گوندی «نبی الله یونس»دا نێژرا. وەرگیراو بەکورتیی لە (دوحة الوزراء، مختصر مطالع، غرائب الاثر، اربعة قرون، تاریخی سلێمانیی)ەوە.

٢٠- سەرچاوەکان: الحدیقة الندیة- ص٣١ (هێندێ میری نێوبردووە)، الفیض الوارد- ص٢٢٠ (هەروەکو پێشوو)، اصفی الموارد- ص٣٨ (نیوی ئیبراهیم پاشای نواندووە)، الانوار القدسیة- ص٢٢٥ (دەڵێ کە اصفی الموارد نیوی ئیبراهیم پاشای هێناوە و خاوەندی المجد التالد نێوی عەبدوڕڕەحمان پاشای هێناوە)، یادی مەردان- ج١، ل١١ (نێوی عەبدوڕڕەحمان پاشای هێناوە).

٢١- سەرچاوەکان: الحدیقة الندیة ص٣٢، اصفی الموارد- ص٣١، الانوار القدسیة- ص٢٢٥، التعریف بمساجد- ص٣٨، ﻫ١ (بە محەممەد قەسیمی کوردستانیی نێوی بردووە).

## شێخ محەممەد قەسیم کێیە؟

کوڕی شێخ ئەحمەدی دووەم کوڕی شێخ مەحموود کوڕی شێخ ئەحمەد، کوڕی شێخ مستەفای تەختیی، کوڕی شێخ شەمسەددینی یێکەم، کوڕی شێخ عەبدولغەففار، کوڕی گوشایش کوڕی شێخ محەممەدی مەردووخیی. وەچەی دەگێڕێتەوە، لە ساڵی ١١٤٣ک- ١٧٣٠ز، لە باژێڕی «سنە»دا لە دایک بووە. لە ساڵی ١٢٤٣ک- ١٨٢٣ز، لە ئەوێدا کۆچی کردووە. خوێندنی لەنێو خانەدانەکەیەوە دەست پێ کردووە، ئەوجا لەلای زانایانی وەک:

مستەفای سۆرانیی بالیسانیی، شێخ محەممەد شێخ ئیبراهیمی عەلیجیی داغستانیی و هتد... (زنجیرەی مامۆستاکانی گەورەیە و جێگەی نابێتەوە). گەلێ زانای دوا ڕۆژ شاگردی بوون، وەک: مەلا عەلیی زێباریی. بنۆڕە: علماؤنا- ص ٤٣٥-٤٣٨. التعریف بمساجد- ص١٥ دەڵێ: لە ساڵی ١٢٣٦ک- ١٨٢٠ز،دا مردووە. (من ئەمە بەڕاست نازانم). خاوەندی، اصفی الموارد- ص٣٩، بەستایشەوە شیعری بەسەردا هەڵداوە، وێنەی ئەمەیە:

بوجـــهِ سنندج أمـــسى منيـــرا
كـــــبـــــدرٍ لاحَ فـي أفُقٍ وهلاّ
وسلَّ علی يد الإبداع ســـيــفــاً
فــعـــادت بعــد ذاك السلَّ شـلاّ
هتد...

خاوەندی: التعریف بمساجد- ص٤٨ دەڵێ: لە گەڕاندنەوەکەی مەلا- مەولانا خالید بە«سنە»دا بۆ سلێمانیی، ئەم زانایەش بووە بەموریدی.

٢٢- سەرچاوەکان: الحديقة الندية- ص٣٢، اصفی الموارد- ص٤٠. التعریف بمساجد، ص٣٧، ٣٨ لەنیوەهێنانی فێرگە و مزگەوتەکانی ئەو ڕۆژگارەی سلێمانییدا، دوو مزگەوت- فێرگەی گەڕکی گوێژەی سلێمانیی نیشان داوە:

- مزگەوتی عەبدوڕڕەحمان پاشا کە شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجەیی یێکەم مامۆستای بووە و دوای مردنی مەلا خالید- مەولانا جێگەی گرتۆتەوە.
- مزگەوتی میری میران عەبدوڕڕەحمان پاشا کە خۆیشی دەرزی تێدا گوتۆتەوە. دوایی ئەم نیوەی لەسەر لابراوە و بەمزگەوتی سەیید حەسەنی موفتیی نێوبراوە(*).

*(*) ئەم مزگەوت- فێرگەیە دەبێت نیوی عەبدوڕڕەحمان پاشای بەبەی لێ بنرێتەوە چونکە نەک هەر دامەزرێن بووە، مامۆستاییێتی تێدا کردووە. کتێبخانەکەی ئەوقافیش کە ئەسڵەن بەیادگاری «بەبەکان»ەوە زیندووە، دەبێ نێو بگۆڕدێ بۆ (کتێبخانەی بابان)، تەنانەت ئەو باڵاخانەیەش کە لە ئەم فێرگەیە دابڕاوە دەبێت هەمان نیوی لێ ببدرێ. (پێشم وەیە، کاتی خۆی بەعسی دوژمن بەئەنقەست ئەو باڵاخانەیەی قووت کردەوە کە هیوام هەیە دواڕۆژ برمێ و بخرێتەوە سەر مزگەوتەکە و جوانتر ئاوەدان بکرێتەوە! دەبێت بشزانرێ -ڕەسمەن- بەعس دژی هەموو ڕەمزێ بووە کورد بنوینێ و ها پەیکەرتاشینیشی لە کوردستاندا قەدەغە کرد!.*



ئەمێستە هەر ماوە و لەلاییێکدا باڵاخانەییێکی تێدا کراوە کە بارگەی «کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانیی»یە. شایانی گوتنە چ سەرچاوەیێ ساڵی دامەزراندنی ئەو مزگەوت- فێرگەیان نەنواندووە!.

**٢٣- شێخ محەممەد کوزەبەریی کێیە؟**

کوڕی شێخ عەبدوڕڕەحمانی دیمەشقیی شافیعییە، لە ٣ی مانگی شەعبانی ١١٤٠ک- ١٧٢٦ز.دا لە دایک بووە. لەبەر دەستی بابیدا خوێندوویتی، خاڵی بابیشی شێخ عەلیی کوڕی ئەحمەد کوزبەریی کە بە شافیعییە بچکۆڵە ناسراوە فێری فیقه بووە. زانا شەهاب ئەحمەد مەنینییش فێری حەدیسی کردووە. هەروەها لە زانایانی دیش: عەلیی ئەفەندیی داغستانیی، شێخ عەبدوڕڕەحمانی کوڕی جەعفەری کوردیی و کەسانی دی زانستە جۆر بەجۆرەکانی وەرگرتووە. شەوی هەینی، ١٩ی ڕەبیعولئەووەلی ١٢٢١ک- ١٨٠٦ز لە ماڵی خۆیدا، گەڕەکی شاغور- دیمەشق کۆچی کردووە. بنۆڕە: حلية البشر- ج٣، ص١٢٧-١٢٩.

**٢٤- مستەفا کوردیی کێیە؟**

ڕەگەزی زۆر ڕوون نەکراوەتەوە، بەڵام وێ دەچێ کوڕی شێخ عەبدوڕڕەحمانی کوڕی جەعفەری کوردیی بێ. اصفی الموارد ص٤٧ بە شافیعیی ئەشعەریی و زانایێکی گەور و پاکی ناساندووە، دەڵێ لە ١١٧١ک- ١٧٥٧ز.دا لە دیمەشقدا لە دایک بووە و لەسەر دەستی بابی و زانا گەورەکانی دی پەروەردە بووە، دەشڵێ: شێخ محەممەد کوزبەریی مامۆستای بووە. حيلة البشر- ج٣، ص.١٥٤٠ دەڵێ: لە ساڵی ١٢٣٩ک- ١٨٢٣ز.دا و لە دیمەشقدا مردووە و لە مزگەوتی «مرج الدحداح»دا نێژراوە. خاوەندی أصفی الموارد- ص٤٨ ستایشی زۆری کردووە قەسیدەییێکی درێژی بەسەردا هەڵداوە. ئەمە وێنەیتی:

صــوفي حب لواء القــوم في يده
وزاهد لســـــوی مـــولاه لم يَدنُ
قُلْ فيـه ما شئتَ منْ علم ومن كرمٍ
ولا تُشـــبـــهَـــهُ بالدأمــاء والمزنُ
هتد...

٢٥- سەرچاوەکان: اصفی الموارد- ص٤١-٤٣ (باسی جۆری خوێندنی لە «شام» دا و ماوەی حەجەکەی ناکا!). الحديقة الندية، ص٣٢-٣٣ (ئەو باسانەی کردووە و دەشڵێ «ومكث فيها مكوث الحاج»، لەلای دیەوە گفتاری مەولانای گێڕاوەتەوە کە گوتوویێتی «ورَجعتُ بعد قضاء المناسك الی الشام». ئەو دوو بەڵگەیەی پێشوو ڕووناکیمان دەدەنێ و مانگی «ذیلحیجە» کە دوا مانگی ساڵی کۆچیی. ساڵی ١٢٢٠ک- ١٨٠٦ز دێ و وێنەی کاروباری میرنشینی بەبە و (عەبدوڕڕەحمان پاشا) و پێوەندیی لەگەڵ والیی بەغداد، عەلیی پاشا دەبینین. ئەو والییە لە ٥ی ڕەبیعولئەووەلی ١٢٢٠ک- ١٨٠٥ز.دا لە بەغدادەوە و بەهاریکاریی خالید پاشا و سلێمان پاشا- پێشتریش نێو و باسیان

کراوە- بەرێگە کەوتن بەرەو دەربەندی بازیان بۆ لێ خستنی عەبدوڕڕەحمان پاشا. سەرئەنجام -لە مانگی ڕەجەبدا- شکاندیان و دەریانپەڕاند بۆ «سنە». ئەوە بوو دوای پێوەندیی بەغداد و ئێران، هەروەها پاش شەڕی «زێبار» کە عەبدوڕڕەحمان پاشا (سلێمان کەهیای کەیخودای بەغدا)ی بەدیل گرت، ئیدی خۆی لە مانگی ڕەجەبی ١٢٢١ک- ١٨٠٦ز.دا دامەزرایەوە بەمیری بابان. (بنۆڕە: العراق بين احتلالين، حوادث سنة ١٢٢٠-١٢٢١، ص١٦٣-١٧٦٠. هەروەها دوحة الوزراء، ص٢٢٨-٢٣٧. هەروەها غرائب الاثر، ص٦٨-٧٢). جێگەی باسە و بەڕۆشنایی: الحدود الشرقية- ص٨٤، ه١٢، ص٢٨٥، ه١٣، دەردەکەوێ کە بەر لە ئەم دوا شەڕەی زرێبار، عەلیی پاشای والیی بەغداد پێتەختی دەوڵەتی عوسمانیی ئاگەدار کردووە کە لەگەڵ خالید پاشای نێوبراو دەکەونە ڕێگە بۆ پەرچ دانەوەی پەلاماری عەبدوڕڕەحمان پاشا و هاریکارانی. ئەمەش لە نامەیێکی والییدا هاتووە کە لە ٢٤ی ڕەبیعولئاخیری ساڵی ١٢٢١ک- ١٨٠٦/٦/١١دا نووسراوە. بەڕۆشنایی ئەم باسانە و ئەو ڕۆشناییەش، مەلا خالید لە ٤ی شەووالی ١٢٢٠ک- ١٨٠٥دا گەیشتۆتە بازێڕی «حەڵەب» بۆ ڕووکردنە «شام» و ئەوجا بەجێ هێنانی حەج، دیارە کە چوونە و هاتنەوەیشی ڕێکەوتی ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی (عەبدوڕڕەحمان پاشای بەبە)یە.

٢٦- الحديقة الندية- ص٣٣ (دیارە گفتاری مەولانا خۆیتی کە شایانە پتر بناسرێتەوە. دەڵێ: لە مەدینەی پیرۆزدا بۆ پیاو چاکێ دەگەڕام هەتا لە ئامۆژگارییەوە بەرەکەت وەربگرم و هەمیشە پەیڕەویی بکەم. تووشی کەسێکی یەمەنیی بووم. زانایێکی کارامە و ڕاست دیاربوو. منیش وەکو کەسێکی بێ ئاگە و دەست کورت بەرامبەر زانایێکی ژیر، تکای ئامۆژگاریم لێ کرد. زۆری بۆ گوتم، وەک ئەوەی: لە «مەککە»دا نکولیی لە شتێ نەکەم کە ڕواڵەتی لەگەڵ شەریعەت ناگونجێ. «!!/کەمال» کاتی، ڕۆژی هەینیی گەیشتمە حەرەمی «مەککە» کە قەول و بڕیم لەگەڵ خۆم کردبوو پەیڕەویی ئامۆژگارییەکانی بکەم ، لەبەر «کەعبە»دا چۆکم دا و کەوتمە دەلائیل خوێندنەوە. لە ئەو هەلەدا پیاوچاکێکی ڕیش ڕەش، جل و بەرگ عەوامم دیت: پشتی کردبووە «شاذروان» و ڕووی لەمن بوو... دڵ پێی گوتم: ئەم کەسە لەگەڵ «کەعبە» بەئەدەب ناجووڵێتەوە! ئەو، هات پێی گوتم: «ئەرێ فلان، نازانیت حورمەتی ئیماندار لەلای خودا لە حورمەتی کەعبە گەورەترە؟ ئیدی بۆچیی ڕەخنە دەگریت؟ ئایا لە مەدینەدا ئامۆژگاریی نەکراویت؟». ئیدی منیش گومانم نەماو دڵنیا بووم کە ئەم کەسە لە وەلییە گەورەکانە و خۆی لە ئەم ئەتوارانەدا شاردۆتەوە. کەوتم بەسەر دەستیدا و ماچم کرد، تکای لێ بووردنم کرد، هەروەهاو تکاشم کرد بەشکو ڕێگەی ڕاستیی- هەقم نیشان بدات. پێی گوتم: «فەتح، مەبەستی تۆ لە ئەم بازێڕانەدا نییە»!!. «!!/کەمال»، ئیشارەتی بەلای هیندوستاندا بۆ کردم و گوتی: «لە ئەویێوە ئاماژەت بۆ دێ و فەتح و مەبەستت لە ئەو بازێڕانەدایە»!!

٢٧- الانوار القدسية- ص٢٢، التعريف بمساجد، الشيخ معروف، یادی مەردان- ج١، هەموو بە (میرزا ڕەحیم الله بەگی ناسراو بە محەممەد دەرویش عەزیم ئابادی) نێویان بردووە. بەڵام سەرچاوە



کوردەوارییەکات بەشێوەی (میرزا ڕەحیم الله محەممەد دەرویش)یان نواندووە. ڕاستییەکەی هەمووشی- چ لە باسی ئاییندەشدا کە دێتە پێشەوە- هەر ئەو کەس و نێوەیە کە مەولانا خالید بەنامەی خۆی بۆ عەبدوڕڕەحمان پاشا، ئاشنای کردووە. الانوار القدسية: ئەوەی نووسیوە: (دليل حيرة ليل الطالبين وشفاء غليل العشاء الصادقين، صفوة المرشدين الهادين المهديين، ميرزا رحيم الله بيك المسمى بمحمد درويش العظيم ابادى قدس سره، تشرف بخدمة حضرة الشيخ عبدالله دهلوي-غلام علي/ هەر لە خۆیەوە -کەمال- عن علائقة بالكلية فسلك حتي أتم سلوكه وفاز بالاجازة والخلافة الروحانية ثم لبس مسحا أسود وتوجه الى «بُخاري» لزيارة سيدنا ومولانا شاه نقشبند قدس الله سره العزيز وساح في اكثر بلاد الاسلام مثل: الروم والمغرب والحجاز والعراق والشام وهندستان وما وراء النهر وخراسان، ولما قدم «سليمانية» الاكراد لقى حضرة مولانا خالد قدس الله سره، فشكى له عدم وجود المرشد الى الله تعالى... فاخبره بوجود مرشده القطب الدهلوى وأنه الغوث الاعظم والمرشد الاكبر وأنه اشار الى قدوم عالم من بلاد الروم اليه وقال أرجو أن تكو انت. فهلم اوصلك الى حضرته. فشرح الله صدر حضرة مولانا الى خبره. وسار الدرويش محمد في خدمته حتى وصلا الى «دهلي»، فجزاه الله خير الجزاء وتكلّم بعض الناس في حقه عند حضرة مولانا خالد بما يلائم، فاراه الله ايام على صورة الخنازير، فزاد اعتقاده لحضرة الدرويش محمد ولبث تسعة اشهر في معيته، ثم عاد لسياحته.

وكان له جراءة تامة على الملوك والامراء في الحسبة وقدم راسخ في الارشاد ونفع الله به كثيراً من العباد في اكثر البلاد ولو لم يكن من مناقبه الا اندراج حضرة مولانا واصحابه في صحيفته لكفى. ثم القى عصا التسيار في مدينة «سَبْزْ» اي المدينة الخضراء وهي من اعمال «بخارى» وتزوج من أهلها ولمذهب للامام الشافعي رضي الله عنه وحصل له بها ظهور عظيم بخدمته للصادر والوارد وأحّبه واليها محبّة مُفْرِطة مع الاخلاص التام. فاغبرّ يوماً خاطر احد حكام تركستان من والى «سبز» فدّس على الشيخ سمّاً، فقتله إغاظة للوالي، ففاز بسعادة الشهادة قدس سرّه/ تەواو).

بەڕۆشنایی نامەیێکی مەولانا؛ یادی مەردان - ج١، ل ٣٣١ - ٣٣٢ کە فارسییە و بڵاوکەرەوەکەی لێی گوتووە (برایی نامەی مەولانا و دەروێش محەممەد ناوێ - پەیمانی برایی و دۆستیی پێشینی لەگەڵ نوێ کردۆتەوە) دیارە ئەوەیش هەر لەگەڵ ئەوە. جێگەی خۆیتی و بەیادی ئەو نامەیەوە کە بۆ (عەبدوڕڕەحمان پاشا)ی ناردبوو - لە ڕابوردوودا نواندم - یادی نامەیێکی دی عەبدوڕڕەحمان پاشا بۆ مەحموود بەگی کوڕی کە مەولانا خالید بەفارسیی و بەزمانی پاشاوە نووسیوێتیی بکەینەوە؛ پاشا داوای لە کوڕەکەی - مەحموود بەگ، پاشای دوارۆژ - کردووە کە (**زۆر جوان قەدر و حورمەتی حاجیی محەممەدی چینی سالیکی تەریقەت بگرێ!**) بۆی بنۆڕە: یادی مەردان - ج١، ل ١٧٠، نامەی ژمارە ٢٥ی مەولانا. دیسان جێگەیتی سەرنجی نووسینەکانی محەممەد ئەمین زەکیی لەمەڕ (کەسێ) بدەین کە نووسیویەتی: (كتابي مآثر سلطانية؛ لە جوملەی حادیساتی ١٢٢٨، هیجرییدا،

مەسئەلەی خواجە محەممەدی کاشغری بەیان دەکا و دەڵێ: ئەم زاتە لە شازادەکانی چین بوو، لە هیندوستاندا مودەیێک و دوایی لە ئەوروپا و بیلادی ڕۆمدا بەعزێ سیاحەتی کردبوو، لە میسرەوە هاتە سلێمانی و عەبدوڕڕەحمان پاشای کرد بەموریدی خۆی و تەفرەدا و بردیە سەر بەغداد ئەم شارەی زەوت کرد، لە دواییدا خەڵکی بەغداد لە ئەستەنبووڵ شکاتیان لە عەبدوڕڕەحمان پاشا کرد و بەئەمری ئەستەنبوول ئەهلی بەغداد عەبدوڕڕەحمان پاشایان کردە دەرەوە. عەبدوڕڕەحمان پاشا لەگەڵ خواجە محەممەد گەڕایەوە سلێمانی. لەسەر ئەمە شاهی ئێران ئەمری کرد بەشازادە محەممەد عەلی میرزا تا عەبدوڕڕەحمان پاشا تەئدیب بکا. لەسەر ئەوە شازادە بەلەشکرێکەوە ڕووی کردە وڵاتی بەبە و عەبدوڕڕەحمان پاشا ڕایکرد و وڵاتی بەبە تاڵان کرا!) ئەمین زەکیی پتر دەڵێ (ئەم حادیسەیە ئەگەر سەحیح بێ. ئەبێ تەئریخەکەی پێشتر بێ، چونکە هاتنی شازادە محەممەد عەلیی میرزا بۆ سەر عەبدوڕڕەحمان پاشا لە ١٢٢٦دایە/ تەواو). وردبوونەوەم هانم دەدا لێ گوتنێ لەمەڕ ئەو کەسە – محەممەد کاشغەریی نێو – و قەوماوەکان بکەم و بڵێم: ئەگەرچیی سەرچاوەی دیم نەدیتووە لایینگیری «مآثر سلطانية» بێ، ئەوە لە لایێکەوە ئەو قەوماوانە پتر ڕووداوەکانی ساڵی ١٨١٠ز دەگرێتەوە. لە لایێکی دییەوە؛ کەسەکە لە لای من هەر ئەو محەممەد دەروێش(*) ئاشناکراوی مەلا – مەولانا خالید خۆییێتی کە نۆ مانگێ ماوەتەوە و پاشای نێوبراو – بەڕۆشنایی دوا نامەی باسکراو – قەدر و حورمەتی گرتووە، بەڵام باوەڕ ناکرێت هەرگیز موریدی بووبێ، چونکی **پاشای نێوبراو** – وەک باس دێتە پێشەوە – نە قاییل بووە بەمورشیدیی کەس و نە بەخالید خۆی دوای دەرکەوتنی **نێوبانگی نەقشبەندییانەی**! دیسان باوەڕیش ناکەم کێشەی گەورەی عەبدوڕڕەحمان پاشا لەگەڵ والییەکانی بەغداد بەئاماژەی کابرایێکی ئەوهە بێ!

٢٨- سەرچاوەکان: الحديقة الندية – ص ٣٤، اصفى الموارد – ص ٥٦، الفيض الوارد – ص ٢٠١، البهجة السنية – ص ٨٤، محەممەد ئەسعەد صاحب، الانوار القدسية – ص ٢٢٧ (هەموو مانگی ساڵەکەیان نەنواندووە). التعريف بمساجد – ص ٤٨، ھ١. هەروەها؛ تاریخی سلێمانی – ص ٢٢٦ – الشيخ معروف – ص ٣٩ – یادی مەردان – ج١ کە باسی ساڵەکەیشی نەکردووە، هەموو نەک هەر مانگی چوونەکەیان نەنواندووە، بگرە ساڵەکەیشیان بە ١٢٢٢ک – ١٨٠٧ز داناوە کە هەڵەیە و وێ دەچێ هەموویان بەر هەڵەی (الفيوضات الخالدية – ص ٤٩) کەوتوون کە لە ڕاییڵەی گفتارێکی ئاڵۆزی لەمەڕ مەحموود ساحیبی برای مەولانادا، نووسیویێتی: (وحينما ذهب – واتە مەولانا – الى البلاد الحجازية والهندية لاستنشاق نفخات الحق القدسية عام مائتين والف واثنتين وعشرين – ١٢٢٢ك/ کەمال – قام مقام أخيه على الاهل والمدرسة!!). مەلا – مەولانا خالد خۆی شاییێتی ڕاستی مانگ و ساڵی چوون و گەیشتنەکەییێتی کە لە لاییێکەوە؛ اصفى الموارد – ص ٣٦ گفتاری مەولانای گێڕاوەتەوە؛ (وصلت دار السلطنة الهندية – جهان آباد بمسيرة سنة كاملة!). لە لای

*(*) نامەی ماجستێر – ص ٧٨ هەر خۆی بەتەنێ نێوی بەمحەممەد زاهید بردووە کە چ سەرچاوەیێ لایینگیری نییە.*



دییەوە؛ نامەی فارسیی مەولانا کە؛ یادی مەردان – ج١، ل ١٧٤، ژمارەی نامە ٢٩ و پەراوێزی بڵاوکردۆتەوە و مەلا – مەولانا خالید نامەکەی لە ڕۆژی «؟» مانگی ڕەجەبی ١٢٢٥ک.دا ناردووە و گوتوویێتیی؛ (سپێدەی ٢٦ی زیلحیجەی ١٢٢٤«ک» گەییشتمە بازێڕی شاه جیهان ئاباد(*) و لە عەسری ئەو ڕۆژەدا بەییێکەم دیداری – شاه عەبدالله دیهلەویی – شادبووم). پتر باسی خۆی کردووە؛ (ئەوەتە حەوت مانگە... لە ئێرەدام!). لە ئەوبەریشەوە؛ بێژراوە؛ (بەساڵێک گەییشتۆتە جیهان ئاباد). کەواتە دەتوانین بڵێین؛ لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی (عەبدوڕڕەحمان پاشا)دا و ڕەنگبێ لە مانگی موحەڕڕەمی ١٢٢٣ک – ١٨٠٧ز.دا کەوتبێتە ڕێگە بەرەو جیهان ئاباد.

٢٩- لە ئەم بازێڕەدا لەگەڵ (موجتەهید ئیسماعیل ئەلکاشیی) کۆبۆتەوەوە و بەرامبەرینێکی زانستیی لەگەڵ کردووە و بەگیری هێناوە کە سەرچاوەکانی کۆن و نوێ باسیان کردووە. مەلا – مەولانا خالید کە لەمەڕ سەرانسەری گەشتەکەی شیعری بەفارسی و عەرەبی داناوە و باسی دیدەنی مەزارەکان و کۆبوونەوەکانی کردووە – گێڕانەوەیان پێویست نییە – و لە قەسیدەیێکی درێژی عەرەبیدا، لەمەڕ ئەم ئیسماعیلە دەڵێ:

وهم روافض(**) آذربيجان الاولى
هم اشنع المخلوقِ في الافـعـالِ
ومُضِلُّهَا الكاشي إسمعيل إذ
قـد حـار لمّا شبّ نارُ جـدالِ
سُحقاً له منْ مُدَّعٍ مُتَزَخْرِفٍ
بُعداً له مِنْ مُنكِرٍ مِضلالِ

بنۆڕە: الانوار القدسية – ص ٢٢٨.

٣٠- مەلا – مەولانا خالید لە قەسیدە عەرەبییەکەیدا کە باسی گەییشتن و ستاییشی شاه عەبدالله دیهلەویی کردووە، لە هێندێ باردا، هەستی خۆی و دوورە وڵاتیشی نواندووە، بۆ وێنە دەڵێ:

*(*) شاه جیهان ئاباد = دیلهییە و بەنێوی «شاه جیهان»ی ئیمپراتۆری مەغۆلەکانەوە نێونراوە کە زۆربەی هیندوستانی لە ١٦٣٨ز.دا داگیر کرد و بوو بەپێتەختی. بریتانییەکان لە ١٨٠٣ز.دا داگیریان کرد.*

*(**) من دەقەکەی خۆیم نووسیوەتەوە دەنا چ ئەم مەلا – مەولانا خالید – مەولانایە یان شێخ مارفی نۆدێیی – لە نامەیدا – ئەم ناسنێوەیان بۆ «شیعەکان» داناوە، ئەقڵی من پەسەندی ناکات و ژێر باری بڕیاری ئەوان نیم، بگرە هەر پەسەندی ناکەم، شیعە بێ یا سوننە، لای من هەر موسڵمانن مادام یێک خودا و یێک پێغەمبەر و یێک (قرآن) دەناسن و ڕوو دەکەنە یێک قیبلە. جێگەی باسە؛ وشەی «ڕەوافیز – روافض، رافضە/ نەویستراوەکان – سەرپێچەکان؛ زاراوەیێکە زەیدی کوڕی عەلیی کوڕی حسێن بەسەر ئەوانەدا دایبڕیی کە لە «کوفە»دا لێی جوێ بوونەوە لەسەر ئەوەی نکووڵیی لێ کردن بەرامبەر پەتانووتیان لە ئەبوبەکر و عومەری کوڕی خەتتاب. خەڵکی سوننەش – بێ لە زەیدییەکان – بەگشتیی بەسەر شیعەکانیاندا دایبڕیوە!. هەروەها ئەو ناسنێوەش بەسەر عەجەمدا دابڕاوە!*

كُـملَتْ مـسـافـةُ كـعـبـةُ الامـال
حـمـداً لمَنْ قـد مَنَّ بالإكـمـال
واراح مركبتي الطليح من السرى
ومن اعـتـوار الحطّ والتـرحـال
وازاح عنيّ قـيـد حُبَّ (مُـواطَني)
وعـلاقـة الأحـبـاب والامـوال
وهموم (أُمهتي) وحسرة (إخوتي)
وغـمـوم (عمٍّ) أو خُـبـالَ (الخالِ)

بنۆڕە: الانوار القدسية – ص ٢٢٨

هەروەها لە قەسیدەیێکی فارسیشدا – کە لە لای ڕۆشنبیرە کۆنەکانی کورد زۆر ناسراوە – هەستی خەست و خۆڵی خۆی بەرامبەر غوربەتی خۆی و دووره ولاتیی تاڵ نواندووه، دەڵێ:

موسم عـیـد است و مـا نومیـد از دیدار یار
عالمي در عـیش و نوش و ما دو چشم آشکبار
سینة سوزان، دل فروزان، کوچة کوچة دربدر
هرکس بـا یار در گـشت گلسـتـان است و من
ز اشك سـرخم شد کنار از داغ هجـران لالةزار
جـان نثـار مـقـدم جـانان نکردة دم بدم
جیـست بهـرة أز نفرجهـاي تخت جـان نثـار

– هەتا –

بکره جـوئی شـد زهر چشم روان از خـون دل
عـاقـبت کـردم دوا داغ فـراق سـرچنار
(خـالدا) گـرنیـسـتی دیوانه و صـحـرا نوود
تو کجا و«کابل» و «غزنین» و خاك «قندهار»

بنۆڕە: یادی مەردان، ل٥١٥– ٥١٦.

٣١– سەرچاوەکان؛ الحدیقة الندیة – ص ٣٨. اصفی الموارد – ص ٦١. هەروەها هی دی. جێگەی گوتنە؛ لە نامەی فارسیی خۆیدا؛ ژمارە ٢٩ی باس کرد، مەلا – مەولانا خالید باری «ئەو پێنج مانگەی» نەکردووە.

٣٢– تەریقەت: الطریقة (تاکە و کۆیشی طرائق)ی عەرەبییە، واتە: ڕێباز، بار، مەزەب (بنۆڕە: المجد – ص ٤٦٥). هەروەها تەریقەت: طرایق (تاکە و کۆیشی طریق)ە و بەزمانی «یەمامەکان» هەر چشتێکی درێژە لە دار خورما درێژتر بێ. لە ئێرەدا واتە: مەزەب کە تایبەت بەخودا پەرستانە بۆ برینی هەرە ڕێگە و شوێنی بەرز لە خوداناسیندا. (بنۆڕە: الفیض الوارد – ص ١٩٠). نەقشبەند –



نقشبند: واتە نەقش کە وێنەی کەمالی ڕاستەقینەیە بەدڵی موریدەوە. پیرەکانی پێش شێخ بەهائەددین – ناسراو بەشاهی نەقشبەند کە ساڵی ٧١٨ک/ ١٣١٨ز لە بوخارادا لە دایک بووە و دووشەممەی ڕەبیعی یێکەمی ٧٩١ک/ ١٣٨٨ز. مردووە – لە تەنیاییدا بەنهێنیی، لە کۆمەڵیشدا بەئاشکرا زیکریان کردووە، بەڵام بەفەرمانێکی نهێنیی گیانیی – مەعنەویی – سەرۆکی ئەڵقەی خواجەکان؛ شێخ عەبدولخالیقی غەجدەوانیی ئەویسیی، لە تەنیایی و کۆمەڵدا، زیکرکردن بەدەم بەستنی (لا اله الاّ الله)ەوە لە دڵدا، کرا بەنهێنیی. ئەم زیکرەیش کارێکی گەورەی کردە دڵی مورید و بەئەم زەبرەش دەبێژرێ (نەقش) و بەزیکرەکەش (بەند) یان (بەستە/ کەمال) نەقش؛ واتە: وێنەی مۆرێ ئەگەر لە مۆم یان لە هاوتای بەند بکرێ – بدرێ؛ ببەسترێ، (چەسپ بکرێ/ کەمال)، ئەوە دەمێنێتەوە و پاکۆ نابێ. بەئەم جۆرەیە ئەوی نەقشەکەی تەواو کردبێ بە(نەقشبەندیی) نێوبراوە، واتە: لەگەڵ نەقشەکەی، وێنەکەی بووە و پێیەوە بەند – بەستراو بووە. (بەدەستکارییەوە؛ بغیة الواجد – ص ٤١، الفیض الوارد – ص ١٩٨. تێبینی: کەمال ئاماژەیێکە بۆ کردەوەی خۆم). جێگەی باسە؛ مەلا – مەولانا خالید بەوەرگرتنی، ئیجازە لە ئەو تەریقەتانەدا، هەروەها ناسراوە بە: خالد النقشبندي المجددي السهروردي الكُبروي الچشتي (بنۆڕە: الفیوضات الخالدیة – ص ٥٢. الحدیقة الندیة – ص ٢. هەروەها نامەکانی مەولانا بەعەرەبی لە: بغیة الواجد، یادی مەردان – ج١دا).

٣٣– سەرچاوەکان: اصفی الموارد – ص ٦٢ (دەڵێ: قال تلمیذه: لم یمر علیه عام!!). الفیض الوارد – ص ٢٠٣ (دەڵێ لم یکمل سنه!!). الحدیقة الندیة – ص ٣٩، هەروەها البهجة السنیة – ص ٨٧ «دەڵێن: بعد ملازمته سنه». هەر چۆنێ بێ، وێ دەچێ ساڵێکی پێ چووبێ بەتایبەتی لە لاییکەوە خۆی دەڵێ «حەوت مانگە لە ئێرەدام» و پێنج مانگێکیش خەریکی مەشق بووە کە لە شوێنی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکەمەوە.

٣٤– هاتنەوەکەی بەڕێگەی دەریادا و دەشتانیی بووە، دیارە کەمتری پێ چووە و چەند جارێکیش لە لای ئیرانییەکان گێچەڵی پێ کراوە.

٣٥– هیچ سەرچاوەیێ مانگی ساڵی هاتنەوەی نەنواندووە و بەتەنێ (خاوەندی یادی مەردان دەڵێ: هاتنەوەکەیشی ڕێکەوتی فەرمانڕەوای بەبە خالید پاشای ئەحمەد پاشایە). من لاییەنگیری دەکەم؛ بەڵام هەر زوو خالید پاشا – دوای شەڕەکەی کۆیێ و پیلانی عەبداللەی والیی بەغداد و ئێرانییەکان – عەبدوڕڕەحمان هاتۆتەوە سەر تەختی فەرمانڕەوایی.

٣٦– ئەو ماوە کورتەیش کە مەولانا خالید لە سلێمانیدا ماوەتەوە و ئەوجا چووە بۆ بەغداد، لە لای من هەر ڕێکەوتی ئەو بارەیە کە عەبدوڕڕەحمان پاشا کارکەکار کرابوو، بەڵام کە هاتەوە سەر کار ئەویش هاتەوە.

٣٧– سەرچاوەکان؛ الحدیقة الندیة؛ ص ٣٩ – ٤٦. أصفی الموارد؛ ص ٦٥ – ٦٧. البهجة السنیة – ص ٨٨. الانوار القدسیة؛ ص ٢٣٢ – ٢٣٣ (هەموویان لاییەنگیری مەولانان). بۆ سنووری مێژوویی و بنجی کێشەکە خۆی؛ بنۆڕەوە بابەتی: (کێشەی مەلا – مەولانا خالید).

٣٨- الحديقة الندية - ص ٤١. اصفى الموارد؛ ص ٧٤ - ٧٥. الانوار القدسية - ص ٢٧٥؛ هەموو زۆر جوان ستاییشی مەحموود پاشای کوڕی عەبدوڕڕەحمان پاشایان کردووە بەبێ نیشانەکردنی (ماوە)ی مانەوەی مەولانا لە بەغدادا. سەرچاوەکانی خۆمانەش بۆ مانەوەکەی ئەوهە خۆیان نواندووە.

- التعریف بمساجد - ص ٤٧. ه١، الشیخ معروف - ص ٤١. ه١ گوتویانە «مکث فیها مدة/ ماوەیێ تێیدا بووە».

- تاریخی سلێمانی بێ دەنگە و باسی نەکردووە.

- نامەی ماجستێر - ص ١٣٣ بەبێ بەڵگە و لێکۆڵینەوە، دەڵێ: نیزیکەی ساڵ و نیوێکی تێدا ماوەتەوە. بەڵام هەر ئەو لە ص - ١٦٥دا دەڵێ؛ دوو ساڵ.

- یادی مەردان - ج١، ل ٣٨ دەڵێ: (لە هیچ بەڵگەییێکی مێژووییدا ئەم گەڕاندنەوەیەی مەولانام بۆ سلێمانی نەدیتووە، بەڵام دیارە یا لە ساڵی ١٢٣١ک یا لە ١٢٣٢ک.دا بووە چونکی تا ساڵی ١٢٣٠ک هەر سەعید پاشا والیی بەغداد بووە و لە ئەوەدا عەزل کراوە. بەیارمەتیی مەحموود پاشا (داود پاشا) بوو بەوالیی بەغدا و بەسرە و شارەزوور. لە ١٢٣١ - ١٢٣٢دا نێوانی مەحموود پاشا و داود خۆش بوو، مەحمود چووە بۆ بەغداد بەڵام لە ١٢٣٣ک.دا تێکچوو!).

بەرامبەر بەئەم باسانە، ئەم بەڵگانە وەڵام دەدەنەوە:

- سەیید عەبداڵلەی قادریی شەمدینیی هەکاریی، تەریقەتی لە ساڵی ١٢٢٩ک/١٨١٣ز.دا لەسەر دەستی مەولانا خالید وەرگرتووە. (الحدیقة الندیة - ص ٦٦. الانوار القدسیة - ص ٢٦٠).

- لە ٢ی شەووالی ١٢٣٠ک/ ١٨١٤ز.دا ئیجازەی تەریقەت و خەلافەتیی - جێنشینی داوە بەمەحموود ساحیبی برای. (الفیوضات الخالدیة - ص ٥٢: کە ئیجازەکەی ئەو مێژووەی لێ نووسراوە، بغیة الواجد - ص ١٦٢، الرقعه ٣٧، هەروەها؛ یادی مەردان - ج١، ل ٣٤٠، الاجازة الثانیة - الرقعة الرابعة نواندوویانە).

- محەممەد سلێمان حەنەفیی بەغدادیی خاوەندی؛ الحدیقة الندیة - ص ٣، دەگێڕێتەوە؛ لە سنووری ١٢٣١ک/ ١٨١٥ز.دا بەخزمەتی مەولانای شادبووە.

- خاوەندی: المجد التالد - ئیبراهیم فەسیح حەیدەریی کوڕەزای ئەسعەد سەدرەددینی حەیدەریی موفتیی حەنەفیی بەغداد، دۆست و موریدی گیانی گیانیی مەولانا بووە. ئەم، لەمەڕ ڕووداوەکانی ١٢٣٢ک - ١٨١٦ز باسێکی گرنگی گێڕاوەتەوە و دەڵێ: داود پاشا ماوەی پازدە ساڵی شاگردی باپیرم بوو، لە ئەوەوە زانستەکانی نەقلیی و هی دی وەرگرتووە. کاتێ کە هەڕای کرد و چوو بۆ شارەزوور، هاتەوە و گەمارۆی بەغدادی دا کە سەعید پاشای والیی تێدا بوو. باپیرم لەبەر پێوەندیی باسکراو، لە والیی ترسا. نەخۆش بوو. بابمی - بابی ئیبراهیم/ کەمال - نارد بۆ لای مەولانا خالید تا ئاگەداری بکا و بێ بۆ دیدەنیی. بابم و مامم چوون بۆ «تەکییەی خالیدییە» بۆ کن حەزرەتی مەولانا خالید کە پاش نوێژی شێوان هات بۆ لای باپیرم بۆماڵەوە. پێی گوت «ئەی ئەسعەد



ئەفەندیی من شێخ نیم و خاوەندی کەراماتیش نیم و هەر هێندەم کەسێکی پێش خزمەتی زانستی پیرۆزم... بەڵام ئاگەدارت دەکەم، زەن دەکەم و عیلمیش هەر لە لای خودایە؛ داود پاشا پانزە ڕۆژی دی دەگاتە بەغداد و دەبێ بەوەزیر و سەعید پاشا لە قەڵادا دەخنکێت. تۆش مەترسە و چ شتێکت لێ بەسەر نایێ!» دوای پانزە ڕۆژیش داود پاشا هاتە نێو بەغدادەوە و بوو بەوەزیر و سەعید پاشا لە قەڵاکەیدا خنکا! سەربڕدرا. بنۆڕە: بغیة الواجد - ص ١٨٦ بەدەستکاریی و کورتکردنەوە! کەوابوو کورت و ڕەوان؛ مەولانا خالید لە دوای ڕۆژگاری ١٥ی ڕەبیعی یێکەمی ١٢٢٨/ ١٨١٣ز.ـەوە هەتا ئەو کاتە لە بەغدادا بووە و ژیاوە، واتە لە نێوان ١٨١٣ - ١٨١٦ز.دا. ئایا مەولانا خالید لە ١٢٣٢ک - ١٨١٦ز.دا لەگەڵ مەحموود پاشای بەبەی کوڕی عەبدوڕڕەحمان پاشا - هاریکار و پشتیوانی داود پاشا - گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی؛ وەکو نامەی دەستنووسی شێخ مارف خۆیم لە لا هەیە و - وێڕای تکاکاریی لە داود - بەڵگەییێکە بۆ دۆستاییێتیان. ئەوە لە لایێ و لە لای دییەوە، داودی دەفتەردار کە هات بۆ سلێمانی و چل ڕۆژی لە لای مەحموود پاشا هەڵاتوانە میوان بوو، دەشبێ لە ئەو ماوەیەدا کۆششی کردبێ بۆ خاوکردنەوە و ئاشتبوونەوەی شێخ مارف - مەولانا. کە مەحموود پاشا لەگەڵ داود ڕوویان کردە بەغداد و سەعید پاشا لێ خرا و سەری تێدا چوو، دیارە (لەگەڵ مەولانا خالید)ی سەروەری کۆبۆتەوە و تکای ئاشتبوونەوەی لەگەڵ خۆی و شێخ مارف کردووە و (مەولانا) قاییل بووە. ئەمانەم لە (کێشەی مەلا - مەولانا)دا ڕوونتر کردۆتەوە! من وەک دڵنیام دوای جێگیربوونی داود پاشا و گەڕاندنەوەی مەحموود پاشا، مەولانا خالیدیش - لە بەغداد و ئەو هەڵکەوتەدا - بڕیاری گەڕاندنەوەی داوە، بۆ ئەوە دەچم هەر دەورووبەری - دوای ڕەبیعی یێکەم - مانگی شەعبانی ١٢٣٢ک/ ١٨١٦ز گەڕابێتەوە بۆ سلێمانی و دەمودەست بەردی بناغەی مزگەوت - خانەقای مەولاناش دانرا بێ کە ئەمە مانایێکی گەورەی بۆ ئەو خۆی و نێونیشانی وڵاتی بەبەش هەیە و کەسێکی ڕابەری تەریقەتی قادریی - شێخ مارف هەرگیز بەخۆیەوە نەیدیتووە. باوەڕیشم بەهێزە لە ١٢٣٣ک - ١٨١٧ز.دا تەواو بووە. شایانی باسە - وەک خۆم چوومەتە سەیری منارەکە و لە خشتەکاشییەکانی چەسپاوی ڕووکاری منارەکە وردبوومەتەوە و، دوایی مامۆستا محەممەد خاڵی زاناشم لە ١٩٨٦دا ئاگەدار کرد و گوتم؛ ئەو مێژووەی نووسراوە؛ (١٢٣٨ه/ ١٨٢٢ز) بۆ دروستکردنی منارەی مزگەوتەکە - خانەقاکە داندراوە (هەڵەیە). بۆ ڕاستییش لە ئەم باسانە ورد ببەرەوە:

- الحدیقة الندیة - ص ٤٢ دەڵێ: لە کاتی ڕێکخستنی ئەم نامەیە - کتێبەکە -دا کە ڕێکەوتی ساڵی ١٢٣٣ک - ١٨١٧ز-ـە ئەمێستە لە خانەقاکەی و سلێمانیدایە.

- مەولانا لە هەلی دروستکردنی خانەقاکەدا خۆی شایێتە کە لە نامەیێکی فارسی خۆیدا - بۆ یێکێکی نەناسراو - باسی کاروباری دروستکردنی خانەقاکەی دەکات و دەڵێ: (لەبەر قەرەباڵغیی کاروباری تەریقەدان، مەرەخەسی نەکردووە/ سبب بە کثرت ازدحام و قلت اتفاق مشاغل طریقهٔ علیه، اورا مرحض نمودیم) پتر دەڵێ؛ (ئەگەر ئینشاالله هیچ پشێوی و هەڵلایێ نەقەوما، دروستکردنی خانەقا تەواو بوو، دوای ئەمە ئەگەر ئارەزووی گەڕاندنەوەی هەبوو، بەهیوام بەفەیز

بگات/ اگر انشاالله تعالی هیچ آشوب و انقلاب روی نداد، بنای خانقای نهاده اند باتمام رسد، بعد از آن اگر رغبت عودن داشته باشند، امید است بفیض برسند/ بنۆڕە: نامەکە: یادی مەردان – ج١، ل ٣٨٦، ژمارە: ١٥٦).

٣٩– سەرچاوەکان: الحدیقة الندیة – ص ٤١. اصفی الموارد – ص ٧٥ (نێوی چ گوندێکیان نەهێناوە)، الشیخ معروف – ص ٤١ (لە نێوهێنانی گوندەکاندا نێوی «کەماڵان»ی هێناوە)، نامەی ماجستێر – ص ١٣٤ (نێوی دوو گوندی: دارەتووی ژووروو، ژێرووی هێناوە کە لە نێوچەی بازیاندان!).

٤٠– سەرچاوەکان: الحدیقة الندیة – هەتا ساڵی ١٢٣٣ک باسی ژینی مەولانا ئەوجا محەممەد ئەسعەد ساحیب باسی دوارۆژی مەولانای کردووە. اصفی الموارد – هەتا ساڵی ١٢٣٤ک باسی کردووە. البهجة السنیة – لە سەرچاوەکانی پێشووەوە گفتاری وەرگرتووە و باسی ڕۆژگارەکانی ساڵانی ١٢٣٢ – ١٢٣٨ک نەکردووە و بەئەوە بڕاندوویەتییەوە گۆیا؛ لە بەغدادەوە هاتووە بۆ شام و هتد... ص ٩٠. الانوار القدسیة؛ ص ٢٤٣ – ٢٤٤ لە شێخ عەبدولمەجید خانیی خاوەندی؛ الحدائق الوردیەوە گفتاری وەرگرتووە و دووبارەی کردۆتەوە؛ قەددەسە سیرڕەهو بۆ جاری سێیەم هاتەوە بەغداد و لە فێرگەی ئەلئەحسائییەدا – بۆی نوێ کرایەوە – جێگیر بوو تا لە ١٢٣٨ک.دا چوو بۆ شام. (هۆی زویربوونی دووەم جارەی و چۆڵکردنی سلێمانی باس نەکردووە). خاوەندی؛ گەشتی ریچ/ رحلة ریچ – ص ٢٢٧ تاقە سەرچاوەیێ کە هێندێ مەلامەتی بیستراوی دەهێنێتەوە و خۆیشی باوەڕیان پێ ناکات کە ڕاست بن. هەرە مەلامەتی هەڵبەستراو ئەوەیە گۆیا؛ (پاشا تووڕە بووە کە مەولانا خالید کەراماتی نەبووە و دەستەپاچە بووە بەرامبەر نەخۆشییە کوشندەکەی کوڕەکەی!!) ئەمەش قسەییێکی پووچە و مەلامەت نییە! جێگەی ڕاستکردنەوەشە؛ الشیخ معروف، یادی مەردان، نامەی ماجستێر، کە مێژووی دوا ڕۆیشتنەکەی (١٨٢٠ز)یان لە (ریچ)ەوە وەرگرتووە گۆیا ڕۆژی ٢٥ی تەشرینی یێکەمی ١٨٢٠ز بووە، ئەو سەرچاوانە هەڵەیێکی چاپیان بەسەردا تێپەڕ بووە و ئەو (٢٥ی تەشرینە) ڕاستییەکەی (٢٠ی تەشرینە)؛ چونکی یادداشتی ١٩ تشرین اول – ص ٢٢ دەڵێ؛ (ئیمڕۆ بۆ ماڵئاوایی دیدەنیی پاشام کرد)، یادداشتی گۆیا: ٢٥ تشرین اول – ص ٢٢٧ دەڵێ؛ (ئەم بەیانییە شێخ خالیدی بەنێوبانگ هەڕای کرد). هەمان یادداشت لە – ص ٢٣١دا دەڵێ؛ (ئەم بەشەی گەشتەم لە سلێمانیدا تەواو دەبێ و سبەی ڕۆژ بار دەکەم بەرەو مووسڵ)، یادداشتی ٢١ تەشرین اول – ص ٢٢٣، دەڵێ؛ (بەخەمێکی یێکجار زۆرەوە گەلێ برادەر بەرێگەیان خستین و نزیک سەعات شەش و نیوی ئەورۆ سواری وڵاخ بووین... هتد). دوای ئەم یادداشتە، (یادداشتەکانی ٢٢، ٢٣، ٢٤، ٢٥ تەشرین... هتد) دێنە پێشەوە و (دوو جار مێژووی ٢٥ تشرین اول بەچاپە عەرەبییەکەوە دیارە) و لە ٢٥ تەشرین اول – ص ٢٤٠دا؛ (گەییشتۆتە پردێ – ئاڵتوون کۆپریی). هەڵبەت ٢٠ی تەشرینی یێکەم ١٨٢٠ز کە دەکاتە ١٢ی موحەڕڕەمی ١٢٣٦ک، ئەو سەرچاوانە دەداتە دواوە کە گوتوویانە؛ (ساڵی ١٢٣٥ک، ڕۆیشتووە!). شایانی باس ئەوەیە ماوەی ژینی مەولانا (لە شەعبانی ١٢٣٢ک – ١٨١٦ز تا (١٢ی موحەڕڕەمی ١٢٣٦ – / ١٠/ ١٨٢٠ ٢٠) لە سلێمانیدا (٣ ساڵ و نیو پترە) و هەرگیز یێکدگیر نابێ لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی دەڵێن:



(نیزیکەی شەش ساڵ ماوەتەوە). بنۆڕە: گفتاری؛ یادی مەردان – ج١، ل ٤١. هەروەها نامەی ماجستێر – ص ١٣٦. بەڵام تێکڕای ژینی مەولانا – لە دوای هاتنەوەی لە هیندوستانەوە بۆ سلێمانی – ماوەی (چوار ساڵ و نیو پتری بردووە) کە هەتا ئەم هەلە (نزیکەی پێنج ساڵی لە بەغداد)دا بردووە، بەئەو پێنج مانگەشەوە کە ساڵی ١٢٢٨ک – ١٨١٣ز تێیدا بووە! بەڵام ئەو ماوەیە کە لە بەغداددا بوو، هەروەها کە بەیێکجاریی لە ١٢٣٨ک – ١٨٢٢ز.دا ڕووی کردە «شام» هەمووی دەکاتە (حەوت ساڵێ و هێندێ) نەک (نۆ ساڵ) وەکو؛ نامەی ماجستێر – ص ١٦٤دا دەڵێ (حەوت و نیو و دەمێ نۆ) و یادی مەردان – ج١، ص ١٤١، پ ١ دەڵێ: (هەشت ساڵ). ئەوانە لە لایێ و لە لای دییەوە: یادی مەردان – ج١، ل ٢٠٦ و ٢٠٤ و ٢٠٩؛ (نامە فارسییەکانی مەولانا بۆ مەحموود پاشای بەبە و عوسمان بەگی برا) و (نامە عەرەبییەکانی بۆ عەبدولقادر حەیدەریی و ئەسعەد حەیدەریی: بغیة الواجد – ص ١٧٣ و ١٨٥، یادی مەردان – ج١، ل ٣٧٤ و ٣٨٣)، هەموو بەئاشکرا باسی کۆشش بۆ گێڕانەوەی دەکەن. بەڵام نامەی عەرەبیی – بۆ ئەسعەد حەیدەریی – پاشگەزبوونەوەی مەحموود پاشای بەبە دەنوێنێ و ئاشکرای دەکا کە (کۆششەکە) بەری نەگرت، پووچەڵ بوو. خاوەندی: یادی مەردان – ج١، ل ٤٣ بەتەنێ هەواڵی نواندووە گۆیا؛ (مەحموود پاشا خۆی چووە بۆ لایی و مەولاناش گوێی لە ڕجا و تکای نەگرتووە و عوزری بۆ هێناوەتەوە) کە چ سەرچاوەیێکی دی لایینگیری نییە! لە لایێکی دییەوە هەموو سەرچاوەیێ دەڵێن: لە بەغدادەوە بەرێگەی «دێرەززوور»دا چووە بۆ «شام»، بەڵام (یادی مەردان) دەڵێ؛ لە هەواری «سەرگەت»ەوە، کە دیارە لە ئەم هەوارەوە گەڕاوەتەوە بۆ «بەغداد» و ئەوجا چووە بۆ «شام». جێگەی خۆییێتی بڵێم؛ نامەی مەولانا (بغیة الواجد – ص ٢٥٠ الرقعە ٩٠، یادی مەردان – ج١، ل ٤١٦، الرقعة ٧٥) دەگێڕێتەوە (هەتا ئەم کاتە؛ ڕۆژی ٥شەممەی ١٧ی ڕەبیعی یێکەمی ١٢٣٨ک/ ١٨٢٢ز، هێشتا خێزان و بەهاددینی کوڕی نەگەییشتوون!) ئەمەیەشم پتر بۆ ئەوە گێڕایەوە؛ خاوەندی یادی مەردان، ڕایگەیاندووە گۆیا لە ئەو ڕۆژگارانەدا بووە کە مەحموود پاشا کۆششی بۆ گێڕانەوەی کردووە! ڕاستییەکەی – قەوماوەکانی مێژوو دەینوێنن – مەحموود پاشا لە ١١ی شەعبانی ١٢٣٧ک – ٢ی مایس ١٨٢٢ز.دا عەبداللە پاشای مامی دەرپەڕاند و هاتەوە سلێمانی و زۆر نەحەسایەوە و – لە هەلی هەڵکەوتنی پەتای ڕشانەوەدا – مامی پەلاماری دایەوە و بۆوە بەپاشای بەبە، تا لە جومادی یێکەمی ١٢٣٨ک – کانوونی دووەمی ١٨٢٣ز.دا مەحموود پاشا سەرلەنوێ دامەزرایەوە! من پێم وەیە کۆششەکە پێش ئەم دوا ڕۆژگارانەیە!

(٤١)– الانوار القدسیة – ص ٢٤٤... دەڵێ: زانا و ئەدیب شێخ محەممەد جەملەی خەڵوەتیی دیمەشقیی بەقەسیدەیێ (ساڵ)ی گەییشتنی نیشانە کردووە کە سەرەتا و کۆتایی ئەمەیە:

أضْحَتْ «دیمشق» بهجة ومسَّرة
والنور والاشراق منها صاعدُ
والطیر غنّی والغصون رواقص
تهتز من طرب وهُنَّ موائد

مـذُ حلَّ بالشـامِ الشـريفـة سّـيـدً
وعليـه مـن حُلَـى الكمـال فـرائدُ
فـســـألت عنه اربابَ الهُــدى
قالو «ضيا ءالدين» هذا؛ «خالد»

هەتا...

فـعليـــهم مني جـزيل تحـيـــة
مـا حـر للرحـمن عـبـدُ سـاجـدُ
والســالكين طريقــة أهل الهــدى
طول المدى مـــا أنْ تنبـــه رافـــد
إنْ قـيـل من قطب الـورى أرِّخ بقي
قطب الورى يـا سـائل هو خـالدُ
/ ١٢٣٨هـ

٤٢- سەرچاوەکان؛ البهجة السنية – ص ٩٠ و ٩٧ الانوار القدسية – ص ٢٤٦ و ٢٥٠ هەروەها سەرچاوەی دی.

٤٣- الفيض الوارد؛ ص ٢٤٥ – ٢٤٧

البهجة السنية – ص ٣ (نێویشی بردووە بە: ابي البهاء ضياء الحق والحقيقة والدين).

٤٤- الشيخ معروف – ص ٦٤ (کەسانی دی پتر ئاشنا کردووە).

٤٥- اصفى الموارد – ص ٢٢.

٤٦- نور الهداية والعرفان – ص ٨ الشيخ معروف – ص ٤٧.

٤٧- الانوار القدسية – ص ٤٦.

٤٨- الانوار القدسية – ص ٢٤٧

٤٩- الانوار القدسية – ص ٢٥١

٥٠- الفيض الوارد – ص ٢٤٥

الانوار القدسية – ص ٢٥٤

٥١- بەڕۆشنایی نێوی خەلیفەکانی و دۆستانی – نامەیشی بەڵگەن – دیارە بەتەنێ لە (وڵاتی سۆران – رواندز)دا ئەم رێبازە جێگەی نەبۆتەوە. من وەک سەرنجم دا، مەلامەت ئەوەیە کە میری میران محەممەد پاشای رواندز رێگەی نەداوە. تاکە خەلیفەیێکی دیار لە ئەو وڵاتەدا، هەر (شێخ هیدایەتوللەی هەولێریی) بووە و گێڕاویەتییەوە؛ (پاشای نێوبراو گوتوویە: هەر کەسێ لە مزگەوتێکدا یان لە گۆشەیێکدا دانیشت و دەرزی نەگوتەوە، با لە ئەم باژێڕەدا نەمێنێ – واتە لە وڵاتەکەیدا – چونکە من زانستم دەوێ و پێویستم بەتەریقەت نییە!). بۆ گفتارەکە بنۆڕە: حلية



البشر – ج٣، ص ١٥٧٩، هەروەها علماء ومدارس – ص ٦٧!.

٥٢- بغية الواجد – ص ٧٤، پ ٤٥؛ لەسەر نامەی عەرەبی مەولانا خالید بۆ شێخ ئیسماعیل شیروانی(*) خەلیفەی دەڵێ:

شێخ ئیسماعیل شیروانیی خالیدیی داغستانی لە بەغداد و سلێمانیدا لەگەڵ مەولانا بووە. لە هەموو دەرزێکی عەقڵیی و نەقڵییدا ئامادە بووە، تەریقەتی لێ وەرگرت و بەئیجازەی ئیرشادەوە ناردی بۆ مەڵبەند و باژێڕی خۆی «شیروان – وڵاتی قەفقاس» و ئەم زانایە گەلێ زانا و خەلیفەی پێگەیاند و بەئەملا و ئەولای وڵاتی ڕوسیادا بڵاوی کردنەوە. وێنەیان: شێخ شامیلی داغستانیی ناسراو بەشاشانیی، شێخ فەوزیی مەلا کە پێکەوە سی و شەش دژی «مۆسکۆڤ – رووس» جەنگان. لە دەوروبەری ساڵی ١٢٧٠ک – ١٨٥٣ز لە باژێڕی «ئەماسیە»ی عوسمانییدا کۆچی کرد.

٥٣- من بۆ نواندنی کاریگەریی و دەسەڵاتی مەولانا خالید لە نێو زانا و کاربەدەستان و بەتایبەتیش کە لە خەلیفەکانی، پێویستی دەبم کە هێندێکیان بنوێنم و خوێندەوار تێبگات کە (مەولانا خالید توانا و دەسەڵاتی گۆڕینی هەبوو یان نا؟).

ئە – خەلیفە کوردەکانی:

١- شێخ ئیبراهیمی جزیری.
٢- شێخ ئیسماعیلی زەلزەلیی.
٣- شێخ ئیسماعیل کوردی سلێمانیی.
٤- شێخ ئیسماعیل مستەفای بەرزنجەیی کونەکۆتریی.
٥- شێخ ئیسماعیل هەنارانیی.
٦- شێخ ئەبوبەکری ئەحمەد کوردیی گەلاڵیی.
٧- شێخ ئەبوبەکری هەولێریی – کوچک مەلا.
٨- شێخ ئەحمەد خەتیبی هەولێریی.
٩- شێخ سەیید ئەحمەد – سەردار – سەرگەڵویی.
١٠- شێخ مەلا ئەحمەد کوردی هەکاریی.
١١- شێخ مەلا ئەحمەد کوولەلیکی سورچیی.
١٢- شێخ حامیدی بیارەیی شارەزووریی.
١٣- حاجیی شێخ حسێن ئەفەندیی خەلاتیی.
١٤- شێخ حسێنی ئەحمەدی دووسەریی – بەسرەیی (خەلیفەی لە ئەحسادا).
١٥- شێخ خالیدی جزیریی – مەدینەیی.

*(*) شیروان – شیروانە، نیزیک باژێڕی «باکۆ»ی پێتەختی ئازەربێجانی سۆڤییەتی جارانە و ناسراوە بە«کیرۆڤ ئاباد» بەقسەی مامۆستا خاڵ ساڵی ڕاستی کۆچی زانای نێوبراو رێکەوتی: ١٢٧٥ک - ١٨٦٠ ز.ـە (بنۆڕە: الشيخ معروف – ص ٤٩، هـ).*

١٦- شێخ خالیدی هەریریی.
١٧- مەلا ڕەسوڵی سابڵاخیی.
١٨- مەلا ساڵحی کوردی دانیشتووی (طیبە - مصر).
١٩- شێخ تاهیری ئاکرەیی.
٢٠- سەیید تەهای شەمزینیی هەکاریی نەهریی (خەلیفەی وان).
٢١- مەلا عەباسی کۆیی.
٢٢- مەلا عەباسی کەرکووکیی.
٢٣- شێخ عەبدوڕڕەحمان کوردی ئاکرەیی (هاوەڵی مەولانا بۆ چوونە حەج و هیندوستان - یێکەم خەلیفەی لە دیمەشق)دا.
٢٤- مەلا عەبدوڕڕەحمان ڕۆژبەیانیی.
٢٥- مەلا عەبداللەی جەلیی کۆیی.
٢٦- شێخ عەبدالله قادریی شەمزینیی هەکاری.
٢٧- شێخ عەبدولوەهابی سووسێی ئامێدیی (دەرکراو لە تەریقەت).
٢٨- مەلا عەبدولغەفووری کەرکووکیی.
٢٩- شێخ عەبدولفەتاحی ئاکرەیی (برای شێخ عەبدوڕڕەحمان).
٣٠- شێخ عەبدولقادری بەرزنجەیی سەرگەڵوویی.
٣١- شێخ عەلی ڕەزا بەگ زادە - خالیدیی خەرپووتیی (خارپووتی).
٣٢- شێخ عوبەیداللەی حەیدەریی ماوەرانیی.
٣٣- شێخ عوسمان سیراجەددینی تەوێڵەیی.
٣٤- شێخ عومەری قەرەداخیی - شێخ هۆمەر.
٣٥- شێخ عیسای کوردی شارەزووریی.
٣٦- شێخ عیسای مووسای مەندەلیی.
٣٧- شێخ محەممەد حافزی ئۆرفەیی ڕەهایی.
٣٨- شێخ محەممەد ساڵحی سلێمانیی.
٣٩- شێخ محەممەد فیراقیی کوردیی.
٤٠- شێخ محەممەد قزلەریی.
٤١- شێخ محەممەد قەرمەشلیی.
٤٢- شێخ محەممەد کفرەیی بدلیسی تاهیی.
٤٣- شێخ محەممەد مەجزووبی ئامێدیی.
٤٤- مەلا مستەفای مەلا جەلالی گوڵعەنبەریی - خورماڵیی.
٤٥- شێخ مووسای بەندەنیجیی - مەندەلیی.
٤٦- شێخ مەحموودی کوردیی.



٤٧- شێخ مەحموود ساحیب (برای).
٤٨- شێخ مەحموود عومەری سووسێیی.
٤٩- شێخ مەسعودی ئامێدیی.
٥٠- مەلا هیدایەتواللەی هەولێریی.
٥١- مەلا یەحیای مزووریی.
بێ - خەلیفەکانی دی:
١- شێخ ئیسماعیلی شیروانی.
٢- شێخ ئیسماعیلی دوریکی.
٣- شێخ ئیسماعیلی شێخ عومەری غەززەیی.
٤- شێخ ئیسماعیلی بەسرەیی.
٥- مەلا ئەبوبەکری بەغدادیی.
٦- شێخ ئەحمەدی ئەغرەبووزیی (خەلیفەی ئەستەنبووڵ).
٧- شێخ ئەحمەدی بوقاعیی.
٨- شێخ ئەحمەدی سلێمان عوسمان تەڕابلوسیی ئەروادیی.
٩- شێخ ئەحمەدی سەمین.
١٠- شێخ ئەحمەدی قوستەنتینی.
١١- شێخ ئەحمەدی مستەفا زیائەددین کومشخانی.
١٢- شێخ حەسەنی شوکری ڕۆمیی قوستەنتینی.
١٣- شێخ حەسەنی قۆزانیی خەتتات.
١٤- شێخ سامنی ئەردەبیلیی.
١٥- شێخ عەبدالله ئەرزنجانیی مەککەیی - مەککە.
١٦- شێخ عەبدالله حەنەفیی هرەویی.
١٧- شێخ عەبدالله فەردیی.
١٨- شێخ عەبدالله هیراتیی.
١٩- شێخ عەبدولغەفوری مەشاهیدیی بەغدادیی.
٢٠- شێخ عەبدولقادری دیملانیی.
٢١- شێخ عەبدولقادری محیەددینی جەزائیریی - مەغریب.
٢٢- شێخ عەبدولموئمینی بوخاراییی - بەلەدوالله حەرام.
٢٣- شێخ عەلی بالوولیی.
٢٤- شێخ عومەر ڕاسیم ئەفەندیی - ئەستەنبووڵ.
٢٥- شێخ فەیزواللەی تەرتووم.
٢٦- شێخ محەممەد ئیمام.

٢٧- شێخ محەممەد ئەمینی عابدین (موفتیی شام).
٢٨- شێخ محەممەد خانیی.
٢٩- شێخ محەممەد سلێمان بەغدادیی.
٣٠- شێخ محەممەد جەدید بەغدادیی.
٣١- شێخ محەممەد ناسیح.
٣٢- شێخ محەممەد عاشقی میسریی.
٣٣- شێخ محەممەد هیراتیی.
٣٤- شێخ محەممەد گێلانیی.
٣٥- شێخ محیەددین جەزائیریی - مەغریب (خەلیفەی مەغریب).
٣٦- شێخ مستەفا ئیمام.
٣٧- شێخ مووسا جبووریی عێراقیی.
٣٨- شێخ مەسعود قریمیلی.
٣٩- شێخ مەعرووف تکریتیی عێراقیی.
٤٠- شێخ یوسف ئیسلام یۆڵیی.

تێ - هێندێ زانا و پاشا و میرزادەی دۆست و لایێنگیری

١- زانا شێخ ئەبی سەنا مەحموود ئالووسیی.
٢- شێخ ئەبولخەیری دیاربەکریی.
٣- زانا حەسەن ئەفەندی تەقیەددین حسێن (موفتیی دیمەشق).
٤- سەید خەلیل ئەفەندی سەمین (نەقیبی تەرابلوس).
٥- داود پاشا (والیی بەغداد).
٦- راغیب ئەفەندیی (بەنێوبانگی ئەستەنبووڵ).
٧- سلێمان پاشا عەبدوڕڕەحمان پاشای بەبە.
٨- شێخ ساڵحی عەجلوونی - ناسراو بەئەبی ئەلفەتح.
٩- شێخ سەدرەددین محەممەد ئەسعەد حەیدەریی ماوەرانیی (موفتیی حیللە).
١٠- عوسمان بەگ عەبدوڕڕەحمان پاشای بەبە.
١١- شێخ و مێژووناس عوسمان ئیبنو سەند ئەلوائیلی ئەلبەسڕی.
١٢- شێخ عومەر غەزەیی - دیمەشق.
١٣- شێخ عومەر موجتەهیدی دیمەشقیی.
١٤- شێخ شێخ عەبدوڕڕەحمانی تیبیی.
١٥- شێخ شێخ عەبدوڕڕەحمانی کوزبەریی.
١٦- زانا عەبدولقادر حەیدەریی کوردیی ماوەرانیی (قازیی بەسڕە).
١٧- عەبدالله پاشا (فەرمانڕەوای عەککا).



١٨- زانا عەبدالله حەیدەریی (موفتیی شافیعیی - بەغداد).
١٩- عەینی ئەفەندیی (بەنێوبانگی ئەستەنبووڵ).
٢٠- عەینی سەیید محەممەد ئەسعەد ئەفەندیی ئیبنولنائیب.
٢١- عەینی محەممەد ئەفەندیی جوندیی (موفتیی مەکەڕڕەتولنەعمان - حەڵەب).
٢٢- عەینی محەممەد ئەمین سویدیی بەغدادیی.
٢٣- عەینی محەممەد محەممەد تاهیر ئەفەندیی حوسەینیی (موفتیی قودس).
٢٤- عەینی محەممەد محەممەد قەسیمی سنەیی.
٢٥- شێخ مستەفا ئەفەندیی عاسیم زادە (شێخولئیسلامی دەوڵەتی عوسمانیی).
٢٦- مەحموود پاشا عەبدوڕڕەحمان پاشای بەبە.
٢٧- حاجی وەلیەددین پاشا (والیی سوریا).

سەرچاوەکان: الحدیقة الندیة، الفیوضات الخالدیة، بغیة الواجد، الشیخ معروف، خلفاء مولانا خالد، یادی مەردان.

(٥٤)- بنۆڕە: رحلة ریچ - ص ٩٨.
(٥٥)- عەبباس عەززاویی - خلفاء مولانا.
(٥٦)- الانوار القدسیة - ص ٢٦٠.
(٥٧)- الانوار القدسیة - ص ٢٥٠.

### ٣/٢: کێشەی مەلا – حاجیی مەولانا خالید:

تا ئەورۆ مەلا – حاجیی – مەولانا خالید، گەلێ لێکۆڵی کورد و بیانی خەریک کردووە. خۆمانەکان بەسۆزەوە بەسەر هەڵسوکەوتی خۆی و باسەکانیدا ڕادەبوورن و بەبیانووی زانایییەوە زۆری لێ ورد نابنەوە، لە نهێنەکانی ناکۆڵنەوە. هێندێ بیانیش هەروەها، تاکوتەرایێکی دیکەش خۆی و ڕێبازەکەی تێکەڵی بابەتی سیاسەت دەکەن و تێکڕا هەموو – لە ڕۆژگاری خۆیشییەوە – قسە لە کێشەیێ دەکەن کە قەوماوە و نێویان لێ ناوە؛ (کێشەی شێخ مارفی نۆدێیی بەرزنجەیی – مەولانا خالیدی نەقشبەندیی).

من سەرنجم داوە و دیتم پێویستە لە ئەو کێشەیە بدوێم کە دەبینم کێشەکە – بەبڕاندنەوەی لەگەڵ شێخ مارف – نەبڕاوەتەوە، بەڵکو گەورەتر بووە؛ وڵاتی بەبەی بەیێکجاریی چۆڵ کرد؛ چووە بەغداد و لە ئەوێشدا نەحەوایەوە و هەڵێنەکرد و ڕووی کردە «شام» تا مرد. ئەم بارەی کارێ لە من دەکا بڵێم؛ ڕاستترە بیێژرێ (کێشەی مەلا – حاجیی مەولانا خالید) و لە ئەم چێوەیەدا کۆشش بۆ ناسینەوەی بکرێ.

من کۆششی ئەوتۆ بەگران دەزانم، بەتایبەتی هەر خودا خۆی دەزانێ چەند نهێنیی گرنگ؛ ون و کوێر بوونەتەوە و بەڵگەی نووسراو و ڕاستیش بەدەستەوە دەگمەنە کە ڕۆشنایی بدەن و جوان ڕێنماییم بکەن، بۆیێکا پێشەکیی پێی لێ دەنێم، من هەر لە سنوورێکی پێویست و ماقووڵدا دەتوانم دەور و خولی بدەم کە ڕەنگبێ مایێکەی چشتێ پتر بێ و خوێندەوار وردتر هێندێ لایێن بناسێتەوە. لەسەر ئەم ڕێگەیەشدا – با ژینیم خەست و خۆڵ نواند بێ – ناڕەوا و هەڵەی نابینم کە پوختە و کاکڵەی هەستونەستی، هەڵسوکەوتی، ڕەنج و مەبەستی بدەمەوە بەر نەشتەر و کنەی تێدا بکەم؛ (بنچینەی کێشە)ی بناسینەوە.

سەرەتا، من ژین و ڕەفتار و ڕەنجی خالیدی جافی شارەزووریی – کە ئەم نێوناسانەیشی بەکار بردووە – لە سێ قۆناغدا دەبینم:

– قۆناغی منداڵیی؛ شاگردیی، فەقیاتیی، مەلایێتیی و بوونی بەمامۆستا.

– قۆناغی چوونە حەجی.

– قۆناغی تەریقەت وەرگرتنی لە هیندوستاندا تا کۆچی ماڵئاوایی لە «شام»دا.

کە تەماشای قۆناغی یێکەمی دەکەیت؛ جارێ لە ڕۆژگاری بنیاتنانی «سلێمانی»ی پێتەختی نوێی بەبەدا لە دایک بووە. خۆی – بۆ کۆچی ئیبراهیم پاشای بابان – لە



شیعرێکی فارسییدا، ئەو بە(بنیاتنەری ئەم باژێڕە نیهاد بەهەشتە/ بانی این بلده، جنت نهاد) دەژمێرێ، بەڵام لە ئەوە پتر قسەی لەمەڕ پاشاکانی دی ئەو وڵاتە نەکردووە، ئەوە نەبێ – بەشیعر و بەنامە – پێوەندیی گەرم و سۆزی یێکجار نەرمی بەرامبەر (عەبدوڕڕەحمان پاشای بەبە) و ڕەنجی، برا و کوڕ و کەسەکانی دەنوێنێ. ئەم وێنەیەی هەڵوێستی بەرامبەر ئەم خانەدانە بەڵگەی زەبری کاریگەری قۆناغی وریابوونەوەی وڵاتی بەبەیە کە سەروچاوەکەی ئەم دەستەیەی خانەدانی نێوبراوە.

ئەو زەبرەی کە هۆش و بیری تەزاندووە، هەر زوو، بەتوانای بۆ شیعردانانی کوردیی – بەشێوە زمانی بەبە و پتر گۆران – و بەفارسی و عەرەبی ڕاست کردۆتەوە هەروەها بە زمانی فارسیی دڵسۆزیی نواندووە بۆ ئەو دەستە خانەدانە و؛ «دوژمن»ی پاشای «شێری شیران» و «شەهادەت»ی کەسانی دەناسێ، گیان و سۆزی نیشتمانیی زووتریش و لە ڕۆژگاری فەقیاتییەوە (وەتەن)ی خۆی لە دڵدا چەسپاندووە – نامەیشی بۆ ئیبنو ئادەمی مامۆستا و زانا بەڵگەیە و لە سەرەتای قۆناغی سێیەمدا – لە ڕێگەی هیندوستانەوە – دڵی هەر لە لای بووە بەڕادەیێ شیعرە فارسییەکانی کە باسی «خۆشەویستیی خۆوڵاتی»، «دایک، برا، مام، خاڵۆکان»ی دەکا و یادی «بەکرەجۆ و سەرچنار» دەکاتەوە، کارێکی پێ کردووە؛ خۆی بە(دەربەدەرێکی دێوانە) بێتە بەرچاو.

ئەم هەست و نەستە نیشتمانییە – کە مەگەر مەلا عومەری ڕەنجووریی زانا و شاعیر و عەلیی بەردەشانیی شایێری گەل نواندبێتیان – نەک هەر بەڵگەی زیرەکیی، هەست ناسکی نیشتمانپەروەرییە، بەڵگەیێکی یێکجار باڵایە بۆ بۆڕدانەوەی زۆربەی زانا و مامۆستاکانی، بەتایبەتیش (شێخ مارفی نۆدێیی بەرزنجەیی) ئەویی هەرگیز – کۆمەڵە نامەی عەرەبیشی لە بەردەستمە – لە ستایشکردنی والییەکانی بەغدا و بەئەولاوە – وێڕای باڵادەستیشی لە شیعری فارسی و عەرەبیدا، تاکە دێڕە شیعرێکی نە بۆ پاشایێ، نە بۆ نیشتمان، نە بۆ کۆستە گران و تاڵەکانی خەڵکی وڵاتی بەبە نەگوتووە. پێچەوانەی ئەوەش، هەر دەستنووسی (شێخ مارف) خۆی بەدەستەوە هەیە کە ساڵی ١٢٣٢ک/ ١٨١٦ز، بەبۆنەی دانانی (داوود پاشا) بەوالیی بەغداد، پەخشاننامەیێکی ئەدەبیی شیعر ئامێزی بەرزی عەرەبیی بۆ ناردووە و گەلێ ستایشی کردووە و بەسەریدا هەڵێداوە.

هەر بۆ وێنە لە بەشی شیعردا سەرەتا و کۆتاییەکەی دەنوێنم[١]:

---

١- وێنەی شیعری مەلا خالید -بەر لە تەریقەت وەرگرتن- بەشێوە زمانی وڵاتی بەبە و شێوەی گۆران ئەمەیە:

١/ بەشێوەی وڵاتی بەبە

دیسان دیاری دلبەری وەک مەشعەلستان دا دیار
نوور بوون لەسەر کێوی ئوحود تۆمار بە تۆمار ئاشکار
خۆش خۆش نەسیمی عەنبەرین بێن خۆش دەکاتن سەر زەمین
ئەمما نەبۆیی عەنبەرین یا نەفەیی میشکی تەتار
بێ وادە ئیمشەو ڕۆژهەڵات یا نووری جانان سات بە سات
ڕۆشن دەکاتن سەربیسات، (في الليل يولج النهار)
پڕ بوو لە نوور دەشتی فەقا، گۆیا حەبیبی خۆش لیقا
(ليلاً على السلع إرتقى، من نوره القاع إستنار)(*)

٢/ بەشێوەی ئەردەلان

وە ئەو داڵ نەکەم... وە ئەوداڵ نەکەم...
تاکەی خۆم چون قەیس وە ئەوداڵ نەکەم
بازووی دەروێشیم پڕ خڕخاڵ نەکەم
پۆشاکی جە لۆنگ شا دەسماڵ نەکەم
چەنی دەیری یان ماڵ بەچۆڵ نەکەم
تەحسیلڕ ڕۆزی بەکەشکۆڵ نەکەم
فەناییم بەخاک سەحرای بەڕ نەکەم
بەو کانیی و سێلاو دیدەم تەڕ نەکەم
بێخ ڕیشەی نەخل زەوقم پەی نەکەم
چار گۆشەی جیهان مەسکەن تەی نەکەم
پەرێ بەخت وێم خاک وەسەر نەکەم
یامەن هو و پەی سەد سکەندەر نەکەم
جە قەوم و عەشرەت خۆم بێزار نەکەم
عەزم وە ئەی کابل و قەندەهار نەکەم
(خالید) بێ ڕەفیق ڕۆژ وە شەو نەکەم
چون تاف ئاوان تەرک خەو نەکەم(**)

*(*) مەلا خالید -لە ڕێگە حەجدا- لە بازێری «مەدینە»دا ئەم هۆنراوەی گوتووە.*

*(**) وێ دەچێ لە ڕێگەی تەریقەت وەرگرتندا داینابێ. (بۆ هۆنراوەکان بنۆڕە: یادی مەردان- ل ٦٢١، ٦٢٢).*



تسامى فقال البدر هذا هو البدر
واعطى فقال البحر هذا هو البحر
وأعمل في العلياء هِمة ضيغم
فاشبههُ في هِمة الضَيغم الدهرُ
وزفت له بغدادَ من بعد غيره
فعادت له بغداد وهي به بكر
وما مهرها الاّ وقارٌ وسؤددٌ
وسيف مناهُ من طليّ المارق النحر
بشراك بشرى بما تهوى قضى الزمن
والجد منك علي والرجا حسنُ
وروض بشرك حسان لبسمة
مذ جاده للسرور العارض الهُتن
يصاغ من درع داودٍ لها زردٌ
عن الاعادي اذا ما مَرةً طعنوا
أبا سليمان! خُذ حسناء بُهّكنة
صُبَتْ اليك وإبداعي لها بدَنُ[٢]

هەڵبەت خوێندەوار تێ دەگا کە شیعر گوتنی (مەلا خالید) ئەوە نییە دەستمایەی خۆ نزیککردنەوەی بێ لە دەستەی خانەدانی نێوبراو، بەڵکو ڕاستییەکەی لە خۆشەویستیی نیشتمانەوەیە کە تەنانەت -وێڕای باوەڕی ئیسلامیی- والییەکانی بەغداد و شەڕ و بەڵایانی داوەتە بەر توانج، بگرە بە «دوژمن»ی ناساندوون.

ئا لە ئەم قۆناغەی یێکەمدا، هەتا دوا ئیجازەنامەی کە وەریگرتووە. -پێشنیازی ئیبراهیم پاشای بەبەیشی بۆ مامۆستایی لە فێرگەکەیدا پەسەند نەکردووە- لە ئەو هەموو گەشت و گەڕیانەیدا بۆ لای زاناکانی نێو وڵاتی بەبە و دەرەویشی، هەرگیز توخنی خوێندن لەلای (شێخ مارفی نۆدێیی بەرزنجەیی) زانا و مامۆستای بەنێوبانگی ئەو ڕۆژگارانە و (ڕابەری تەریقەتی قادریی) نەکەوتووە. ئەمە گەلێ گرنگە و پرسیارێکی گەورەیە!؟.

---

٢- بنۆڕە: محمود احمد محمد -وثيقة تاريخية «الشيخ معروف النوديهي و داود پاشا والي بغداد»، مجلة كاروان/ المسيرة، ع ٦٠، تشرين الاول والثاني ١٩٨٧.

بۆچیی (شێخ مارفی نۆدێیی بەرزنجەیی: ١٧٥٢- ١٨٣٨ز)ی فەرامۆش کردووە؟ من هەرچەندە سەر دەهێنم و سەر دەبەم، بنجی مەلامەتەکەم پێ نادۆزرێتەوە؟ بەڵام ئەگەر بۆ ئەوە دەستەپاچەبم، دەتوانم وەک تۆ گومانێ بکەم و بڵێم، تۆ بڵێیی مەلامەت جودایی ریشەیان، شێخ مارف (سەیید) و ئەو (عەشاییری) بووبێ، یان نێوبانگە گەورە و گرانەکەی شێخ مارف، بەزانست و ڕێبازەوە، گرێییێکی لە دەروونددا دروست نەکردبێ؟ بەڵام لە هەمان هەلدا، لەبەرامبەر ئەمەوە، چاوەنۆڕ نیت (شێخ مارف)یش بە ئەو هەڵوێست و فەرامۆشییەی شاگردێ، فەقییێ، مەلاییێکی ئەوهە زیرەک و چست و چالاک و پێشکەوتوو، نارەحەت نەبووبێ کە کار گەیشتە ئەوەی لە جێگەی زانا شێخ عەبدولکەریم بەرزنجەیی مامۆستای مەلا خالید و لە (فێرگەکەی ئیبراهیم پاشا)دا ڕووی مامۆستایی لێ بنرێ -باوەڕیشم بەهێزە لەبەر دڵ ڕاگرتنی عەبدوڕڕەحمان پاشا بووە نەک ئەوە گۆیا هێشتا شایستەی ئەرکێکی ئەوتۆ نییە- و پەسەندی نەکردووە و دوایی بووە بە مامۆستای (فێرگەی عەبدوڕڕەحمان)؟.

من ئەگەر ئەم باسە بەزەنگی یێکەم سەرکەوتن و نوخشەی بەنێوبانگیی مەلا خالید بزانم، ئەوە هەبێ و نەبێ مایەی دڵگرانیی (شێخ مارف)یشە.

ڕاستییەکەی ئەم بارە و هەڵکەوتنی مەلا خالید، لەلای من چەند پەڕەپەڕەی دفتەری یێکەم قۆناغی ژینی هەڵبدەمەوە و زەرەبینی لێ بدەم، هەر هێندە دەبینم کە خالید کەسێکی یێکجار زیرەک، ورە بەرز، توانا و کارامە، بەتایبەتیش بەهەڵپە و شەیدای پێشکەوتن و هەڵکەوتن و بەرزیی بووە.

دووەم قۆناغی ژینی کە ڕیشەی بەیێکەمەوە گرێ دراوە، لە کەوتنە ڕێگەوە بۆ «حەج» و بەتایبەتی لە «شام»ەوە دەست پێ دەکات کە هەر زوو، دیارترین وێنەی دانسقەی دەبینین و ئەوەیە؛ لە ئەم باژێرەدا «ئیجازەی لە تەریقەتی قادریی»دا وەرگرتووە. ئەمە بۆ خۆی - بەرامبەر شێخ مارفی ڕابەری ئەو ڕێبازە- بەئاشکرا بەڵگەی کارێکی سەرپێچییە بەرامبەر (شێخ مارف)!.

هەروەها ئاوێنەیێکی ڕووناکیشە بۆ نواندنی (هەڵپە)ی گیانی بۆ چوونە سەر ڕێگەی تەریقەت وەرگرتن و بەکاربردنی بۆ دوارۆژی ژینی. ئەگەر کەسێکیش باوەڕ نەکات و بڵێ، ئەم تەریقەت وەرگرتنەی لە زانایێکی «شام»ەوە، ئاساییە، ئەوە هەر لە ئەوێوە و کەوتنە ڕێگەی (مەدینە) و (مەککە) وەڵامەکە، ڕاکەی من پەسەند دەکات.

لە (مەدینە)دا کەسێکی «یەمەنیی» دیتووە و زۆر ئاخاوتوون. ئەو کابرایێ -چ ئەویی



بەدوویدا دێ- لەلای ئەو پیاو چاک و تەنانەت ئەویی (مەککە) بەوەلیی دادەنێ. من دەرکەوتنی ئەم دوو کەسە هەرگیز بەڕێکەوت نازانم، بەڵام با لە ئەوە نەکۆڵمەوە و وێکڕا تەماشای هەستی (مەلا خالید) و یێکەم و دووەم کەس بکەین! یەمەنییەکە پێی گوتووە: (ئەگەر لە مەککەدا چشتێکت دی ڕووالەتی لەگەڵ شەرع نەگونجا، لاریت نەبێ و نوکوولیی لێ مەکە!» کە لە (مەککە)شدا کەسی دووەمی دیتووە، خۆی دڵی بۆ کردۆتەوە و تکای لێ کردووە: (ڕێگەی ڕاستیی- هەقی نیشان بدات!!) و کابراش پێی گوتووە: (فەتحی تۆ لێرە نییە!!) و پەنجەی ئاماژەی بەلای «هیندوستان»دا نیشان داوە.

من پێ ویستی نابینم بکەومە شیی کردنەوەی بیروڕەفتاری ئەو دوو کەسە کە (مەلا- حاجیی خالید) هەر لە (مەککە)دا لەلای دووەم: خۆی بەکەسێکی بێ دەسەڵات و نەزان لە قەڵەم داوە -بەڵێ بەئەو هەموو کۆڵە زانستانە و گیانی خودا پەرستییەوە- داخوازی ڕێنمایی دەکات و لە (فەتح؟) دەگەڕێ!!

بۆچیی دەگەڕێ؟ ئەوەتە دەرویش محەممەد- بە ئاماژەکردنی پێشینەکانی- هات بۆ سلێمانیی و مەلا و حاجیی خالید گەشکەداری بوو، (سکاڵای بۆ کرد، ڕابەرێ نییە بۆ ڕێنوێنی و خوداپەرستیی/ فشکی لە- بۆ دەروێش محەممەد- عدم وجود مرشد الی الله تعالی)، ئا ئەمە، ئەم هەڵوێست و باوەڕە، بەڕاستیی بەڵگەی (هەڵپەکەیتی بۆ تەریقەت گرتنێکی جودا -لە شێخ مارف- و هێزگرتن و هەڵکەوتنی)، بگرە دەسەڵات گرتن ئەگەرچیی بەڕواڵەت ئامانجەکەی خوداپەرستیی پەتییە!!.

من چاک لە زانایی و خوداپەرستیی دەگەم، تەنانەت لە نیشتمانپەروەریشی کە تا لە «ڕێگەی هیندوستان»دا بووە، لە دڵیدا بووە و تا ئەو کاتانەش هەر پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ (عەبدوڕڕەحمان پاشا) هەبوو کە وێڕای (نامە) ئاشکراکەی و باسی دەرویش محەممەد و دیاریی هەناردنی، پاشایی هەر بەدۆست و دڵسۆزی نزیکی خۆی ژماردووە، تەنانەت کوڕەکانی ئاگەدار کردووە، کە (قەدر و حورمەتی دەرویش محەممەد بگرن)[٣]، لە ئێرەدا -بەر لە ئەوەی بچمە سەر باسی قۆناغێکی دی- پێ ویستی دەبینم خوێندەوار هۆشیار بێ و بزانێ کە (مەلا خالید)ی ڕوو لە حەج، کەسێکی ژیر و چاودێری (قەوماوە

٣- مەلا خالید- حاجیی، بەزمانی عەبدوڕڕەحمان پاشاوە نامەیێکی بەرەو ڕووی مەحموود بەگی نووسیوە: (لە ماڵی پاشادا زۆر جوان قەدری حاجیی محەممەدی چینی بگیرێ!) بنۆڕە: یادی مەردان- ج١، ل١٧٠، نامەی فارسیی ژمارە: ٢٥. (لە پەراوێزی ژیاننامەیدا ئاماژەی بۆ کراوە)

سیاسییەکانی خۆ و دەوروبەربووە!) کە بێ گومان ئەمە مانای گەورەی هەیە، بەتایبەتی لە ئەو ڕۆژگارانەدا کە نیازی (تەریقەت وەرگرتن)ی لە «شام»ەوە بۆ جێبەجێ بوو، دواتریش -هەر زوو- لە «جیهان ئاباد»یشدا.

بۆ سەلماندنی ئەم باسە، نامەیێکی فارسیی مەلا خالید کە -بەرێگەی حەجدا- لە بازێری «حەلەب»ەوە بۆ مەلا ئەحمەد یاوەزی دانیشتووی «سلێمانیی» ناردووە، بەڵگەیە... نووسیوێیتی. (چوارەم ڕۆژی مانگی شەووالی ١٢٢٠ک- ١٨٠٥ز/ کەمال- لە بازێڕی حەلەبی شەهباوە بار دەکەم بۆ شام... ئەگەر ئێمە حەجحاجەکانی ئەم ساڵ، نەگەڕاینەوە، با دایکم و دۆستانم دڵگیر نەبن. ئەگەر ئەم ساڵ نەگەڕامەوە، ئەوە بە حەجحاجەکانی -ساڵی- ئاییندەدا باسی «ڕووداوی ویلایەت- وڵاتی بەبە/ کەمال- بەتایبەتی دەعوایی عەجەم و فڕەنکم بۆ بنووسن و بۆم بنێرن!)[٤]

---

٤- بۆ نامەکە، بنۆڕە هەمان سەرچاوە: ل١٧١، نامەی فارسی ژمارە:٢٧. جێگەیێتی ئەو باسەی لەمەڕ (ویلایەت- وڵاتی بەبە) و (دەعوای عەجەم و فڕانک) شتێ ڕوون ببێتەوە... لەمەڕ وڵاتی بەبەی خۆی، تا هاتنەوەیشی، عەبدوڕەحمان پاشافەرمانڕەوابووە کە -وەک لە پەراوێزی ژێنییدا باسم کردووە- سەفەرەکە خۆی ڕێکەوتی دەسەڵاتی ئەم پاشایەیە. ئەویی گرنگە: پرسیارەکەی لەمەڕ (دەعوای عەجەم- ئێران، فڕانک- فەڕانسە) شایانی باسە: ئەو ڕۆژگارانە لە کیشوەری ئاسیادا و بەتایبەتی لەنێوەڕاستی خۆرهەڵاتدا، زۆر ڕووداوی گرنگ ڕووی دابوو، یان بەرێگەوە بوون. بریتانیا لە ١٨٠٣ز.دا وڵاتی «هیندوستان»ی داگیر کردبوو، فڕانسەش بەسەرکردایێتی (ناپلیۆن پۆناپارت) بەربەرەکانیی دەکرد. سەرچاوەکانی مێژوو دەگێڕنەوە، لە ئەو هەلانەدا -مەلا خالیدیش چاودێریی ڕووداوەکانی کردووە- فڕانسە لە گەرمەی تەقەللاداندا بوو بۆ خۆ نزیک کەوتنی لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی عوسمانی- ئێرانی تا پێکەوە پەیمانێکی هاریکاریی و لەشکریی لە دژی ڕووسیا و بریتانیا مۆر بکەن. هەر لە ڕاییێڵەی ئەمەدا لەلاییێکەوە فڕانسە یارمەتیی (عەلییی پاشا)ی والیی بەغدادی دا و بەدەستووریێکی ئەوروپاویی، تیپێ لەشکری مەشق پێ کرد. لەلای دیەوە -دوای ناردنی دەستەییێکی فڕانسەوی بەسەرۆکایتیی ژەنەڕاڵ گاردان- پەیمانێکی لەگەڵ ئێرانیش مۆر کرد بۆ سازکردنی لەشکری ئێران، بەرامبەر ڕێگەدان بە نێرووەکانی فەڕانسە و تێ پەڕیوونی بە ئێراندا بەرەو هیندوستانی داگیرکراوی بریتانیا کە ئەمە ئامانجی هەرە گەورەی فەڕانسە بوو. هەڵبەت کرد و کۆشی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیی بێ فەڕ و ئەنجام بوو، بریتانیاش تا توانیی بەرهەڵستی کرد و ئەو نیازەی پووچەڵ کرد، تەنانەت توانیی لە ١٨٠٩ز.دا دەستەیێکی فڕانسەویی لە ئێراندا دەربپەڕێنی. بنۆڕە: حکم المماليک، ص٦٩-٧٢، هەروەها، تأريخ الاقطار، ص٧٨-٧٩. (وشەی فڕەنگ زاراوەیێکی لاتینییە هەموو ئەوروپاویێ دەگرێتەوە، بەڵام لە ئیرەدا مەبەست فڕانسەیە!).



لە ئێرەدا پێ ویستی دەبینم ئەم چاودێرییەی مەلا خالید -هێشتا نەبووە بەحاجیی- بەراوردێکی چاودێریی (شێخ مارفی نۆدیی بەرزنجەیی) بکەم کە لە نامەییێکی عەرەبیی خۆیدا بۆ (مەحموود پاشای کوڕی عەبدوڕڕەحمان پاشا) پرسیارێکی لێ کردووە و دەڵێ: (لەنێوماندا بێژراوە، ڕۆم و عەجەم ڕێککەوتوون ئەم وڵاتە بخرێتە ژێر باری ڕۆم، بەڵام ئەم باسەمان لا ڕوون نییە. ئەگەر ئەم قسەیە ڕاستە، سا مژدەمان بدەرێ تا خەڵکیی لێ ئاگەدار بکەین و دڵنیا بیبن و گرێی ناخۆشیی بڕەوێتەوە. ئەگەر درۆشە سا ئاگەدارمان بکە بەشکو مشووری خۆ بخۆین و دەربچین و ڕوو بکەینە وڵاتانی ئیسلام!)[٥]

ئەوجا ئەگەر بەچاوی عەقڵەوە سەرنجی هەردوولا بدرێ، کەمترین شتێ کە دەبێ ببێژرێ ئەوەیە؛ (مەلا خالید - مەولانا خالید) هۆشیاریی سیاسیی گەورە و دەربەست بووە و (شێخ مارفی نۆدییی بەرزنجەیی)ش لە تەواتیری نێو خەڵکەوە لە ڕاستیی دەگەڕێ و پرس بەپاشاکەی دەکات، واتە لە سەروبەری سیاسەت و کاروبارەکانیدا کەم ئاگایە!

مادام نێوی (شێخ مارف)یش هاتەوە، چاکە ئاماژە بکەم بۆ ئەوە؛ باری مەلا خالید - حاجیی خالد لەلای ئەو، بێ گومان گرانتر بووە بەتایبەتی لە ڕێگەی حەجدا؛ ئیجازەی لە «تەریقەتی قادریی»دا وەرگرتووە و بەزانایی و حاجییەتی و ئیجازەکەشەوە، دیارە نێوبانگی گەورەتر و ئەستێرەی گەشتر بۆتەوە. هاتنەکەی (دەروێش محەممەد)یش کە گۆیا چەند مانگێ لە «سلێمانیی»دا بووە و میوانی پاشا و مەلا حاجیی خالید بووە، ئەوەش بێ گومان کارێکی گرانی لێ کردووە، بەڵام ڕەنگبێ لە هەمووی گرانتر -وەکو باس کرا- بەرێکەوتنی نێوبراو بێ بۆ هیندوستان و بەیاوەریی دەروێشی نێوبراو.

ئەوە بخەمە لایێ و لەلای دیەوە؛ ئەوە گرنگە ڕوون بێ، مەلا - حاجیی خالید، لە جەنگەی ئەو بارە سیاسییەی خۆرهەڵاتدا کەوتۆتە ڕێگەی حەج و لە «مەدینە» و «مەککە» دا، ئەوجا لە «سلێمانیی»دا بەچەند کەسێ گەییشت کە ئەنجامی ئامۆژگاریی و ڕێنمایی

---

٥- نامەکە بێ مێژووە، بەڵام بەراوردی بابەت و پرسیارەکەی لەگەڵ ڕووداوەکانی مێژوو، دڵنیام دەکات بڵێم؛ ڕێکەوتی هەڵکەوتنی (دووەم پەیماننامەی ئەرزڕۆم: ١٨٢٣/٧/١٨ز)ە و پاشاکەی ئەوێ دەمێش مەحموود پاشای عەبدوڕڕەحمان پاشایە. مەتنە عەرەبییەکەی نامەکەم نەنواند کە لە گەنجینەی مامۆستا (محەممەد خاڵ)ەوە فۆتۆکۆپیم وەرگرتووە. ئەم نامەیەش -پێش بڵاوکردنەوەی لەلاییێن خۆمەوە- بۆ کەڵکی خوێندەواران دام بەخاوەندی کتێبی (میرایێتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا) کە نامەکەش لاپەڕەییێکە لە لاپەڕەکانی کتێبە دەستنووسەکەم؛ (ئەدەبی نامەنووسینی کوردی).

هەموویان تاکە شتێکە؛ ئەو ڕوو بکاتە هیندوستانێ کە داگیرکراوی بریتانیایە!

لەمەڕ سێیەم قۆناغی ژینی مەلا - حاجیی خالیدەوە لە ئەوەوە دەست پێ دەکەم؛ ئەو ماوەیەی لە «جیهان ئاباد» و لەبەر دەستی پیرەکەی (شا عەبداللەی دیلهەویی)دا بووە - وەک هەموو سەرچاوە لایینگیرەکانی خۆی باسیان کردووە- بەتایبەتی وەرزشێکی مەعنەویی پێ کراوە و هەرچیی کاری گران و ناشایستەیە -وەک پاکیژکردنەوە، ئاوگێڕاندن، خزمەتکاریی، برسیێتیی، تێنوویێتیی پێ کراوە و چێژتوویتی و تەواو ملکەچی هەموو فەرمان و فەرمایشتێکی پیرەکەی بووە و تا مردن بەموویێ لای نەداوە - ناشتوانێ لابدات- کە ئەوە هەرە مەرجیی گەورەی دەستووری تەریقەتەکەییێتی!!

خۆی چەند جارێ لە نامەکانییدا ئاماژەی بۆ گوێڕاییێلّی و ملکەچیی خۆی بۆ پیرەکانی کردووە. بۆ وێنە -چۆن بێژراوە دوای هاتنەوەی بۆ سلێمانیی بەئاماژەی پیرەکەی ڕووی کردۆتە بەغداد- لە نامەیێکدا دەڵێ؛ (ئەم هەژارە - فەقیرە، بەبێ ئیجازەی پیرانی گەورە، هەرگیز ناتوانێ باربکا، لە شوێنێکدا جێگیر بێ!)(٦).

ئەوە قۆناغی سێیەمی ژینی لەبەر چاواندایە، هەڵپەی گەورەی گیانی کارێکی کرد گەیاندییە هیندوستان و ئەوە لە ئەوێدا بەکامی دڵی خۆی گەییشت و (ڕێگەی ڕاستیی - هەق) و (فەتح؟)ی دۆزییەوە و جاران کە سکالای لە بێ ڕابەریی دەکرد«!!» ، ئەوە ئەمێستە بەهێز و توانا و ئیجازە پێدانی لە کۆمەڵی تەریقەتدا و بەتایبەتی «تەریقەی نەقشبەندیی»ش، خۆی وەکو (ڕابەری) کردەوە بە «سلێمانیی» پێتەختی بەبەدا!

مخابن سەرچاوەییێکی ڕاست و بەڵگەییێکی نووسراوم نەدیتووە کە ڕاست و ڕەوان مێژووی گەڕانەوەکەی، کەسی فەرمانڕەوای (بەبە) دەستنیشان بکات، بەڵام بەپێی وردبوونەوەم، وێ دەچێ کە گەڕانەوەکەی ڕێکەوتی فەرمانڕەوایی (خالید پاشا)ی میری بەبە بێ کە لە ئەو هەلانەدا، (عەبدوڕڕەحمان پاشا) هەر میری «کۆیێ و هەریر» بوو، بەڵام هەر دوای سێ مانگێ، دیسان خالیدی ئامۆزای لێ خرا و خۆی بووە بەفەرمانڕەوای هەموو وڵاتی (بەبە)!

مەلا خالید -بێ ئەوەی خەڵکیی ئاگەداری داب و دەستوور و مەبەستی ڕوونی ڕێبازە نوێییێکەی بێ - هەر بەدڵ و چاوی پڕ حورمەتی جارانەوە، لەلاییێن کاربەدەستان و خەڵکێکی زۆری سلێمانییەوە پێشوازی کرا. دوو مانگێ ماوەتەوە -وێ دەچێ بۆ

٦- بنۆڕە: یادی مەردان - ج١، ل١٨٣، نامەی ژمارە: ٣٨.



ڕێکخستنی کاروباری و خۆشکردنی لانەی ڕێبازەکەیشی بێ- ئەوجا ڕووی کردۆتە بەغداد(٧).

تۆ بیهێنە بەر چاوی خۆت و لێکی بدەرەوە؛ ئەم بارە نوێیەی مەلا خالید - کە وێ دەچێ دوای یێکەم دانیشتنی لە بەغداددا ناسنێوی مەولانا بەسەردا دابڕا بێ کە دواتر بەئیمامیش لە قەڵەم دراوە -لەلاییێکەوە بۆ «ڕێباز - تەریقەتی قادریی» و ڕابەرەکەی (شێخ مارفی نۆدییێی بەرزنجەیی) مایەی نەک هەر سەرسووڕمان دەبێ، بەڵکو مەڵامەتێکی گەورەشە بۆ گرژبوونێکی ئاشکرا، بگرە نواندنی بەرهەڵستیی، بەتایبەتی مەلا - مەولانا خالید کە چووە بەغداد «تەکییەی قادریی - مزگەوتی حەزرەتی غەوس؛ شێخ عەبدولقادری گێلانی پیری گەورەی ڕێبازی قادریی» کرد بەشوێن حەوانەوەی و دەست کردن بەڕێنمایی خەڵکیی بۆ ڕێبازی نەقشبەندیی. ئەمە بۆ خۆی و بەئاشکرا وەک کارێکی ئەنقەست دێتە بەرچاو، کارێ بۆ بەرهەڵستی (ڕێباز - تەریقەتی قادریی)شە!

لەلاییێکی دیەوە -زۆر وێ دەچێ دوای هاتنەوە عەبدوڕڕەحمان پاشا بۆ سەر تەختی فەرمانڕەوایی بەبە- ئەم پاشایە کە تا دوێنیی نزیک جێگە هیوا و سەروەری مەلا خالیدی مامۆستای فێرگەکەی بوو، هەر زوو هەستی بەگۆڕینی ئەتواری دۆستەکەی کردبێ کە ئەمێستە خۆی بە (ڕابەری تەریقەتێکی نوێ) و خاوەندی دەنگی تایبەتی، دەسەڵاتێکی سۆفیگەرانە و کاریگەر دەنوێنێ و لە بەغدادی پێتەختی (والیی)دا ئازاد و دەنگ بەرز و بەنێوبانگ و ڕێزلێگیراوە.

من پێم وەیە؛ عەبدوڕڕەحمان پاشایێ کە تەمەنی لەگەڵ سیاسەت و ناسینی چینەکانی کۆمەڵی وڵاتەکەی، زانایان و دەوری کاریگەری «تەریقەتی قادریی» بردۆتە سەر، هەر زوو سڵی لە مەلا - مەولانا خالید و هێزی تەریقەتێکی نوێ و بەهێز کردۆتەوە، بەڕادەیێ خۆی وەک یێکەم دەسەڵاتی توانا و باری گرانی وڵاتەکەیشی بەرگەی هێزێکی دی ناگرن!

مەولانا کە دوای پێنج مانگێ هاتۆتەوە بۆ «سلێمانیی» عەبدوڕڕەحمان پاشا، بێ هیچ گومانێ وەکو جاران لەلاییێن پاشاوە ڕووی نەدراوەتێ، بگرە خۆیشی زۆر دەربەست نەبووە و خەریکی کاروباری ڕێنمایی خۆی و کۆکردنەوەی جەماوەر بووە.

٧- وەک خۆی و سەرچاوەکان دەبێژن؛ (بەئاماژەی پیرەکەی بووە!) ئەوە بیرم بۆ ئەوەش دەچێ مەڵامەتی دووریی عەبدوڕڕەحمان پاشایش، مەڵامەتێکی تایبەتی دەروونی خۆی بێ کە پێم وەیە؛ لە خالید پاشا دڵنیا نەبووە و حەزیشی پێ نەکردووە!

زۆر وێ دەچێ عەبدوڕڕەحمان پاشا؛ لەژێرەوە -مێملێ مەولانا خالید - شێخ مارفی نۆدێیی بەرزنجەیی وروژاندنی مەولانا خالیدی بەئەو خۆش کردبێ. جارێ لەنێو سلێمانیی خۆیدا، بەئاشکرا بەرەی (شێخ مارف)ی لێ ڕاست بۆتەوە، بەڕادەیێ -وەک مەولانا نووسیویێتی- ئەو بەرەیە (ویستوویانە -نزیکەی دوو سەد کەسێ بوون- گۆیا مەولانا خالید لە نوێژی هەینی و لە مزگەوتی گەورەدا بکوژن!!)[٨].

من ئەگەر باوەڕ بەئەمە نەکەم و تەماشای دەمی دەستەیێ زانا و مامۆستاوی ناسراو بکەم کە لە نامەیاندا بۆ والیی بەغداد؛ (سەعید پاشا) گوتوویانە؛ (مەولانا خالید قەددەسە سیرڕەهو، ساڵێکی تەواو لە ئامێزماندا بوو، نە شێخ مارف، نە کەسیی دی، نەیانتوانی قسەیێکی لە ڕوودا، خراپەیێکی بەرامبەر بنوێنن... هتد)[٩]، لە ئەوە دڵنیام کە (شێخ مارف) بەئاشکرا بەرهەڵستی کرد -کە دەڵێم شێخ مارف مەبەستمە بەزانایی و ڕابەرییەوە بۆ تەریقەتی قادریی خاوەن جەماوەری خۆی- و شیری ناڕەزایی لێ بەرز کردەوە کاتێ کە مەولانا خالید، بەتوارویییەوە، ڕووی کردەوە بەغداد و ئەم جارە لە «فێرگە ئەلئەحسائیە - دواتر ناسراو بەتەکییەی خالیدییە»دا جێگیر بوو، شێخ مارف (نامەی ئاشکرای بەرەو ڕووی والیی بەغداد؛ سەعید پاشا) کردەوە و مەولانا خالیدی بە (درۆزن و گومراه) ناساند و (داوای شار بەدەرکردن)ی کرد! نامەکەیشی بەنێوبانگە و ناسراوە بە (تحرير الخطاب في الرّد على خالد الكذاب)[١٠]، کە ئەم کارە چ لە وڵاتی بەبە خۆی و چ لە بەغداد و وڵاتانی دیدا، دەنگی دایەوە، خەڵکانێکی زۆری وروژان و زانایێکی زۆر

٨- بنۆڕە: بغية الواجد - ص٢١٠. لە المجد التالدەوە.

٩- بنۆڕە: بغية الواجد - ص٢١٣ (ئەم مامۆستا و زانایانە کە نامەیان بۆ والیی بەغداد نووسیوە، بەقسەی خاوەند کتێبەکە خۆیان لە بەرەی شێخ مارفی نۆدێیی بەرزنجەیی جوێ کردۆتەوە و گۆیا لایینگیری نین!).

١٠- لە ڕاپێڵەی ناساندنی زانا و نووسەران و شاعیران لایینگری (مەولانا)دا نێوی ئەو کەسانەی (وەلام و بەرهەڵستی)یان بەرامبەر شێخ مارف نواندووە، ڕیز کردووە و دەتوانیت بیانناسیت! هەڵبەت من پێ ڕا ناگەم هەموو قسە و باسێکیان بگێڕمەوە، بەلام وێڕا هەر دەبێت ئاماژە بۆ وەلامی (سەعید پاشا)ی والیی بەغداد بکەم کە گوتوویتی؛ (ئەگەر مەولانا موسڵمان نەبێ کێ موسڵمانە؟)، ئەوجا سەیید محەممەد ئەمینی موفتیی «حیللە»ی ڕاسپاردبوو بەنامەیێکی ناسراو؛ (القول الصواب بردِّ ما سُمّي بتحرير الخطاب) وەلامی بداتەوە کە هەموو زاناکانی ویلایێتی بەغداد لاینگیری و مۆریان کردبوو!



کەوتنە نێوان دوو بەرەوە و بەگشتیش ئەوانەی بەغداد و وڵاتانی دی، بە (سەعید پاشا)ی والیی بەغداد خۆیەوە، دەمودەست و توندوتیژ وەلامی (شێخ مارف)یان دایەوە و (کێشەکە گەورەتر بوو!)

ئایا (عەبدوڕڕەحمان پاشا) بەڕاست تێکەڵی کێشەکە و مایەی تۆرانی -یێکەم جارەی- مەولانا خالیدە؟

ڕەنگبێ یێکی ڕەخنە بگرێ و بڵێ ئەم دوودڵییە چییە کە دەینوێنم؟ ئەو ئەگەر ڕاست بکا، ئەوە من دوودڵ نیم، بەڵکو مەبەستم لە دووبارەبوونەوەی باسی تێکەڵیی (عەبدوڕڕەحمان پاشا) بۆ ئەوەیە، لە سەرەتادا بەخوێندەوار بڵێم؛ هیچ سەرچاوەیێکی مێژوویی تا ئەدەبیی -بیانی و خۆمانە- تا ئەوڕۆ بەلای ئەو تێکەڵییەدا نەچوون و ئەویان لە تێگەیشتن ڕاستیی بێ بەش کردووە. من ئەوە ناکەم و بۆ یێکەمین جار ڕاستییەکانی دەخەمە بەرچاو، بەتایبەتیش بەپشتیوانی (مەولانا خالید) خۆی.

مەولانا خالید لە نامەیێکی فارسیی خۆیدا کە ڕووی دەمی کردۆتە (میری ڕەوشەن نیهاد - میری ڕەوشەن زەمیر) کە دەبێ مەحموود بەگ یان عوسمان بەگی کوڕانی عەبدوڕڕەحمان پاشا بن، بەئاشکرا دەڵێ؛ (پاشا... باوکت) و ئەوجا ڕاستیی هەڵوێستی بابیان تێ دەگەیێنێ و دەڵێ، (جارەها گوتوویێتی مورشیدێتیی، گەورەیی منی ئاوارەی نیشتیمان، هەروەها خالید پەسەند ناکات!) لە هەمان نامەشدا -ئاشکرایە عەبدوڕڕەحمان پاشا بەنەخۆشیی مرد- هەر مەولانا خۆی دەڵێ؛ (ڕستگار بوونی بابت بەدەستی پزیشکی خاترنمای سیلسیلەی پیرانی علییەیە، هەرچەندە لە ئەو -واتە لە عەبدوڕڕەحمان پاشا/ کەمال - ڕەنجاوم، بەلام لەبەر تکای تۆ، دوعای شیفای بۆ دەکەم ئەگەر خودا لێم بگرێ![١١]).

ئەم هەموو ڕووناکییە، جارێ هەڵوێستی ناڕەزایی (عەبدوڕڕەحمان پاشا)مان نیشان دەدا کە قایل نییە نە بەڕابەرێتیی و -تەریقەتەکەی- و نە بەمەولانا خالید خۆیشی.

ئەمە مانای هەر ئەوەیە بەڕاستی پێوەندییەکەی جارانیان، پردەکەی پساوە و پاکۆ بووە، هەروەها هەڵوێستەی پاشایش، هاودەنگییە بۆ ڕابەری ڕێبازی قادریی؛ (شێخ مارفی نۆدێیی بەرزنجەیی).

١١- بنۆڕە: یادی مەردان - ج١، ل١٨١-١٨٢؛ نامەی ژمارە: ٣٧.

کەواتە ڕوون و ئاشکرایە؛ مەولانا خالید -لە دوای یێکەم هاتنەوەی لە بەغدادەوە بۆ سلێمانیی عەبدوڕڕەحمان پاشا- کەوتۆتە نێو تەڵەی بەرهەڵستیی دوو لایێنەی پاشا و ڕابەری نێوبراو و باری کەوتۆتە لێژیی و ناچارە -وەک تۆرانێکی یێکەم جارە- ڕوو بکاتە بەغدادی والیی (سەعید پاشا).

دیاریشە لە ئەم هەلانەدا بووە -عەبدوڕڕەحمان پاشا نەخۆش کەوتووە- کوڕەکانی، بەتایبەت مەحموود بەگ، نامە و ڕاسپێردراوی گەیاندووتێ و (هانیان داوە بگەڕێتەوە و دوعای شیفاش بۆ بابی بکات!)، کە ئەم بارە بێ گومان ڕێکەوتی بەر لە مردنی (عەبدوڕڕەحمان پاشا)یە لە مانگی ڕەبیعولئەووەلی **١٢٢٨ک/١٨١٣**ز.دا.[١٢]

ئاوابوونی خۆری (عەبدوڕڕەحمان پاشا) وەک سەرەتای لە گرێژە چوونی دەرگەیماڵەکەی خۆی و دواڕۆژی وڵاتەکە بوو[١٣]، دەروازەیێکی گەمەی دەستگیرکردنی کەڵکی

١٢- جێگەی ڕوونکردنەوەیە؛ نامەیێکی دی و فارسیی زمانی مەولانا خالید، دیسان بەڵگەیێکی گرنگە -مخابن یادی مەردان بەنامەی سەردەمی تۆرانی دووەم جارەی و ڕێکەوتی مەحموود پاشای بەبەی زانیوە - کە لە لاییێکەوە و لە دەمی ڕۆیشتنەکەدا، عەبدوڕڕەحمان پاشا زیندوو بووە و مەحموود بەگی کوڕیشی یارمەتیی داوە و مەولانا ئاوارەیە و بەڕێگەوەیە بۆ لاییێکی دیاریی نەکراو کە سەرئەنجام بەغداد بووە. مەولانا خالید لە ئەم نامەیەیدا کە بۆ عەبدولقادری زاوای نووسیوە، لەلاییێکەوە؛ (وەلیی عەهدی شەمیم میر جەلیلوشان مەحموود بەگ) بەدۆستی گیانی دەزانێ و پێیان دەڵێ (موزاحەمە - تەنگەتاوی نەکەن) چونکە ئەو (ئەگەر ئینسانە شەیتانەکان لێی بگەڕێن چاکەی لێ چاوەنۆر دەکرێ). ئەوجا پتر بەزاواکەی دەڵێ؛ (بۆ میرم نووسیوە؛ -بۆ مەحموود بەگ/ کەمال- ئەگەر وڵاختان دەست نەکەوت، لە میری داوا بکەن، چونکە نێوانی ئێمە و ئەو ناتەبایی تێدا نییە!) هەروەها دەڵێ؛ (لەبەر پشێویی ڕێگە، ئەو و شێخزادەکانی «خێوەتە» و چەند کەسی سوارە و پیادەی دی -گوندەکانی/ کەمال- کونە کۆتر و سەنگاو ڕووی تێ بکەن تا وێکڕا ڕوو بکەنە لاییێکی نادیار!).

١٣- ئەم باسە، بەتایبەتیش بۆ ناسینی سەرەتای نالەباری فەرمانڕەوایی مەحموود پاشای کوڕی، بەکورتیش بێ شایانی ڕوونکردنەوەیە؛ پیلان و دەست تێوەردانی (سەعید پاشا)ی والیی بەغداد و ئێرانییەکان کەوتەوە گەڕ، بۆ وێنە؛ لەساڵی **١٨١٣**ز.دا براکانی عەبدوڕڕەحمان پاشا؛ عەبداللە بەگ، ئەحمەد بەگ، عومەر بەگ «سلێمانیی»ان چۆڵ کرد. [دوحە - ص٢٦٣]. هەر ئەو ساڵەش لەلاییێکی دیەوە، والیی بەغداد دەسەڵاتی مەحموود پاشای تەسک کردەوە و باژێڕی «کۆیێ»ی لێ سەندەوە و خستیە پاڵ سلێمان پاشای کوڕی ئیبراهیم پاشا [تاریخی سلێمانیی - ل١٣١]، هەروەها لە ساڵی ١٨١٤ز.دا «مەندەلیی و خانەقین» خراونەتە پاڵ عەبداللە بەگ =



چەند لاییێکی بەرامبەری کردەوە... لەلاییێکەوە (شێخ مارفی نۆدێیی بەرزنجەیی)مێملێی (مەولانا خالید) باری لار، بەتەنێ و دەنگی کزبوو، بەتایبەتی کە کۆمەڵێ زانای سلێمانیی لێ جوێ بۆوە[١٤]، بۆیێکا تاقە دەسکەلایێ کە بەدەستیەوە مابوو، گرەوی پێ بباتەوە و لە ئەم گۆبەندە ڕستگاری بکا، هاتبووە سەر نەرمیی و -ئەگەر بەسەرزاریش بێ- ئاشتبوونەوە!

=[دوحة - ٢٦٦]، لە ئەمانەش گرنگتر لە ساڵی ١٨١٥ز.دا [حکم المماليك - ص١٦٦] لە پڕێکدا بەفیتی هەتیوێکی ئێرانی -حومادی نێو-ی دۆستی تایبەتی سەعید پاشای والیی بەغداد، مەحموود پاشا لە پاشاییێتی خراوە و عەبداللە بەگی مامی کرا بەفەرمانڕەوا و بەلەشکرەوە هەڵی کوتایە سەر مامی، بەڵام مامی شکاندی و لە جێگەی خۆیدا مایەوە. [تاریخی سلێمانیی - ل١٣٢]. ئەم بارە لارەی مەحموود پاشا کارێکی پێ کرد هەرکە (داوود)ی دەفتەرداری والیی بەغداد بەپیلانی (والیی) زانیی، گۆیا بەتەمایە بیکوژێت و لە ناچارییدا -بەنێوی ڕاوەوە- خۆی دووسەد و پەنجا سوارەی ڕوویان کردە کەرکووک؛ (١٢ی ڕەبیعی یێکەمی **١٢٣١ک/١٨١٥**ز)، مەحموود پاشا هەلەکەی قۆستەوە و نامەیێکی بە ئەم مانایەوە بۆ ناردووە؛ (هەموو نێرووەکانی کوردستان - بەبەی دەخاتە پاڵ و لە خزمەتی والییەکاندا درێغیی ناکات ئەگەر والییەکان خراپەیان لەگەڵ نەکەن. ئەگەر داوودیش وەزارەتی بەرکەوت -بوو بەوالیی- ئەوە لە فەرمانی دەرناچێ و لا لە ئێران ناکاتەوە و سەر بەئەو دەبێ و ئامادەشە پشتیوانی بێ [دوحە - ص٢٧٢، هەروەها العراق بين - ص٢٣٢]). داوود ئەم هەلەی بەهەلێکی زێرین زانیی و ڕووی کردە «سلێمانیی» و چل ڕۆژێ میوانی مەحموود پاشا بوو، ئەوجا مەحموود پاشا و سلێمان بەگی برای بەلەشکرەوە لەگەڵ (داوود) ڕوویان کردە کەرکووک و بەتەمای پەلاماردانی بەغداد بوون. لە ئەو هەلانەدا کە (داوود) نامەی بۆ سوڵتانی عوسمانیی ناردبوو، فەرمانی دامەزراندنی بە (والیی بەغداد) پێ گەیشت و ئیدی ڕوویان کردە بەغداد (سەعید پاشا)ی والیی سەری تێدا چوو، داوود بوو بە والیی بەغداد. [تاریخی سلێمانیی - ل١٣١]. لە ئەم هەلانەشدا، مەحموود پاشا دیدەنیی مەولانا خالیدی کردووە و ئاشتکردنەوە و باسی گێڕاندنەوەی بۆ سلێمانیی گەرم بوو کە سەرئەنجام بەری گرت!

١٤- لە سەرەتای ناکۆکییەکەی شێخ مارف -مەولانا خالیددا کە خۆیشی لە سلێمانییدا بوو، شێخ مارف نامەیێکی بۆ یێکێ لە زانا هەرە گەورەکانی کوردستان و وڵاتە ئیسلامییەکان (زانا مەلا یەحیای مزووریی ئامێدیی؛ **١٧٣٢-١٨٣٦**ز) ناردبوو گۆیا؛ (فریا بکەوێ، ئەوە مەلا خالید ئیددیعای ویلایەت دەکات!!). مەلا یەحیاش کە گەیشتە سلێمانیی، لە ڕێگەوە چووە لای مەولانا خالید و دوای چەند پرسیارێکی کورت، دەستبەجێ بووە بەموریدیی و باوەڕی بەبەهرە و زانایی و تەریقەتەکەیشی هێناوە، کە خۆی -مەلا یەحیا- لە پێش مەولانا خالیدەوە ئیجازەی لە تەریقەتی نەقشبەندیشدا وەرگرتووە. **مەلا یەحیا کوڕی عەبدولئەحەد** -یان- کوڕی خالیدی مزوورییە، گەلی =

مەولانا خالید -ویڕای دۆستایێتی کۆنی لەگەڵ مەحموود پاشای کوڕی عەبدوڕڕەحمان پاشا مردنی پاشای باسکراو باری سووکتر کرد، لە ئەم لایشەوە ئەم ماوەیەی لە بەغدادی والیی (سەعید پاشا)دا بوو، گەلێ ڕێزلێگیراو، پشت ئەستوور، بەنێوبانگ بوو، دامەزراندنی (داود پاشا)یش کە خۆی کە لایێنگیری بووە و سەبغەتوللەی حەیدەریی مامۆستای داوود، موریدی بووە و لە ئەوەش پتر ئەمێستە هاوپەیمانی مەحموود پاشایە، هەموو کاریگەر بوون تا نەرمیی بنوێنێ و ملی ڕێگەی ڕێککەوتن، ئاشتبوونەوە، گەڕاندنەوە بۆ «سلێمانیی» بنکەی خۆی بگرێ، بەبەرچاوی دۆست و دوژمنەوە، دەسەڵاتی خۆی و تەریقەتەکەی بنوێنێ، بەتایبەتی کە مەحموود پاشا بڕیاری داوە (مزگەوت و خانەقا)ی بۆ ئاوەدان بکاتەوە و سەر و سامانی بۆ ببڕێتەوە کە ئەم ناز و نەوایە هەرگیز - لە وڵاتی بەبەدا- بەر چ زانایێ نەخوازەڵا تەریقەتدارێ نەکەوتووە!

مەحموود پاشاش دەبووە ئەو گرێ کوێرەیەی سەردەمی بابی کە لە ئاستیدا دەستە پاچە بوو، بیکاتەوە. هەروەها باری خێزانەکە و دەسەڵاتی خۆیشی و بەتایبەتی هێوریی وڵاتەکەی بنیات بنێتەوە قەدر و حورمەتی هەمیشەیشی بۆ (مەولانا خالد) بنوێنێتەوە؛

---

= زانای ڕۆژگاری خۆی و دوای خۆیشی لێیان نووسیوە، یان شاعیریان وەک عەبدولباقی ئەلعومەریی خاوەندی دیوانی (الترياق الفاروقي - ط٢، س ١٩٦٤) شیعریان بەسەردا هەڵداوە و ستایشیان کردووە. لە المجد التالدەوە خاوەندەکانی؛ حلية البشر، بغية الواجد، علماؤنا هەموو بەسەروەرێکی میللەتی موحەممەدی دەژمێرن. مەلا یەحیا خۆی دەبێژێ؛ بەر لەوەی ببێتە موریدی مەولانا، ئیجازەی لە تەریقەتەکانی؛ قادریی، چەشتیی -لە بابییەوە- سەهرەوەردیی، کوبرەویی، نەقشبەندییدا وەرگرتووە. ئیجازەنامەیێکی خۆی کە داوێتی بەزانای گەورەی عێراق مەحموود شەهابەددینی ئالووسیی، دەڵێ؛ شێخ ئەحمەد عەتتاری دیمەشقیی، شێخ محەممەد کوزبەریی، شێخ محەممەد مەقدیسیی ئیجازەنامەیان لە عولوومی ئالیی، هەروەها زانستەکانی نەقڵیی و عەقلیی پێ داوە! هەروەها لەسەر دەستی زانا گەورەکانی وەک؛ عاسیم حەیدەریی، ساڵح حەیدەریی خوێندوویێتی. شەهابەددین ئالووسیی بەخودا پەرستێکی گەلێ نەفس بەرزی ڕاگرتووە، ئەم شیعرانەی بەڵگەیە:

عليّ ثيابٌ لو يُباع جميعها
بفلسٍ لكان الفلسُ منهنَّ أكثرا
وفيهن نفسٌ لو تُباع مثلها
نفوس الورى كانت أعزُّ وأكبرا

بنۆڕە: سەرچاوە باسکراوەکان، عەبباس عەززاویی - خلفاء مولانا خالد.



هێزی لە ڕووی ئێران و بەغدادا پێ بگرێ و ئاسوودە بژی، هەردوو ڕابەر و تەریقەتەکەش بەخۆشیی هەڵ بکەن، سلێمانیی پێتەختیشی بەگێڕاندنەوەی مەولانا خالید، کاروان سەرای زانایانی وڵاتان و لایێنگری تەریقەتەکە بێ و نێوبانگی دەنگ بداتەوە کە خۆی و براکانیشی موریدین!

داوود پاشاش بۆ ڕاگرتنی لەنگەری تەرازووی دەسەڵاتی سیاسیی خۆی و دڵنیاکردنی پێتەختی سوڵتانی عوسمانیی لە ئەم کەسە و تەریقەتەکەی، هەروەها بۆ ڕاگرتنی دڵی مەحموود پاشا و بەهێزکردنی لە ڕووی ئێراندا، دیسان بەنیازی کەڵک وەرگرتن لە کەس و دەسەڵاتی (مەولانا خالید) لە دوای گەڕاندنەوەی، پێ چاک و پەسەند بووە!

بەئەو شێوەیە، مەولانا خالید، لە دەوروبەری شەعبانی ١٢٣٢ک/١٨١٦ز.دا بەسەرکەوتن و قەدر و حورمەت و هێز و دەسەڵاتی کارامەیەوە هاتەوە بۆ سلێمانیی و پتر -لە کاروباری زانستیی- سەرگەرمی ڕێنمایی و بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکەی بوو[١٥].

---

١٥- پێش هاتنەوەی مەولانا خالید بۆ سلێمانیی -وەکو سەرچاوەکان دەگێڕنەوە- مەلا یەحیای مزووریی، جارێکی دی نامەی بۆ شێخ مارفی نۆدییێی بەرزنجەیی[*] ناردووە و مەولانایشی لێ ئاگەدار کردووە. دیارە ئامادەیی شێخ مارفی بۆ ئاشتبوونەوە پێ ڕاگەیاندووە بۆیێکا مەولاناش - بەمەحموود پاشادا- نامەی بۆ شێخ مارف ناردووە و گەردنی ئازاد کردووە. دواتریش شێخ مارف بەهەمان شێوە نامەی بۆ گەردن ئازادیی مەولانا ناردووە. نامەی مەولانا بۆ مەلا یەحیا سەرەتای کۆشش و ئەو باسە ڕوون دەکاتەوە و خۆی بۆیی نووسیوە: (... لەگەڵ نامەکەتان، وەڵامنامەتانم بۆ شێخ مارف پێ گەیشت کە بەویژدان و بەڵگەوە بێ دەنگتان کردووە! ئەوە ئێمەش لەگەڵ والییمان =

(*)

***شێخ مارف - مەعرووفی نۆدێیی بەرزنجەیی کێیە؟***

*شێخ محەممەد کوڕی سەیید مستەفا کوڕی سەیید ئەحمەدی بەرزنجەییە کە بەسەجەرەی خانەدانەکەیدا سیانزەمین باپیرەی؛ سەیید عیسای بەرزنجەیی کوڕی سەیید بابا عەلی هەمەدانییە -سەیید بابا عەلیی برای بابە تایێری شاعیری گەورە و بەنێوبانگ و خوداناسی بەرزە! لە منداڵییدا لەلای بابی (قرآن)ی پیرۆز و هێندێ وردە کتێبی فارسیی و ڕێزمان و فیقهی ئیسلامی خوێندووە و فێرکراوە و لە تەمەنی دوانزدە ساڵییدا بابی بردوویتیە بەر فێرگەی «غەزایی» بەنێوبانگ لە «قەڵاچوالان»ی پێتەختدا. لە ئەو هەلانەدا کە ژیریی و زیرەکیی لە گەشەکردندا بووە، سلێمان پاشای بەبە -لە ١٨٦٤ز.دا- کوژرا. ئەو ناچار ڕووی کردۆتە گوندی «هەزار مێرد»ی نزیکی «قەلاچوالان» و لە فێرگەی زانا (ئیبنولحاج)دا*

←

ئەگەر هاتنەوەکەی دڵ و دەروونی خەڵکیی ڕوون کردبێتەوە، ئەوە خۆشییەکە درێژەی

= مەحموود پاشا/ کەمال - نامەمان بۆ نارد !)

نامەی گەردن ئازادیی مەولانا خالید بۆ شێخ مارفی نۆدێیی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدللّه حق حمده والصلاة والسلام على خير محمد وعلى آله وصحبه من العبد المسكين والفقير المستكين الى جناب سيدي الجامع لشرفي الفضل والاداب الحائز لكرامتي الحسب والنسب سيدنا ومولانا السد معروف سامحه الله بفضله الكريم الرئوف. وبعد فقد بلغني ما وصيتم به الاخ الملا حسين القاضي وأمرتموه بتبليغه الينا من حسن العبارات ولطائف العبارات ولطائف الاشارات ثم ما القيتموه مع قرة عيني العالم الفاضل السيد اسماعيل من مكارم الاخلاق والاشتياق الى التلاق وإظهار الأسف على ما صدر منكم في حق الفقير على سبيل الاتفاق بسعاية أرباب الاغراض وأهل الشقاق والاعتذار عن جميع ما جرى به اليراع في (رسالتكم المعهودة) الناشئة عن تقليد الوشاة وعن عدم الاطلاع المهيجة عند بعض عوام المريدين لفرط الوحشة وشدة النزاع الحاكمة على هذا المسكين بأمور تنبو عن استماعها الاسماع من استحلال المحرّم والكلمات الدالة على الكفر وداعية الاستيلاء على البقاع وغير ذلك مما لايليق بشأن الاوغاد والرعاع، وتفصيله لايخفى على ذهنكم الوقاد وطبعكم النقاد (وإني لبريء مما نسبتم اليّ من فنون المثالب والفساد والافساد)، وأمرتم السيد المذكور أن يستكتب مني الوكة تنطق ببراءة ذمتكم عن جميع ما صدر وغبر وجرى به القلم بمقتضى القضاء والقدر لتصير مفتاحاً لابواو الائتلاف ومصباحاً لدياجير المراء والخلاف وبلغني من السفيرين المذكورين تصميمكم على الامساك فيما بعد من امثال ما مضى من النزاع والمفاخرة وملاقات ما فات بطيب التحابب وحسن المعاشرة وتبديل المعارضة والمنافرة=

*دامەزراوە. لە ئێرەدا ئەوێکی فەقێ و هاوەڵەکانیشی ئەوپەڕی تاڵیی گوزەران و نەبوونییان چێژتووە، بەڵام ورەی بەرزبووە و کۆڵی نەداوە و هەر خوێندوویێتی. لە ساڵی ١١٨٠ز-١٧٦٦ز.دا دەمێ کە مامۆستای بەنێو بانگ زانا عەبدالله بێتووشی -کورد و بەسرەنشین- هاتووە بۆ دیدەنیی (ئیبنولحاج) شێخ مارف هەلی قۆستۆتەوە و ئامۆژگاریی لێ وەرگرتووە کە ئەو ڕێنمایی کردووە بۆ خوودانە هۆنراو - شیعر. دوای ڕابواردنی چوار ساڵێ لە «هەزار مێرد»دا کە ئەوێ دەمێ باری میرنشینیی بەبە هێور بۆتەوە، گەڕاوەتەوە بۆ «فێرگەی غەزایی» و ئیدی ڕۆژ بەڕۆژ تێکۆشاوە بۆ خوێندن و زانست وەرگرتن تا لە ساڵی ١١٨٥ک/١٧٧١ز.دا (مەلا محەممەدی غەزایی) مامۆستای ئیجازەی لە زانستەکانی نەقڵیی و عەقڵییدا لێ پیرۆز کردووە. لە ساڵی ١١٩٩ک- ١٧٨٤ز.دا کە ئیبراهیم پاشای بەبە، «سلێمانیی» ئاوەدان کردەوە، شێخ مارفی دانا بەمامۆستا لە «مزگەوتی گەورە»دا و چاودێریی کتێبخانەکەیشی پێ سپاردووە. لە ئەو هەلەوە ئەو شوێنە بوو بەسەرچاوەی زانست و مەڵبەندی زانستپەروەران کە گەلێ هەڵکەوتووی وەک: موفتی زەهاویی، شێخ حسێنی قازیی، شێخ محەممەدی بەرزنجەیی، شێخ بابەڕەسووڵی سەیید محەممەدی ناسراو بە (سەنائوددینی بەرزنجەیی) و هتد... گۆش کردووە.*



نەکێشاوە، چونکە کاروباری سیاسیی وڵاتەکە -بەڕۆشنایی هەموو سەرچاوەیێ- ڕووی لە تاڵیی کردووە. من قووڵ نابمەوە و هەر بەکورتیی دەڵێم؛ لە نێوان ١٨١٦/١٨٣٤ز.دا وڵاتی بەبە بەدەست شازادەی ئێران (محەممەد عەلیی میرزا) و (داود پاشا)وە - هەتا ١٨٣١ز والیی بووە- وەک هەمیشە تووشی پیلان و پەلاماردان، تێکچوونی شیرازەی پێوەندی کوڕ و برا و ئامۆزایانی (عەبدوڕڕەحمان پاشا) و شەڕی براکوژیی وماڵ وێرانیی بوو.

= بالمفاكهة والمسافرة فسرتني هذه الحكاية غاية المسرة.

وحمدت الله تعالى على هذه النعمة المرّة بعد المرّة شكراً لمن بدل الشقاق بالاتفاق وهيأ اسباب الوصال بعد طول الفراق ادامنا الله تعالى على هذه المنية وأتم لنا بمنه هاتيك الامنية. ثم الامر بارسال المكتوب امتثلناه وهو أحسن مطلوب ونريد جواباً على أبلغ اسلوب. وأما الابراء فهو يصدر مني ليلاً ونهاراً وأفصحت به في المحافل جهاراً قرع سمعكم مراراً وأما حب الالتئام وترك الخلاف فأمر يشتاق اليه أهل الانصاف فكيف بمن يدعي له قدم في طريق التصوف ولو بالجذاف.

ولايخفي عليكم انّ السبب الأصلي لهذه الوحشة إنما هو ترك التردد وتقليد أقاويل الناس فإن صح ما بلغني عنكم بالاعراض عن الكلمات المؤدية الى الشك والوسواس، فأن احوال الفقر وراء العقل والعلم لا يدرك بالقياس. وبعد اللتا والتي يضمن لك هذا المسكين أن ثبت قدمك وما طغى قلمك بعد اليوم ان ترى نتائج لايحمل اكثرها السفير وتزيد على حوصلة التقرير والتحرير.

ومن بعد هذا ما تدق صفاته وما كتمه احظى لدى وأجمل

والسلام عليكم وعلى ولديكم السيد محمد والسيد (كاكا أحمد)

ورحمة الله وبركاته.

(انتهت)

بنۆڕە: بغية الواجد - ص ٥٧ ، الرقعة/ نامه: ٩٥. هەروەها ص ٢٠٧، نامه ٦٦.

شێخ مارف لە زانستە جۆربەجۆرەکانی وەک: نەحوو، سەرف، مەعانیی، بەیان، بەدیع، وەزع، ئاداب، بەحس، مونازەرە، فیقه، حەدیس، ئوسووڵ، عەقاییید، عەرووز و قافیە، فەرائید)دا، بەشیعر و پەخشانی عەرەبیی و فارسیی پتر لە «شەست» دانراوی هەیە کە لەنێویاندا هەر «ئەحمەدی»ییێکەی بەهەڵبەستی عەرەبیی- کوردییەوە داناوە.شاعیرێتی شێخ مارف لە هۆنینەوەی بابەتە زانستییەکاندا دەرکەوتووە، بەڵام وەک شاعیرانی دی توخنی غەزەل، یان ستاییشی خانەدانی بەبە و خەڵکی وڵاتەکە و هەرگیز توخنی (پەخشان)ی کوردیی نەکەوتووە!. نامەکانی بەڵگەن -لەبەردەستمن- هەمیشە هاودەنگی دەوڵەتی عوسمانیی و والییەکانی بەغداد بووە و وەک مەولانا خالید، ئێرانییەکان بە «ڕەوافیز» دادەنێ!! (تەماشا بکە چۆن هەردووکیان لەسەر ئەو باوەڕە کۆک وییێکدگیرن کەچیی ناکۆکیش بوون. ئایا ئەمە وینەی ناکۆکیی بۆ دەسەڵات نییە؟) شێخ مارف =

ئایا لەبەر ئەو نالەبارییەی ژین و هەڵکردی خەڵکی وڵاتەکە و ئەو خانەدانە، ناتەبایە؛ (مەولانا خالید) لە پرێکدا و لە ٢٠/١٠/١٨٢٠ز.دا -بۆ دووەم جار تۆرا- سەری هەڵگرت و چووە «بەغداد»ی (داود پاشا)ی والیی و ئیدی هەرگیز «سلێمانیی» نەدیتەوە؟

---

=ڕابەری «تەریقەتی قادریی» دەستوورەکەی و ئیجازەیشی لە (شێخ عەلیی دۆڵپەمۆیی) مامی بابییەوە وەرگرتووە و ئەویش لە (شێخ ئیسماعیلی قازانقاییەوە). هاوسەری هەڵبژاردووە و زۆر درەنگ (کاکە ئەحمەد)ی کوڕی بووە. دوا ئارامگەی شێخ مارف خاکی «گردی سەیوان»ە.

**دانراوەکان**

١- دیارەکان

١/١- الاحمدية: (کوردیی- عەرەبیی چاپ کراو)

٢/١- أوثق العرى في الصلاة والسلام علي خير الوري.

٣/١- أزهار الخمائل في الصلوات المشتملة علي الفضائل والشمائل.

٤/١- الاغراب في نظم قواعد الإعراب.

٥/١- أيشده (فارسیی، بۆ ستاییشی پەیامبەری ئیسلام).

٦/١- ترصيف المباني، نظم تعريف الزنجاني

٧/١- التعريف بابواب التصريف.

٨/١- تنقيح العبارات في توضيح الاستعارات.

٩/١- تنوير البصائر في التحذير عن الكبائر.

١٠/١- تنوير الضمير في الصلاة المشتملة على اسماء الله الحُسنى.

١١/١- الجوهر الاسنى في الصلاة المشتملة على اسماء الله الحُسنى.

١٢/١- الجوهر النّضيد في قواعد التجويد.

١٣/١- راحة الارواح في الصلوات والتحيات المشتملين على...

١٤/١- روض الزهر في مناقب سيّد البشر.

١٥/١- الروضة الغناء في الدعاء باسماء الله الحسنى.

١٦/١- سلم الوصول الى علم الوصول.

١٧/١- الشامل للعوامل.

١٨/١- شرح الصدر بذكر أهل البدر.

١٩/١- شرح لمنظومة تنقيح العبارات في توضيح الاستعارات.

٢٠/١- عقد الدرر، نظم نخبة الفكر.

٢١/١- عقد الجوهر، في الصلاة والسلام على الشفيع المشفع في يوم المحشر. =



ڕاستییەکەی وەڵامێکی یێکجار تەواو ڕەوان هەرگیز دەستگیر ناکرێ بەڵام -ئەگەر باسەکەی لەمەڕ شێخ مارف بڕابێتەوە- هەواڵ بەدەستەوە هەیە کە لە هەڵی ئەو ناتەبابییەی

---

= ٢٢/١- عمل الصياغةفي علم البلاغة.

٢٣/١- غيث الربيع في علم البديع.

٢٤/١- الفتح الالهي في الصلاة المشتملة على المناهي.

٢٥/١- فتح الرحمن في علم المعاني والبيان

٢٦/١- فتح الرزاق في اذكار دفع الاملاق وجلب الارزاق.

٢٧/١- فتح الرؤوف في معاني الحروف.

٢٨/١- فتح المجيد في قواعد التجويد.

٢٩/١- الفرائد في نظم القواعد.

٣٠/١- قطر العارض في علم الفرائض.

٣١/١- كفاية الطالب، نظم كافية ابن الحاجب.

٣٢/١- كشف الغامض، شرح لمنظومة قطر العارض.

٣٣/١- كشف الاسف في الصلاة على سيد اهل الشرف.

٣٤/١- نظم آداب البحث.

٣٥/١- نظم العروض.

٢- نادیارەکان

١/٢- ايضاح المحجة وإقامة الحجة على الطاعن في نسب سادات البرزنجة

٢/٢- البرهان الجلي في مناقب الامام علي.

٣/٢- تنوير العقول في احاديث الرسول.

٤/٢- تنوير القلوب في مدح حبيب علام الغيوب.

٥/٢- زاد المعاد في مسائل الاعتقاد.

٦/٢- السراج الوهاج في مديح صاحب المعراج.

٧/٢- فتح الموقف في عالم المنطق.

٨/٢- الفريدة في العقيدة.

٩/٢- كشف البأساء باذكار الصباح والمساء.

١٠/٢- نظم الرسالة العصندية في الوضع.

١١/٢- وسيلة الوصول الى علم الاصول.

بنۆڕە: الشيخ معروف، ص١١٧... هەروەها باقه دراسات كردية- أبو لالۆ (موضوع: الشيخ معروف النودهي)/ مخطوط.

خانەدانی نێوبراودا، (مەولانا خالید) کۆششی بۆ تەباییان کردووە، تەنانەت سەرچاوەکانی مێژوو جەخت دەکەن؛ مەحموود پاشا و عوسمان بەگی برای و عەبداللە پاشای مامی کۆکردۆتەوە و بە (قرآن) و تەلاق و خەنجەر سوێندنی داون؛ (هەر نامەیێکی ئێرانی و بەغدادیی)ان پێ بگا بۆ دڵنیایی ئەو دەستەیە لەبەر چاوی خۆیدا بیکەنەوە و کەسیان ناپاکیی لە ئەوانی دی نەکا. بەمانایێکی دیش هەرسێکیان هاودەنگ و پشتیوانی یێک بن و پێکەوە ڕاوێژ بکەن، بەڵام دوای ئەوە و هەر زوو، محەممەد بەگی کوڕی خالید پاشای ئامۆزا، سلێمان پاشای برای مەحموود پاشا، عەبداللە بەگی مامیان پەنایان بردۆتە بەر شازادەی ئێران و ئەو سوێند و بەڵێنە فەرامۆش کرا کە ئەمە لە ڕەوشتی سیاسەتبازاندا باوە و ئاساییە. بەڕواڵەتیش ڕەنگبێ ئیدی (مەولانا خالید). بێزاربووبێ و هەستی کردبێ کە ئەو خانەدانە نالەبارە و چارەسەری ئەوان و وڵاتەکە لە وزەی ئەودا نییە! من ئەگەر ئەو باسەم -لەگەڵ تۆ- خوێندەوە و بەمەلامەتێکی بزانم بۆ سەر هەڵگرتنی، ئەوە دوو باسی گرنگ خۆیان دەسەپێنن و پرسیار دەکەن: ئایا ئەمانەش پێوەندیی بەئەو سەرهەڵگرتنەوەیەوە هەیە بۆ بەغداد یان نا؟

بەر لە ئاشناکردنیان، پێشەکیی دەڵێم؛ منێکی بێ دەسەڵات کە بەڵگەی نووسراوی پشتیوانی نهێنییەکان بەدەستەوە نابینم توانای بڕیاردانی تەواوم نییە و هێندەم پێ دەکرێ؛ دوو باسەکە بخەمە ڕوو و منیش عەودالیی بنوێنم بۆ ڕاستیی.دوو باسەکە ئەمەن:

١- کلۆدیۆس جەیمی ڕیچ Richی ئینگلیز، نوێنەری کومپانیای هیندی خۆرهەڵات بوو لە بەغدادی (داود پاشا)ی والییدا بەنیۆی ئاووهەوا گۆڕینەوە گەشتێکی چەند مانگەی بەکوردستانی ژێر باری قاجارەکان؛ میرنشینی ئەردەڵان کرد. لە سەرەتای هاتنە سلێمانیی (مەحموود پاشای بەبە)دا -خۆی گوتەنیی- ڕۆژی ٥ی مایسی ١٨٢٠ (مەولانا خالید)ی دیتووە و لە یاداشتی ئەو ڕۆژەیدا دەڵێ: (ئەمڕۆ لەگەڵ شێخ خالید-نەک شێخ مارف/ کەمال- یێکدیمان دیت. ئەم شێخە موقەددەسە... عوسمان بەگ -کوڕی عەبدوڕڕەحمان پاشا/ کەمال- دەیگوت کە شێخ خالید لە شێخ عەبدولقادر کەمتر نییە... هتد)(١٦)،

١٦- بنۆڕە: پێشکەوتنی -سلێمانیی، س١، ژ٢٤، پێنجشەممە ٧ی ئۆکتۆبری ١٩٢٠ (ئەمە لە وەڕگێڕانەکەی «سۆن Soane» دایە کە لە وەرگێڕانە عەرەبییەکە و کوردییەکەی: رحلە ریچ- گەشتی ڕیچ دا نییە!). جێگەی گوتنە چ لێ کۆڵینەوەیێکی مێژوویی- سیاسیی نووسەرانی کوردم نەدیتووە ئاگەداریی خۆی بۆ ئەم باسە بنوێنێ!!.



دەی چۆن و بۆچیی مەولانا خالیدی دیتووە؟ لەلایێکی دیەوە، ریچ Rich کە لە گەشتی ئەردەڵان هاتەوە و مەولانا خالید هەر لە سلێمانییدا بوو؛ (بۆچیی ڕۆژی پێش ڕۆیشتنەوەی ریچ Rich بەرەو بەغداد سەری هەڵگرت؟) ئایا ئەو یێکدی دیتنە بۆ ئەوە بووە، کابرای قونسوڵ - گاوور- بکات بە موسڵمان و موریدی؟ ئایا ئەو یێکدی دیتنە ڕێکەوت بوو؟ من نە لە کابرا و، نە لە سەرچاوەیێکی ڕاستی مێژووەوە باسی نهێنەکانی ئەو یێکدی دیتنەم نەهاتۆتە بەر چاو، بۆییێکا ئەوە دەهێڵمەوە بۆ مێژوو، هەروەها بۆ ئەقڵی سیاسەتبازەکان، بەتایبەتی ئەوانەی لێیان نووسیوە و بایەخیان نەداوە بەلایێنی بیر و ڕەفتاری سیاسیی مەولانا خالید کە وەک باسم نواند؛ پەرۆشی چاودێریی کاروباری سیاسەت بووە!

٢- نامەیێکی عەرەبیی (مەولانا خالید) بۆ (داوود پاشا ) خۆی، کردەوەیێکی دانسقە و سەرسووڕمێن دەنوێنێ چونکە -نامەکە خۆی بەڵگەیە- ئەو کۆششەی بۆ یێکخستن و سوێنددانی گەورەکانی ئەو خانەدانە، ڕەنگبێ ئاماژەیێکی (داوود پاشا) پێوەبێ و ئەوان ئاگەیان لێ نەبووبێ(١٧). ئەوەتە دەستەیێکیان لە مەحموود پاشا جوێ بۆوە و چووە لای

١٧- نامە -عەرەبییەکە-ی مەولانا خالید بۆ داوود پاشا ئەمەیە:

بسم الله الرحمن الرحيم

وعليه التعويل وهو حسبي ونعم الوكيل، من العبد الفقير الى جناب العلاقة النحرير الغطريف العلم صاحب السيف والقلم لازالت صحاب الامور لقائد رأيه لينة القياد وفكرة الصائب ناظماً لشتات مصالح البلاد والعباد.

أماّ بعد، تواترات الاشارة عنكم الى أفقر الفقراء وزاد في الحاح والإبرام وزير الامراء ليتوسط الفقير لإصلاح ذات البين وليبذل النصح لرفع الكدورة والشحناء والشين ليتبدل النفاق بالوفاق وتتحول المنافرة الى الاتفاق مع انّ إقتحام هذا المسكين الفقير وخوضه في مثل هذا الأمر الخطير كان بالنسبة لبعض العقول سبباً للسقوط عن العيون والانحطاط والنزول على انّ الإعتماد على عهود أهل الدنيا حق الاعتماد عزيز علينا إذ هو أصعب من خرط القتاد ولانأمن من نقصهم الميثاق واخلافهم الميعاد. الاّ أناّ لما نظرنا الى رضى المولى جلّ جلاله وأنّ امر وزراء الاسلام مالم يخالف الشرع يجب إمتثاله وغلبتنا حمية الدين وملاحظة صلاح المسلمين وتقوية السنة السنية ورعاية جانب الدولة العلية وتجاه المئمنين عن سلط الفرقة الافاكة الدنية، قبلنا المطاعن والعار واعرضنا عن سفاسف الاشرار كما قيل إذا رضي الكريم بفعل مرء فلا يرتاع ان لام اللئام فشمرنا عن ساعد الجّد تشمير اولي العزائم واقدمنا عليه بعونه تعالى وتقدس اقدام من لا يخالف في =

ئێرانییەکان!

تۆ بلێی ئەم کارەی مەولانا و ئاشکرابوونی لەلای مەحموود پاشا و کەسەکانی، مەڵامەتێ بووبێ بۆ تێکچوونیان لەگەڵ مەولانا و سەرهەڵگرتنی بۆ بەغداد؟ من هەرچەندە ەدووری نازانم دیسان ڕاستییەکە دەهێڵمەوە بۆ مێژوو!!

ئەی بۆچیی لە ١٨٢٢ز.دا «بەغداد»یشی بەجێ هێشت و تا سەر نەحەوایەوە و «شام»ی هەڵبژارد؟ ئایا مەرگ هەڵی گرت بۆ غوربەت؟ یان گومان و پەستیی دامودەزگەی سوڵتان لە خۆی و تەریقەتەکەی (داود پاشا)ی ناچار کردبوو لە پەناوە ئامۆژگاریی بکات و بڵێت بڕۆ؟ یان لەتاو وام - قەرزێکی زۆری سەرشانی؟

=الله لومة لائم وتوجهنا إستحازة و وإستمداداً الى ساداتنا وقاداتنا أئمة السلسلة النقشبندية قدسنا الله تعالى وتقدس باسرارهم السنية كما ملاء الخافقين بغيوضهم وانوارهم البهية واستحضرنا انير امراء البابان محمود پاشا وعّمه عبدالله پاشا وأخاه عثمان بك مع القاضي ومعظم أكابر أعوانهم مجتمعين بعدما كلمناهم واحداً بعد واحد منفردين فملئت بتأييده تعالى قلوبهم وآذانهم من زواجر الوعظ وحشيت جيوبهم وارادئهم من جواهر اللفظ حتى أجابوا وانقادوا لهم وعما ترسخ فيهم طول السنين واعتادوا ثم عقدنا لهم محفلاً وشددنا عليهم غاية التشديد وسددنا عنهم طرق التورية وانذرناهم بالوعيد وبذلنا المجهود في إتقان تحليف محمود پاشا بالوجوه العديدة وأخذنا منه المواثيق والعهود الأكيدة وسلكنا به في ذلك المسلك الأواعر وما احتفلنا به مع حقوقه اذ حق اللّه تعالى اجلّ واكبر.

وهذه صورة التحليف قد ارسلت اليكم مع المصحف الممهور وكم من وجه من التأكيد ما استحسنا ثبتها في هذه السطور، وبالجملة لايتصور نكث هذه المواثيق والعهود الاّ ممن لايهاب والعياذ بالله جزاء اليوم الموعود ولا يتأتى نقض هذه الآرام الا ممن يهون عليه الخروج عن دائرة الاسلام والبرا ءة من ملة سيد الانام ومصباح الظلام عليه وعلى آله وصحبه أفضل الصلاة والسلام. فاذا نقضتم انتم وباللّه المستعان أو محمود پاشا هذا الميثاق والالية وتعرضتم لسخط الجبار تعالى وتقدس لاجل جيفة دنية وارتكبتم الخروج عن دائرة الاسلام واستوجبتم العار والبوار والملام وأطلتم اليكم السنة الضعيف أو على غيره من الوضيع والشريف أم أي قصور يتطرف الى الملحف والتحليف، أقول هذا ولا أعلم الغيب، وسيعلم الذين ظلموا أي منقلب ينقلبون. وجل صلوات الله وتسليماته على خاتم النبين وعلى آله وصحبه أجمعين بد الآبدين عدد معلوماته ومداد كلماته في كل لحظة وحين وآخر دعوانا ان الحند لله وربّ العالمين.

(انتهت)

بنوڕە: بغية الواجد، ص ١٠٨- ١١، نامەی ١١.



یان دەیزانیی -چۆن بەر لە سەر تێداچوونی سەعید پاشای والیی بەغداد، بەئەو چارەنووسەی زانیی- هاکا سەرەی (داود پاشا)ش هات و وەک هەموو پێشینەکانی، تەخت و تاراجی دانا؟ یان بەئاماژە ئیشارەتی پیرەکانی؟

مەرگ -وەکو ژین- فەرمانی خودای هەرە توانایە و شوێنەکەیش هەر ئەو دەزانێ کوێ دەبێ! دامودەزگەی سوڵتانیش وەڵامیان لە (داوود پاشا)وە بۆ چۆتەوە و دڵنیای کردوون کە (مەولانا خالید) بێ وەیە و خوداپەرستێکی پاکە و تەریقەتەکەیشی هەروەها و «وەهابییەکان» نییە ترسی لێ بکرێ! هەر داود پاشایش -دوای ڕۆیشتنەکەی مەولانا خالید بۆ شام- خۆی سیی هەزار لیرەی زێری غازیی مەحموودیی گەورەی بۆ داوەتەوە و ڕەنگبێ ئەوەش لە ڕووی وەفاوە بێ بۆ مامۆستاکەی و خوداش هەر خۆی عالیموغەیبە. بۆ چارەنووسی داود پاشایش کە هاکا تەختی وەرگەڕا، ئەوە داوود -هەرچەندە دوارۆژی ڕەش بوو- تا ساڵی ١٨٣١ز هەر والیی بوو(١٨). کەواتە؛ دەبێ هەر بەئامـاژەی پیرەکانی ڕۆیشتبێ و خوداش خۆی لە هەموو کەس زاناترە! هەرچۆنێ بێ؛ ئەوە خولیا و هەڵپەی لاوێیتی هاتە دی!

دوا پرسیارێ کە خۆی توند دەچەسپێنێ ئەوەیە؛ ئایا مەولانا خالید، بەئەو هەموو زانست و دەسەڵات و نێوبانگەی خۆی و کاریگەریی تەریقەتەکەیەوە، لە کوردستان و بەتایبەتی لە وڵاتی بەبەدا، بگرە لە عێراقی عەرەبی ژێر چەپۆکەی ئەو والییە کڕدراوانە -

١٨- وەک باس کراوە، لە ئەو دەمانەی لە بەغداد دابوو -پێش چوونە شام- مەحموود پاشای بەبە کۆششی بۆ گێڕانەوەی کردووە و مەولانا. لە دیدەنیی هاوینەهەواری نێوچەی تەوێڵەدا داخوازییەکەی (مەحموود پاشا)ی دۆستی داوەتە دواوە کە مەحموود پاشا دەیزانیی هاتنەوەکەی بۆ باری سیاسی خۆی کەڵکی هەیە، بەتایبەتی کە خۆی بەدڵ حەزی بەوالیی بەغدا (داود پاشا) دەکرد نەک بەئێرانییەکان و دەیزانیی مەولاناش دۆستی والیی نێوبراوە، مەبەستی بوو بەهاتنەوەی پێوەندییەکەی لەگەڵ والیی بەهێز و دڵنیا بکا. دیارە ئەو کاتە مەولانای بەنێوبانگ و بۆییێکا گوێی نەداوەتێ چونکی خۆی لە ئەو گەورەتر و بەنێوبانگتر و بەدەسەڵاتتر پێ زانیوە و دەربەستی ناز و نیعمەتیان نەماوە.

جێگەی خۆییێتی لە ئێرەدا ئاماژە بکەم بۆ ئەوە: مەلا -مەولانا خالید لە دوای تەریقەت وەرگرتنی و هاتنەوەیشی لە هیندوستانەوە، هەرگیز توخنی شیعر بەسەرداهەڵدانی خانەدانی بەبە نەکەوتووە و نامەی بەسۆزی بۆ نەنووسیون! یێکی خۆی توانابێ بۆچیی ڕوو لە کەس دەنێ چۆڵەکەی بۆ بگرێ و پێی بڵێ: کاکە؟

مەملووکانەدا، نەیدەتوانیی گۆڕینێکی گەورە بنوێنێ؛ ژین و دوارۆژی ئەو خەڵکانە و وەچەکانیان ڕستگار و ئازاد بکات؟

ئەگەر بەچاوی پێشکەوتوویی بیر و زانستی ئەو ڕۆوە تەماشای ئەو سەردەمانە بکرێ، ڕەنگبێ وەڵام؛ (بەڵێ) بێ، بەڵام ئەگەر لە ڕۆژگار و باری خۆیشیەوە بنۆڕین و وردببینەوە، دیارە دەڵێین؛ (نەخێر) چۆن دەیتوانیی کە لەلایێکەوە یێکەم چینی دەسەڵاتداری کوردی بەبە و هاوتایان، هەروەها عەرەبەکانیش شەڕە کڵاویان بوو؟ لەلاییێکی دیەوە، هەر مەولانا خۆی، بەچاوێکییەوە، ئێرانییەکانی بە «ڕەوافیز» دەبینیی و بەچاوێکی دیەوە؛ دەوڵەتی عوسمانیی - بێ گومان والییە نۆکەرەکانیشیان دەگرێتەوە - بەهەرە سەروەر و پیرۆز و دەبینیی؟

مەولانا خالید لە نامێلکەی دانراوی خۆیدا لەمەڕ بابەتی «ڕابیتە - پێوەندیی» ئا بەئەم شێوەیە ئامۆژگاریی موریدەکانی دەکات؛ (فەرمانتان پێ دەدەم کە بەیان و هێوار و دوعای چاکان بکەن بۆ پشتیوانیی دەوڵەتی علییە - بەرزی عوسمانیی مەداری ئیسلام و سەرکەوتنی بەسەر دوژمنانی دین و یاخیی بووە دڵ پیسەکاندا!)[19].

هەر چۆنێ بێ، گەشتی ژینی مەلا - مەولانا خالید چەند کورت و گران بووبێ، لە ژینی وڵاتی بەبەدا، گەشتی هەڵکەوتوویێکی کاریگەر بوو!

---

١٩- بنۆڕە نامیلکەکە: بغیة الواجد، ص٧٧-٧٩. جێگەی خۆیتی ئاماژەش بۆ ئەو باسە بکەم، زۆربەی تورکە عوسمانییەکان «حەنەفیی» بوون، بەڵام تەریقەتەکەی مەولانا- ئەسڵەن نوێ کردنەوەی نەقشبەندییە بۆیێکا بەموجەددیەیش ناسراوە- لایێنگرە «حەنەفییەکانی دەهێنایە سەر مەزەبی شافیعیی» و لە ئەم بارەیەشەوە مەولانا خالید نامیلکەییێکی تایبەتی بۆ ئەو جۆرە لایێنگر- موریدانەی بەنێوی (رسالة في العبادات)ەوە داناوە کە: الحدیقة الندیة- ص ٤٢.هـ، الشیخ معروف- ص٤٤.هـ، یادی مەردان- ج١، ل٧١ نێوی داندراوەکەیان هێناوە.



٣. پەسنی دەستنووسەکان

٣/١. پەسنی؛ د- ١

ژمارەی لە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانییدا؛ ٢١٧٠/ ٢١٦٩. خۆی هەژدە پەڕەی زەردباوە بەقەبارەی ١١سم × ٢٠سم.

یێکەم لاپەڕەی نیونیشانی، نێوی دانەر، سەرەتاکەی بە ئەندازەی لاپەڕەیێ و نزیکەی هەشت دێرێکی لێ کەمەو ونە هەروەها لە هێندێ لاپەڕەی دیدا، بەئەندازەی گوێچکەیێ قاقەز، ڕستەو وشەی دی لەبەر پەرپووتیی ونن.

دوا لاپەڕەیشی نێوی چ کەسێ؛ خاوەندی یان- وەک باوە- ڕوونووسکەرەوەی بەسەرەوە نییە.

لە ئەم دوا لاپەڕەیەدا ڕستەیێکی فارسیی زمان و مێژوویێکی سالانی هیجریی- کۆچیی بەئەم شێوەیە نووسراوە؛ تمت شد فی ٢٤، ج١، سنه ١٢٣٤) واتە (تەوابوو لە ٢٤ی «جومادیی یێکەم»ی ساڵی ١٢٣٤ کە دەکاتە (٢١ی مارتی ١٩١٩)ی عیسایی.[1]

بەراوردی نێوڕۆکی بابەتەکە کورت کراوەی عەقیدەی ئیسلام و باوە لە نێو زانا نووسەرەکانی عەرەب و فارسدا- محەممەدی مەلا کەریم ئاماژەی بۆ کردووە- هەروەها بەراوردی لەگەڵ (د- ٢) کە لە یێکەم لاپەڕەدا بەعەرەبیی نووسیویێتی؛ (ترجمة و مختصر جمیع العقاید) واتە (وەرگێران و کورتیی گشت عەقیدەکان)، ئەو جا نێوبردنی بە (لب العقاید/ لوبولعەقاید/ کاکڵەی عەقیدەکان)، ئەمانە هەمووی بەڵکەن کە ئەم (عەقید، نامەیە) وێ دەچێ ئەسڵی خۆی بە (لوبەلعەقایید)وە نێو براو و دانراوبێ هەڵبەت ئەم باری سەرنجە دەبی ڕاست بێ، چونکە خاوەندەکەی خالیدی شارەزووریی نەقشبەندیی زانا دەبێت هەر ئەو نێوەی لێ نابێ کە شایێتیە بۆ ڕاستیی کردەوەکەی خۆی؛ کورتیی هەموو ئەو عەقیدانەیە و وەریگێڕاوە بۆ (کوردیی).

هەر چوار دەستنووسەکەش- بەئاشکرا یان بەنێوەڕۆکەوە- شایێتن کە کردەوەکە هەر هی هەمان کەسی نێوبراوە.

---

١- ڕۆژی ٢٠٠٣/٨/١٣ بەتەلەفوون- لە کابانمەوە- لەلاییێن دۆستم عەبووڕڕەقیب یووسفەوە پێم گەییشت.

بەڕۆشنایی مێژووی ئەم دەستنووسە و پتەویی داڕشتنی پەخشانەکە، زمانپاراویی و ڕاست و تەواویی نێوەڕۆکی، هەروەها جودایی لەگەڵ دەستنووسەکانی دی پڕ لە گۆڕینی زمان و وشەو کەموکورتیی، هەروەها بەڕۆشنایی ناتەواویی هەر سێ دەستنووسەکەی دی- بەئەو بڵاوکراوەی محەممەدی مەلا کەریمیشەوە- لە (ئەسڵی شەشەم)ی بابەتەکە، دیارە ئەم دەستنووسە لە هەموو ئەوانە ڕاستتر و تەواوترە[٢].

بەراووردکردنیشی لەگەڵ هەر سێ دەستنووسەکەی دی- بەبڵاوکراوەکەوە- جەخت دەکا کە لەڕووی ڕێنووسەوە لە هەمووان کۆکتر و ڕەوانتر و بزاوتووترە دیسان لە ڕووی کردەوەیێکی زانستییەوە، لە هەمووان پتەوتر و ڕاستترەو بەئەندازەی پێویست نەبێ، هەرگیز پەسنی بەسۆزی بەکار نەبردووە و پێچەوانەیشی دەستنووسەکانی دیە، بۆ وێنە دەستنووسە بڵاوکراوەکە، ڕستەی بەسۆزی (نم کنوم العروس)ی بەکاربردووە کە لە ئەم ئەسڵەدا نووسینی ئەوتۆ نادیترێ.

زمانەکەی بەئاشکرا وێنەی زمانی وڵاتی بەبەیە کە بۆ وێنە وشەکانی ؛ (ئەسەر= لەسەر)، (ئەدەستی= لەدەستی)، (ئەپێش = لەپێش)، (ئەجهەننەم = لەجەهەننەمدا)، (دی، دیش)، (دا= تا)، (لەنێو)، (وی = ئەو) ، (لەوڕا = بۆیێکا، لەبەرئەوە)، (چەندانکو = چونکە، هەرچەندە)، (لک = لق)، (ئاویتن = هاویشتن)، (دەیێ = دێ)، هەروەها هەمیشە (دە)ی بۆ سەرکردار و (یی) درێژی ئەو ڕۆکەی بۆ نیسبەت بە شێوەی (ای) داکشاوو گەلێ جار (ژێر- کەسرە)ی بۆ نیسبەت وبۆ زەمیرو (سەر- فەتحە) و (بۆر- زەممە) و (زەنە- سکون)ی بۆ بزواندنی وشەکانی بەکاربردووە، بەڵام (ک) هەر بۆ تیپەکانی (ک، گ) وەک یێک و بێ نیشانە داناوە، هەروەها بۆ (وو)یش درێژ (وو)ی داناوە و بۆ (ڕ)ش (رّ)ی نووسیووە، هەروەها (ڵ)ی هەربێ نیشانەیێ بە (ل) نواندووە.

ئەوییی شایانی سەرنجە هێندێ جار کە وشەکانی وەک (هەزارەن- هەزارن)، (ئەفضەلتەرەن- ئەفەزەڵترن)، (ئەمر واهەن- ئەمری وەهان)، (پەیغەمبەر)ی نووسیوە، کاریگەریی زمانی فارسیی و شێوە زمانی «گۆران» دەنوێنن، بەڵام هێندێ جاریش (پێغەمبەر) و (خرابتر) و هاوتایانی بەشێوەی گۆی ئەوڕۆی نواندووە جاری ئەوتۆش هەڵەی نووسینی تێ کەوتووە وەک جارێ (قەد)ی لە بریی (قەت- قط) نووسیوە و

٢- محەممەدی مەلاکەریم لە پێشەکیی بڵاوکردنەوەکەیدا- لە گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورددا- ئەم ڕاستییە ونەی بەسەردا تێ پەڕبووەو ئاماژەی بۆ ناتەواویی دەستنووسە نەکردووە!



(قط)ەکەیشی نوواندووە. بەڵام بەگشتیی نووسینەکانی هەڵەی زۆر کەمە.

من لە ئەمەندە پتر لەمەڕ ڕێنووس و زمانی نادوێم و ئەمە دەهێڵمەوە بۆ پیشەی زمانشوناسەکان، بەڵام ئەوییی گرنگە، لە نووسینەوەی مەتنی ئەم دەستنووسەدا کۆششم کردووە ڕەوان و ناچارانە بە ڕێنووسی ئەوڕۆی باو بجووڵێمەوە نەک بەڕێنووسی خۆی کە بەپێی ڕێنووسی عەرەبیی هەموو وشەو تیپەکانی بزاواندووە،[٣] پرسیارێکی گەورە و گرنگ ئەوەیە؛ ئەگەر نێوی خاوەندی یان ڕوونووسکەرەوەی بەسەرەوە نەبێ، داخۆ ئەو دەستنووسە کردەوەی کێیە؟ خالیدی شازەووریی نەقشبەندیی خۆی یان کەسێکی زۆر نزیکی؟

جارێ ئەگەر لە مێژووەکەی ١٩١٩/٣/٢١ وردببینەوە، ئەمە بۆ خۆی بەڵگەی ئاشکرایە بۆ ڕێکەوتی ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی میری بەبە (مەحموود پاشای کوڕی عەبدوڕڕەحمان پاشا)ی و مەولانا خۆییێتی!

ئەو هەلە ئەم زاتە بۆ دووەم، جار و دوای ئاشت کردنەوەی لە لاییێن هەمان پاشاوە، هاتبۆوە سلێمانیی و مزگەوت و خانەقای بۆ ئاوەدان کرایەوە هەر ئەو کاتەو مێژووەش کێشەی- بەنێو زانستیی و بەئەسڵ کێشەی دەسەڵات- نێوان ئەم زاتەو شێخ مارفی نۆدێیی بەرزنجەیی ڕابەری (ڕێبازی قادریی) هێور بووبۆوە و یێکدیان گەردن ئازاد کردبوو. هەڵبەت لە ئەم مێژووەشدا، نێو بانگی خالید- مەولانا، بەنێو وڵاتانی ئیسلامدا دەدرەوشایەوە[٤].

ئەوجا ئایا لە ئەم مێژووەدا کە لە سلێمانییدابووە، ئەم (عەقیدەی ئیسلام)ەی داناوە یان پێشتر؟ من چەند وێنە دەستنووسی جۆربەجۆری ئەو زاتەم نەدیتووە و ناتوانم تەواو بەراووردێکی ئەم دەستنووسەی پێ بکەم بۆیێکا بۆم نییە بڕیاری کۆتایی بدەم کە لە ڕۆژگاری (مەلاییێتی) خۆیدا و فەرمانڕەوایی عەبدوڕڕەحمان پاشای بەبەدا کە تا ساڵی ١٨١٣ی خایاند، ئەم عەقیدەیەی داناوە، بەڵام پتر دەڵێم ئەگەر کاری ئەم پاشایە بەژینیەوە هەبێ ئەمەیش ڕاستییە- ئەوە پتر لایینگیری دانانەکەیم لە ڕۆژگاری دوای (تەریقەت وەرگرتنی و سەرەتای نێوبانگ پەیدا کردنیدا، بەڵکو ڕەنگبێ ڕێکەوتنی

٣- مخابن ڕێنووسی یێگرتوومان نییە و شاالله ڕێنووسەکەی کۆڕی زانیاریی کورد سەری نەخورایە و لە ئەم کێشەیە ڕستگارمان بوایە کە سەری لێ تێک داوین و کەسمان ڕاست نانووسین!!

٤- لە ژیننامەیدا باس ڕوونە!

هەڵکەوتنی کێشەکەی باس کراوبێ، تا لەلاییێکەوە ڕێچکەی فەرامۆشیی کوردیی نەنووسین- بەپەخشان- بشکێنێ کە شێخ مارف پەیڕەویی نەکردووە، هەروەها تا گۆڕینی لەژینی خوێندەواران و خەڵکیدا بقەومێنێ و پتر لاییێنگیری لێ کۆببنەوە.

هەرچۆنێ بێ، ئەم دەستنووسە کە لە ئەو مێژووەدا نووسراوەتەوە؛ ئەوەتە دەستنووسی خۆیێتی یان هی یێکێکی یێکجار نزیکیێتی کە لەبەر (ئەسڵەکە) نووسیوویێتی کە - بێ بڕیاردان- ڕەنگبێ هەر خۆیشی ئەسڵی ڕاستەقینەبێ و نووسراوی خۆی بێ!!

گرنگ ئەوەیە، ئەم دەستنووسە، لە ژینی سلێمانیی خالید- مەولانادا نووسراوەتەوە و بەرامبەر بەمەتنی ڕوونووسکراوەکەی ساڵی ١٨٧٧ی بڵاوکراوە؛ (<u>پەنجاو هەشت ساڵ لە پێشەوەیە و لە هەموو ڕوویێکەوە لە هەمووان بەقەدر بەپێز و ڕووناکترە</u>).

لەمەڕ ڕاگواستنەوەی (مەتنی عەقیدە)ی نێو ئەم دەستنووسە هەر کۆنە دەڵێم؛ لەبەر ڕووناکیی (د- ٢) کەموکورتییەکانیم بەقەڵەمی کاڵ- کاڵتر لە ڕەش- نواندووە و ئەسڵەکەی خۆیشیم بەقەڵەمی ڕەش نووسیوەتەوە.

زۆر زۆر دەگمەنیش کەڵکم لە (د- ٣) و (د- ٤)ی بڵاوکراو وەرگرتووە! دواقسەیێ کە مابێتم بیکەم لە مەڕ ئەم پەخشانە- دەستنووسەیێکەمەو بێچووە دەستنووسەکانی دی، ئەوەیە؛ هەموویان ڕۆشنایی دەدەن بۆ گوڕی ڕەوت و گۆڕینی زمان، ڕێنووسی کوردیی، پەخشانی کوردیی هەروەها بەڵگەیشن بۆ ڕاستیی زەبری کاریگەری ئەم (پەخشانە- عەقیدەیە) کە لە کۆڕ و کونجی زاناو خوێندەوارەکاندا دەستاو دەستی کردووە و بۆتە سەر مەشقێکی ڕێچکە شکێنی نووسینی پەخشانی کوردیی!

خالیدی شارەزووریی نەقشبەندیی- کە دووی ڕێبازی و دەسەڵات و نێوبانگی کەوت و خاکی شارەزووری لە خۆی کرد- لەلای من ئەم یادگارەی بۆ مایەوە کە ڕاست و ڕەوان شوناسنامەی نەتەوەیی بپارێزێ و شایێتیی بۆ بدا کە بەڕاستیی کوردە و خەڵکی شارەزوورە نەک (بەغدادیی) و عەرەب وەک گەلێ زانا و نووسەری عەرەب، خۆی و باب و باپیری، تەنانەت دایکە نەخوێندەوارە کوردە (گڵەزەردە)ییەکیشیان ئەوهە لە قەڵەم داوە ئەم یادگارەی بەردە و لە جێگەی خۆیدا سەنگینە بەرقە بۆ ئەو لافانە!

٢٠٠٣/٨/١٤ ملیار

سەعات ١ی نیوەشەو

زیندانی مەنفا



## ٢/٣. پەسنی دەستنووسەکان دی

### ١/٢/٣. پەسنی -٢، ٣

لەسەرەتادا دەڵێم: من کە فۆتۆکۆپییان بنوێنم- وێڕاش بوارم کەمە- پێویستی نابینم زۆر لەسەریان بڕۆم بۆییێکا هەر بەخێرایی تەماشای هەرە خاڵی گرنگیان دەکەم...

١/١/٢/٣: د -٢: ژمارەی تۆماری لە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانییدا هەیە و لە من ون بووە. خۆیشی لەگەڵ چەند بابەتێکی فارسیی بوو بۆییێکا لاپەڕەکانی لە نێوان ٤٩-٦٣ دایە و خۆیشی ٢٥ لاپەڕەیە و قەبارەی هەر لاپەڕەییێکی ١٠سم × ٩سم ەو قاقەزیشی کۆن و زەردهەڵگەڕاوە.

یێکەم لاپەڕەی -وەک بڵاوکراوەکەی محەممەدی مەلا کەریم- بەڕستەی (بسم الله الرحمن الرحیم و به نستعین) دەست پێ کراوە، بەڵام جودا لە دەستنووسەکانی دی - بەبڵاوکراوەکەوە- دەستنووسەکەی ئەوهە تاریف کردووە:

(هذا کتاب لبّ العقاید الکردي في ترجمة ومختصر جمع العقاید، حضرة قدوة العارفین وزبدة المتحققین مولانا وملاذنا الشیخ خالد قدس سرّه وأفاض علینا کما أفاض علی العالمین برّه. ربّ یسّر ولا تعسر).

ئەوجا سەرلەنوێ (بسم الله الرحمن الرحیم) و نێوەڕۆکی بابەتە تا دوا لاپەڕەی کە گەیشتۆنە باسی (ئەسڵی پێنجەمیین) و ڕستەی (ڕاحەتی قەبر) و ئیدی -بەرامبەر دەستنووسەکە هەرە کۆنەکە- نزیکەی هەشت لاپەڕەی (بەئەسڵی شەشەمەوە) لێ کەمە، بۆییێکا نێوی ڕوونووسکەرەوە و مێژوویێکی بەسەرەوە نییە و نەناسرێنەوە و ونن!

لەلاپەڕە «٥٥» و «٥٧»ی ڕێزکراوی خۆیدا -نەک ژمارەکانی من- چەند ڕستەییێکی فارسیی و کوردیی بەشێوەی پەراوێز ڕوون کردنەوەی لێ نووسراوە و گرنگییە نانوێنن بۆییێکا نەم نواندوون.

ئەم دەستنووسە وەکو زۆر کەم ڕێنووسەکەی بزواندووە و چ دەنگ و ڕەنگێکی نوێی بەرامبەر دەنگە کوردییەکان نەنواندووە، لەچاو (د-١)ی هەرە کۆندا و، پتر لە ئەوانی دی دڵسۆزییێتی و ڕەوانترە، بەڵام وێڕا وێنەی گۆڕین و دەستکاریی و داڕشتنەوەی نوێی پێوە دیارە و فۆتۆکۆپییەکەی ڕوونی دەکاتەوە! چەندیش لێی وردبوومەتەوە، دەشێ وەکو دەستنووسێ درەنگانێ و دوای سەرهەڵگرتنی خاوەند عەقیدەکە -مەلا خالید بۆ بەغداد و

شام، بگرە دوای مردنی و پیش (د-٣) و (٢-٤)یش کەوتبێ. من -وەک باسم کردووە- لەبەر دڵسۆزییەکەی بۆ (د-١) کەڵکم لێ وەردەگرت بۆ پڕکردنەوەی ئەوبی پێشووی سەرەتا فەوتاو و بەئاستەم کەم وکورت.

٢/١/٢/٣: د-٣: ژمارەی تۆماری لە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانییدا هەیە و لەمن ون بووە، بەڵام ڕەنگبێ (٤١١٨، ت ١١٣٨)بێ[١].

خۆیشی ١٢ لاپەڕەیە کە قەبارەی هەریێکێ (١٠سم× ١٨سم)ە و قاقەزەکەیشی کۆن و زەرد هەڵگەڕاوە.

مەحموود ئەحمەدی ڕێبەری ئەوساکەی دەزگەکە -کە خستییە بەردەستم- لە یێکەم لاپەڕەدا و بەمێژووی ١٩٨٤/٦/٢٣ نووسیویێتی، (ئەمە عەقیدەی مەولانا خالیدە، یێکەم پەخشانی کوردییە بەکورمانجیی خواروو)./ بەئیمزایەوە[٢].

بەراوردکردنی لەگەڵ (د-١)ی هەرە کۆن و شایێتی خۆیشی، بەڵگەن کە نزیکەی دوو لاپەڕە و چارەکی لێ کەمەوە و (ئەسڵی شەشەم)ی وەکو ئەوانی دی پێوە دیار نییە.

هەروەها کە دوا لاپەڕەیشی ونە، نێوی ڕوونووسکەرەوەی و چ مێژوویێکی بەسەرەوە نییە. دوا ڕستەی دوا لاپەڕەی (پێی هەڵدەخلیسکێ و دەکەوێتە جەهەننەمەوە)یە.

لە لاپەڕە «٢، ٨، ٩»دا پەراوێزی فارسیی و کوردیی لێ نووسراوە کە گرنگ نین، بەڵام لە لاپەڕە «٢، ٩»دا دوو دەستنووس و نێوی جودای لێ نووسراوە، (أنا الحقیر محمد المزناوی) و (المزناوی الثانی) و زۆر وێ دەچێ کە وێکڕا هەردووکیان دەستا و دەستیان پێ کردبێ و خوێندبیانەتەوە و پەراوێز و نێوی خۆیان لەسەر نووسیبێ. دیاریشە- دەستنووسەکەش بەڵگەیە- محەممەد مەزناوی یێکەمەکەیە لە نووسیندا.

ئەم دەستنووسە لە چاو (د-١) و (د-٢)دا، وەکو زۆر زۆر بەدەگمەن ڕێنووسی بزواندووە، شتێکی نوێی ئەوەیە -وەک دەستنووسە بڵاوکراوەکە- سێ خاڵ «.:.»ی بۆ نواندنی دەنگ- وێنە تیپەکانی (ڵ، گ) داناوە، بەڵام وەک ئەوانی دی هەرگیرە «شەددە/ّ»ی بۆ «ڕ»ی قەڵەو داناوە. وێڕا ئەم دەستنووسە دەستکاریی و داتاشینی دارشتنەوەی نوێی زۆر پێوە دیارە کە ئەو پێزە زانستیی و ئەدەبییەی (د-١) نانوێنێ!

١- ژمارەیێکی ئەوتۆم بەقەڵەمێکی کاڵ لەسەر دوا لاپەڕەدا نووسیوە، نایێتەوە بیرم ژمارەی دەستنووسەکە خۆیتی یان ژمارەیێتی لە «فهرست مخطوطاط»دا؟

٢- بۆیێکا نواندم تا خوێندەوار ئەو ئیمزا و لێ نووسینە بناسنەوە.



* محەممەد مەزناویی، مەزناویی دووەم کێن؟

لە زیندانی مەنفادا سەرچاوەم بەدەستەوە نییە تەواو ڕۆشنییان بکەم، بەڵام هێندەی ڕەنجم بۆ داوە، ئەنجامەکەی ئەمەیە:

١- محەممەد مەزناویی-یان مەلا محەممەدی مەزناویی کوڕی مەلا ڕەسووڵە. لە مزگەوت، فێرگەی مەڵکەندیی- سلێمانیی و لە لای مەلا محەممەدی دەنگ گەورە خوێندوویێتی و ئیجازەی زانستیی وەرگرتووە و بەمەلا ناسراوە. ساڵی ١٩٢٠ز کۆچی دوایی کردووە[٣].

٢- مەزناوی دووەم- یان مەلا مەحموودی مەزناویی کوڕی مەلا ڕەسووڵە. وەک برا گەورەی پێشووە، ئەمیش هەر لە هەمان فێرگەدا خوێندوویێتی و ئیجازەی زانستی وەرگرتووە و بەمەلا ناسراوە. ئەمیان لە «تەکیەی شێخ عەلیی تاڵەبانیی» لە کەرکووکدا جێگیر بووە[٤].

ڕۆژنامەی کوردیی مردنەکەی نیشان کردووە کە ڕێکەوتی سەعات دووی پاش نیوەڕۆی ١٠ی نیشانی ١٩٢١ز-ە. تەمەنی نزیک نەوەد ساڵان بووە. ڕۆژنامەکە پەسنیشی کردووە و دەڵێ: (دوو بەشی ساڵانی ژیانی بەدەرز دادان و زانستەوە ڕابواردووە و ئیجازەی بەچەند سەد کەسێ داوە. زاتێکی گەورە و باش و بەتەقوا بووە. لە عیلمیشدا تەواو بووە!)[٥]

٣/٣- یادکردنەوەی (د-٤)ی بڵاوکراوە.

پێ ویستم زانیی -بۆ هۆشیاریی خوێندەوار- هێندێ کورت سەرنجێکی (د-٤)ی بڵاوکراوەی محەممەدی مەلا کەریم بدەم. بڵاوکەرەوەی بەنێونیشانی (عەقیدەی کوردیی مەولانا خالیدی نەقشبەندیی»ەوە لەپێشەکییدا دەڵێ: (ئەمە نامێلکەیێکە، وەک نووسەرەوەکەی لەپێش دەست پێ کردنی تێکستەکەیەوە نووسیویە، ناوی «عەقیدە نامەی کردیە» و وەک لەپاش لێ بوونەوەیەوە نووسیوە: «عقیدە کردیە»یە. هەر کامێکیان بێ

٣- دۆستم عەبدوڕڕەقیب یووسف -دوای تەلەفوون کردنم- ڕۆژی ٢٠٠٣/٨/٢ ملیار گەیاندبووی بەکابانم (دایکی لالۆ) و ئەویش بۆی گێڕامەوە.

٤- هەمان سەرچاوە.

٥- بنۆڕە: پێشکەوتن- سلێمانیی، س١، ژ٥٢، پێنجشەممە ١٣ی شەعبانی ١٣٣٩- ٢١ی ئەپریل ١٩٢٠. (گەورەیەکەم بوو/ل٣).

یانەبێ و ناو بەفارسیی بێ یا بە کوردیی بووبێ، ئەبێ لەناو خەڵکدا یا بە«ئاقیدەی مەولانا» یا بە«ئاقیەی کوردیی» مەشهوور بووبێ[٦].

ئەم نامیلکەیەدراوەتە پاڵ مەولانا خالیدی نەقشبەندیی و وەک بەبار ودۆخی سیاسی و کولتووریی ئەو سەردەمە و بە هەڵسووڕان و چالاکیی مەولانا خالید خۆیشیدا دەرئەکەوێ، ئەو درانە پاڵە ڕاستە و نامێلکەکە هیی مەولانایە.

کەواتە یێکەمی دوو کۆنترین پەخشانی کوردیی دیالێکتی کورمانجیی خواروو -ناوچەی سلێمانییە و لەگەڵ مەولوودنامەکەی شێخ حوسەین، شان بەشانی ئەوە، لەبارەی هونەریشەوە زۆر باڵایە و گەیشتووە بەپایەیێکی ئێجگار بەرز و بڵند)[٧].

بڵاوکەرەوەی دەستنووسە کە پەسنی دەکات و دەڵێ: (دەستنووسی ئەم نامێلکەیە یێکێکە لە شەش نامێلکەی دەستنووس و هەندێ وردە بابەتی دوعا و سەڵاوات کە تێکڕا لە یێک سەردەمدا نووسراونەتەوە و یێک کەس نووسیونیەتەوە و پێکەوەش جزووبەند کراون و ئێستا بەهەموویان لە کتێبەکانی کتێبخانەی مەرکەزیی ئەوقافی سلێمانیی و سەرجەمیان ژمارە: ٢٥٤٧- ٢٥٥٢ یان لەسەر دانراوە.

ڕوونووسکەرەوەی هەر شەش دەستنووسەکە ئیسماعیل ناوی کوڕی سلێمانی گەڵاڵییە و سلێمانیش -وەک کاک مەحموود ئەحمەد محەممەدی بەڕێوەبری کتێبخانەکە پێی وتم و هەر خۆیشی بوو لەم دەستنووسانەی ئاگادار کردم و ئەم نامێلکەیەی بۆ وێنە گرتەوە[٨] بەگوێرەی ئەوەی لە داوینی قورئانێکەوە نووسراوە کە ئێستا لە کتێبخانەی موزەخانەی عێراقدایە لە بەغدا، کوڕی سۆفی ڕەبەنە و ئێستاش باخێک لە گەڵاڵە هەیە پێی ئەڵێن، باخی سۆفی ڕەبەن.

نامێلکەکەی ئەم کۆمەڵە دەستنووسە بەڕێز ئەمانەن:

«١» کیمیاء السعادة لە ١٦ی سەفەری ١٢٩٤ (١٨٧٧/٣/٣)دا نووسراوەتەوە.

«٢» عقیدە نامەیێک بە عەرەبیی کە بەکتێبێکی ئیمامی نەوەوی وەرگیراوە.

٦- خوێندەوار دەبێ یادی (د-٢) بکاتەوە کە بە (لب العقائد)ی کوردیی نێوی بردووە، بەڵام دڵنیام هەر بە (عەقیدەی کوردیی) نێوبانگی هەبووە.

٧- پێم وەیە ئەم جوداییە دەگەڕێتەوە بۆ دوو بابەتەکە، یێکەم زانستی و دووەم سۆزناکیی!.

٨- من لەگەڵ کاک محەممەد بووم کە لە میهرەجانی (نالیی) شاعیرەوە چووین بۆ کتێبخانەکە و بەڕاستیی زۆر شادبووم بەناسینەوەی ئەم دەستنووسە.



«٣» عقیدە نامەی کردیە کە ئەمەی بەردەستمانە.

«٤» نامێلکەیێک لە بابەتی ئەحواڵی شێخی و مریدی بەفارسیی.

«٥» نامێلکەیێک لە باسی حەجدا بە فارسیی.

«٦» نامێلکەیێکی دوعا و سەڵاوات کە لە ٢٩ی جومادای یێکەمی ١٢٩٤ (١٨٧٧/٧/١١)دا نووسراوەتەوە.

کەواتە ئەبێ ئەم نامێلکەیەی مەولانایش لەنێوان مانگی سەفەر و جومادای یێکەمی ئەو ساڵەدا نووسرابێتەوە. لە داوینی «عەقیدەنامەی کردیە» کەوە ئەم چەند دێڕە نووسراوە: «تمت کتاب عقیده کردیه از مصنفات حضرت مولانا خالد رحمه الله، از دست اسماعیل گلالهء، برای نورچشم شیخ عثمان القادری. مبارکش باد. امین» واتە: (کتێبی عەقیدەی کوردی کە یێکێکە لە دانراوەکانی مەولانا خالید ڕەحمەتی خودای لێ بێ، بەدەستی ئیسماعیل گەڵاڵەیی تەواو بوو بۆ نووری چاوم عوسمانی قادریی، خوا بکا پیرۆزی بێ»)[٩] جێگەی روون بوونەوەیە، سەرەتای ئەم دەستنووسە بڵاوکراوەیە بە (هذا کتاب عقیده نامهء کردیه- بسم الله الرحمن الرحیم) و ئەوجا (ئەگەر کەسێ دەپرسێت ئیسلام چییە؟) تا (ڕوکنی پێنجەمین بۆ ئەوەیە مەرتەبەی چاک و عالیی پایە بڵندیان بدەنێ لە بەهەشتێ!!)[١٠]

من لە ئەمە پتر ناڕۆم کە فۆتۆکۆپیی گوتارە پێشەکییەکە و (مەتنە) بڵاوکراوەکەی دەنوێنم.

٤- مەتنی (عەقیدە ئیمان- عەقیدەی کوردیی)[١١]

خالید شارەزووریی نەقشبەندیی ٢٤ی جومادیی یێکەمی ١٢٣٤ ک-١٩١٩/٣/١ز.

٩- گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد- ب ٨، بەغداد ١٩٨١، ل١١٩-٢٠٠، ٢٠٣-٢٠٤ (محەممەدی مەلا کەریم).

١٠- بێ گومان (ئەسڵی شەشەم)ی لێ کەمە و کەواتە دەستنووسی ناتەواوە.

١١- لە گۆڕینی ڕێنووسیدا بۆ باری نووسینی ئەوڕۆ، لەژێر تیپ- دەنگە عەرەبییەکانی ئەم و هەر مەتنێکی دیدا، شێوە عەرەبییەکەم ورد داناوە و ناساندنی و چاپ کردینم پێ ویست زانیی! (مخابن لە چاپ کردندا ئەم مەبەستە نەهاتەدی!).

## (عەقیدەی ئیمان)

بسم الله الرحمن الرحيم

ئەگەر کەسێ دەپرسێ ئیسلام چییە؟ ئیسلام پێنج ڕوکنی هەیە، لەسەر هەموو کەسێ موسڵمان بێ، عاقڵ و باڵغ بێ واجیبە بیزانێ عەمەلی پێ بکەن.

ئەووەڵ ئەمەتە (أشْهَدُ): بەدڵ دەزانم، بەیەقین، بەزوبان دەڵێم بە ئیختیار (أنْ لا الِهَ الاّ الله)، هیچ مەعبوود نییە لایق بەپەرستن بێ ئیللا ئەو زاتە نەبێ، واجیبە بوونی، بێ میسلە، هەموو سیفەت کەمالی هەیە، هیچ نەقسی نییە، ئیسمی (اللّه)یە،

و (أشْهَدُ) هەم بەدڵ دەزانم، بەیەقین بەزوبان دەڵێم بەئیختیار (أنَّ مُحَمَّدَاَ) بەحەققەت ئەو موحەممەدەی ئادەمیی عەرەبیی (قورەیشی) هاشیمیی، ڕوومەت زەرییفی برۆ ڕاکشاوی چاوڕەشی) ناوچەوان پانی ڕەنگ لەمابەینی سوور و سپیی، نەزۆر نەویی نەزۆر بوڵەندی، لە هەموو ئەولادی ئادەمیی زەرییفتری بێ سێبەری، لەبەر نازکیی و لەتیفییان دیوارێ لەڕوومەتیدا دیاربووە، ناوی باب و باپیرانی عەبداللە کوڕی عەبدولموتتەلیب، عەبدولموتتەلیب کوڕی هاشمە، هاشم کوڕی عەبدولمەنافە، ناوی دایکی ئامینەیە کچی وەهەب لە تایێفەی زوهرییە، لە مەککەی بەوەلەد بووە، خودا لەوێ کردوویە پەیغەمبەر بەفەزڵی مەرحەمەتی، چووەتە مەدینە، لەوێ وەفاتی کردووە. ئەمە کێیە وەها؟ ڕەسوولوڵڵەی ڕەوانە کراو و پەیغەمبەری خودایە، لەسەر جینن و ئینس بەئیتتیفاق، وە ئەسەر سائیری مەخلووقی دی بەئیختیلاف.

ڕوکنی دووەمین ئەمەتە بەڕاستیی، بەدوروستیی بەداییمی لە شەو و ڕۆژێکدا پێنج فەرز نوێژ بەجێ بێنی لەگەڵ هەموو شەرتی ڕوکنیان.

ڕوکنی سێمیین ئەمەتە زەکات و سەر فیترەی ماڵی خۆت بدەی لەو چشتانە زەکاتیان لێ دەکەوێ، بیگەیێنی بەو کەسانە زەکاتیان پێ دەشێ بەبێ میننەت.

ڕوکنی چوارەمیین ئەمەتە هەموو مانگی ڕەمەزانێ بەڕۆژووبیی لەگەڵ هەموو شەرتانی.

ڕوکنی پێنجەمیین ئەمەتە لە عومری خۆتدا دەفعەیێ ڕوو بکەیە ماڵی خودای کە لە مەککەیە بەو شەرتە تا قەتیت بێ، نان و نەفەقەی مونداڵانت بێ، وڵاغ سوارییت بێ.



خەرجیی و زەخیرەی ڕێگات بێ هەرتا دەچیی و دێیەوە ڕێگات ئەمیین بێ.

ئەگەر کەسێ دەپرسێ ئیمان چییە؟ ئیمان ئەمەتە باوەڕ و یەقینت بێ بەشەش ئەسڵان لەگەڵ هەموو لک و تەفسیلان. ئەسڵی ئەووەڵ ئەمەتە باوەڕ و بەقینت بێ بەمەعنای لەفزی (الله) کە زاتێکە واجیبە بوونیی، مەعبوودێکە بەحەق، ئیبیجاد کەرێکە موتڵەقە لەبۆ تەواوی عالەم و عەرش و کورسیی وە بەهەشت و جەهەننەم و ئاسمان و زەمین، وە هەرچیی لەواندا هەیە ئەو زاتە بوونی بەخۆوە ئیجادی کردوون، لەپاش نەبوونیان دەیانباتەوە فەنای. لەپاش بوونیان، لەپێش هەمووواندا بووە. لەگەڵ هەمووانیش هەیە، لەپاش هەمووانیش هەیە، لەپاش هەمووانیش دەبێ، حوکمی بەسەر هەمووواندا هەیە، حوکمی کەسی بەسەرەوە نییە، هەموو سیفەت کەماڵی هەیە، هیچ نەقسی نییە، چاوپێ کەوتنی لە دونیادا جایەزە قەد واقیع نەبووە، لە قیامەتدا چاوپێ کەوتنی دەبێ بەبێ چوونیی. ئەولییا کە دەڵێن چاومان پێ دەکەوێ، ئەوە بەچاوی دڵەیا لە مەستیدان کە دڵ بەچاوی سەر دەزانن. ڕەسەولواللەش کە چاوی پێ کەوتووە لە دونیادا نەبووە. میسل و نەزیر و دایک و باب و ژن و فەرزەندی نییە، لە هەموو جێگان، لەگەڵ هەموو کەس و هەموو چشتان لە ڕەگی بەدەنێ نزیکترە، کەس نازانێ نزیکیی چلۆنە. لە زات و سیفات و فیعلدا تەنها و بێ شەریکە، قەت ناگۆڕێ. ناوی بێ حیسابە و بێ غایەتە چەندانکو هەزار ویێکە، بەشوورەت، وە نەوەدوو نۆیە بەکیتاب و سوننەت، حەوت یا هەشت سیفاتی زاتیی ئەزەلیی، هەموو وەک زاتی پاکی خۆی بێ چوونن، هەیەتیی(*) هیچیان وەک سیفەتی مەخلووقاتی نییە، بەقیاسی عەقڵ دەرک ناکرێن، ئەمما نیشانێکی لە هەر سیفەتێک لەو سیفەتانەی لە زاتی ئینساندا ئیجادی فەرمووە، دا کەمێکیان لێ بزانین، ئەمما حەقیقەتیان کەس نەی زانییوە، ناشیزانن، هەر لە ئەزەل هەتا ئەبەد، ئەو سیفەتانە لەگەڵ ئەو زاتە پاکە بوون وەهەن دەبێ بن! ئەو سیفاتانەی ئەمەنە، زیندوویییە، زانینە، خواهیشتە، توانینە، بیستنە، دیتنە، قسە کردنە. هێندێکی ئیجاد کردنە و هێندێک باقیمانیشیان کوتووە، ئەو زاتە ئیجاد کردووی کەمترە لە توانینی. هەموو عالەم موحتاج بەوییە، ئەو بێ ئیحتیاجی موتڵەقە!

ئەسڵی دووەمیین ئەمەتە باوەڕ و یەقینت بێ بەمەلائیکەی خودای کە هەموو جیسمی لەتیفی نوورانیین، دەتوانن خۆیان بنوێنن بەگەلێ شکڵان، هەموو عەبدی خودان

---

(*) خۆی نووسراوە (هیتی) واتە (هەیئەتی) یان (هەیەتیی- ماهیتی)

نەوەڵداشنی[١] نە کچنی. قسەی کافران درۆیە، هەموو دۆستی خودان، لە ئەمری دەرناچن، هیچ گوناه و نافەرمانیی ناکەن، مێ و نێریی و ژن و مێردییان نییە، ئەمما بە قەولی عەبداللەی کوڕی ئیمام عەبباسی: تایێفێکیان هەیە جیننیی پێ دەڵێن: وەلەدیان[٢] دەبێ، شەیتان لەوانە لە هەموو مەخلووقێ زۆرترن، لەبەر زۆرییان خودا نەبێ هیچ کەس نازانێ چەندن. لە هەموو ئاسمانان جێگای پێیێک نییە کە فریشتە لەو جێگادا یا لە ڕوکووع یا لە سەجدەدا نەبێ. هیچ چشتێک نییە نە لە ئاسمانان نە لە زەمیندا کە فریشتەییێکی لەسەر تاعین[٣] نەبێ، هەموو وەک خودا خواهیشتی هەیە ئاگای لێ بێ لە عەمەلی بێن. هەموو واسیتەن لەمابەینی خودا و مەخلووقی خودادا. هیندێک لەسەر هێندێک لە فریشتان، هێندێک لەسەر هێندێک لە ئینسانان بە پێغەمبەریی ڕەوانە دەکرێن، هێندێک دائیم لە ڕوکووعدان، هێندێک دائیم لە سەجدەدان، هیندێک غەرقی جەمالی پاکی خودان، ئاگایان لە هیچی دی نییە، هەر یێکە جێگاییێکی مەعلوومیان هەیە، ناتوانن تەجاوەز بکەن لەو جێیە. دوو دوو سێ سێ و چوار چوار زیاتر پەرییان هەیە، تائیفەییێکیان قاپیەوانی بەهشتێن، سەردارییان «ریزوان»ی ناوە. تایێفەییێکیان قاپیەوانی جەهەننەمێن گەورەیان «مالیک»ی ناوە، نەستەقچیی ئەهلی جەهەننەمە، بەقەولێک ئەو قاپەوانانە یا نۆزدە کەسن یا نۆزدە تایێفەن «کیرامولکاتبیین»[٤] چوار شەخسن، دوو لە ڕۆژێدان دوو لە شەوێدا، یێک لەسەر شانی ڕاستییە، خێران دەنووسێ، یێک لەسەر شانی چەپیە شەڕان دەنووسێ. ئەوەی ئەوی لەسەر شانی چەپیە لە ئەمری ئەوی دیدایە، مونکیر و نەکیر، سووال و عەزابی قەبریان بەدەستە،وە بەعزێ سائیلی موسڵمانن، موبەششیر بەشیریان پێ دەڵێن هەندێکیان بەسەر هەندێکیان فەزڵیان هەیە، ئەفزەل و چاکتریان مەلائیکەتان چوار شەخسن و چوار تائیفەن، یێکی لە چوار شەخسەکانی حەزرەتی «جبرەئیل»ە هەرچیی خودا فەرموویە گەیاندوویە بەپێغەمبەران بەئەمینیی. دووەمیینیان حەزرەتی «میکائیل»ە قەبز و بەستنی زەمین وەکەم و زۆریی ڕیزق و ڕووزیی بەدەستە. سێمیینیان حەزرەتی «ئیسرافیل»ە نەفخی سووری[٥] بەدەستە،

١- واتە نە کوڕنی.
٢- واتە دەزیێن.
٣- خۆی لەبڕیی «تعین» ئەوهەی نووسیوە.
٤- کرام الکاتبین
٥- خۆی ئەوهە (سور)ی نووسیوە نەک (صور).



دووجاری فوو پێدا دەکا، بەجاری ئەووەڵەمیین هەرچیی زیندووە دەمرێ، غەیری خودا و ئەوانی دیێن[٦]، بەجاری دووەمیین هەموو زیندوو دەبنەوە. چوارمیینیان حەزرەتی «عیزرائیل»ە، ڕووح کێشانی بەدەستە، تائیفەی ئەووەڵ ئەوەنە عەرشیان هەڵگرتووە، ئەمڕۆ چوارن، لە قیامەتدا دەبن بەهەشت. تائیفەی دووەمیین ئەوەنە نەزدیکی دیوانی خودای تەعالان، تائیفەی سێمیین فریشتەی عەزاب و سەرداری مەلائیکانن. تائیفەی چوارەمیین فریشتەی ڕەحمەتیین. ئەو چوار کەس و چوار تائیفە فەزڵیان هەیە بەسەر هەموو ئینسانانەوە، پێغەمبەر نەبن. ساڵیح و ئەولییای ئینسانان فەزڵیان هەیە بەسەر عامی مەلائیکانەوە. ئەوان نەبن، عامی مەلائیکان فزڵیان هەیە بەسەر گوناهکاری ئینسانانەوە، بەنەفخەی ئەووەڵ هەموو مەلائیکان دەمرن غەیری ئەو چوار شەخسەکان و ئەو تائیفەی کە عەرشیان هەڵگرتووە، ئەوان لەپاشان دەمرن، بەنەفخەی دووەمیین هەموو زیندوو دەبنەوە، ئەوان نەبن لەپێشدا زیندوو دەبنەوە کە ئەو بوزرگانە ئەسڵی ئیجاد وە ژیانەوەی پاش مردنیان لەپێش هەموو گیانداراندایە، مردنشیان لەپاش هەمووانە.

ئەسڵی سێمیین ئەمەتە باوەڕ و یەقینت ببێ بەهەموو کوتوبی خودای تەعالای کە هەموو کەلام قەدیم وە سیفەتی قائیمن بەزاتی خودای تەعالاوە، مەخلووق نین[٧]، هەموو حەقن، هەرچیی لەواندایە ڕاستە، هیچ درۆ نییە. (قرآن) لەوانیی دی چاترە وە فەرق و تەمیزی هەیە بەئەمە کە هەمووی بردووەنەوە پاشەوە، بەنەوعێک وەک لە ئەییامی (ڕەسوول الله)دا بوو هەتا ئەمڕۆ وە هەتا دنیا دەبڕێتەوە بەبێ زیادیی و کەمیی و غەڵەت هەیە، دەبێ ببێ، تەواوی عیلمی ئەووەڵیین و ئاخیریینانی تێدایە. گەورەتری موعجیزاتی (ڕەسوول الله) ئەگەر هەموو ئینس و جینن و مەلەک گردببنەوە ناتوانن کەلامێکی وەها بڵێن. ئەو کیتابانە بەشوورەت سەد و چوارن هاتوونە خوارێ. دەیان ئەسەر ئادەم پێغەمبەر وە پەنجا ئەسەر شیت پەیغەمبەر وە سیی ئەسەر ئیدریس پەیغەمبەر وە دە ئەسەر ئیبراهیم پەیغەمبەر. ئەمانە ناویان سوحوفە، ئەو چوار دی تەوراتی (مووسا) پەیغەمبەرە وە زەبووری (داوود) پەیغەمبەر وە ئینجیلی (عیسا) پەیغەمبەر وە (قرآن)ی (ڕەسوول الله موحەممەد. «صَلَّى اللّهُ عَلَيهمْ وعلى الِهِمْ وَصَحْبِهِمْ وَسَلَمْ»).

ئەسڵی چوارەمیین ئەمەتە باوەڕ و یەقین بکەی بە هەموو ڕەسوولی خودای تەعالان کە

٦- واتە ئەوانی دی.
٧- تێ بینیم کردووە لە هێندێ دەستنووسن بە (نەبن)ی زانیوە.

ڕەسوول لە ئینسانان مێردی دەبێ، ئازاد، بێ عەیب و عیللەت، لە هەموو کەسی ئەییامی خۆی چاترە، پەیغەمبەر نەبن لەپێش پەیغەمبەریدا. لەپاشانیش هیچ گوناهی گەورە و بچووکی نەبن، شەریعەتێکی ڕەوانە کرابێتە سەری، لە تەرەف خوداوە ئەمری پێ کرابێ بیگەیێنێ بەخەلقی دی. ئەگەر ئەو ئەمرەی پێ نەکرابێ، ئەو نەبییە ڕەسوول نییە باوەڕ کردن بەڕەسوولان ئەمەتە کە بزانیی خودای تەعالا هەمووی هەڵبژاردوون بەفەزڵ و کەرەم نەوەک لەبەر ڕیازەت و تاعەتی زۆریان. پێغەمبەریی و ڕێ نیشان دانی بەخەڵقی و تەواو نیشان دانی ئەمری دین و دونیایان، هەموو وەک خودا ئەمری پێ کردوون، بەسەعیی گەیاندوویانە بەخەلقی دی بە تەواویی. چەندانکو دژمن و لۆمەکەریان زۆر بوون، خودای تەعالا یاریدەی هەموانی داوە بەموعجیزاتی ئاشکرا، دا شاهید بن بۆ دەعوای پەیغەمبەرییان. هیچ کەس تاقەتی نەبووە تا سەر دەعوایان[٨] لەگەڵ بکا، هەموویان لە قیامەتدا بەئیزنی خودای شەفاعەت دەکەن بۆ گوناکاران و لێیان قەبووڵ دەبێ وە بەڵکو سالێح[٩] و ئەولییای ئوممەتیان وەهان، وە هەموو لە قەبرێدا نەوعێک لە زندووییان هەیە، خاک بەدەنیان ناخوا لەبەر ئەمە لە حەدیسێدا هەیە حەج و نوێژیش دەکەن، لە عەینی خەودا چاوی دڵیان بەخەبەرە، لە ئەسڵی نەبییەتییدا بەرابەرن، هیچ فەرقیان نییە. ئەگەر کەسێ باوەڕی بەیێکیکیان نەبێ، ئیمانی بەهیچ کامیان نییە. قەت لە مەرتەبەی پەیغەمبەریی ناکەون وەک هێندێک ئەولییا لێ کەوتوون. هیچ کەس لە ئینسانان غەیری پەیغەمبەر و هیچ کەس لە ئەجیننە وە مەلاییکان ناگاتە مەرتەبەی ئەوان. ئەمما لە نێو خۆیاندا هێندێک لە هێندێکیان شەریفترن لەبەر عومومی دەعەوت و زۆریی ئوممەت و عیلم و مەعریفەت و ناو و شوورەت و موعجیزەی یێک لە دوو یێک وە قاهیمیی[١٠] شەریعەت. لەبەر ئەوەی سەروەری عالەم «صَلّی اللّه عَلیه وسَلَّمْ» لە هەموویان ئولوولعەزم، لە ڕەسوولان ڕەسوول، لە نەبییان ئەفزەڵ تەرن. تەواوی پەیغەمبەران بەشوورەت سەد و بیست و چوار هەزارەن، سێ سەد و سێزدە یا پازدە لەوان ڕەسووڵن، ئوولیلعەزم: (نووح و ئیبراهیم و مووسا و عیسا و موحەممەدە «صَلّی اللّه عَلیه وسَلَّمْ»).

ئەو پێغەمبەری کە مەعلوومن سیی و سێ شەخسن، ناویان ئەمەتە: (ئادەم و شیت و ئیدریس و نووح و هوود و سالیح و ئیبراهیم و لووت و ئیسماعیل و ئیسحاق و

٨- واتە بەرامبەیی- شەڕیان لەگەڵ بکا.

٩- تێ بینیم کردووە لە هێندێ دەستنووسدا (مەشاییخ) نووسراوە.

١٠- واتە: توندوتۆڵیی. (قائم- قاهیم، قاییم)



یەعقووب و یووسف و ئەییوب و شوعەیب و مووسا و هاروون و خیزر و یووشەع و ئەلیاس و یەسەع و ذولکیفل و شەمعوون و ئەشموویل و یوونووس و داوود و لوقمان و سولێمان و زەکەرییا و یەحیا و عوزیر و عیسا و زولقەرنەین و موحەممەدی عەرەبیی) «عَلیهِ وعلیهم الصَّلوة والسَّلام وعلی الِ کُلٍّ وَصحْبِهِ الکرِام». ئەمما لە پێغەمبەریی خیزر و لوقمان و زولقەرنەین و زولکیفل دا قیسسە هەیە.

واجیبە کەبزانیی: ئیبراهیم خەلیلوالل‌لەیە، یەعنی دۆستی جانیی[١١] خودایە کە لە غەیری مەحەببەتی ئەویی خالیی بووە وە مووسا کەلیموالل‌لەیە، یەعنی هام قەسەی[١٢] خودایە کە لەگەڵ ئەویی گوفت و گۆی کردووە، وە عیسا کەلیمەتوالل‌لەیە، یەعنی قەسسەی خودای کە بێ باب هەر بە قەسسەی خودای لە دایکی بووە وە دەبێ. حەزرەتی پێغەمبەری ئاخیرەززەمان موحەممەد عەرەبیی «صَلّی اللّه عَلیه وسَلَّمْ وَعَلَی الِهِ وَصَحْبِهِ وَسَلّم» بەچەند وەجهان لە هەموو پەیغەمبەران زیاتر بزانیی، هەرچەند ئەو وەجهانە لە حیساب نایێن وەکو سیفەت و شەماییلە کە لە ڕوکنی ئەووەڵی ئیسلامدا بەیانمان کرد وە ئەمە کە جایەز نییە قەت بلێیی لە شەڕاندا شکستی خواردووە، وە ئەمە کە هاتنە دەری قەبر و حازیر بوونی حەشری و چوونە ئەبەهشتێ ئەپیش هەموو کەسێکی دەکەوێ. وە لە جوملەی ئەو وەجهانەتە: باوەڕ کردن بە میعراجی ئەوی، لە شەوێدا نەک لە خەوێدا بەڕووح و جەسەد نەک بەڕووحی تەنێ، بەسواری بوراق لەگەڵ جیبرەئیل ئەمین لە مەککەی تا قودسی شەریف، لەوێ تا ئاسمانان، لەوێش تا خودا دەزانێ ڕۆیوە، بە دەوڵەتی گوفت و گوێ خودای تەعالا موشەڕڕەف بووە، مەدح و سەنای کردووە، وە جەوابی گوفت و گوێ داوەتەوە، وە خودای تەعالا پەنجا نوێژی لەسەر ئەویی و ئوممەتی فەرز کردووە، وە چەند جار بە ئیشاراتێ، مووسا پێغەمبەر بۆ کەم کردنیان چووە بەرەو ژوور، هاتووەتەوە بەرەو ژێر، ڕەجای کردووە، گەیاندوونە[١٣] بەپێنج فەرزان، ئەویی خودا دەزانێ پێ گەیشتووە، دیتوویەتی، وە بیستوویەتی، لەگەڵ چەند هەزار خەڵات و ئیکرام هاتووەتەوە جێ خۆی، خۆی هێشتا گەرم بووە، وە ئەمە کە گەورەی هەموو ڕەسوولانە.

هەر پەیغەمبەرێک خودا ڕەوانەی کردبێ، عەهدی لێ وەرگرتووە، ئەگەر لەپێش مردندا

١١- دۆستی گیانیی

١٢- تا سەر ئەوهەد لە بریی «قسە»ی نووسیوە!

١٣- خۆی ئوهە نووسراوە نەک (گەیاندوونییە).

بگات بەشەرەفی دیتنی ئەو سەروەرە، ئیمانی پێ بێنێ، وەڵداشیی[١٤] و یاریدەدەری بکا، ئەگەر نەگەیی لە قەومی خۆی ئەو عەهدە وەردەگرێ. هەر کەسێ کە گەیی بەو دەوڵەتە ڕووحی خویان[١٥] باخت بکەن، ئیمانی پێ بێنن. وە ئەمە کە خاتەمونەبیینە کە پێغەمبەری بەزاتی پڕ کەماڵی ئەوی تەواو بووە، لەپاش ئەو سەروەرە هیچ پێغەمبەری دی نابی ببێ. وە حەزرەتی عیسا پێغەمبەر هەرچەند لەمەو پاش دێتە خوارێ، لەسەر دین و شەریعەتی مەتینی ئەویی دەبێ. وە ئەمە کە ڕەحمەتە بۆ هەمموو عالەم. وە ئەمە پێغەمبەرێکە ڕەوانە کراوە ئەسەر جینن و ئینس بەئیتتیفاق، ئەسەر سابیری مەخلوقی دی بەئیختیلاف. پێغەمبەری دی، هەر یێکە ڕەوانە کراونە ئەسەر تایێفەیێ لە ئینسانان. وە ئەمە هیچ کەس ناتووانێ شەفاعەتی بکا هەتا ئەو شەفاعەتی کوبرا دەکا. وە ئەمە هەر موعجیزە و فەزڵ و کەرامەتێ کەبەیێکێ لە پێغەمبەران عەتا کرابێ، بەتەنها هەمووی دراونێ، گەلێکی دیش کە بەوانی دی نەدراوە. وە ئەمە موعجیزاتی وی، غەیری خودای کەس حیسابی ناتوانێ بکا. وە ئەمە شەریعەتی وی هەمموو شەریعەتی بوردوونە[١٦] پاشەوە وە دین و ئوممەتیشی لە هەمموو دین و ئوممەتان چاترە. ئەمما لە ئوممەتیدا ئەولییا لە هەمموان چاترن، ئال و ئەسحابیش لە هەمموو ئەولییان چاترن. لەنێو هەمموواندا حەزرەتی لایەق بەتەختی خەلیفەتیی سیددیقی ئەکبەر، ئیمامی ئیمامان (ئەبی بەکر کوڕی ئەبی قوحافە) «رضيَ اللّه عنهما» لەپاش جەماعەتی پێغەمبەران چاترینی ئەووەڵین و ئاخیرین ئەولادی ئادەمە، خەلیفەی ئەووەڵی (ڕەسوولوالله) «صَلّی اللّه عَلیه وسَلَّمْ»، لەپێش ئەییامی نوبووەتی ئەو سەروەرەش هەم خودای تەعالا بەلوتفی خۆی لە کوفر و زەلالەتانی حیفز کردووە. وە لەپاش ئەویی (ئیمام عومەر کوڕی خەتتاب، «رضيَ اللّه عنهما») خەلیفەی دووەمیینە، وە لەپاش ئەوی (ئیمام عوسمان کوڕی عەففان «رضيَ اللّه عنهما») خەلیفەی سێمیینە، وە لەپاش ئەویی (ئیمام عەلیی کوڕی ئەبی تالیبە «رضيَ اللّه عنهما») خەلیفەی چوارەمیینە وە لەپاش ئەویی (ئیمام حەسەن کوڕی ئیمام عەلیی «رضيَ اللّه عنهما») خەلیفەی پێنجەمیینە. خەلیفەتیی کە نەبیەتیی (ڕەسوولوالله)یە «صَلّی اللّه عَلیه وسَلَّمْ» موددەی سیی ساڵ بووە، بەو پێنج ئیمامانە تەواو بووە، وە

١٤- لە ئێرەدا واتە: هاوەڵیی.

١٥- واتە: بەخت بکەن (دیارە ڕێنووسەکە «با»ی فارسییە و لەبریی «بە»یە).

١٦- خۆی ئەوهە «بورروونە»ی نووسیوە.



لەپاش ئەوان ئیمام (حوسەین کوڕی ئیمام عەلیی «رضيَ اللّه عنهما»). وە لە حەدیسدا هەیە، خەدیجە سددیقەی کوبرا و عاییشە حەرەمی ڕەسولوالله وە فاتیمەتوززوهرای کچی، لەگەڵ مەریەمەی دایکی عیسا پیغەممەری، ئاسیەی کچی موزاحیم چاترینی هەمموو ژنی ئەولادی ئادەمن. لەوە پاش چاترینی ئەسحابان، باقیی عەشەرەی موبەششەرەن. وە لەوە پاش ئەهلی بەدرن. وە لەوە پاش ئەهلی ئوحودن. وە لەوە پاش ئەهلی بەیعەتوڕیزوانن[١٧] «رضيَ اللّه عنهما». وە هەر کەس موسڵمان بێ، دەبێ جەمیعی ئال و ئەسحابانی خۆشی بووێ بۆ خۆش ئەویستیی [١٨] جەنابی (ڕەسوولوالله «صَلّی اللّه عَلیه وسَلَّمْ»)، هەر کەس ئازاری ئەوان بدا ئازاری من دەدا. هەرکەس ئازاری من بدا ئازاری خودای دەدا. هەرکەس ئازاری خودای بدا خودا دەیگرێ. وە هەم فەرموویە: هەرکەس خودا حەز بکا بەچاکیی پیاوێکی لە ئوممەتی من، مەحەببەتی ئەسحابە و داوێتە دڵیەوە. وە ئیمام و ئەکابیری دین فەرموویانە، ئیمانی بە (ڕەسوولوالله) نییە هەر کەسێ بەگەورەی نەزانێ.

ئەسحابەی ئەوی، وەهەم ئیمامی ئەعزەم (ئەبی حەنیفەی کووفیی) وە ئیمام (مالیکی مەدەنیی کوڕی ئەنەس)، وە ئیمامی (شافیعیی موحەممەدی میسری کوڕی ئیدریس) وە ئیمام (ئەحمەد حەنبەلیی بەغدادیی) «رضيَ اللّه عنهما» هەمموو ئیمامی بەرحەقن. ئەمڕۆ لەسەر زەمین هەرکەس تابیع بەیێکی لەمانە نەبێ لە خەتەردایە، جایەز نییە. هەرچەند سابیری ئیمامی دیش بەرحەقن، ئەمما مەزهەبیان ئەمێستە لە زەبتدا نییە. لەبەر ئەم سەبەبە هیچ کام لە ئەسحابەی کیرامیش هەم تەقلید نابێ بکەی وە لەبەر عەینی ئەمە لە عەقیدەشدا تابیع بە غەیری (ئیمام ئەبولحەسەنی ئەشعەریی) وە (ئیمام ئەبوو مەنسووری ماتوریدیی) جایەز نییە. وە تەریقەتی ئەولییان هەمموو حەققە، لە حەققەتدا سەروەریی موخالیفی شەریعەت نییە هەرچەند بەزاهیر بەعزێ ئەتواریان وەها نانوێنن.

ئەسڵی پێنجەمیین ئەمەتە باوەڕ و یەقینت ببێ بەڕۆژی قیامەتی کە لە وەقتی مردنیەوەیە تا ئاخیری حەشرێ بەئەمە کە هر چ[١٩] حەزرەتی (سەییدەلمورسەلین «صَلّی

١٧- بیعة الرضوان.

١٨- خۆی وشەکەی ئەو هەنووسیوە و منیش بەپێی بزواندنەکەی و بەئەم جۆرەی(خوُش ویسْتِي) داناوە.

١٩- خۆی (چە)ی نووسیوە و هەرچەندە من ئەوە بە ڕاست دەزانم بەڵام لە تاو بەندوباوی ئەوڕۆ ناچار (چ)ەکەم داناوە.

اللّه عَلیه علی الهِ وَصَحبه أجمعین» ) خەبەری دادوە لە شەرت و نیشانەی و موقەددیمانی وەک زوهووری (موحەممەدی مەهدیی) و هاتنە خواری (عیسا) پێغەمبەری و خورووجی دەججال دابەتولئەرز[20] و یاجووج و ماجووج و غەیری دی لەگەڵ سایبیری ماجەرای قیامەت، هەموو ڕاستن، دێن و دەبن بێ کەم و زیاد. وە تەفسیل ئەمەتە بەیەقین بزانیی عەزابی قەبرێ بۆ کافر و بەدکاران وە راحەتی قەبر بۆ موسڵمان و سالیحان دەبێ کە مردوو زیندوو دەکەنەوە، لە قەبریدا ڕۆی دەنێن و مونکیر و نەکیر دێن و لێی دەپرسن کە خودای تۆ وە پێغەمبەری تۆ کێیە؟ وە دین و ئیمامت کامە؟ وە ئەگەر جەوابی دوروست دایەوە قەبری بۆ فراوان دەبێتەوە، کولانێکی لە بەهەشتێوە بۆ تێ دەبێ، شەو و ڕۆژ جێگای خۆی لە بەهەشتێ دەبینێ، لەگەڵ نیعمەت و بەشارەت بەجێی دێڵن و دەڕۆن. وە ئەگەر جەوابی نەزانیی وەهای لێ دەدەن بەگورزی ئاسنیین غەیری ئینس و جین ناڵەناڵی دەبیێن وە قەبریش وەهای دەگوشێ پەراسووی ڕاست و چەپانی تێک دەپەڕێنێ، کولانێکی لە جەهەننەمەوە بۆ دەبێتەوە، لە قەبرێدا شەو و ڕۆژ چاوی بەجێگای خۆی دەکەوێ. لە جەهەننەمدا بەئەنواعی عەزاب گرفتار دەبێ تا حەشری. وەهەم باوەڕ بکەی جارێکی دیش هەموو مەخلووق لەپاش مردنیان و ڕزینی وە چ ئەعزای موتەفەرریق بووبێ وە چ نابووت بووبێ وە چ، نەمابێ، وە هەر چ مابێ هەموویان پەیدا دەکەنەوە وە، تەرتیبیان دەدەنەوە وە ڕووحیان دەکەنەوە بەجیسمیاندا. لە قەبرێدا دەیانبەنە جێگای حەشری، دەفتەری عەمەلی چاکان لە تەرەف ڕاستەوە دێتە ئەدەستی ڕاستیان، وە دەفتەری چەپیان وە حیسابی عەمەلی چاک و خەراب[21] و گەورە و بچووک و دزیی و ئاشکرایان چ لە دەفتەری عەمەلیاندا بێ وە چ ئەعزایان شاهیدیی دەدەن وە چ لە عیلمی خودای دابێ هەموویان ئاشکرا دەکەن. وە سووال[22] دەکەن لە مەلائیکە وە ئینس و جیننان، ئەویی خودا ئەمری کردوونێ بەجێیان هێناوە یان ننە؟ جەزای چاکییانیان دەدەنەوە بەچاکیی وە جەزای خراپییان بە خرابیی، هێندێکیان دەدی سەبەب بەگوناهێکی بچووک بەعەدل لە گوناهی گەورە و بچووکی هێندێکیان خۆش دەبێ بەفەزڵ، لەوڕا کە خواهیشتی ببێ لە هەموو گوناهان خۆش دەبێ غەیری شیرک، ئەمما هەرگیز لە موشریکان خۆش نابێ. وە تەرازووی

---

۲۰- دابة الارض.

۲۱- خۆی تا سەر هەر بەئەم شێوەیە (خراب)ی نووسیوە.

۲۲- خۆی بەشێوەی (سؤال)ی نووسیوە بۆیێکا ئەوەم داناوە.



قیامەت بەقەولی موختار تەرازوویێکە ئەگەر هەموو ئەرز و ئاسمان بنێنە تاییێکی جێ دەبێتەوە. تای چاکییانی نوورانیی لە تەرەف بەهشتەوە کە لەلای ڕاستی عەرشە دەیێ، تای خەرابییانی زوڵمەت[23] ئەوەیە لە تەرەف جەهەننەمەوە کە لەلای چەپی عەرشە دەیێ، هەموو عەمەلی چاک و خرابی پێ دەکێشن.

تای گرانی مەیل بەرەو ژوور دەکا وە تای سووکی مەیل بەرە ژێر دەکا بەعەکسی تەرازووی دونیایی. وە پرد سیرات کە پردێکە لە موو باریکترە وە لە تیغ تیژترە بەفەرموودەی خودای دەینێنە سەر پشتی جهەننەمێ. ئەمر دەکەنە هەموو مەخلووقی کە بەسەریدا رابورن، هەرکەس بەهەشتیی بێ، هێندێک وەک برووسکە وە هێندێک وەک با وە هێندێک وەک ئەسپی، لە یێکدا ڕادەبورن[24] دەچنە بەهەشتی. وە هەرکەس لە دنیادا چاتر بەسەر ڕێگای شەریعەت ڕابوردبێ چاتر بەسەر سیراتدا ڕادەبورێ تا خەرابتر خەرابترە. وە جەهەننەمییان پێیان لێ هەلدەخلیسکێ، دەکەونە جەهەننەمەوە. وەحەوزی کەوسەری کە حەوزێکە ڕێگای مانگێک گەورەیە، ئاوی لە شیری سپییی ترە، بۆنی لە میسکی خۆشترە، لە ئەستێرەی ئاسمانانی زیاتر پیاڵەی لەسەرە، هەرکەس دەفعەیێ لێی بخواتەوە ئەگەر چەند ساڵ لە جەهەننەمدا بێ تینووی نابێ. وە ئەنبییا و ئەولییا وە مەلائیکە وە سالیحان شەفاعەت دەکەن بۆ هەموو گوناهی گەورە و بچووکی موسڵمانان چەندانکو بێ تۆبە مردبن. وە شەفاعەت لەو ڕۆژەدا پێنج نەوعە، یێکیکیان بۆ حیسابی زوو لەگەڵ کردنیانە، دووەمیین بۆ ئاسانیی سووال وە سووکیی حیسابیانە. سێمیین بۆ ناوێتنی خەتاکارانە ئەجەهەننەمی. چوارەمیین بۆ دەرهێنانەوەیانە لەپاش ئاویتنیانە جەهەننەمی. پێنجەمیین بۆ مەرتەبەی گەورە وپایەی بوڵندییانە لە بەهشتێ. وە بەهەشت دائیمەیە وە نیعمەتی بێ حیسابە، وە بەهشتیی، ئەبەدیی بەهەشتیی دەبن. وە بەهەشت هەشت مەرتەبەی هەیە. بەهەشت هەرکەس بەقەدەر ئیمان و عەمەلی خۆی، مەرتەبەی بوڵوندی دەبێ، جەهەننەمیش دائیمە، وە ئەهلی جەهەننەم هێندێکیان دائیمیین. هەردووکیان وا هەن.

بەهەشت لە ژوور ئاسمانی هەفتەمیینە، جەهەننەم لەژێر تەبەقاتی زەمینە.

---

۲۳- ظلمت: تاریکیی.

۲٤- لە دەستنووسە بڵاوکراوەکەی محەممەدی مەلا کەریمدا بەشێوەی «لینک» نووسراوە کە لە ئێرەدا نووسراوە، (لیکداراد بوورن).

(ئەسڵی شەشەمیین ئەمەتە کە بێ شک و گومان باوەڕ یەقینت ببێ وە بزانی هەر چ جەنابی پاکی خودای تەعالا خواهیشتی بووە وە موقەددەری فەرمووە کە ببێ یا نەبێ، بێ زیادیی و نوقسان هەر وەها دەبێ. هەر چ خواهیشتی بووە بەبوونی، نەبوونی مەحاڵە هەر دەبێ. وە هەر چ خواهیشتی بووە بەنەبوونی، مەحاڵە هەر دەبێ، بوونی مەحاڵە وە هەرگیز نابێ)(٢٥)

تەممەت شود

فی ٢٤ ج١ سەنە ١٢٣٤

لە ١٩ی مارتی ساڵی ١٩١٩ز

[تەواو]

٢٥- ئەم ئەسڵی شەشەمیینەم خستە نێو دوو کەوانەوە تا بناسرێتەوە کە هەموو دەستنووسەکانی دی فەرامۆشیان کردووە و ناتەواون، ڕاستییەکەیشی زۆرم پێ سەیرە و ئایا ئەو کەسانە لە «واتاکەی تی نەگەیشتوون یان چیی؟».



**پاشکۆ: ١**

عەقیدەی کوردیی- هەڵبەستراوی- سەمیع

- پەسنی

- مەتنی

# عەقیدەی کوردیی هەڵبەستراوی «سەمیع»

- پەسنی

وەک ئاماژەم پێ داوە، زانای گەورەم شێخ محەممەدی خاڵ ئەم دەستنووسەی لە گەنجینە نایابەکەیەوە پێشکەش کردم کە ڕۆژی ١٩٨٧/١/٧ فۆتۆکۆپیم کرد.

من بۆ یێکا دەینوینم تا خوێندەوار وێنەیێکی هەڵبەست- مەنزوومی عەقیدەی ئیسلام و بەرهەمی کەسێکی نێوچەی سلێمانیی کۆنەپێتەختی (بەبە) ببینێ کە دڵنیام هەڵکەوتنی پەخشانە(عەقیدە)کەی مەلا- مەولانا کاری بۆ هەڵکەوتنی هەبووە، وێڕا خوێندەوار بۆی هەیە بەناسینی ئەم هەڵبەستراوە، جوداییەکی نێوان هەردوو هونەری پەخشان و هەڵبەست بناسێ کە چۆن پەخشانێکی زانستیی- با مەبەستەکەیش یێک بێ- جوداییەکی دیاری لەگەڵ هونەری هەڵبەست هەیە کە لە ئەمدا سۆز، کێش و ئاواز سستێ بۆ نواندنی زانست.[1]

پەسنی دەستنووسەکەش ئەمەیە کە خۆی لە نێوی سێ بابەتی دیدایە و سەرەتاکەی (لەیل و مەجنوون)ێکی هەڵبەستراوە بەفارسیی و دوا لاپەڕەی ئەمەش کە لاپەڕە سیی و سێیە کۆتاکەییێتی و لە ئەم لاپەڕەیەدا (سەرەتای عەقیدەکە) دەست پێ دەکا و لە هەمان لاپەڕەشەوە دیسان هەڵبەستراوێکی فارسیی دی بەنێوی (دیوان الظهرانین)ەوە لەسەر لاپەڕەکانی ئەم عەقیدە دەستنووسەدا دەست پێ دەکا.

لەیل و مەجنوونەکە (ڕۆژی سێ شەنبەی ٨ی جومادی ئاخیری ساڵی ١٣١٤هـ- ک لەلایێن مستەفای کوڕی حاجی قادر بەگەوە ڕوونووس کراوە) و دیارە لە ئەم مێژووەوە (١٣١٤ک- ١٨٩٦ز) دەست بەنووسینەوەی (عەقیدەی کوردیی) هەڵبەستراو کراوە کە لە دوا لاپەڕەدا (بێ نیشان دانی ڕۆژی تەواوکردنی هەر بەتەنێ نووسراوە:

(تمت الکتاب العقیدە/ کتێبی عەقیدە تەواو بوو!)... وێ دەچێ فەرامۆش بوونی

١- خوێندەوار لە مەتنی ئەم هەڵبەستراوە وردببیتەوە چاک دەبینی کە کەف و کوڵی سۆز کارێکی کردووە ڕستەی ئەوتۆ دوور لە عەقیدەی ئیسلامەوە بهۆ نێتەوە.



مێژووی تەواوکردنی بگەڕێتەوە بۆ درێژەی هەڵبەستراوێکی دی- نازانم چییە- کە هەتا دوا لاپەڕەی عەقیدەکەش تەواو نەبووە. من ڕوونووسکەرەوەی نێوبراوم پێ ناناسریتەوە لە ئەم مەنفایەدا و سەرچاوەم بەدەستەوە نییە، بەڵام دەتوانم لێی بدوێم کە خوێندەوارو شارەزاو ورد و خۆشنووس بووە و نێوناس و مۆری (مصطفی حلمی)یشی هەبووە!

ژماردنی پەڕەکانی (عەقیدەی کوردیی) هەڵبەستراوی (سەمیع) هەشتە کە دەکاتە شانزە لاپەڕە و قەبارەی هەریێکەی: ١٧سم × ٢٠سمە! هەرچەندە من تەواوی مەتنەکەیم نووسیوە، ناپەسەندی نابینم سەرەتا و کۆتایی بنوێنم؛ نووسراوە، (بسم الله الرحمن الرحیم. هذا کتاب عقیدة کُردي/ ئەمە کتێبی عەقیدەی کوردیی)ە و کۆتاییشی ئەەم دوو تاکەیە: (سەمیع گوناهکار ئەو رجا دەکا... بۆ فاتیحاییێک ئیلتیجا دەکا!). لە بنیەوە نووسراوە؛ (تمت الکتاب العقیدە/ کتێبی عەقیدە تەواو بوو!).

من کاتی خۆی لە مامۆستا (خاڵ)م پرسیی (سەمیع) کێ بێ؟ فەرمووی: نازانم! هەرچەندە وردبوومەتەوە (سێ سەمیع) نێوی کورد هەن:

١. عەبدوسسەمیع چناریی؛ مامۆستای فێرگەی ئەلئەحمەدییەی بازێڕی حەڵەب.

٢. شێخ سەمیع بەرزنجەیی (سلێمانیی: ١٨٤٣ز- ١٩٢٠ز) کە مستەفا نەریمان و بیبلۆگرا فیاکەی ئاشنایان کردووە؛ خاوەندی (عەیقدەء کوردیی) بووە و حوزنیی موکریانی لە ڕواندز و ساڵی ١٩٢٧دا بەنێوی (باوەڕی ئایین) و چاپخانەی نەجاحی بەغداد بەنێوی (عەقیدەی کوردی)ەوە لە ١٩٣٥دا، ئەوجا لە مەهاباد و هەولێر و بەغدادیشدا لە نێوان ١٩٦٨- ١٩٧٠دا چاپیان دووبارە کردۆتەوە[1].

٣. مەلا سەمیع محەممەد ئەمین کە بەقسەی مەحمود ئەحمەد (عەقیدەی کوردیی) بەهەڵبەستەوە داناوە و سەرەتاو کۆتایی ئەمەیە:[2]

ئەووەڵ ئیبتیدا بەئیسمی الله
پەس حەمد و سەنا- الحمدلله
تا
یارەب بۆ خاتری ئاسمان و زەمین
ببەخشی گوناهی محەممەد ئەمین

١- من چاپکراوەکانم نەدیتووە، بەڵام بیستمەوە خراپن!
٢- بنۆڕە: فهرست مخطوطات مكتبة الاوقاف المركزية في السليمانية- ج٣، ل٤١، ١٩٨٤.

من- هەرچەندە لە زیندانی مەنفادا دەسەڵاتی ناسینی ژیننامەیانم نییە- گەلێ باوەڕ دەکەم کە خاوەندی ئەم (دەستنووس)ە و عەقیدەیەی بەردەست، هەر کردەوەی هەمان (سەمیع- محەممەد ئەمین)بێ کە وێڕای تۆزەڵقانی جودایی سەرەتاو کۆتایی، بەیێک دەچن. ڕنگیش بێ یێکێکیان پێش ئەوی دی دانراوو نووسراو بێ مخابن مەحموود ئەحمەد چ ساڵێکی نەنواندووە تا بەراوردی ئەم دەستنووسەی پێ بکەم کە نازانم چاپ کراوە یان نا!! گرنگ ئەوەیە- چاپ کرابێ یان نە- ئەم دەستنووسەی نێو گەنجینەی مامۆستا (خاڵ) یێکەم جارە خۆر ببینێ. هیوام زۆرە کەسانی دی دوای هەر سێ کەس و هەردوو عەقیدەی هەڵبەستراوی شێخ سەمیع و سەمیع محەممەد ئەمین بکەون و هەواڵەکان بۆ خوێندەوار ڕوونتر بکەنەوە و پێشەکیی کاریان ڕاست بێ!. ئەمەش مەتنەکەیێتی:

(هاذا کیتاب عەقیدەی کوردیی)

بسم الله الرحمن الرحیم

ئەووەڵ ئیبتیدا بە نامی خودا پەس[1]
حەمد و سەنا ئەلحەمدو للە
ئەوجا سەڵەوات لەسەر مستەفا
هەم ئال و ئەسحابی ئەربابی سەفا
گوێ بگرن بەعام حەچیی موسڵمانن
ئەگەر بەڕاستیی ساحێب ئیمانن
هەرچ واجیبە دەبێ بیزانن
گەر شەیتان بێڵێ زۆر زۆر ئاسانن
ئەووەڵی هەموان ناسینی خودایە
هەرچیی لە تاقەتی عەقڵی تۆدایە
ئێمەی خولقاندووە ئەوی دا[2] بیناسین
ئیتاعەی پێ بکەین لێیشی بترسین
پێنج روکنە ئیسلام بابزانین چییە
باوەڕیان پێ بکەین ئەمری ڕەببییە

١- پس : «ف» ئیدی، ئەوجا
٢- دا: تا



ئەووەڵ کەلیمە شادەتی ئیمان
دووەم پێنج فەرزە باشەرت و ئەرکان
سێیەم سیی ڕۆژەی مانگی ڕەمەزان
مەحفووز لە موفتیر هەم لەغوو بوتلان
چوارەم زەکاتە لەگەڵ سەرفیترە
پێنجەمین حەجە ئەو لەگەڵ عەمرە
ئەم پێنج ڕوکنانە بەفەرزیان بزانین
قەت تەرکیان نەکەین گەر موسڵمانین
هەرکەس تەرکی کرد یێکی لەم پێنجانە
بێ شک ڕوکنێکی دینی نوقسانە
ئەوجار با مەعنای شەهادەتی لێ بدەین
مەعنای بزانین باوەڕیان پێ بکەین
(اشهد ان لا الە الاّ اللە)
هیچ مەعبوودێ نییە غەیری زاتی خودا
چیی بۆت و سەنەم ئەستێرە و ئاگر
کە دەیپەرستن تائیفەی کافر
غەیرەز بێ شەریک پاکیان بەتاڵن
عابیدیان هەموو ئەهلی زیلاڵن
حەققە موحەممەد ڕەسوولی خودا
ناردی بەڕەحمەت بۆ ڕێی ئیهتیدا
بۆ سەر ئینس و جین مەلاییک یێکسەر
چیی خودا فەرموویە ئەوبیدا خەبەر
بێ شک ئینسانە ئەو مەلەک نییە
فەرمانی بەرداری ئەمری ڕەببییە
بێینە سەر بەعسی سیفاتی خودا
حەوتیان قەدیمن لەوەی نین جودا
حەییە زیندووە هەرگیز نامرێ
عالیمە بەئەشیا هەرچ بکرێ

هەموو لەلای ئەو تەواو زاهیرە
لە عیلمی ئەودا هەمووی حازیرە
سەمیع و بسیر، دەبییەو دەبینێ
لە دوور و نەزدیک لەژێر زەمینێ
قادیر و موریدە لە زۆر و لەکەم
چیی بیکا خەلق چیی بیکا عەدەم
ساحیب کەلامە نەک بەحەرف و دەنگ
یێک زاتی لەتیف بێ جیسم و بی ڕەنگ
لەژێر حەوت زەمین جێگەی جهەننەم
لەوێ بەرەوژێر سەحرای عەدەم
لەژوور هەموو شتێک عەرشی عەزیمە
لەوێش بەرەو ژوور سەحرای عەدەمە
وەک سەحرای عەدەم ئینتیهای نییە
زات و سیفاتی هەر وەکو وییە
لە سەحرای عەدەم(...) عەدەم
هەرچیی تێدایە لە زۆر و لە کەم
لە ئەزەلەوە هیچ مەوجوود نەبووە
سەرپاکی لە نەبوو ئەو خەلقی کردووە
هەر چ زی ڕۆحێ نەفەس هەڵبێنێ
ئەو نەفەسانە ئەو دەیخوڵقێنێ
هەر لە بزووتنیان تا سالیح بوونیان
لە خوتووراتیان تا هاتوچوونیان
چیی نەیخوڵقێنێ هیچ مەوجوود نابێ
دەبێ هەموو شتێک خەلقی خودابێ
لەرزەی خاکی تا چڵە گیایێ
لە جوزئیاتی پەلکە گەڵایێ
قودرەتی خودای گەر لەگەڵ نەبێ
بەیێک نیم تورفە پاکی عەدەم دەبێ



پاکیان دەزانێ و دەبینێ و دەبییە
موحتاجی بەدڵ و چاو گوێ نییە
قەت ئەو بەهیچ شت ئیحتیاجی نییە
ئەوە هەموو شتێک موحتاج بەوییە
هەر بەوەیی بزانین کە بێ مەکانە
جێی نە لە ئەرزە نەئاسمانە
هیچ مەکانی نەبووە ئەو قەدیم بووە
ئیحتیاجی بەهیچ مەکانێ نەبووە
ئەلئان بە مەکان ئیحتیاج نییە
ئەگەر موحتاج بێ بۆ ئەو نەقسییە
گەر هەموو زی ڕووح پاکیان بەجارێ
لێی تەڵەب بکەن هەریێک سوئالێ
بەجارێ پاکیان جێ بەجێ دەکا
هیچ پاش و پێش تەئخیریان ناخا
سەر پاک دەیزانێ لێی غەڵەت نابێ
ئەگەر وا نەبێ نابێ خودا بێ
(سُبحان مَنْ لا یُشغِلْهُ شاغلْ
ولاتَغْلَطْ عنْهُ المسائِلْ)
خالیقی خێرە خالیقی شەڕە
خالیقی نەفعە خالیقی زەڕە
ئەوبێ شەریک و هەم بێ وەزیرە
بێ میسل و شوبهە هەم بێ نەزیرە
قەدیم هەربووە ئەو ئەزەلییە
باقی هەردەبێ ئەو ئەبەدییە
هیچ نەقسی و تەغییر و گۆڕانی نابێ
هەروەک بێ عەیبە هەر دەبێ وابێ
ئێمەی خوڵقاندووە بۆ تاعەت کردن
نەک وەک حەیوانات بۆ خەوو خواردن

ناردی پێغەمبەر بەوەجهی ڕەحمەت
دا تەعلیمان کا بۆ ڕێی هیدایەت
ئەو موحەممەدە ئیبنو عەبدالله
ئەشرەفولوەرا ئەو حەبیبوالله
عەبدولموتتەلیب باپیری وییە
ئیبنو هاشیمە ئەو قورەیشییە
دایکی ئامینە کچی واهەبە
لە گەورە گەورە و نەسلی عەرەبە
لە مەککەی شەریف بەوەلەدبووە
هیجرەتی لە بۆ مەدینە کردووە
ڕەوزەی شەریفی لە مەدینەیە
ئاگای لە کوللی ئەوممەتی هەیە
باوەڕیان پێ بکەین مەلەکی جیهان
دایم مەوجوودن لە ئەرز و ئاسمان
بێ خەوو خواردن بێ کەسب و غەفڵەت
دایم مەشغووڵن بەزیکر و تاعەت
هەر یێک بەنەوعێ هەرکەس بەکارێ
بێ ئەمریی ناکەن بەهیچ قەرارێ
(قرآن)و ئینجیل تەورات و زەبوور
سوحوف هەرچ بوون گەر کەم و گەر زۆر
مەجمووعیان بێ شک کەلامی خودان
ئەمما هەموویان نەسخن بە (قرآن)
سەد و بیست و چوار هەزار پێغەمبەر
کە خودا ناردوونی بۆ ڕێی خێر و شەڕ
باوەڕیان پێ بکەین هەموویان حەقن
ئەوان گەورەتری جەمیعی خەلقن
سێ سەدو سێزدە لەوان ئەفزەڵن
ئولوولعەزمن وە ئەعلاهوم دیێن



نووح ئیبراهیم حەزرەتی مووسا
عیسا ڕووحوالله ئەحمەد مستەفا
سەرداری هەموان سەییدولبەشەر
یەعنی مومحەممەد شەفا خوای مەحشەر
لەپێش هەمواندا ئەوی خەلق کردووە
لەدوای هەمواندا ئەوی ناردووە
دینی وی نەسخی هەموو دینانە
مەعلووم ئەفەزەلتری جەمعی دینانە
لەسەر وی خەتمە ڕوتبەی ڕیسالەت
دینی وی باقییە تارۆی قیامەت
گەورەترین خەلق لەدوا ئەنبیا
چوار یاری نەبیی یەعنی خولەفا
ئەویش بەتەرتیب و ڕوتبەی خیلافەت
یێک لە یێک زیاتری ببێ خیلافەت
ئەبووبەکر و عومەر عوسمان و عەلیی
لەدوای ئەوان جەمیعی ئەسحابی عەلیی
هەرچی فەرموویە وەحیی خودایە
ئەمانەی وتمان بێ شک وەهایە
سوئالی قەبر و عەزاب و نیعمەت
لە ترس و شادیی، دۆزەخ و جەننەت
قەبر بۆ ساڵیح ڕەوزەی جینانە
ئەمما بۆ فاسیق بیری نیرانە
یادەردو میحنەت یاخۆشیی و ڕاحەت
هەرکەس بەنەوعێک تا ڕۆی قیامەت
جەمعی زیڕووحان هەروەک ئەووەڵجار
زیندوویانی دەکا واحیدولقەههار
ئینسان و مەلەک جنیی و حەیوانات
پاکی جەمع دەکرێن لەناو عەرەسات

ئەوسا سێ سەد ساڵ جێگای هەیبەتە
گریان و زاریی خۆف و هەشتە
جەمعی مەخلووقات حەتتا ئەنبیا
غەیرەز حەزرەتی پاکی مستەفا
کەس یارای نوتق نیشتنی نییە
ئەو ڕۆژە ڕۆژی نەفسی نەفسییە
منداڵی مەعسووم بێ دەرد و میحنەت
سەریان سفیدە لەترس و هەیبەت
جەهەننەم حەلقەی لە مەخلووق داوە
ڕێی سەد ساڵ دەرە لەهەرچوارلاوە
ئەمما کە هەڵمەت بۆ مەخلووق دێنێ
بەعزێ هەڵدەگرێ زووی دەسووتێنێ
ئەوسا ئومێدی نەجات بوونی دەبڕێ
بگرییە، هاواری عیلاجی ناکرێ
هیچ نەفع نادا ئەولاد و ماڵان
مەر خودا ڕەحمێ بکا بەحاڵان
هەر تا شەفاعەت دەکا پێغەمبەر
ڕەحمەت دەنوێنێ خالیقی ئەکبەر
لە جێگەی هەیبەت نەجاتمان دەدا
لەپێشدا حەشری حەیوانات دەکا
ئەوجار کاغەزی حاڵان دێنن
نەختە نەختە پێمان دەخوێنن
هەرکەس چاکەی بێ شوکری خودا دەکا
گەر خرابەی بێ لێی حاشا دەکا
ئەوسا لاڵ دەبێ مۆردەکرێ زمانی
لێی دێتە شاهید پاک ئەعزاکانی
وەی وەی وا وەیلا لەو خەجاڵەتە
لەو خۆف و ترسە لەو نەدامەتە



هەرکەس زۆڵمی لە کەسێ کردبێ
تیکە نانێکی بێ ئیزنی خواردبێ
گەر ئیحسانی بوێ لێی دەستێنن
وەرنە لە جیاتیی ئەوە دەیسووتێنن
میسقاڵە زەڕڕە لە خەیر و لەشەڕ
هیچ ون نابێ پاکی دێتە دەفتەر
بەمیزانی حەق موقابیل دەکرێ
لیئەزڵەمولیەوم پاداش دەدرێ
هەرکەس کافربێ بەو حاڵە مردبێ
یا شەیتان سەلبی ئیمانی کردبێ
ئەوە هیچ حیساب و پرسینیان نییە
جێی وانە جەهەننەم بەئەبەدییە
باقیی موسڵمان چیی گوناهکاران
لە گوناهی خۆیان خەجاڵەتباران
پێغەمبەر بۆ وان شەفاعەت دەکا
بەعزێ خودا خۆی ڕەحمیان پێ دەکا
باقیی گونەهکار لەو دەما ماون
دەکەونە خوارێ بۆ ناو جەهەننەم
ئەعووز و باللە لەو بەدبەختییە
لەو دەرو میحنەت تەنگیی و سەختییە
ئەووەڵ بەقوللابی ئاسنین دادەرێ
وەک گۆشتی قەساب پێی هەڵدەواسرێ
هەتا دەسووتێ و قەلبی دادەڕزێ
ئێسقان و گۆشتی پێکدا هەڵدەکزێ
سەرپاکی هەڵدەڕژێ و بەردەبێتە خوار
دیسان دەیانکەن هەروەک ئەووەڵجار
بەڵێ لە ئەووەڵجار ڕۆژ ڕۆژ خراپتر
دەسووتێ دیسان لە ئەووەڵ چاتر

هەربەم دەستووره هەرتا تێدابێ
هەر عەزاب دەدرێ مردنی نابێ
مارو دوپشک لە گشت خراپتر
خودا خولّقاندوونی سەرپاک لە ئاگر
هەرییێک سەد قللەی زەهر تێدایه
هەرکەس پێوەی دەن بۆی واوێلایه
هەتا حەفتا سالّ دەئاوسێ و ژان دەکا
لەو دەمەدا دەرِزێ لێی سەیلان دەکا
غەلل و زنجیریان لەگەردن دەکەن
هەرییێک بەنەوعێ عەزابیان دەدەن
ساعەت بەساعەت هەر لێی زیاد دەکرێ
مردن زۆر خۆشە ئەمما نامرێ
مەعلووم جەهەننەم حەوت تەبەقەیە
هەر تەبەقێکی لەبۆ فیرقەیە
هەر هاوار هاوار هەر وا وەیلایە
هیچ کەس بەزەیی بەکەسدا نایە
ئاویان(...) عەینی حەمیمە
یا عەینولّغووتە ئەو زۆخ و کێمە
خۆراکیان خریع قورسی زەقوومە
ئاو گەرم و بۆگەن هەم تالّ و شوومە
دەرخواردیان دەدەن خریع و زەقووم
ئەوان دەگرین لە تەنگیی خەلقووم
ئەوە چییە خودایە نەبۆی دێتە دەر
هاوار هاواریە ئاوم بێننەسەر
فەورەن زبانی ئاوی بۆ دێنێ
کە دەیخوا ناوسکی پاک دادەرِزێنێ
بەحسی عەزابیان نایێتە تەقریر
بۆ خۆی فەرموویە وەبیئسەلمەسیر



هەرکەس ئەزیەتی خەلّقی دابێ
بۆ زولّمی مەخلووق زۆر تێ کۆشابێ
ئەو زۆر زەلیلە خەیلێ بەدبەختە
زیاتر لە هەمووان عەزابی سەختە
ئاخریی زۆر دەگرین زۆر شەکوا دەکەن
تا حەوت هەزار سالّ دەلّێن هاوار یا مەننان
هەزار سالّ هاوار دەلّێن یاحەننان
هەزار سالّ دەلّێن هاوار یامەننان
هەزار سالّ دەلّێن هاوار یا رِەئووف
هەزار سالّ دەلّێن هاوار یا عەتووف
هەزار سالّ دەلّێن یا کەریم هاوار
هەزار سالّ دەلّێن یا رِەحیم هاوار
هەزار سالّی تر دەلّێن یا رِەحمان
رِەحمیان پێ دەکا پادشای سوبحان
تا جوبرەئیلی دێ بزانێ ئەو حالّە
دەپرسن کێیە ئەو نووری جەمالّە
دەلّێن جوبرەئیل ئەمینە داوەر
کە خودا ناردوویە بۆ لای پێغەمبەر
ئەوساکە ناوی پێغەمبەر دەبیەن
پاکیان بەجارێ لێک هاواری دەکەن
یا رِەسوول اللە بێ بەهاوارمان
بەخودا خراپە، بەدە حالّمان
جەمعی ئەنبیا لەگەلّ پێغەمبەر
شەفاعەت دەکەن دەیانهێننەدەر
هەر کەس شادەتی بەحەق هێنابێ
بەو حالّە مردبێ ئەبەدیی نابێ
پاکیان دێننەدەر نەجاتیان دەدەن
ئەو وەختە داخلّ بەهەشتیان دەکەن

مەدحی بەهەشتی نایێتە گوفتار
(جنات تجری من تحتها الانهار)
مەعلووم و ڕاستە هەشت تەبەقەیە
ئەو هەشت تەبەقە سەد دەرجەیە
هەرکەسێ هات و لیێی تەڵەب کا
لەوە دنیا ڕوتبەی تەنەززول دەکا
هەر کەسێ لەم دنیا ڕەفتاری پاک بێ
ئەو چاک دەبێ جێی باڵاو چاک بێ
بەعزێکیان میناو بلووری سافە
بەعزێ ئاڵتوونە زۆرێ شەفافە
دیواریان سافە وەک بلوور پاکە
مەنعی روئیەتی ماوەرا ناکا
بەعزێ سەدەفە وەک دوڕی سپییە
بەعزێ غەیری خودا نازانێ چییە
لەناو قەسراندا تەختی گەوهەرن
هەرییێک حەفتا نەوع فەرشیان لەسەرن
لە ڕەنگ و بۆدا ییێک لەییێک چاتر
هەرییێک جۆرێکی وا لەسەر حازر
لقی درەخت دوڕ و یاقووتە
گەڵای پیرۆزە عەینی زەمرووتە
نە وشکیی پاییز نە سەردیی زستان
نەخدمەت کردن ڕەنجی باخەوان
میوەیان خۆش بۆ عەجەب لەزیزە
خۆش تام و خۆش ڕەنگ تازەو تەمیزە
ئەنواعی میوە جەمیعی تەعامات
حەڵواو گۆشت و ڕۆن هەم نوقڵ و نەبات
بەتاڵیی بخۆن گوم نابێ لیێیان
فەورەن یێکێ تر دێتەوە جێیان



چوار جۆگەی تیایە یێکیان هەنگوینە
یێک لەشیری ساف عەجەب شیرینە
یێکیان شەراب و یێک ئاوی خۆشە
ئەترافیان سونبل لالەو وەنۆشە
بەدرەختانەوە تەیر دەخوێنێ
گۆشتی هەر تەیرێ(...) دێنێ
بەپوختە کراویی دێ لیێی تێر دەخۆی
لەوە دوا هەڵدەفڕێ دەچێتە جێی خۆی
لە هەر تەماعێ کە خۆت تێر دەکەی
جامێ شەرابی لەسەر نۆش دەکەی
عەرەقێکە خۆش بۆ وەک میسک و عەنبەر
بێ ئەزیەت لە جەمعی بەدەنا دێتەدەر
لە هەموان کەمتر بەقەد ڕووی دنیا
ئەو مەلەکە دڵت پێ گەرم دەکا
هەموویان جوانن پاکی سیی و سێ ساڵن
بێ ڕیش و سمێڵ شیرین جەماڵن
هەرییێک حەفتا حووری بۆ لەززەت
پێنج سەد غوڵامی هەیە بۆ خدمەت
دایم هەر کچن ئەو جەمعی حووران
(لم یطمشهنّ انسُ ولاجان)
گەر ئاوی دەمیان بێتە جەڕەتاڵ
پاکی شیرین دەبێ وەک ئاوی زوڵاڵ
گەر یێکیان دەستی بێنێتە دنیا
شەوقی مانگ و ڕۆژ مونعەدیم دەکا
هەر یێک حەفتا نەوع لیباسی لەبەردا
ئەنواعی خشڵ و زیوەر لەسەردا
چاوڕەش و و بۆن خۆش گەردن فرازن
خۆش خولق خۆش کەیف شیرین ئاوازن

چەند نازەنین عەجەب جوان و چاکن
لە عوزرو لە خوێن هەموویان پاکن
بەدەنیان سافە وەک شیشەی بولوور
میشکی لولاکیان دیارە لە دوور
هیچ بوغز و کینەو تەشویش نازانن
هەموویان عاشقی مێر و جوانن
داییم لەگەڵیان ئیستیمتاع دەکەن
لە ساعەتێکا سەد جیماع دەکەن
پیریی و نەخۆشیی و مردن نامێنێ
ئەو ماڵ و موڵکە کەس لێی ناستێنێ
هەر ڕۆژی جوومعە زیافەتی خودایە
خەلعەتی ڕەزاو فەیز و لیقایە
(وجوهٌ یَومِئذٍ ناضرَة
الی رَبّها فیها نَاظِرَهْ)
مەدحی بەهەشتی قەت تەواو نابێ
مەسڵەحەت وایە ئەم جار کۆتابێ
یا مالیکو لمولک سەتتارو سەبوور
یاپادشای جەببار غەففار و غەفوور
هەرکەس بخوێنێ یا گوێی لێ بگرێ
ئەو بەخۆشیی و چاک بەئیمان بمرێ
(سەمیع) گوناهکارە ئەو ڕجا دەکا
بۆ فاتیحایێک ئیلتیجا دەکا
(تەممەت ئەلکیتاب ئەلعەقیدە)[1]

---

١- بوارم نییە فەرهەنگۆکێ بۆ وشەکان بکەم و شوێن و ژمارەی ئەو سوورەتانەی (قرآن) و نیشاندراوی بنووێنم کە لە عەقیدەدا دەرکەوتوون!
لە لاییەکی دیەوە هەر هێندەم پێ کراوە، لە ژێر وشە عەرەبییەکاندا- وەک خۆی- تیپەکان بنوێنم ئەگەر وشەییێکم بۆ نەخوێندرابێتەوە چۆڵ و لە نێو دووکەواندا دامناوە. (مخابن لە چاپدا نەلوا تیپە عەرەبییەکان لەژێر وشەکاندا دابنرێن. (فۆتۆکۆپیەکەی ئەم کەلێنە پڕ دەکاتەوە!).



**پاشکۆ:٢**

یێکەم: لە هەلی چاپکردنی ئەم کتێبە و لە نێوان ٢٨-٢٠٠٤/٣/٣٠دا چەند دانیشتنێکی کورتم لەگەڵ لێ کۆڵی کەلەپووری کورد کاک محەمەد عەلیی قەرەداخیی هەبوو! لە ڕاییێڵەی قسە و باسدا هەواڵی ئەم کتێبەم پێ گەیاند و ئەویش ئاگاداری کردم کە دوو پەخشانە دەستنووسی (عەقیدەی کوردیی) سەیید تەهای شەمزینی- خەلیفەی مەولانا خالید-ی لە «دار سەددام بۆ پاراستنی دەستنووسەکان- بەغداد» و لە (ئاشناییێک)یەوە دەستگیربووە مەتنی یێکەمی بەقەڵەمی خۆی، فۆتۆکۆپیی دووەمی پێشکەش کردم و لاریی نەبوونیشی نواند بۆ تێهەڵکێشکردنی باس و مەتنیان و وێنەیان لە ئەم کتێبەدا کە بەتەنێ لە ئەم پاشکۆیەدا هێندکۆکەیێ جێگەی دەبێتەوە.

دوای خوێندنەوە و لێ وردبوونەوەی (عەقیدە)ی نێوبراو- هەردوو وێنەش یێک مەتنە بەکەمێ کەم و زیادیی وشەوە - مێژوویشیان زۆر نزیکە- دڵنیابووم هاوشێوەی دەستنووسەکانی (١-٤)ی (عەقیدەی کوردیی) مەولانا خالید نییە و لە گەلێ ڕووە و جودایە، بۆیێکا پێویستم نەزانی تەواوی مەتنەکەی بنووسمەوە و ئەوەم هێشتەوە بۆ کاک محەممەد عەلیی قەرەداخیی خۆی.

من- لەگەڵ بڵاوکردنەوەی فۆتۆکۆپیی دووەم دەستنووسی عەقیدەکە بۆ کەڵکی لێ کۆڵەکانی ئەدەب و زمانشوناسەکان و ئاگەداریی خوێندەوارەکان- بەتەنێ هەر ئەم تێبینانە دەنوێنم:

١- مێژووی هەردوو وێنەکەی (عەقیدە) سەیید تەهای شەمزینیی لە بەرامبەر (د- ١/ عەقیدەی کوردیی) مەولانا خالید دوورە و هیچیان دەستنووسی دانەریش نین کە ڕەنگبێ دوای کۆچی ماڵئاواییی (مەولانا) کەی داینابێ چونکێ وەک خەلیفەییێکی مەولانای- لە ژینی مەولانادا- دەبوو هەر ڕەواجی بەدانراوەکەی ئەو بدابایە ئەم جوداییەش هەمووی لە ڕووی دانانەوە مانای ئەوەیە کە ئەم (عەقیدە)یە ڕاگواستنەوەی (د- ١) و هاوشێوەی نییە، بەڵکو ئەگەر چاولێکەرییە، دانراوێکی سەربەخۆیە.

٢- شێوەکانی عەقیدەکە- هەردوو مەتن و دەستنووس- یێکە و پتر بەشێوە زمانی (سۆران) نەک بەبە دەچێ و نێوەڕۆک و داڕشتنیشی لەچاو دەستنووسەکانی دی؛ (١-٤) جودایە و گەلێ وشە و ڕستەی کوردیشی بەلای عەرەبیدا داتاشیوە، تەنانەت بەئاشکرا با بۆ خەڵکی ڕەشۆکییش دانرابێ- لاوازیی ئەدەبیی پێوە دیارە!

٣- پێچەوانەی دەستنووسەکانی (٢-٤) کە (ئەسڵی شەشەمیان لێ کەمە)، ئەم عەقیدەیە- بەهەردوو وێنەوە- ئەو (ئەسڵە)یێ نواندووە، بەڵام لە ڕووی داڕشتنەوەی لە بەرامبەر (د- ١) تەواو جودایە!

٤- نرخی تایبەتی ئەم (عەقیدە)یە هەر ئەوەیە؛ بەڵگە و ئاوێنەیێکە بۆ نواندنی زەبری کاریگەری (عەقیدە- پەخشان-ی کوردیی) مەولانا خالید بۆ هەڵکەوتنی (پەخشانی کوردیی) شێوە زمانی بەبە- سۆران- موکریی بەتایبەتی بۆ (بابەتی ئایینیی) کە بێ گومان (پەخشانی کورمانجیی باکوور) گەلێ لە ئەو کۆنتر، پێشکەوتووتر، فرە بابەتترە!

١/٥- یێکەم وێنەی مەتنی (عەقیدەی کوردیی) سەیید تەهای شەمزیینی بەسەرەتاییێکی فارسییەوە خۆی نواندووە کە ئەمەیە؛ (هذا رسالهء عقاید نثر از کلام سید شمزینی- رحمه الله- بزبان کُردی، بجهت تفهیم عوام انشا فرموده/ ئەمە عەقیدە نامەی پەخشانی کوردی سەیید تەهای شەمزینییە- بەر دڵاوایی خودا بکەوێ- کە بەزمانی کوردیی بۆ تێگەیاندنی خەڵکی ڕەشۆکیی دایناوە!)

ئەوجا نووسراوە؛ (بسم الله الرحمن الرحیم... ئەی برادەری دینیی، بزانە ڕوکنی ئیسلامی پێنجن، لەسەر هەموو موسڵمانان واجیبە بیزانن و عەمەلی پێ بکەن. ڕوکنی ئەووەڵ کەلیمەی شەهادەتەینە بەمەعناوە... هتد).

کۆتاییشی ئەمەیە؛ (ڕوکنی شەشەم؛ باوەڕکردنە بەیەقین کە خەیر و شەڕ بەدەست قودرەتی خودان. هەموو حەرەکات و عەمەلی مەخلووقات لە ئەزەلدا نوویسیاوە، مەعلوومن لەلای خودای عالەم. لە ئەووەڵ تا ئاخیر هەرچیی واقیع ببێ دەبێ مووافیقی ئەو نوویسینە بێ کەوا مەعلوومە لەلای خودا کە خالیقی عەمەلانی خودایە، مەخلووق سەبەبە لە بۆ سووتانی وەڵێ خودا بەخەیر ڕازییە و بەشەڕ ناڕازییە، ئەگەر چ ئێرادە و خواهیش بەهەردووکیان تەعلووقی هەیە ئەمما چونکە عەبد جوزئی ئیختیاری هەیە دەبێ جەزا و سزای عەمەلی چاک و خراپی بدرێتەوە، یا بەسەواب -ثواپ- ئەگەر چاکە بێ یا بەعەزاب خرابە بێ.

وەسسلام! ١٣١٢[هـ- ک ١٨٩١ز/ کەمال]).

٢/٥- وێنەی - دەستنووس- دووەمی عەقیدەکە کە لەگەڵ دوا تاکەکانی دەستنووسی هەڵبەستراوە (تذکرة العوام- بەیتی ئەووەڵ و ئاخیر)ی مەلا محەممەدی سیوچێ لە ڕۆژی ١ی موحەڕڕەمی ١٣١٦ [هـ/ک- ١٨٩٨/٥/٢٢ز/ کەمال] ڕوونووس کراوە، لە یێکەم



لاپەڕەدا دیسان ئەو پێشەکییە فارسییەی ئەوەی پێشوو نووسراوە؛ (هذا رسالهء عقیدهء کرُدیه از نثر کلام سید طه شمزینی- رحمة الله- که برای تفهیم عوام انشا فرموده) ئەوجا (بسم الله الرحمن الرحیم... ئەی برادەری دینیی، بزانە ڕوکنی ئیسلامی پێنجن، لەسەر هەموو موسڵمانان واجیبە بیانزانن و عەمەلی پێ بکەن. ڕوکنی ئەووەڵ کەلیمەی شەهادەتەینە بەمەعناوە... هتد)

کۆتایشی ئەمەیە؛ (ڕوکنی شەشەم؛ باوەڕکردنە بەیەقین کە خەیر و شەڕ بەدەستی قودرەتی خودان، هەموو حەرەکات و عەمەلی مەخلووقات لە ئەزلدا نووسیاون و مەعلوومن لە لای خودای عالەم. لە ئەووەڵ تا ئاخیر هەر چە واقیع ببێ دەبێ مووافیق ئەو نووسینە بێ کەوا مەعلوومە لەلای خودا کە خالیقی عەمەلان خودایە، مەخلووق سەبەبە بۆ عەمەلی و ئیختیار هەر وەک ئاگر سەبەبە لە بۆ سووتانی، وەلێ خودا بەخەیر ڕازییە و بەشەڕ ناڕازییە، ئەگەر چ ئیرادە و خواهیشی خودا بەهەردووکیان تەعەللوقی هەیە ئەمما چونکە بدرێتەوە، یا بەسەواب- ثواب- ئەگەر چاکە بی، یا بەعەزاب ئەگەر خراب بی.

والسّلامُ - علی مَنِ اتبّع الهُدی.

تمت شد سنة ١٣١٦ حررّە معروف [تەواو بوو ساڵی ١٨٩٨ز. مەعروف نووسیوییێتیەوە/ کەمال][١]

دووەم: لە ئەم کتێبە و بەشی (کێشەی مەولانا خالید)دا، بەڕۆشنایی لێکۆڵینەوەم لە باری سیاسیی وڵاتی بەبە و سەردەمی میری میران عەبدوڕەحمان پاشا، هەروەها بەڕۆشنایی هەڵسەنگاندنی هێندێ نامەی فارسیی مەولانا بۆ مەحموود پاشای عەبدوڕڕەحمان پاشا -لە شوێنی خۆیدا نیشانم داون- گەییشتبوومە دڵنیایی کە (یێکەم زویربوونی مەولانا ڕوو لە بەغداد کردن، بەر ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی عەبدوڕڕەحمان پاشا کەوتووە) و دیسان دڵنیاییم نواندووە کە (پاشای نێوبراو دەستی لە کێشەکە و تۆرانی مەولانادا هەبووە!).

ئەم باسانەم- کەس و سەرچاوەییێکی دی پێش من ئاماژەیان بۆ نەکردووە- بۆ کاک محەممەد عەلیی قەرەداخیی گێڕایەوە. ئەو کە ئەمەی لێ بیستم، ئاگەداری کردم؛ (مەلا

---

١- هەردوو وێنە بەدەستکاریی ڕینووسیانەوە خراونەتە ڕوو!

بۆ ناسینی فۆتۆتکۆپیی دووەم دەستنووسیش بنۆڕە؛ پاشکۆ- ٣

حامیدی بیارەیی)[2] موریدی ڕێبازی مەولانا خالید و خەلیفەی شێخ عوسمان سیراجەددین- لە نێوان ١٨١٠ز، دەوروبەری ١٨٩٢ز. دا ژیاوە- کتێبێکی فارسیی زمانی بەنێوی (ڕیازولموشتاقین/ ریاض المشتاقین)ەوە داناوە و تا ئەو ڕۆش چاپ نەکراوە و دەستنووسێکی لە «دار سەددام بۆ پاراستنی دەستنووسەکان- بەغداد»دا دۆزیوەتەوە و خۆی- کاک محەممەد عەلیی قەرەداخیی- لە پێنجەم بەرگی کتێبی خۆیدا؛ (بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە) کردووە بەکوردیی و (لە ئەو کتێبەی مەلا حامیددا هێندێ باس لە مەڕ مەولانا خالید و عەبدوڕڕەحمان پاشا و مەحموودی کوڕی نووسراوە!).

هەڵبەت من- لە زیندانەکانی مەنفادا- هەرگیز ئاگەداری ئەو پێنج بەرگە کتێبە نایابەی کاک محەممەد عەلیی قەرەداخیی نەبووم بەڕادەیێ کە نێوی «پێنجەم بەرگی هێنا» پرسیارم لەمەڕ چاپکردنی کرد[3] و ئەویش دەمودەست نوسخەی کتێبخانەیماڵی خۆی بۆ ڕۆژێ خستە بەردەستم.

من وەکو پێویستی نابینم هەموو نووسراوەکانی مەلا حامیدی نووسەری (ریازولموشتاقین) لە کتێبەکەی ئەو دۆستەوە بنوێنمەوە ، ئەوە ناپەسەندی نابینم لەلاییێکەوە: باری هەڵوێست و نووسراوەکانی ئەو نووسەرە بەرامبەر هەردوو پاشای بەبە- باب و کوڕ- هەڵبسەنگێنم. لە لاییێکی دیەوە ناپەسەندی نابینم بەئەندازەی پێویست نووسینەکانیی بەرامبەریان بخەمە بەرچاوی خوێندەواران:

١- بۆ باری هەڵویست و نووسراوەکانی نووسەری نێوبراو، دەبێت بڵێم مەلا حامید- ناسراو بەکاتیب- بیارەیی، لە سەردەمی عەبدوڕڕەحمان پاشای بەبە و گەڕانەوەی مەولانا لە هیندوستانەوە بۆ سلێمانیی و یێکەم زویربوونی و ڕۆیشتنی بۆ بەغداد و ئەوجا مردنی ئەو پاشایە لە ١٨١٣ز. دا، تەمەنی سێ ساڵان بووە هەروەها دە ساڵان بووە کە مەولانا لە ١٨٢٠ز. دا، بۆ دووەم جار زویر بوو، بۆ بەرەو دواش سلێمانیی چۆڵ کرد. ئیدی هەرگیز باوەڕ ناکرێ ئاگەداری قەوماوەکان و نهینیەکانی بوونی. ویڕاش لە ساڵی ١٨٣٤ز. دا ئەوجا- دوای خوێندن تەواوکردن- لەسەر دەستی شێخ عوسمان سیراجەددین تەریقەتی وەرگرتووە و بووشە بەنووسەری. ئەمەش بەڵگەییێکە کە ڕەنگبێ تا ئەم هەل و هەڵکەوتە

---

٢- بۆ ژیننامەی بنۆڕە: مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس- یادی مەردان، ب٢، ل ٣٤٣- ٣٥١-.
٣- چاپکراوی ٢٠٠٣، بەغداد!.



بیری نووسین و بەتایبەتی ئەم باسانەی نەبووە!

بەکورتیی- بەڕۆشنایی نووسینەکانی لە مەڕ ئەو دوو باب و کوڕە پاشایە- دیارە کە درەنگانێ و لە گێڕانەوەی خەڵکانی دیەوە و بەتایبەتی لە لایینگرە گەورەکانی ڕێبازەکەوە قسەوباسی- بەهەوای ئەوان و خۆی- وەرگرتووە و هۆنیوەتەوە و خۆیشی شاییێتێکی گەورەی حاڵ نەبووە دیسان وەک دیارە مەلا حامید مێژوونووس نەبووە و پتر سۆفییەکی دەمارگیری ڕێبازەکەی بووە و -نووسراوەکانیشی بەڵگەن- تەواو ڕەها لە مەولانای ئاخاوتووە و ئەوی گەورە و گران و عەبدوڕڕەحمان و مەحموود پاشای بچووک و سووک ڕاگرتووە.

هەروەها هەرگیز نرخی قەوماوی سیاسیی و بەتایبەتی زۆران و زۆرداریی ئێرانی قاجاریی و تورکی عوسمانیی و والیە مەمالیکەکانی بەغدادی نەگرتووە و زەبری کاریگەریانی بەسەر وڵات و خەڵکی بەبەو کورد و کوردستانەوە نەخوێندووەتەوە، بگرە - بۆ وێنە- پەلاماری والیی بەغداد بۆ سەر وڵاتی بەبە و لابردن و دانانی عەبدوڕڕەحمان پاشا و خالید پاشای ئامۆزای بەشێوەیێ لە خوێندەواری دەگەیێنێ وەکو ئەوە پەلامارە (لەسەر مەولانا بێ) کە ئەمە دوورە لە ڕاستییەوە.

ڕاستییەکەی تەواو ڕوونە کە هەرە مەبەستی گەورەی مەلا حامید بەتەنێ ئەوە بووە قسە و ڕەفتار و کرداری مەولانای پیرۆز و دانسقە بنوێنێ و تانووت و قەباعەت بە بەری عەبدوڕڕەحمان پاشا و مەحموودی کوڕیدا ببڕێ!

هەر چۆنی بێ دانراوەکەی مەلا حامیدی بیارەیی- هەموویشی هێشتا نەکراوە بەکوردیی و چاپ نەکراوە- بێ گومان لە کەڵک بەدەر نییە، بەڵام پێم وەیە بەتایبەتی ئەو نووسینانەی لەمەڕ عەبدوڕڕەحمان پاشا و مەحموودی کوڕی، لە ڕووی زانستی مێژوودا تەواو بەری دڵ ناگرن.

٢- وێنەی نووسراوەکانی لەمەڕ ئەو دوو پاشایە ئەمەیە:

٢/١- کاک محەممەد عەلیی قەرەداخیی لە کتێبەکەی مەلا حامیدەوە - ڕیازولموشتاقین- بەکورتیی ئەم قسانەی ڕگواستووەتەوە؛ (کاتێ مەولانا دێتەوە سلێمانیی- دوای گەڕانەوەی لە هیندوستانەوە و دیدەنییە کورتەکەی بۆ بەغداد و مانەوە لە مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گێلانییدا/ کەمال- ماوەییێکی کەمی پێدەچێت سلێمانیی و دەوروبەر و ئەملا و ئەولایش گەلێ پەرۆش لە دەوری مەولا کۆدەبنەوە، عەبدوڕڕەحمان

پاشایش دەچێتە خزمەتی و لە کۆڕی پیرۆزی بەهرەمەند دەبێت و شەیدای ڕەوشت و ڕێبازی مەولانا دەبێت بەجۆرێ پاش ماوەییێکی کەم دڵی لە کاروباری فەرمانڕەوایی هەڵدەکەندرێت و کاروباری وڵات بەمەحموود پاشای کوڕی دەسپێرێ و ماوەیێ بەو جۆرە کات بەسەر دەبات تا سەر ئەنجام چەند کەسێ لە پیاوانی دەربار بەدوو ڕوویی و زمان لووسیی و درۆ و دەلەسە دەچنە ژێر پێی عەبدوڕڕەحمان پاشا دەیخلسکێنن و دەرگەی بەدبەختیی لەبەردەم دەخەنە سەرپشت، تا کار دەگاتە ئەوە کە عەبدوڕڕەحمان پاشا- ڕاسپێر/کەمال- بۆ لای دەنێرێ؛ «ئەگەر وەک جاران خەریکی دەرس گوتنەوە دەبیت و خزمەتگوزاری ئایین و ڕۆشنبیریی دەکەیت، ئەوا خزمەتگوزارت دەبین و چیت بوێ لە ڕێگەتدایە. بەڵام ئەگەر خەریکی ئیرشاد و شێخایێتیی و پەروەردەی موریدان دەبیت، ئەوە بەلای زانایان و شێخان و پیاوە ماقووڵانی ئەم ناوچەیەوە پەسەند نییە و ئێمەش بەمە نیگەران دەبین، بۆ یێکا ئەگەر وا دەکەیت، کوێت بەلاوە پەسەندە بۆی بچۆ، خودا یارت بێ!».

مەولانا وەڵامی دەداتەوە و پێی دەڵێت: ئایا تۆ گومانی ئەوە دەکەیت کە من فەرمانی خودا و پێغەمبەری خودا و پیرانی تەریقەت پشت گوێ دەخەم بۆ ئەوەی لە ئەم وڵاتەی تۆدا- هەمان وڵاتی ئێستەی مەولانا/ کەمال- کە بەئەندازەی سفرەی بێوڵەتێکە، دابنیشم؛ ئەمە لە مێشک دەر بکە! ئێمە وەک ئێوە دەتانەوێت ئەم ناوچەیەتان بۆ بەجێ دەهێڵین، بەڵام بزانە کامان مایەی پشیمانیی دەبێت؟

کاتێک مەولانا خۆی ئامادە دەکات وڵات بەجێ بهێڵێت و بڕوات، هەواڵ دەگاتە بەغداد وەزیری بەغداد لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر بەرەو سلێمانیی ڕێکەوتووە بۆ ئاڵ و گۆڕکردنی میر و فەرمانبەرانی.

عەبدوڕڕەحمان پاشایش لەوەی بەرانبەر مەولانا کردبووی پەشێمان دەبێتەوە و تکاکار دەنێرێتە خزمەتی و خۆیشی بەهاوار و گریان و پاڕانەوە دێتە خزمەتی و داوای بەخشین و لێ بوردنی لێ دەکات، مەولانایش وەک پیشەی پیاوچاکان و گەورە مەردان دەیبەخشێت، بەڵام چونکە لە پێشوازیی لەشکری وەزیردا سەرکەوتوو نابێت، بەناچاریی شکستە خواردووانە خۆی و دار و دەستەی ڕوو دەکەنە وڵاتی عەجەم و وەزیری بەغدادیش خالید پاشا دەکا بەفەرمانڕەوای سلێمانیی و دینێرێ بۆ دەست بەکاربوون.

کە خالید پاشا دێت بۆ سلێمانیی لەسەر ڕێبازی عەبدوڕڕەحمان پاشا لە بەرهەڵستی مەولانادا بەردەوام دەبێت و ڕووی ناداتێ.



مەولانا سلێمانیی و پاشای لەو شوومی و بەدبەختیەدا بەجێ دەهێڵێت و ڕوو دەکاتە سەرگەت و پاش چەند مانگێک دووبارە خالید پاشا لە کار لادەبرێت و عەبدوڕڕەحمان پاشا دەخرێتەوە شوێنی ئەم جارە عەبدوڕڕەحمان پاشا دڵنەوایی مەولانا و بانگی دەکاتەوە بۆ سلێمانیی، مەولانایش بەقسەی دەکات و دێتەوە سلێمانیی.

زۆری پێ ناچێت جارێکی دی مەنجەڵی کینە و حەسادەتی سینەی بەدکاران دێتەوە کوڵ و ئەوەیان پێ قووت ناچێت کە مورید و شەیدایانی تەریقەت لە جاران بەسۆز و کۆڵتر لە دەوری مەولانا کۆدەبنەوە دووبارە بەفڕوفێڵ و تەڵەکە بازییەوە عەبدوڕڕەحمان پاشا لە خشتە دەبەنەوە و جارێکی دی دەرگەی بەدبەختیی لەسەر دەخەنەوە سەرپشت و دەیکەنەوە بەگژی مەولانادا. مەولانا ئەم جارە بەیێکجاریی دڵی لەو بارودۆخە دەڕەنجێت و بەرەو بەغداد دەکەوێتە ڕێ [واتە یێکەم زویربوونی مەولانا/ کەمال].

هەر لە تاو و مۆی کۆچکردنی مەولانادا بەریدی مەرگ لای عەبدوڕڕەحمان پاشا بارگە دەخات و نەخۆشییەکی سەخت دەبێت بەمیوانی هەمدیسان پاشا پەشیمان دەبێتەوە و نامەیێکی بۆ دەنێرێت، بەڵام هێشتا پەیامبەری پاشا بەدیداری مەولانا شاد نابێت و لە خزمەتیدا بەهرەمەند نابێت، لەو لاوە پاشا گیانی بەخودای خۆی دەسپێرێت. مەولانایش وەڵامی نامەی عەبدوڕڕەحمان پاشا ناداتەوە و تەعزیە نامەیش بۆ مەحموود پاشا دەنێرێت» (٤)

٢/٢- کاک محەممەد عەلیی قەرەداخیی بەشێکی دی نووسراوەکانی مەلا حامید دەگێڕێتەوە کە نووسیویێتی؛ (لە جۆگەی حەوتەمدا باسی ئەوە دەکات کە چۆن ناحەزان و دڵ ڕەشان چاویان بەوەدا هەڵنەهاتووە مەولانا ئەو پلە و ڕێزەی هەبێ کە بوویەتی و ویستوویانە هەر چۆن و بەهەر نرخێ هەبێ ئەو بارودۆخە تێکبدەن و بۆ ئەو مەبەستە کەوتوونەتە دوو زمانیی و هاورد و تێکبدەن و بۆ ئەو مەبەستە کەوتوونەتە دوو زمانیی و هاورد و بردنی قسە لە نێوان مەولانا و کەسانی دیدا تا بارەکەیان ئاڵۆز کردووە و کارێکی وایان کردووە مەحموود پاشایش- کوڕی عەبدوڕڕەحمان پاشا/ کەمال- داویەتیە پاڵ نەیارانی مەولانا و بار گەییوەتە ئەوە شەڕ و ئاژاوە دروست ببێت و مەولانایش بۆ ئەوەی کاری وا ڕوو نەدات ئەوەی هەڵبژاردووە کە ئاگرەکە بۆ ئەوەی کاری وا ڕوو نەدات ئەوەی هەڵبژاردووە کە ئاگرەکە خامۆش بکات و ڕێگە لە ڕووداوی نالەباری چاوەڕوان نەکراو

---

٤- هەمان کتێبی پێشوو- ل ١٩٣- ١٩٥.

بگرێت، بڕیاری داوە بەرەو بەغداد کۆچ بکات و سلێمانیی بەیەکجاریی جێ بهێڵێت، بۆیێکا شەوێ لە ناکاودا خۆی و ماڵ و خێزانی بەجێ هێشتووە.

کاتێ مەولانا گەییوەتە بەغداد مەحموود پاشا پەنجەی پەشیمانیی گەستووە و لە پێشدا هەوڵی داوە لە ڕێگەی داوود پاشاوە - بەشێوەی ئەوەی لە سلێمانییدا نەکرا- مەولانا لەبەر چاوی ناشیرین بکەن و جێگەی پێ لەق بکەن، بەڵام ڕێزی مەولانا لای داوود پاشا و پلەی ئاشکرای لای هەمووان لەوە بەرزتر بووە بەقسە و قسەلۆکی ئەم و ئەو -با پاشایش بێ- لە کەدار ببێت! بۆیێکا پەنایان بردۆتە بەر شێوازەکەی جاران و پەشیمانیی دەربڕین و پەشیمانبوونەوە لەکاری پێشوو و داوای لێ بوردن و داوای گەڕانەوەی مەولانا بۆ سلێمانییان گرتووەتە بەر، بەڵام ئەم جارە مەولانایش ناخەڵەتێ و نامەیێکی پڕ سەرزەنشت و بەخشین و شیر و شەکر و بیرخستنەوەی کارانی پێشوو بۆ مەحموود پاشا دەنووسێ و لێ بوردنی مەحموود پاشا ڕادەگەیێنێ، بەڵام مەرجی تەوبە و پەشیمانبوونەوە بۆ پاشا و دەستەو دایەرەی دادەنێ[5] [بێ گومان نەشگەڕاوەتەوە و - وەکو نووسەرەکە باسی کردووە، سێ ساڵ لە بەغداد دا ماوەتەوە و دوایی ڕووی کردۆتە شام/ کەمال].

٥- هەمان سەرچاوە؛ ل ١٩٨- ١٩٩.



**پاشکۆ:٣**

فۆتۆکۆپیی دەستنووس و بەڵگە و وێنە:

٢/١: د-١

٢/٢: د-٢

٢/٣: د-٣

٢/٤: د-٤ «بڵاوکراوەی محەممەدی مەلا کەریم».

- گوتار و مەتنی عەقیدەکەی ١٨٧٧ز

٢/٥: عەقیدەکە.

٢/٦: د-٥: عەقیدەی ئیمان (سەمیع)

٢/٧: عەقیدەی سەیید تەها شەمزینی

٢/٨: دەستنووس: موناجاتی کوردیی (شێخ سادق)

٢/٩: دەستنووس: توبا کوردیی (مەلا مەحموود)

٢/١٠: دەستنووس: سەرقەڵەمنامەی کوردیی (مەولەویی)

٢/١١: دەستنووس: نامەی فارسیی (کاکە ئەحمەدی شێخ)

٢/١٢: دەستنووس: وەقفنامەی عەرەبیی (عەبدوڕڕەحمان پاشای بەبە)

٢/١٣: وێنەی نیگاری (عەبدوڕڕەحمان پاشای بەبە)

٢/١٤: چەند وێنەیێکی فۆتۆگرافی (لێ کۆڵ) و یاوەرانی دۆستی؛ کاک عادیل میرانیی و کاک عادیلی کوردی سوریا، هەروەها زێوانەی مەزاری مەولانا خالید کاک زەکەریبا وانیی) لە گۆڕستانی «تەللونوور»ی چیای «قاسییوون»ی شام و مەزاری خودا لێ خۆشبوو (مەلا- مەولانا خالیدی شارەزووریی نەقشبەندیی) لە ڕۆژی ١٨/٢/٢٠٠٤ ملیاردا!

## ٧/٢:عەقیدەی سەیید تەهای شەمزینی ل١

بفضل فیض عمیم بحق حبیب مختار ‌‌ لەبهشتم بکات مقیم عفوم بکات بکجار

من زور دکم رجائە لو کسە ببیت بخی ‌‌ لە حمد لە ثنا لە خیران سرنە بیچی

بدل بکا دعا بو ملا محمد سیوجی

١٣٠٦ کتبته بعیب محرم سنة

بنا رسالە عقیدە کردیە نثر از کلام سید طه شمزینی رحمه الله کە برای تفهیم عوام انشا نموده

بسم الله الرحمن الرحیم

ای برادر دینی بزانە رکن اسلامی پینجن لە سر هەمو مسلمانان واجبە بیان زانن

عملی پی بکن دکن اول کلمە شهادتینە بمعناوە اشهد امن شاهدی یقین

دوم بدل تلفظ دکم بزبان بە اختیار ان لا الە کە نیە هیچ معبودی کە لایق

بپرستنی بە الا الله الا ذات پاک بی مثل نیە کە تحیر سرگردانن لە فکر او بدا هەمو مخلوقات

ناو الله یە معبود بحق بحقە برا و وجود خوی بخوی یە خالق حاکم هەموانە هەمو

عالم محتاج بویە او احتیاج بکس نیە فاعلیکە مختارە بی جیکە و مکانە لە هەمو

جیکە حاضرە لبوافان لە روح نزیکترە لە ذات خدا اخون هەمو صفاتی کمالە

لە صفات خدا اخونیان قدیمن حیاتە و قدرتە و علم و ارادە و بیستنە و

بیننە و تکلم ام صفاتانە قدیمن لە ذات خدا جدا نابن خدا پاکە لە هەمو عیب و

نقصان و اشهد امن شاهدی دەدم ان محمدا بحق و یە محمد صلی الله علیه وسلم

ادمیە عربیە قریشیە هاشمیە رومت ظریفە زور ناسک لطیفە بروی راکشاوە

چاو رشە نو چاوان بانە رنگ سور و سپیە صورت مبارک وکو آدینە

بشغاف





## ٧/٢: ل٢

بشغاف رونقە درو دیوار تیدا دیارە ظریف تر بوە لە هەموا اولاد آدم بابی او

تواوە لبرهنا و اسپیرگوتوتە سر ارضی مکة بولد بوە لوی بوە بە پیغمبر لو باش

جوتە مدینە عمر شصت سە سال لە مدینە منورە بوە لوی دفن کراوە قبر مطهر و

مرقد منور روضە معطر لویە ناو باوکی عبد الله یە کری عبد المطلب اویش کری

هاشمە اویش کری عبد المناف اویش کری قصیە اویش کری کلابە اویش کری

مرە یە اویش کری کعب کری لوی کری غالب کری فهرە کری مالک کری نضرە

کری کنانە کری خزیمە کری مدرکە کری الیاس کری مضار کری نزارە

کری معدە کری عدنان دایکە آمینە کچی وهبە لطایفە زهریە اوپیغمبرە کە

بم نوعە بیانمان کرد رسول الله روانکرا و خدایە لسر هەموا انسان جنان

ملائکتان جمیع مخلوقات بە اتفاق کە زی حقیان پە نشان بدا اولە ری

خراب منعیان بکا و حکم خدا بتواوی بجی بیانی دکن دوم امتە برستی و

بپرستنی سعی بدائمی لە هەمو شو و روژیکدا پینج فرض لو نویژ بجی بینن بکل هەمو

شرایط ارکانان دکن سیم امتە زکات سر فطرە بدان لو شتی کە زکات

لی دکو بو قوتە باختیار مردم بیدن بو کسانە کە بشرع پی بان درستە بامنت


دکن چوارم امتە هەمو مانکە رمضان بروژو بن بموافق شرع دکن پینج

امتە لعمر خوت دا جیک عمره بکی بجی بینی اگر مالت بی وتریکە اپن بیوزرمل

لسر ریت بی دکن ایمان شش اند دکن اول باورە بخدا جلون باور بکی

کە خدا ذاتیکە پاکە و بی مثلە وکو بیانمان کرد دکن دوم امتە باور بکە بملائکتان خدا


٢/٧: ل٣


کە هەموو جنسیکی پاکی لطیف نورانییە لەبۆ امری خدا دایم حاضرن بەرین لە خوّ و غافلی و
لە خواردن و لە ژن حیبرون و زور زور و می برین لە کل مخلوقات بیگومان اوان
زورترن لە قطرەی باران بۆ قولە بیکە گیا و لە گلای داران و لە دانەی خل و خرمان لە زیخ
جم و جوی باران لە عدد کل حیوانات لە جانوران طیوران ماسیک لە هەمو
مخلوقات موجودات زیاترن اما نە هەر یەکیکیانە ملائیکیکە لەسر مسلطە و بامر خدا
تصرفات دکات لە عملی و بنی و دریایی لە بر زوریان خدا نبی کس نازانی عدد یان
چەندن کاروکسبی اوان هەمیشە و دایم طاعتە لە هر حوت طبقەی آسمانان جی
پییک خالی نیە کە ملائکت لە رکوعدا و لە سجود دا نبی بعضی دایما هر لە قیاما بعضی همیشە
لە رکوع دان بعضی بدوام لە سجدە دان بعضی علی الدوام غرق کبریا و بحر حضور
جمال پاکی خدان نە آگایان لە عالم هیە و نە لە آدم تکی و آلە سرشانی راستی ایمە
هیە خیران دنووسیی و آلە سرشانی چپی ایمە هیە شران دنووسی او یانە کە لە سر
شانی چپە لە امر او تراتیە اگر کسی گناهی بکا او نایلی تا حوت ساعت بینووسی بلکە
تسبیح و باستغفاری لە وە بکا بحسنات تبدیل بیی سردار هەمو ملائکتان حضرت
جبرئیلە صاحب پیغام و دلیلە او وحی و امری خدای بو سر هەمو پیغمبران هینا وە
اسرافیل نفخ صور بدستە عزرائیل روح کیشان بدستە میکائیل رزق
مخلوقات بدستە صنفیکیان حملة العرش عرشی عظیمیان بسر شانە هل گرتوە
بەستە چواری لە قیامەتیدا دبن بهشت صنفی بی بیکە دیوانی خدان صنفی
گرتو بیانی ملائکتی عذابن صنفی روحانین ملائکەی رحمتن دکین
١٠
باور





٢/٧: ل٤


باوەر کردنە بکتیبی خدا بزانە چند نیکسد و چوار نی صد لوان کاغذ دە لوانە
ناتو بو آدم دە لەبوا ابراهیم سی لەبو ادریس پنجا لەبو شیث اما نە هر صدنا و یان
صحفن تورات ناتو بو موسی زبور ناتو بو داود انجیل ناتو بو عیسی قرآن ناتو
بو حضرت محمد المصطفی صلی الله علیه وسلم هەمو یان حقن کلامی خدان اما حکم اوانە
بطال بوتە بنازل بونی ختم قرآن اما حکمی قرآن باقیە و مینی تا آخر زمان نە بی کم زیاد
دکی چوارم باوەر کردنە بهەمو پیغمبران کە لە هر قرن و زمانیکا خداوندی عالم بو جر
رحمت انس نیکی پاکی ناردنا نی بری لە هەمو عیوب ظاهر و باطنی لە هەمو خلقی
عصر و زمانی خوی زیاترو نوا و تر بر رحمت خوی کردویە بە پیغمبری و معجزیشی داوە
کە هیچ قوتی معارضە و برابر کردنی او نبوە کە بمقابلە ردی بکا توەوەم
وحی بو ناردون کە امر خدا تبلیغ بونا و خلق امتی خوبان آوان لە هەمو
خلقی چاکترن عددیان چندن یکصد و بیست و چوار هزارن صاحب امت مرسل
لوان یکصد و سیزدەن مشهور لوان چندن آدم شیث ادریس نوح هود
صالح ابراهیم لوط اسمعیل اسحاق یعقوب یوسف ایوب شعیب
موسی هارون خضر یونس الیاس الیسع ذوالکفل شمعون اشموئیل
داود سلیمان یحیی زکریا و عزیر دانیال ادریسا و حزقیل یوشع جرجیس
عیسی و محمد صلوات الله تعالی علیهم اجمعین لوانە پینجیان اولوا العزمن
نوح ابراهیم و عیسی و موسی و محمد صلی الله علیه وسلم یعنی صاحب دینی سرخون
اما پیجیان پیغمبر عامە نبوتی غیر از پیغمبر خوبان کە محمد المصطفایە صلی الله علیه وسلم

٢/٧: ل٥

آدا باتفاقِ همو علمای اسلامی بدلیل آیت حدیث خبردادنِ پیغمبران پیغمبرِ عامّیه و
لە همو پیغمبران بکه لە همو عالم چاکتر و گورەتر دکنِ پنجم اُمّة باوڕ یقین بکین
بروژِ قیامت هرچه پیغمبر ایمه فرمویە لە نشانانِ آخر زمان همو دبن بی شک گمان د
وکو پیدا بونِ سفیانی محمد مهدی بو دجال هاتنه خوارەوە عیسی پیغمبر لە آسمان چوارم
لە کوشتنِ دجال وک پیدا بونِ آجوج ماجوج دابة الارض گرانەوە روژ ماه
بکوه لە مغرب تا نیوه آسمان وکو پیدا بونِ دوکل بتر بدنیا به وکو غرق بونِ
ارض لە سه جیکا به جارک لە مغرب جارک لە مشرق جارک لە جزیرهٔ عرب
وکو کم بونِ علم دیناتی زور بونِ فسق خیانتانی زیاد بونِ بدی و غیبت
بهتانی سرداری بداصلان وک قبول کردنِ پیاوان قصهٔ ژنیانی گوی
نکردن لە امرِ باوک دایکیانی وکو بونِ دین داری بو بحرمتی عالمانی زور بونِ
نادانانی عزت حرمتِ فاسقانی هرچه پیغمبر صلی الله علیه وسلم فرمویه لو واقعات
حشر وکو ورد بونِ کیوان لت لت بونِ آسمانانی رژانه خوارەوە استرانی
بیجانەوە آسمانان بی نور بونِ مانگ روژانی تیکل بونی وشک بونِ
بحرانی اوانیش غیر او انیه لە باتی واقعاتِ قیامتی همو راستن دبن دبن
بکم و زیاد همو حقن بیشک واقع ظاهر دبن آو جار دبی همو مخلوق راستوه
بن کروه بن لە ارضِ شامِ شریف کاغذ خیر و شرّ آن ددنه دستیان عمل
دبنه حساب کردنی سؤالِ اعمالان لی دکرین ترازو دبنه کیف نه هیچ عمل له
چاک خراب بی جزا و سزا نابن بفرمانِ خدا هردی له سر جهنمی داد نرے

بهشتی






٢/٧: ل٦

بهشتی لی دبرنوه وچنه سر حوضِ کوثری جهنمی لی هلد خلیسکین دکونه ناو جهنم
شفاعت دکن بو گناهکارانی گورو بچوکِ مسلمانانی پیغمبران اولیاها انی
مشایخ صلحا و علمای سنی مسلمان بی نامینی به ابدی له جهنمدا ناماند بعصیان
کسی و کرو کە دارد چنین سیّدی بیش روژ جهنم حوت طبقن پاسه له
زیر حوت طبقهٔ ارض داانی بهشت هشتن وان له ژور آسمانِ حوتمین
دکینِ ششم باور کردن بیقین که خیر و شر بدستِ قدرتِ خدانی همو حرکات
عملِ مخلوقات لازل دا نوسیا وانی معلوم بن لەلای خدای عالم لە اول تا آخر
هرچه واقع بی دبی موافق او نوسینه بی گو آ معلومه لەلای خدا کە خالقِ
عملان خدایه مخلوق سببه بو عمل و اختیار هروک اگر سببه لبو سوتانه:
ولی خدا بخیر راضیه و بشر ناراضیه اگرچه اراده و خواهش خدا
بهردو کیان تعلق هیه اما چونکه عبد جزء اختیار هیه
دبی جزا و سزای عملِ چاک خراب بدر بیتوه
یا بثواب اگر چاکه بی یا بعذاب اگر
خراب بی والسلام من اتبع
الهدی ١٣١٦
تمت

حرره
ف
معروف


**٨/٢: دەستنووس: تویبا کوردیی (مەلا مەحموود)**








**٩/٢: دەستنووس: تویبا کوردیی (مەلا مەحموود)**




## ٢/١٠: سەرە قەڵەمەنامەی کوردیی (مەولەویی)








## ٢/١١: دەستنووس: تووبا کوردیی (مەلا مەحموود)




## ١٢/٢: دەستنووس: وەقفنامەی عەرەبیی (عەبدوڕڕەحمان پاشای بەبە)








## ١٣/٢: ئەوڕەحمان پاشای بابان



ئەورەحمان پاشای بابان

ئەم وێنەیەم لەم کتێبە فارسییەوە وەرگرتووە: (سفارتخانهای ایران) ـ نووسینی: دکتر محمدامین ریاحی ـ چاپ اول ـ تهران ـ 1369ی هەتاوی ـ 1989 ز ـ (م).










الفاتحة
مولانا








## ڕستی کتێب(*)

### * عەرەبیی


لاسمان نه لەزمین کلالکی لەسرا عین نکرابی با مرخدای
اکای لبنی لعمل بینی همویان واسطن لەمابین خالق
مخلوق دا هندیکیان واسطن لبو هندیکی لجویان
هنک یکیان روانه کراونه سر هندیک انسانان به پیغمبری
هندیکیان غرق جمال پاک خدان اکایان لەهیچ دیکه نیه هویان
جی خویان معلومه ناتوانن هیچ باوزی بکن دو دو سی
سی چار چار زیاتر پریان هی هندیکیان دربوان ن
بهشتین کوریان رضوان ناو هندیکیان دربوان جهنمین
کوریان مالك ناو نستفی جهنمی ... یک لو دربانه یا
نوزده کسیان یا نوزده طائفیان کرام الکاتبین
بوهوانسانیک جوارن دولشویدان دولو زیدان
یک


٣/٢: د-٣، ل٥


یک لە رشان راستی خیران دنوسی یک لە رشان چپی شران
دنوسی ادی لە رشان چپیە لامراوی لە رشان راست دای
منکیر نکیر ملک سؤال عذاب قبرانن لبو مسلمان کافران
لبو هند یک مسلمان مبشر بشیران یدلین هند یکیان نذیرانن
هو... هند یکیان دا افضل چاتری ملائکان چوار کسن چوار
طائفن یکیک لو چوار کسانە حضرت جبرئیلە هر چە خلقی
پا نیرو کیانن ویە بە پیغمبران بامنیی دومینیان حضرت اسرافیل
نفخی سور بدستە دو جار فوی دکا بدفعی اولین هرچی
زندوە دمری غیر خدا بدفعی دومین هرچە مردوە زندو
دبیتوە ای سیمینیان حضرت میکائیلە رزق روژی
بدستە نکاە فرعانە ارض بدستە چوارمینیان حضرت
عزرائیلە روح کیشان بدستە طائفە اولین امن عرشیان
هلکرتوە او رکو چوارن لقیامتی دبنە هشت طائفە دوم
امن نزدیکن یدیوان خدای طائفە سیمین فرشتە عذابن
سردار ملائکتانن چوارمینیان فرشتە دجنین او چوار
کسو چار طائفە نە فضلیان هیب بسر هموملائکان نوە
غیر او چار کسو چار طائفانە عام ملائکان فضلیان





٣/٢: د-٣، ل٦


هیە بسر گناه کاران نانوە بنفخە اولین هموملائکە
دمرن بامر خدای تعالی او چار کسو چار طائفە نبی
عرشیان هلکرتوە اوان لپاشان دمرن بنفخە دوم
مین هویان زندو دبنوە او دپیش دا زندو دبنوە لورا
او بزرکانە لاصل ایمان کردون روح بسر خستینان
لپیش هوذیر و حبکرا بون مردنیشیان لپاش هوان
دبی اصل سهمین امتعباو یقین بکی بهمو کتب
خدای تعالی ان کواردکر دونە خوارە اسر هندیک لپیغمبران
خوی بامرکە همو کلام قدیمن صفت قائمن بذات خدای
تعالی نوە مخلوق نین همو حقن هرچی لواندا هیە راستە
هیچ درونیە قرآن هموی بردوتە پاشوە لهمو
نیشن چارەوە بامر کهی لائیام رسول الله صلی الله علیە
وسلم تا امروهر تادنیا شدبربیتوە بهین یاد
کمی غلط علم اولین آخرین تیدایە کورتری معجزات رسول
الله صلی الله علیه وسلم اگر هموجن انس کرد بە بحتوە
نا تولی کلا میک وها بلین کتا بچی هموبان صدچا
رندیان ها نوت سرا ادم پیغمبری پنجا یان ها
ها بزد


٣/٢: د-٣، ل٧







٣/٢: د-٣، ل٨



٣/٢: د-٣، ل٩

دلی بوون واجبە کە بزانی ابراهیم خلیل الله یعنی لغیر محبت خدای
خالیە و موسی کلیم الله یعنی گفتگو کردوە لگل خدای و عیسی کلمة الله
یعنی بکلمە لداکی بوە بەبی بابی چاترین اولاد آدم یعنی محمد عربی صلی الله
علیە وسلم یک یک جلد اوان بکلیک وجهان افضل‌ترینە لهوان چند
تکا او وجهانە لی نایبن یک لو وجهانە او تشکل صفاتەکم
داوکە رکن اسلام کوبتمان هم آمە لسر ان فقط نشکاوە هر آمە با
ورکردنیە بمعراج او سرورە بسوشیاری لشود الملکم تا قدوس
لقدوس تا سدرة المنتهی لسواری براقی لگل حضرت جبرئیل چوە لو
یوە تنهاری بوە تا دنگ قلم ملائکت [illegible] ستوە لپاشان رفرفی
بو شیناوە سوار بوە لکورسی تر بوە چوە عرش مجید وی شوکی زمان
مکان [illegible] پشت خو بوە کیوتە حضور خدای جاو بجمال پاک خدای
کوتە وک لقیامت دا جاو پی دکوی بە بیچونی [illegible] تبا و گفتگوی کردوە
جواب داوتوە بلطف و رحمت پینجا نوژی لسر خوی امت فرض کردوە
چند جار هاتونە خوارەوە چوتوە [illegible] لقصە موسی پیغمبری دیولە
کرتوە کیا نەدیە پینج فرضات اوی خدای [illegible] کتیتوە بلیتوە
دنیوتا لگل چند هزار دخلات اکرام دی هاتوتوە جیکە خوی
هینتان جیکا کرم بوە هم [illegible] سوالانە [illegible] آدم






٣/٢: د-٣، ل١٠

خوای اوی اوک شفاعتکری هموانە هر پیغمبریک خدای ناردبن
روانە کردبی [illegible] ورگرتوە اکی لهیش مردندا بکا بخدمت
اوسرورە ایمان [illegible] یعنی بالقوم [illegible] ایمان
[illegible] هم پیغمبری [illegible] بکا [illegible] لپاشی وی
هیچ پیغمبری [illegible] عیسی پیغمبرلە و پاش کە دینە خوای دینی
شریعت وی [illegible] هم آمە همو معجزە فضل پیغمبران داونی کلیکی
دیش داوتی [illegible] نداوە هم شریعت وی همو شریعت بردە
پاشوە هم [illegible] امتشی لهمو دینی امتان چاترە هم لنیو امتدا
اولیا لهموان چاترن آل و اصحابیش لهموان اولیان چاترن لنیو
هموان دا حضرت ابوبکر صدیق رضی الله تعالی عنه لپاش پیغمبران
لاولین و آخرین اولاد آدم چاترە خلیفە اول رسول لپنگ بنوت
رسول [illegible] خدای تعالی [illegible] لکفر [illegible] لپاش او امام عمر
خلیفە دومینە لپاش امام عثمان خلیفە سیمینە لپاش او امام علی خلیفە
چارمینە لپاش او امام حسن خلیفە پنجمینە خلیفتی [illegible] رسول الله
[illegible] لپاش او [illegible] امام حسین [illegible]
[illegible] هرکس کە مسلمان [illegible] اصحابان [illegible]
[illegible] رسول الله [illegible] هرکس [illegible]
هرکس


٣/٢: د-٣، ل١١







٣/٢: د-٣، ل١٢



٢/٤: د-٤

«بڵاوکراوەی محەممەدی مەلا کەریم» . ل١

# عەقیدەی کوردیی مەولانا خالیدی نەقشبەندی

محمدی مەلا گریم
ساغیکردوەتەوە و
پێشەکیی بۆ نووسیوە و
پەراوێزی بۆ کردوە

## پێشەکی

ئەمە نامیلکەیەکە ، وەك نووسەرەوەکەی لە پێش دەستپێکردنی تێکستەکەیەوە نووسیویە ، ناوی (عقیدەنامەء کردیە) و ، وەك لە پاش لێبوونەوەیەوە نووسیویە ؛ (عقیدەء کردیە)یە • هەرکامیان بێ یا نەبێ و ، ناو بە فارسی بێ یا بە کوردی بووبێ ، ئەبێ لەناو خەڵکدا یا بە ( ئاقیـەی مەولانا ) یا بە (ئاقیەی کوردی) مەشهوور بووبێ • ئەم نامیلکەیە ، وەك لە داوێنی دەستنووسەکەیەوە نووسراوە ، دراوەتە پاڵ مەولانا خالیدی نەقشبەندی (١) و ، وەك بە بار و دۆخی سیاسی و کولتووریی ئەو

(١) خالیدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی حوسەینی جافی مکایەڵی کە پاشان بە مەولانا خالیدی نەقشبەندیی شارەزووری ناوبانگی پەیداکردوە . مەلایەکی گەورە و شێخێکی پایەبڵند بوە . سەفەرێکی هیندستانی کردوە بۆ وەرگرتنی تەریقەت لەسەر دەستی شێخ عەبدوڵلای دیهلەویدا . لە ساڵی ١١٩٣ای هیجری [١٧٧٩ای م]دا لە قەرەداغ لەدایكبووە و لە ساڵی ١٢٤٢ [١٨٢٧]دا لە شام کۆچی دوایی کردوە .





٢/٤: د-٤ ، ل٢

سەردەمە و بە هەڵسووڕان و چالاکیی مەولانا خالید خۆیشیدا دەرئەکەوێ، ئەو درانە پاڵە ڕاستە و نامیلکەکە هیی مەولانایە • کەواتـە یەکەمی دوو کۆنترین پەخشانی کوردی بە دیالێکتی کرمانجیی خواروو ـ ناوچەی سلێمانییە و ؛ لەگەڵ مەولوودنامەکەی شێخ حوسەینی قازی (٢) ، بەجووتە . ئەستێرەی دانانی بەردی بناغەی پەخشانی کوردییان بەسەر شانەوەیە ؛ هەرچەند مەولوودنامەکەی شێخ حوسەین ، شانبەشانی ئەوە ، لەبارەی هونەرییشەوە زۆر باڵایە و گەیشتوەتە پایەیەکی ئێجگار بەرز و بڵند •

لەبارەی ناوەڕۆکەوە ئەم نامیلکەیە شتێکی ئەوتۆی تیا نییە زیاد لەو شتانەی لە دەیان سەرچاوەی تری عەرەبی و فارسیی ئایینیدا هەن • بایەخی ڕاستەقینەی ئەم نامیلکەیە لەوەدایە یەکەمین هەنگاوە بە ڕێگای جێبەجێکردنی داخوازییە گیانی و کولتوورییەکانی کۆمەڵەی کوردەواریدا بە زمانی خۆی ، چونکە هیچ ڕەوا نییە گەلێك تەنانەت بۆ زانینی باوەڕ و داب و نەریتە ئایینییەکانیشی پەنا بەر زمانی بێگانە بەرێ و، بە زمانەکەی خۆی کەرەستەیەکی لەدەستدا نەبێ • بەڵکو لەم مەیدانەدا ئەم نامیلکەیە هەنگاوێکیتریش بۆپێشەوە چوە ، ئەویش ئەوەتە پاش ساڵەهای باویی شیعری ئایینی بە کوردی ، بابەتی ئایین بە پەخشان ئەخاتە بەردەست و بەمە بەردی بنەڕەتی دروستکردنی پەخشانی کوردی لە بابەتی ئایینیدا دائەنێ •

(٢) کوڕی سەیید مەحموودی نەقیبی کوڕی شێخ مارفی نۆدێی . لە ١٢٠٥ای هیجری [١٧٩٠ ـ ١٧٩١ای م]دا لە سلێمانی لەدایكبوە و لە ١٢٨٥ [١٨٦٨ ـ ١٨٦٩]دا هەر لەوێ کۆچی دوایی کردوە . مەولوودنامەکەی لە ساڵی ١٩٣٥دا لەسەر ئەرکی مەلا عەبدولکەریمی هەکزی لە چاپخانەی نەجاح لە بەغدا لەچاپدراوە .

٢/٤: د-٤، ل٣

لەبارەی شێوەشەوە ؛ وەك هەر هەنگاوێكی یەكەم لە هەر مەیدانێكدا ؛ نیشانەی كاڵ و كرچیی پێوە دیارە و ، ئەگەر نەڵێین هەڵەی نووسەرەوە كاری خۆی لەم مەیدانەدا كردوە و تێكستەكەی لە هەندێ شوێندا شێواندوە ، گەلێ هەڵەی ڕێزمانییشی تیا بەدی ئەكرێ كە لە پەراوێزەكاندا ــ ئەوەندەی پێمان زانیبێ ــ دەستنیشانمان كردوون . ئەمە سەرەڕای وشكی و قورسیی داڕشتنیش لە گەلێ شوێنیتردا .

لەگەڵ ئەوەشدا ؛ وەكوو سەرچاوەیەكی كۆن ، بۆ دیاریكردنی باری ئەوڕۆژەی نووسینی كوردی و چاركردنی گیروگرفتەكانی و بۆ بەدیكردنی سیمای گۆڕان و بەرەوپێشچوونی زمانی كوردی ، شایانی كەڵك لێ وەرگرتنە .

بۆ نموونە لە خوێندنەوەی ئەم نامیلكەوە دەرئەكەوێ كەوا لە سەردەمی مەولانادا ؛ سلێمانی هێشتا دیالێكتێكی جێگرتووی تیا نەبوە ؛ یا بە واتەیەكیتر ئاخاوتنی خەڵكی سلێمانی سەر بە دیالێكتێكی تایبەتی نەبوە . شارەكە كە دروستكرا ، دیارە خەڵكێكی زۆری لە گەلێ لای ناوچەی سۆران و بابان و موكریان و هەورامان و سنە و شارەزوور و شوێنانیترەوە تێ‌ئاڕژاوە ئەمانە هەموو وەك داب و نەریتی چاك و خراپی ناوچەكانی خۆیانیان لەگەڵ خۆیان هێناوە ، زمانی خۆیشیانیان هێناوە . بەكارهێنانی هەندێ وشە لەم نامیلكەیەدا كە هەریەكە هیی ناوچەیەكی دیارین و ؛ دانانی هەندێ پاشگر لەسەر وشە كە ئێستا لە سولەیمانی دانانرێن و لە شوێنیتر هەن ؛ نیشانەی ئەو هەمەڕەنگییەی ئەو سەردەمەی شارەكەن .

لەم نامیلكەیەدا تیبی (ئە) بەسەر فیعلەوە نابینرێ كە ئەوەش وائەگەیەنێ لەو سەردەمەدا هێشتا ئەو قۆناغی ئاسانكارییە نەهاتبوە پێشەوە كە پاشان (دە)ی سەر فیعلە موضاریعەكانی هەموو كرد بە (ئە) .





٢/٤: د-٤، ل٤

بەڵام هێشتنەوەی هەندێ تیپی (ت)ی نیشانەی فیعلی موضاریع بەدوای فیعلەوە و لابردنی لەپاش زوربەی فیعلەكان ؛ نیشانەی ئەوەیە قۆناغی لابردنی ئەو (ت)یانە ، لەو سەردەمەدا ، نزیك بوە بگاتە كۆتایی .. هەروەها لەم نامیلكەیەدا (دی) لەبریتیی (تر)ی ئێستای ناوچەی سلێمانییە و ، وشەی (بۆن) بە جارێ نییە و هەر (بێن)ە و ، (بچووك) هەمووی (پچوك) و (خراپ) هەر (خراب)ە .

لەبارەی ڕێنووسیشەوە نووسینی (گ) بە (ك) و دانانی سێ نوختە لەسەری ، دەرنەخستنی زوربەی (و)ی عەطف و (ی)ی ئیضافە و ، گەلێجار دانەنانی (ژێر) و (بۆر)یش لەبریتییان ، سەر و ژێر و بۆر كردن بۆ وشە بۆ خوێندنەوەی بەڕاستی كە ئێمە ئێستا پێت لەجیاتیی ئەو سەر و ژێر و بۆرانە دائەنێین ، تەنانەت نەنووسینی ضەمیری (ی)یش لە دوایی وشەوە و دانانی بە (حەرەكە) و بەجێهێشتنی بۆ فامی خوێنەرەوە و جاروباریش نووسینی حەرەكەكە ، نووسینی (ـە)یەكی نووساوی دوایی لەجیاتیی (ی)ی ضەمیری غائیب ، دانانی هەڵكشاوێ لەژێر (ی)وە بۆ نیشانەی درێژی (وەك : یٚ لە ڕێنووسی كۆڕی زانیاری كورددا ) یا بۆ نیشانەی بۆشی (وەك : ێ ) جوێكردنەوەی پێشگر لە ڕیشەی فیعل وەك لە (بیزانیت)دا .. ئەمانە هەندێكن لەو سیمایانەی زمان و ڕێنووسی ئەوڕۆژەمان و ، من باوەڕم وایە دەستنیشانكردنی ئەو خاسیەتانە لە دەستنووسە كوردییە كۆنەكانماندا بایەخێكی زۆری بۆ نووسینی مێژووی گۆڕان و پێشكەوتنی زمان و ڕێنووسی كوردی هەیە .

من ئەم نامیلكەیەم بە مەبەستی مەیداننەدانی لەناوچوونی یەكێ لە كۆترین نموونەكانی پەخشانی كوردی و ئایین نووسین بە كوردی و ، بۆ وەفاداری بە مەولانای كەلەپیاوی كورد و ، بۆ ئاگاداركردنەوەی لێكۆڵەرەوەكانمان لە كەرەستەیەكی كاڵی كوردی ــ ساغ و بڵاو كردەوە .

٢/٤: د-٤، ل٥

سەد بریا دەرفەتی ئەوە بوایە هەموو لاپەڕەکانی ئەسڵە دەسنووسەکەیشم لەگەڵیدا بە کلیشە بڵاوبکردایەتەوە ؛ بەڵام بۆم نەکرا : دەبا بمێنێ بۆ هەلێکی‌تر •

ئیتر هیوام‌وایە ئەم بەرهەمە لەمڕوانەوە جێی خۆی بگرێ و سوودبەخش بێ •

## لەبارەی دەسنووسەکەی ئەم نامیلکەیەوە

دەسنووسی ئەم نامیلکەیە یەکێکە لە شەش نامیلکەی دەسنووس و هەندێ وردە بابەتی دوعا و سەلاوات کە تێکڕا لە یەك سەردەمدا نووسراونەتەوە و یەك کەس نووسیونیەتەوە و پێکەوەش جزووبەند کراون و ئێستا بە هەموویان کتێبێکن لە کتێبەکانی کتێبخانەی مەرکەزیی ئەوقافی سلێمانی و سەرجەمیان ژمارە ٢٥٤٧ ــ ٢٥٥٢یان لەسەر دانراوە •

ڕوونووس‌کەرەوەی هەر شەش دەسنووسەکە ئیسماعیل ناوی کوڕی سلێمانی گەلاڵەیی‌یە و [٣] ؛ سلێمانیش ــ وەك کاك مەحمـوود ئەحمەد موحەممەدی بەڕێوەبەری کتێبخانەکە پێی‌وتم و هەر خۆیشی بوو لەم دەسنووسانەی ئاگادار کردم و ئەم نامیلکەیەی بۆ وێنە گرتمەوە ــ بەگوێرەی ئەوەی لە داوێنی قورئانێکەوە نووسراوە کە ئێستا لە کتێبخانەی مووزەخانەی عێراقدایە لە بەغدا ، کوڕی سۆفی ڕەبەنە و ، ئێستاش باخێك لە گەلاڵە هەیە پێی‌ئەڵێن (باخی سۆفی ڕەبەن) •

نامیلکەکانی ناو ئەم کۆمەڵە دەسنووسە بەڕیز ئەمانەن : (١) کیمیاء السعادة کە لە ١٦ی سەفەری ١٢٩٤ [١٨٧٧/٣/٣]دا نووسراوەتەوە • (٢) عقیدەنامەیەك بە عەرەبی کە لە کتێبێکی ئیمامی نەوەوی وەرگیراوە •

(٣) گەلاڵە دێیەکە سەر بە ناوچەی مناوەت لە هەرێمی شارباژێڕ لە شارستانی سلێمانی .





٢/٤: د-٤، ل٦

(٣) عقیدەنامەء کردیە کە ئەمەی بەردەستمانە • (٤) نامیلکەیەك لە بابەتی ئەحوالی شێخی و مریدی بە فارسی • (٥) نامیلکەیەك لە باسی حەجدا بە فارسی [٤] • (٦) نامیلکەیەکی دوعا و سەلاوات کە لە ٢٩ی جومادای یەکەمی ١٢٩٤ [١٨٧٧/٧/١١]دا نووسراوەتەوە • کەواتە ئەبێ ئەم نامیلکەیەی مەولانایش لەنێوان مانگی‌سەفەر و جومادای یەکەمی ئەوساڵەدا نووسرابێتەوە •

لە داوێنی (عقیدەنامەء کردیە)کەوە ئەم چەند دێڕە نووسراوە : « تمت کتاب عقیدەء کردیە از مصنفات حضرت مولانا خالد رحمه الله ؛ از دست اسماعیل گلالەء برای نور چشم شیخ عثمان القادری [٥] مبارکش باد • آمین » • واتە : کتێبی عەقیدەی کوردی کە یەکێکە لە دانراوەکانی مەولانا خالید ڕەحمەتی خودای لێ بێ ، بەدەستی ئیسماعیلی گەلاڵەیی تەواوبوو بۆ نووری چاوم عوسمانی قادری ، خوا بکا پیرۆزی بێ » •

(٤) لام‌وایێ ئەم دوو نامیلکەیەش هەر هیی مەولانا بێ ، ئەوەش بزانین کە مەولانا نامیلکەیەکی بە فارسی هەیە لە باسی ئادابی شێخی و مریدیدا لە شاری قازان لە ناوچەی تاتارستان لەچاپدراوە ، بەڵام نوسخەیمان نەبوو تا لەگەڵ ئەم دەسنووسە بەراوردیان‌بکەین و بزانین یەکێکن یا جیان .

(٥) کاك مەحموودی بەڕێوەبەری کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی ئەڵێ ئەم عوسمان ناوە خەلیفەی مەولانا بوە ؛ بەڵام ئەم ناوە نە لە ڕیزی خەلیفەکانی مەولانا و نە لە ڕیزی مەنسووبەکانیدا نی‌یە [ بڕوانەرە : یادی مەردان ؛ بەرگی یەکەم ؛ ل ٨٣ – ٨٦ ؛ ١١٦ – ١٢٢] . لەمەش بەولاوە ئەگەر لەوە ورد ببینەوە کە مەولانا لە ١٢٤٢ی هیجریدا کۆچی دوایی کردوە و دەسنووسەکەیش لە ١٢٩٤دا نووسراوەتەوە و نووسەرەوەکەیش نووسیویە « برای نور چشم شیخ عثمان القادری » واتە : بۆ نووری چاوم شێخ عوسمانی قادری کە ئەو (نووری چاوم)ە نیشانەی منداڵیی شێخ عوسمانەکەیە ؛ بۆمان دەرئەکەوێ کەوا ئەگەر مەولانا خەلیفەیەکی شێخ عوسمان ناوی ــ جگە لە شێخ عوسمانی تەوێڵە ــ بووبێ ؛ ئەم شێخ عوسمانەی ئێرە نی‌یە .

٢/٤: د-٤، ل٧

بسم الله الرحمن الرحيم

وبـه نستعـين

ئەگەر کەسێ دەپرسێت ئیسلام چی‌یە ؟ ئیسلام پێنج ڕوکنی هەیە : لەسەر هەموو موسولمانێ عاقڵ و باڵغ بێ واجبە بیزانێت ، عەمەلیشی پێ بکاء ئەووەڵ ئەوەتە ( أَشْهَدُ ) : بە دڵ دەزانم بە یەقین ، بە زوبان دەڵێـم بە ئیختیار (أن لا اله) : هیچ مەعبودێ بە حەق نی‌یە لایق بە پەرستن بـێ ( اِلاّ اللّهُ ) ئیللا ئەو زاتە (٦) نەبێت واجبە بوونی ، بێ‌میثلە ، هەمـوو سیفـەتی کەمالی هەیـە ، هیـچ نەقسی نی‌یـە ، ئیسمی ئەڵـلآیە (٧) . ( وأَشْهَدُ) هەم بە دڵ دەزانم بە یەقین ، بە زوبان دەڵێـم بـە ئیختیـار ( أنّ مُحَمَّداً ) بە حەققەت ئەو موحەممەدە (٨) ئادەمی‌یە (٩) ، عەرەبی‌یە . قورەیشی‌یە ، هاشمی‌یە ، ڕوومەتی زەریفە ، برۆ ڕاکشاوە ، چاو ڕەشە . ناوچاوان پانە ، ڕەنگی لە مابەینی سوورو سپیدایە ، نە زۆر نەوی‌یە نـە

(٦) لە دەسنووسەکەدا (ذ)ی (ذات) بە (ز) نووسراوە . من پێم‌زانیبێ ئەمە تاکە تیپێکی عەرەبی‌یە لەم نامیلکەیەدا بەگوێـرەی بەدەمداهـاتنی لـە کوردیدا ــ نووسرابێ .

(٧) ئەم وشەیە لە دەسنووسەکەدا بەم‌جۆرە نووسراوە : ( اَللّیَه ) .

(٨) نووسەرەوە لێرەدا ، بەپێچەوانەی شوێنەکانی‌تری لەم‌چەشنەوە ، کە حاڵەتی فەتحەی دواپیتی وشـە بـە ( ە ) ئەنووسـێ ، ( مُحَمَّدَ )ەی نووسیوە .

(٩) کردنی (ئادەمی‌یە) بە خەبەری (أنّ) و عەطف‌کردنـەوەی خەبـەرەکانی پاشەوەش بۆ سەری ، هەڵەیە ، چونکە خەبەری (أنّ)ەکە (رسولُ الله)یە کە پاشان دێت و خراوەتـە ناو ڕسـتە کوردی‌یەکانـەوە . سـەرەڕای ئەمەش لەوانەیە کەسێك گومانی بۆ ئەوە بچێ ئەم هەموو صیفەتانە لـە لەفظی شەهادەکەوە دەرئەکەون ، کە واش نی‌یە .



عەقیدەی ئیمان بابی لالۆ

٢/٤: د-٤، ل٨

زۆر بڵندە ، لە هەموو ئەولادی ئادەم زەریفترە ، بێ‌سێبەرە ، لەبەر ئازکی و لەتیفی‌یان دیوار لە ڕوومەتدا ــ دیارە (١٠) . نـاوی بـاوك و باپـیرانی عەبدوللآیە کوڕی عەبدولموطەلیبی کوڕی هاشمی کوڕی عەبدولەنافی(١١). ناوی دایکی (١٢) ئامینە کچی وەهەبی لە تایفەی زوهرەی‌یە (١٣) . لە مەککە بەوەڵەد بووە . خودا کردوویەتی بە پێغەمبەر بە فەزڵی خۆی . چووەتـە مەدینە وەفاتی کردووە . ئەمە کێ‌یە وەهایە ؟ ڕەسوولوللآیە (١٤) . ڕەوانە کراوە ، پێغەمبەری خودایە ئەسەر (١٥) جینن و ئینس بە ئیتیفاق ، ئەسـەر سائیری مەخلووقی‌تر بە ئیختیلاف .

ڕوکنی دووەمین ئەمەتە بە ڕاستی و بە دروستی ، بە سەعی ، بە دایمی لە شەو و ڕۆژێکدا پێنج فەرز نوێژ بەجێ‌بێنی لەگەڵ تەواوی شـەرت و ڕوکنانی .

ڕوکنی سێمین (١٦) ئەمەتە سەرفیترە و زەکاتی ماڵی خۆت بدەی لـەو

(١٠) بە نیشانەی ئەوەدا کە وشەی (ڕوومەت) لە دەسنووسەکەدا (زدنە)یەکی بۆ کراوە ــ کە من لام‌وایە ڕاستەکەی (ڕوومەتی) بێ ــ ئەبێ تێکڕای نیمچە ڕستەی (دیوار لە ڕوومەتدا ــ دیار ) خەبەرێـکی‌تری پـاش خەبـەری (أنّ) بێ .

(١١) ئەم وشەیە لە دەسنووسەکەدا بەم‌جۆرە نووسراوە : (عبدالمناف) . دیارە ئەمە بەپێی دیالێکتی ناوچەی پژدەر و موکریانە کە (ی)یەك دەخەنە سەر (مضاف الیه) و ضەمیری پێوەندی (ە) دانانێن .

(١٢) لە دەسنووسەکەدا : نووسراوە (دایکە) .

(١٣) ئەم وشەیە لە دەسنووسەکەدا بەم‌جۆرە نووسراوە : (زهریە) .

(١٤) ئەم وشەیە لە دەسنووسەکەدا بەم‌جۆرە نووسراوە : (رسولُ اللیَە) .

(١٥) ئەم (ئەسەر)ە کە بەمەعنای (علی)ی عەرەبی‌یە ، جاران بەکارهێنانی لەناو مەلاو فەقێدا زۆر باو بوو . بەداخەوە ئێستـا لە زمـانی ئەدەبیمـاندا بەرچاو و گوێ ناکەوێ . بە ڕای من ، وەك وشەیەکی ڕەسەن ، شایانی ژیاندنەوەیـە .

(١٦) ئەم وشەیە لە دەسنووسەکەدا بەم‌جۆرە نووسراوە : (سمێن) . دیـارە مەبەستی (سێ‌یەمین)ە .

## ٤/٢: د-٤، ل٩

چشتانه زەکاتیان ⁽١٧⁾ لێ دەکەوێت ، بیگەیێنیتە بەوکەسانە ⁽١٨⁾ زەکاتیان پێ دەشێت بە بێ‌مەنەت •

ڕوکنی چواردمین ئەمەتە مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو بیت بە تـەواوی لەگەڵ هەموو شەرتانی •

ڕوکنی پێنجەمین ئەمەتە لە هەموو عومـری خـۆت دەفعەیێـك ⁽١٩⁾ ڕووبکەیە ئەمالی ⁽٢٠⁾ خودای کە لە مەککەیە بە نیـیەتی حـەج و عەمرە بەوشەرتەی تاقەتت بێت ، ئولاغی سواریت بێت ، خەرجی و زەخـیرەی ڕێگەت بێت ، نان و نەفەقەی مندالانت بێت ⁽٢١⁾ ، هەتـاوەکو دەچی و دێیەوە ڕێگەت ئەمین بێت •

ئەگەر کەسێ دەپرسێ ئیمان چی‌یە ؟ ئیمان ئەمەتە بـاوەڕ و یەقینـت بێت بە شەش ئەصلان لەگەڵ هەموو لك و تەفصیلان •

ئەصلی ئەووەڵ ئەمەتە باوەڕ و یەقینت بێت بە مەعنای لەفزی (ألله) کە زاتێکە واجبە بوونی ، مەعبوودێکی ⁽٢٢⁾ بەحەققە ، ئیجادکەری موتڵەقە لەبۆ تەواوی عالەم و عەرش و کورسی و بەهەشت و جەهەننەم و ئاسمان و زەمین و هەرچی لەواندا هەیە • ئەوە بوونی بەخۆوەیـە ، هـەر چشتی‌دی بوونیان بەوە ، وەیە ئیجادی کردوون لەپاش نەبوونیان ، دەیشیـاناتەوە فەنای لەپاش بوونیان • لەپێش هەموواندا بووە • لەگەڵ هەموانیش هەیە •

---

(١٧) لە دەسنووسەکەدا بە هەڵە نووسراوە : (ذكاتيان) .
(١٨) ڕاستەکەی یا (بیگەیێنیتە ئەوکەسانە) یا (بیگەیێنیت بەوکەسانە)یە .
(١٩) ئەم وشەیە لە دەسنووسەکەدا بەم‌جۆرە نووسراوە : (دفعیەیك) .
(٢٠) ڕاستەکەی (ڕووبکەیە مالی ..)یە .
(٢١) لە دەسنووسەکەدا ئەم (ببێت)ە و سێ (ببێت)ی پێشەوەی بەم‌جۆرە نووسراون : (بەبیت) . لە هەندێ شوێنی‌تریشـدا هـەر بەم‌جـۆرە نووسراوە .
(٢٢) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە (معبوديكە) .





## ٤/٢: د-٤، ل١٠

لەپاش هەموانیش دەبێت • هەموو سیفەتی کەمالی هەیە • هیـچ نەقسی نی‌یە • چاوپێ‌کەوتنی لە دنیا جائیزە ؛ واقیع نەبوە ، لە قیامەتدا دەبێت بـە بێچوونی • هیچ میثل و نەظیر و دایك و باوك و ژن و فرزەندی نی‌یە • لـە هەموو جێگایێك لەگەڵ هەموو کەس و هەموو چشتان هەیە • لە ڕەگی بەدەن نزیکترە • کەس نازانێت بەو نزیکی‌یە چلۆنە • لە ذات و صیفات و فیعلدا تەنها و بێ‌شەریکە • قەت ناگۆڕێـت • نـاوی پاکی بێ‌حیسابـە و بێ‌غایەت • چەندانکی هەزار و یەکە بـە شـوهرەت ؛ لەوەد و تۆریـە بـە کیتاب و بە سوننەت ⁽٢٣⁾ • هەفت ⁽٢٤⁾ یا هەشت سیفەتی زاتی ئەزەلی هەموو وەك زاتی خۆی بێچوونن هەیەتی ؛ هیچیان وەك سیفەتی مەخلووقاتی نین ؛ بە قیاس و بە عەقڵ دەرك ناکرێن ، ئەمما نیشانێکی ⁽٢٥⁾ لەو سیفەتانە لەزاتی ئینساندا ئیجاد فەرمووە دا یەکێکیان بزانن • ئەمما حەقیقەتەن ⁽٢٦⁾ کـەس نەیزانیوە و نـایشیزانن • سیفەتێکیـان ⁽٢٧⁾ ئەمەتـە ⁽٢٨⁾ : زینـدوە ؛ زانینە ⁽٢٩⁾ ، خواهیشتە ؛ توانینە ؛ بیستنە ، دیتنە ، قسە کردنە • بەعزێکی

---

(٢٣) ئەم ڕستەیە لە بەیتێکی شیعر دەچێ .
(٢٤) بەکارهێنانی (هەفت) لەجیاتیی (حەوت)ی کوردی ؛ نیشانەی مانەوەی تەئثیری زمانی فارسی‌یە بە کوردی‌یەوە لەو سەردەمەدا .
(٢٥) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە (نشانيك) . من ئەوەم بەلاوە هەڵە بوو .
(٢٦) بە کوردی نووسینی (حقيقةً)ە .
(٢٧) ئەبوو (سیفەتەکان) بوایە .
(٢٨) ڕاستەکەی (ئەمەنە)یە .
(٢٩) ئەم عەطفە نادروستە چونکە عەطفی (مصدر) ناکرێتـە سـەر (ذات) ؛ لەبەرئەوە لام‌وایە (معطوف عليه)یەکە لەڕاستیدا (زیندوی‌یە) بووبێ ، بەڵام لە دەسنووسەکەدا (زیندوە) نووسراوە . ئەوەش هەیـە کە زۆر جار لەجیاتیی (ی) (ە) ئەنووسێ ، بۆیە دوور نی‌یە هەر (زیندوی‌یە)ی مەبەست بووبێ و (ی)کەی بە (ژێر ــ کەسرە)ی (و)دکە دانابێ و مەبەستی لە ( ە ) کەیش (ی) بووبێ . ئەشکونجێ ڕستەکە هەمووی ڕاست بـێ بەم‌جۆرە : «سیفەتێکیان ئەمەتە زیندوە »و ، سیفەتەکانی‌تری پاشەوەی بە سەربەخۆ باس‌کردبێ .

٢/٤: د-٤، ل٩

ئیجادکردنە و [٣٠] باقی‌مانیشیانی [٣١] گوتووە • ئیجادکردووی کەمترە لـە توانینی • هەموو عالەم موحتاج بەوی‌یە • ئەو بێ‌ئیحتیاجە •

ئەسڵی دووەم ئەمەتە باوەڕ بکەی بە مەلائیکەی خودای تەعالا کـە هەموو جیسمی لەطیفن ، نوورانین ، دەتوانن خۆیان بنوێنن بـە گەلێـك شکڵان • هەموو عەبدی خودان ، نە وەلەدشنی نە کچنی [٣٢] • قسـەی کافران درۆیە • هەموو دۆستی خودان ، لە ئەمری ویدان • هیچ گوناهـ و نافەرمانی و مێ‌یی و نێری‌یو [٣٣] ژن و مێردایەتی‌یـان نی‌یە • ئەمما بە قەولی عەبدوڵڵا کوڕی ئیمامی عەبباس (رضيَ اللهُ عنهُما) تایفەیـەکیان هەیـە (جین)یان پێ دەڵێن وەلەدیان دەبێت ، شەیتان لەوانە • لە هەموو مەخلووقان زۆرترن • لەبەر زۆری‌یان خودا نەبێ هیچ‌کەس نایزانێ چەندن • لە هەمور ئاسمانان جێی [٣٤] پێ‌یێك نی‌یە کە یەکێك لەوان لەو جێگەدا یا لە ڕوکووع یا لە سوجدەدا نەبێت • هیچ چشتێك نی‌یە نە لە ئاسمان نە لە زەمیندا کـە

(٣٠) لە دەسنووسەکەدا بەم‌جۆرە نووسراوە : (ایجـادکردنو) . لام دوور نی‌یە مەبەستی (ئیجاد کردوونو) بێ . ئـەگەر وابـێ لە عەطفـەکەی پاشەوەی باشتر ئەگونجێ .

(٣١) ئەم وشەیە لە دەسنووسەکەدا بەم‌جۆرە نووسراوە : (باقی‌مانیشیان) . لام‌وایە مەبەستی ( باقی‌مانەیشیانی = بـاقی‌ماندیشیـانی :بـە واتـە (ئەوانی‌کەیشیانی) .

(٣٢) ئەم وشەیە لە دەسنووسەکەدا بەم‌جۆرە نووسراوە (نە ولـدشنی نـە کچنی) . تارماییی (ژێر)ێکیش لەژێر (د)ەکە و ، (زەنە)یـەك لەسـەر (ش)ەکە و (چ)ەکە بە حاڵ و ناحاڵێك دیارە کە لەوانەیە بیکا بە ( نـە وەلەدیشـنی و ... ) . بـەڵام ڕاسـتەکـەی (نـە وەلەدیشینی و نـە کچیشینی )یە . خۆ ئەگەر بشڵێین (ی)کانی (ولدشنـی) بە (ژێـر)ی (د)ەکە و (ژێر)ێکی نیشانە بۆ لەنووسراوی (ش)ەکە پینە ئەکا ، ئـەی لە (کچنی)دا چۆن کە (زەنە)کە بوە بە ئەگەرە و (ش)ەکەیش نی‌یە .

(٣٣) ئەم دوو وشەیە لە دەسنووسەکەدا بەم‌جـۆرە نووسراون : (مـێی و نیرێـو ) .

(٣٤) ئەم وشەیە لە دەسنووسەکەدا بەم‌جۆرە نووسراوە (جی) .





٢/٤: د-٤، ل١٠

مەخلووقی ڕووی ئەرزی بەدەستە • سێیەمینیان [٤٠] حەزرەتی ئیسرافیـل (علیه السلام) نەفخی صووری بەدەستە دوو جار پفی پێـدا دەکات • بـە جاری ئەووەڵ هەرچی زیندووە دەمرێت غەیری خودا نەبێ • بە جـاری دووەمین هەرچی مردووە زیندوو دەبێتەوە • چوارەمین حەزرەتی عیزرائیلە (علیه السلام) ڕۆح‌کێشانی بەدەستە • تایفەی ئەووەڵەمین ئەوانەنە عەرشیان هەڵگرتووە • غەیری ئەو چوار کەسە ئەو تایفەی عەرشیان هەڵگرتـووە ، ئەوانیش لەپاشان دەمرن • ئەم چوارەن لە قیامەتدا دێن [٤١] بە بەهەشـت داخڵ دەبن • تایفەی دووەمین ئەوەنە نزیکن بە بارەگاهی خودای تەعالا • تایفەی سێیەمین [٤٢] فریشتەی عەذاب و سـەرداری مەلایـکانن • تایـفەی چوارەمین فریشتەی ڕەحمەتێن • ئەم چوار کەسان و چوار تایفانە فەزڵیـان هەیە بەسەر هەموو مەلایکەتانەوە • غەیری ئەو چوار کەسانە و ئەو چوار تایفە عاممی مەلایکەتان فەزڵیان هەیە بەسەر گوناهکاری ئینسانانەوە • بـە نەفخەی ئەووەڵ هەموو مەلایکەتان دەمرن بە ئەمری خودای تەعالا • بـە نەفخەی دووەمین هەموو زیندوو دەبنەوە ئەوان نەبن . ئـەوان لەپێشـدا زیندوو دەبنەوە بە ئەمری خودای تەعالا • لەوڕا ئەم بزورگانە لە ئەصڵی ئیجادکردن و ڕۆح لەبەرخستنیان لەپێش هەمـوو ذی‌ڕۆحێـکدا بـووە ، مردنیشیان لەپاش هەموان دەبێت •

ئەسڵی سێیەمین [٤٣] ئەوەتە باوەڕ و یەقین بکەی بە هەمـوو کوتوبی خودای تەعالا کە ڕەوانەی کردوونە خوارەوە ئەسەر هەندێك لە پێغەمبەری خۆی بە ئەمە کە هەموو کەلامی قەدیمن ، صیفەتی قائیمن بە ذاتی خـودای تەعالاوە ، مەخلووق نین ، هەموو حەققن ، هەرچی لەواندا هەیە ڕاسـتە

(٤٠) لە دەسنووسەکەدا (سیمنیان) نووسراوە .

(٤١) لە دەسنووسەکەدا بە هەڵە نووسراوە (دین) .

(٤٢) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە (سیمن) .

(٤٣) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە : (سمین) .

٤/٢: د-٤، ل١١

مەخلوقی ڕووی ئەرزی بەدەستە • سێیەمینیان [٤٠] حەزرەتی ئیسرافیل (علیە السلام) نەفخی صووری بەدەستە دوو جار پفی پێدا دەكات • بە جاری ئەووەڵ هەرچی زیندووە دەمرێت غەیری خودا نەبێ • بە جاری دووەمین هەرچی مردووە زیندوو دەبێتەوە • چوارەمین حەزرەتی عیزرائیلە (علیە السلام) ڕۆح كێشانی بەدەستە • تایفەی ئەووەڵەمین ئەوانەنە عەرشیان هەڵگرتووە • غەیری ئەو چوار كەسە ئەو تایفەی عەرشیان هەڵگرتووە ، ئەوانیش لەپاشان دەمرن • ئەم چوارەن لە قیامەتدا دێن [٤١] بە بەهەشت داخڵ دەبن • تایفەی دووەمین ئەوەنە نزیكن بە بارەگاهی خودای تەعالا • تایفەی سێیەمین [٤٢] فریشتەی عەذاب و سەرداری مەلایكانن • تایفەی چوارەمین فریشتەی ڕەحمەتێن • ئەم چوار كەسان و چوار تایفانە فەزڵیان هەیە بەسەر هەموو مەلایكەتانەوە • غەیری ئەو چوار كەسانە و ئەو چوار تایفە عاممی مەلایكەتان فەزڵیان هەیە بەسەر گوناهكاری ئینسانانەوە • بە نەفخەی ئەووەڵ هەموو مەلایكەتان دەمرن بە ئەمری خودای تەعالا • بە نەفخەی دووەمین هەموو زیندوو دەبنەوە ئەوان نەبن . ئەوان لەپێشدا زیندوو دەبنەوە بە ئەمری خودای تەعالا • لەوڕا ئەم بزورگانە لە ئەصڵی ئیجادكردن و ڕۆح لەبەرخستنیان لەپێش هەموو ذی ڕۆحێكدا بووە ، مردنیشیان لەپاش هەموان دەبێت •

ئەسڵی سێیەمین [٤٣] ئەوەتە باوەڕ و یەقین بكەی بە هەموو كوتوبی خودای تەعالا كە ڕەوانەی كردوونە خوارەوە ئەسەر هەندێك لە پێغەمبەری خۆی بە ئەمە كە هەموو كەلامی قەدیمن ، صیفەتی قائیمن بە ذاتی خودای تەعالاوە ، مەخلووق نین ، هەموو حەققن ، هەرچی لەواندا هەیە ڕاستە

(٤٠) لە دەستنووسەكەدا (سیمنیان) نووسراوە .
(٤١) لە دەستنووسەكەدا بە هەڵە نووسراوە (دین) .
(٤٢) لە دەستنووسەكەدا نووسراوە (سیمن) .
(٤٣) لە دەستنووسەكەدا نووسراوە : (سمین) .





٤/٢: د-٤، ل١٢

هیچی درۆ نییە ، قورئان هەمووی بردووەتە پاشەوە ، لە هەموان چاترە • بە ئەمە كە هەر لە ئەییامی ڕەسولوڵلاوە تا ئیمڕۆ و هەرتا دنیاش دەبڕێتەوە بە بێزیادی و كەمییە و غەڵەتی نییە • عیلمی ئەووەلین و ئاخیرینی تێدایە • گەورەتری موعجیزاتی ڕەسولوڵلایە [٤٤] (صلی الله علیە وسلم) ؛ ئەگەر هەموو جینن و ئینس گردبینەوە ، ناتوانن كەلامێكی [٤٥] وەها بڵێن • كوتوبەكان هەموو صەد و بیست و چوارن [٤٦] ، دەیان هاتوونە ئەسەر ئادەم پێغەمبەر ، پەنجایان هاتوونە سەر شیث پێغەمبەر ، سییان هاتوونە سەر ئیدریس پێغەمبەر ، دەیان هاتوونە سەر ئیبراهیم پێغەمبەر • ئەمانە صوحوفن • تەورات بە موسا پێغەمبەر ، زەبوور بە داوود پێغەمبەر ، ئینجیل بۆ عیسا پێغەمبەر ، قورئان بۆ موحەممەد (صلی الله علیە وسلم) هاتووە •

ئەسلی چوارەم ئەمەتە باوەڕ و یەقینت بێ بە هەموو ڕەسوولی خودای تەعالا ؛ كە ڕەسوول لە ئینسانی مێرد دەبێ ؛ ئازاد و چاتر و بێعەیب و عیللەتتر لە هەموو كەسی ئەییامی خۆی • پێغەمبەر نین لەپێش پێغەمبەریداو لەپاشانیش هیچ گوناهی گەورە و پچووكی [٤٧] نین ؛ شەریعەتێكی [٤٨] ڕەوانە كرابێتە سەری ئەمری پێ كرابێ بیگەیێنێ بە خەڵقی • دیسان ئەگەر ئەو ئەمرەی پێ نەكرابێ ئەوە نەبییە ؛ ڕەسووڵ نییە •

باوەڕكردن بە ڕەسوولان ئەمەتە كە بزانی خودای تەعالا هەمووی هەڵبژاردوون بە فەضڵی خۆی ؛ نەوەك لەسەر ڕۆژوو و ڕیازەت و

(٤٤) ئەم وشەیە لە دەستنووسەكەدا بەمجۆرە نووسراوە : (رسول اللتیە) .
(٤٥) ئەم وشەیە لە دەستنووسەكەدا بەمجۆرە نووسراوە : (كلامكە) .
(٤٦) ڕاستەكەی (صەد و چوار)ە ؛ وەك لە ژماردنی صوحوفەكانیشەوە دەرئەكەوێ .
(٤٧) لەم نامیلكەیەدا وشەی (پچووك) هەموو بە (پچوك) نووسراوە .
(٤٨) ئەم وشەیە لە دەستنووسەكەدا بەمجۆرە نووسراوە : (شریعتیكە) .

٢/٤: د-٤، ل١٣

تاعەتیان ، لەبۆ پێغەمبەری . ڕێی (٤٩) نیشان‌داون بە خەڵقی ــ نیشاندانی ئەمری دین و دنیایان ، هەرچی پێیان فەرمواوە (٥٠) گەیاندوویانە بە خەڵقی بە سەعی و تەواوی • چەندانکو (٥١) دوشمن و لۆمەکەریان زۆر بوون ، خودای تەعالا یاریدەی هەموانی داوە بە موعجیزاتی ئاشکرا دا شاهید بن بۆ پێغەمبەرییان • هیچ کەس تاقەتی دەعوای نەبوە تا شەڕ لەگەڵیان بکا • هەموان لە قیامەتدا بەئیزنی خودای شەفاعەت دەکەن بۆ گونەهکاران و قوبوولیش دەبێ ، بەڵکو صالح و ئەولیای ئوممەتیشیان وەهایە • هەموویان لە قەبردا نەوعە زیندوی‌یەکیان (٥٢) هەیە • خاك قەدد و بەدەنیان ناخوا • لە حەدیثدا هەیە حەج و نوێژیش دەکەن • لە عەینی خەودا (٥٣) چاو و دڵیان بەخەبەرە • لە ئەسڵی نوبووەتدا هەموو بەرابەرن • ئەگەر کەسێ باوەڕی بە یەکێکیان نەبێ ، بە هیچ کامیانی نی‌یە • قەت لە پێغەمبەری ناکەون وەك هەندێ ئەولیا لێ‌کەوتوون • هیچ کەس نە لە ئینسانان نە لە حەیوانان (٥٤) نە لە مەلەکان ناگاتە مەرتەبەی ئەوان • ئەمما لەناو خۆیاندا هەندێکیان لە هەندێکیان شەریفترن • ئەو شەریفی‌یەیان لەبەر عوموومی دەعوەت و زۆریی ئوممەت و عیلم و مەعریفەت و ناو و شۆرەت و موعجیزە و

(٤٩) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە : (ری) .

(٥٠) من بەش‌بەحاڵی خۆم ئەمە یەکەمجارە ئیسمی مەفعوول لە مەصدەری (فەرموون) بەم‌شێوەیە ئەبینم ، بەڵام هەڵەش نی‌یە .

(٥١) ئەم وشەیەم نە لە کوردی و نە لە فارسیدا پێشتر نەبیستووە . دیارە لێرەدا بەمەعنای (هەرچەند) بەکارهێنراوە . ڕەنگە لەسەر شێوەی (باوەکوو) و (باوەجوو) و ئەوانە بێ .

(٥٢) ئەم وشەیە لە دەسنووسەکەدا بەم‌جۆرە نووسراوە : (زندویکیان) .

(٥٣) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە : (خدا) ، بەڵام هەڵەیە . بە بۆچوونی من ئەم هەڵەیە وا هاتووە : نووسەرەوە (خودا ــ خەودا)ی بە ( خدا ــ خودا ) زانیوە و وای‌نووسیوەتەوە .

(٥٤) لە دەسنووسەکەدا بە هەڵە (خیوانان) نووسراوە .

(٥٥) مەبەستی لە ( قائیمی )یە واتە ( بەرپایی ) .





٢/٤: د-٤، ل١٤

یەك لەدوو یەك قایمیی (٥٥) شەریعەتە • لەبەرئەوەیە (٥٦) سەروەری عالەم (صلی الله علیه وسلم) لە هەموان ، ئولولعەزم لە ڕەسوولان ، ڕەسوول لە نەبییان ئەفضەلترن • تەواوی پێغەمبەران بەشۆرەت صەد و بیست و چوار هەزارن • سێصەد و سێزدە یا پازدە لەوان ڕەسوولن • ئولولعەزمیش پێنج شەخسن : نووحە ، ئیبراهیمە ، مووسایە و عیسایە و موحەممەدە ( صلی الله علیه وسلم) • ئەو پێغەمبەری مەعلوومن سیی و سێ شەخسن ، ناویان ئەمەتە : ئادەمە و ، شیثە و ، ئیدریسە و ، نووحە و ، هوودە • صالحە و ، ئیبراهیم و لووطە • ئیسماعیلە و ، ئیسحاقە • یەعقووبە و یووسفە و ئەییووبە و شوعەیبە و مووسایە • هاروونە و خضرە و یووشەع و ئیلیاسە و یەسەعە و ذولکیفلە و شەمعووتە و ئیشمەویلە و یوونسە • داوود و لوقمانە و سولەیمان و زەکەریایە و یەحیایە و عوزەیرە• ذولقەرنەین و سەییدولمورسەلین موحەممەدی عەرەبی‌یە (صلی الله علیه وسلم) • ئەمما لە پێغەمبەریی خضر و لوقمان و ذولقەرنەین و ذولکیفلدا قسە هەیە • واجبە کە بیزانی ئیبراهیم خەلیلوڵلایە یەعنی لە غەیری مەحەببەتی خودای خاڵی‌یە و ، مووسا کەلیموڵلایە یەعنی گفتوگۆی لەگەڵ خوا کردووە • عیسا ڕوحوڵلایە : بە کەلیمەی خوای بووە بێ‌باوك و نە دایکی • چاترین ئەولادی ئادەم یەعنی موحەممەدی عەرەبی (صلی الله علیه وسلم) ، واجبە بزانی یەکێکە لە جوملەی ئەوان ، لە کوللی وەجهان تەمیزی و ئەفضەلیی هەیە لە هەموان ، چەندانکی ئەو وەجهانە لە حیساب نایەن • یەکێك لەو وەجهانە ئەو وەصف و شەمایلەیە لە ئەووەڵ ڕوکنی ئیسلامدا ڕامانبوارد ، وە هەم ئەمە قەت لە شەڕاندا نەشکاوە • هەم ئەمە لەپێش هەمواندا لە قەبردا (٥٧) دێتە دەرەوە ، لە جێگە حەشر حاضر دەبێ ، هەم دەچێتە بەهەشتێ • هەم ئەمە باوەڕ بکا بە میعراجی ئەو سەروەرە

(٥٦) ئەم وشەیە لە دەسنووسەکەدا بەم‌جۆرە نووسراوە : (لبراوه) .

(٥٧) ئەم (دا)یە زیادە .

٤/٢: د-٤، ل١٥

بە هوشیاری لە شەودا لە مەککەوە تا مەسجیدولئەقصا ، لە مەسجیدولئەقصا تا سیدرەتولمونتەها بە سواریی بوراقی لەگەڵ حەضرەتی جوبرەئیل چووە ، لەوێوە بەتەنها ڕۆیوە تا دەنگی کەلیمەی (٥٨) مەلایکەتانی بیستووە : لەوێوە ڕەفڕەفیان بۆ هێناوە بە سواریی ڕەفرەف چووەتە لامەکان ، عەرش و زەمان و مەکانی بەجێهێشتووە ، گەیوەتە حوضووری خودای تەعالا ، چاوی پێی کەوتووە وەك لە قیامەتدا چاویان پێ دەکەوێ بە بێچوونی • مەدح و ثەنا و گفتوگۆی کردووە • جوابی داوەتەوە بە لوطف و مەرحەمەت • پەنجاھ نوێژی لەسەر خۆی و ئوممەتی فەرض کردووە • چەند جار هاتوەتە خوارێ بە قسەی مووسا پێغەمبەر چووەتەوە بەرە ژوور دیوانی کردووە تا گەیاندوویە بە پێنج فەرز • ئەوی خودا دەزانێ ؛ بەو سەروەرە گەیشتووە لەگەڵ چەند هەزار خەڵات و ئیکرام • هاتوەتە جێی (٥٩) خۆی (٦٠) ئێستا گەرم بووە • هەم ئەمە کە گەورەترینی هەموو پێغەمبەرانە ؛ هەر پێغەمبەرێ خوای ڕەوانەی کردبێ عەهدی لێ وەرگرتووە ئەگەر لەپێش مردنیدا بگاتە بە خدمەتی (٦١) ئەو سەروەرە ئیمانی پێ بێنێ • هەم پێغەمبەرێتی بە زاتی پڕکەمالی ئەوی تەواو بووە • لەپاش ئەوی هیچ پێغەمبەریدی نابن • عیسا پێغەمبەر لەمەوپاش کە دێتە خوارەوە لەسەر دین و شەریعەتی ئەو دەبێ • هەم ئەمە کە ڕەحمەتە بۆ هەموو عالەم کە هەژدە هەزار عالەمە موحتاجی خوانی نیعمەت و ڕەحمەتی وین • هەم کە هەر ئەوە ڕەوانە کراوەتە سەر جینن و ئینس بە ئیتتیفاق ، ئەسەر مەلەکان و سائیری مەخلووقاتیدیش بە ئیختیلاف و ، پێغەمبەریدی هەریەك لەسەر تایفەیێك لە ئینسانان ڕەوانە

(٥٨) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە : (کلمی) . ڕاستەکەی ئەبێ (کەلامی) بێ .
(٥٩) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە : (جی) .
(٦٠) لە دەسنوونسەکەدا لەمشوێنەدا (خوی)یێکیتریش هەیە ، بەڵام دیارە زیادە .
(٦١) ڕاستەکەی یا (بگاتە خدمەتی) یا (بگات بە خدمەتی)یە .





٤/٢: د-٤، ل١٦

کراون • هەم ئەمە خوای تەعالا ؛ بەتەنها فەزڵ و موعجیزە و کەرامەتی هەموو پێغەمبەرانی داوەتێ و گەلێك چشتیدیش کە بە ئەوانی نەداوە • هەم ئەمە لەپێش هەمواندا ئەو شەفاعەت دەکا • هەم ئەمە موعجیزە و کەرامەتی ؛ خودا نەبێ کەس نازانێ چەندە • هەم شەریعەتی ئەوی هەموو شەریعەتانی بردوەتە پاشەوە •

هەم ئەمە دین و ئوممەتی لە هەموو دین و ئوممەتان چاترن • ئەمما لەناو ئوممەتیدا ئەولیا لە هەموان چاترن و ئاڵ و ئەصحابە لە هەموو ئەولیا چاترن و لەنێو هەمواندا حەضرەتی ئەبووبەکر کوڕی قوحافە (رضی الله عنهما) لەپاش پێغەمبەران چاترینی ئەووەلین و ئاخیرینی ئەولادی ئادەمە ، خەلیفەیی (٦٢) ئەووەلی ڕەسولوڵلایە (٦٣) ، لەپێش پێغەمبەرێتیی ڕەسوولوڵلادا خودا پاراستوویە لە کوفر و ضەلالەتان • لەپاش ئەوی ئیمام عومەری کوڕی خەططابە (رضی الله عنە) ، خەلیفەی (٦٤) دووەمینە • لەپاش ئەوی ئیمام عوثمانی کوڕی عەففانە ، خەلیفەی سێیەمینە • لەپاش ئەوی ئیمام عەلیی کوڕی ئەبیطالیب (رضی الله عنە) ، خەلیفەی چوارەمینە • لەپاش ئەوی ئیمام حەسەنی کوڕی ئیمام عەلی (رضي الله عنهما) خەلیفەی پێنجەمینە (٦٥) • خەلیفەتی کە بە نیابەتی ڕەسولوڵلا بووە لەو پێنجانە تەواو بووە • موددەتی خەلیفەتی سی ساڵ بووە • لەپاش ئەوان ئیمام حوسەین و باقیی عەشەرەی موبەششەرە لە هەموان چاترن • لەپاش ئەوان ئەهلی بەدر ، لەپاشان ئەهلی ئوحود ، لەپاش ئەوان ئەهلی (بیعة الرضوان) (رضوان اللە تعالی علیهم اجمعین) • هەم ئەمە هەرکەسێ موسوڵمان بێ دەبێ جەمیعی ئاڵ و ئەصحابی

(٦٢) لە دەسنووسەکەدا (خلیفەیە) نووسراوە .
(٦٣) لە دەسنووسەکەدا ، لێرەشدا ئەم وشەیە بەمجۆرە نووسراوە : (رسول اللّیە) .
(٦٤) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە (خلیفەء) .
(٦٥) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە (پنجمینە) .

٤/٢ : د-٤ ، ل١٧

خۆش‌بوێ لەبەر خۆشەویستیی خودا و ڕەسوولی خودای ، لـەوڕا ئـەو سەروەرە فەرمووبەتی هەرکەسێ دۆستی ئەوان بێ دۆستی منیشە ؛ هەرکەسێ دوشمنی ئەوان بێ دوشمنی منیشە • هەرکەسێ ئازاری ئەوان بدا ئازاری من دەدا • هەرکەس ئازاری من بدا ئازاری خودا دەدا • هەرکەسـێ ئـازاری خودای بدا خودا دەیگرێ • هەم لە حەدیثدا هەیە خەدیجە و عایشە حەرەمی ڕەسوولولڵا و فاطیمەی کچی لەگەڵ مەریەمەی دایـکی عیسا پێغەمبـەر و عاسیەی (٦٦) کچی موزاحیم چاترینی هەموو ژنی ئەولادی ئادەمن •

هەم ئەمە سەرمەذهەب چوارن : ئیمام حەنیفە (٦٧) ، ئیمام مالیك ، ئیمام موحەممەدی شافیعی ، ئیمام ئەحمەدی حەنبەلی‌یـە (رضی اللـه عنهـم) • مـەذهەبی هەموان حەقە • هەرکەسێ لەسەر مەذهەبی یـەکێ (٦٨) نـەبێ مەذهەبی دروست نی‌یە چەندانکو (٦٩) ئیمامی‌دیش زۆر بوون و هەمـوو مەذهەبیان حەق بووە ، چونکە لە ضەبطدا نین مەذهەبیان ، بۆیە جایز نی‌یـە عەمەل پێ کردنیان • بە غەیری ئەو چوار مەذهەبەی کە ڕامـانبوارد هـەم ئیمامی عەقیدە دوانن : ئەبولحەسەنی ئەشعەری‌یە لە مەذهەبی شـافیعیدا ، ئەبوومەنصووری ماتوریدی لە مەذهەبی حەنەفیدا • هـەرکەسێ لەسـەر عەقیدەی یەکێ لەوان نەبێ عەقیدەی دروست نی‌یە •

هەم طەریقەتی ئەولیا حەققن ، لە حەقیقەتدا هیچیان موخالیفی شەریعەت نی‌یـە •

ئەسڵی پێنجەمین ئەمەتە باوەڕ و یەقینت بێ بە ڕۆژی قیامەتێ کە لـە

---

(٦٦) ناوەکە لەڕاستیدا (ئاسیە)یە .

(٦٧) ڕاستەکەی (ابوحنیفە)یە .

(٦٨) ئەبوو (یەکێ لەوان) یا (یەکێکیان) بوایە .

(٦٩) ئەمە جارێکی‌تریش (چەندانکو) بەمەعنا (هەرچەند) .





٤/٢ : د-٤ ، ل١٨

ئەووەڵی مردنێوە (٧٠) تا ئاخری ماجەرای ڕۆژی حەشر • بە ئەمە کە هەرچی حەضرەتی ڕەسوولولڵا خەبەری‌داوە ؛ شەرط و نیشانە و ماجەرای ؛ وەك ظوهووری موحەممەدی مەهدی ، هاتنەخواری عیسا پێغەمبەر ؛ خورووجی دەججاڵ و دابیەتولئەرض و یاجووج و مەئجووج و سایری ماجەرای‌دیـش هەموو ڕاستە دەبێت بە بێ‌زیادی و کەمی • هەم بە یەقین بزانی عەزابی قەبـر لەبۆ کافر و گونەهکاران هەیە • هەم ڕاحەتیی قەبر لەبـۆ موسوڵمـانان و کارچاکان هەیە کە هەرکەسێ مرد زیندووی دەکەنەوە لە قەبریدا ڕۆی دەێن؛ مونکیر و نەکیر دێن لێی دەپرسن (٧١) کە خودای تۆ ؛ پێغەمبەری تۆ کی‌یە ؛ دین و ئیمامت چی‌یە ، ئەگەر جوابی بەدروستی دایەوە قەبری لەبۆ فراوان دەبێتەوە ، کولانێکی (٧٢) لە بەهەشتی بە طەرەفی قەبری ئەوی دەکرێتەوە ، شەو و ڕۆژ جێگەی خۆی لە بەهەشت چاو پێدەکەوێت ؛ بە گەلێك نیعمەت و بەشارەت بەجێی‌دێڵن و دەڕۆن و پێی‌دەڵێن ( نَمْ کَنَوْمِ العَرُوسِ )(٧٣) یەعنی بۆ خۆت بنوە بە میثلی نووستنی زاوا و بووکان • ئەگەر لە جوابدا ڕاوەستا بە گورزی ئاگرین کە گورزێکە کە (٧٤) خودای تەعالا لە ئاگری جۆشی دۆزەخ خەلقی کردووە بۆ عەزابی ئەوکەسانەی (٧٥) کە لە دنیـادا

---

(٧٠) ئەبوو (مردنێوەیە) یا ( مردنەوەیە) بوایە بۆئەوەی پاشان ڕستەکە ناتەواو دەرنەچێ .

(٧١) لە دەستنووسەکەدا نووسراوە (لیدپرسین) . دیارە هەڵەیە .

(٧٢) لە دەستنووسەکەدا نووسراوە (کولانیکە) .

(٧٣) لە دەستنووسەکەدا نووسراوە : « نَم کَنَوْمِ العَرُوسِ » .

(٧٤) ئەم (کە)یە زیادە .

(٧٥) لە دەستنووسەکەدا (مشایخ) نووسرابـوو کە بـۆ (مەشـایخی)یش و (مەشایخ و)یش دەستئەدا . من (مەشایخی)م پێ گونجاوتر بوو .

٢/٤: د-٤، ل١٩

مونکیری نەصایحی مەشایخی [٧٦] ئەولیایان بێ [٧٧] وەیا بۆ خۆی گونەهکار بێ ؛ وەهای لێدەدەن ئەووەڵ قەبری پڕ دەبێ لە ئاگر ؛ سەرتاپای بەدەنی دێتە جۆش • بەعد ئەزان [٧٨] بە غەیری جیـنن و ئینس نالـەی ئـەوی دەبیێن [٧٩] ، قەبریش وەهای دەکوشێت [٨٠] پەراسووی ڕاست و چەپـی تێکدەپەڕێنێ • وە هەم لە طەرەفی جەهەننەمەوە کولانێکی بۆ دەکرێتەوە هەموو ئێوار و سبەینان جێی [٨١] خۆی چاوپێدەکەوێت لە جەهەننەمێ ؛ بە ئەنواعی عەذابیدیش تا ڕۆژی حەشرێ گروفتار دەبێت •

هەم باوەڕ بکەی دەفعەیێکیدی هەموو مەخلووقی لەپاش ڕزینیان و جوێبوونەوەی جوملەی ئەعضایان ، خودای تەعالا گردیان دەکاتـەوە ، ڕێکیان دەخاتەوە ، ڕۆحیان بەبەردا دەکاتەوە ، لە قەبریدا هەڵیاندەستێنێت بە قودرەتی خۆی دەیانباتە جێگای حەشرێ ، هەموو عەمەلی چاکان لە لای ڕاستەوە دێتە دەستی ، هەرچی خراپان هەیە لە پشتەوە یا لە لای چەپـەوە دێتە دەستی چەپیان • هەموو عەمەلی چاك و خراپ و پچووك و گەورە و ئاشکار و دزییان چ لە دەفتەری عەمەلیاندا بێت ، چ ئەعضـای خۆیـان

(٧٦) لە دەسنووسەکەدا (اوکسانی) نووسراوە ، جا خواه بە (ئەوکەسانەی) بخوێنرێتەوە یا بە (ئەوکەسانی) بخوێنرێتەوە ؛ ئەبـوو بـە نیشانـەی فیعلەکانی پاشـەوەیدا کە ضەمیری فاعیلەکەیان بۆ ئەم ئەگەڕێتـەوە ــ (ئەوکەسـەی) بوایـە .

(٧٧) ئەم حوکمە بەم موطڵەقییە تەواو نییە بەگوێرەی ئایین مەگەر پـاش پینە و پەرۆیەکی زۆر . بۆیە ئەبێ هەڵە و دەست تێوەردانێکی تێـدا ڕوودابێ ، چونکە مەولانا کەسێك نەبوە لە ئایین بێئاگا بێ .

(٧٨) بەعد ئەزان ــ بعد ازآن : نیمچە ڕستەیەکی فارسییە ؛ واتە پاشئەوە.

(٧٩) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە (دبین) .

(٨٠) بەمەدا دیارە لەو سەردەمەدا لە دیالێکتی سولەیمانیدا نە (وشاردن) و نە (گوشاردن) باو نەبوە .

(٨١) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە : (جی) .





٢/٤: د-٤، ل٢٠

شاهیدییان لێ دەدات [٨٢] ، چ لە عیلمی خـودادا بێـت ، هەموویـان ئاشکار دەکات ؛ لێیان دەپرسێت ؛ جەزای چاکیان دەداتەوە بە چـاکی ، هیی [٨٣] بە [٨٤] خرابیان [٨٥] بە خرابی • هەم هێندێکان دەگرێت سەبەب بە گوناهێکی صەغیرە بە عەدڵ • لە گونـاهی هێندێـك گوناهـکاران خۆشدەبێت بە غەیری کوفر • قەت لە کافران خۆشنابێت • هەم ترازووی قیامەت تای چاکیان نوورانییە لە تەرەفی بەهەشـت کە لـە لای ڕاسـتی عەرشەوە دێ • تای خرابیان ظولمەت ؛ ئەوەیە لە طەرەفی جەهەنەمـەوە کە لە لای چەپی عەرشەوە دێ • ئەگەر هەموو ئەرز و ئاسمان بنێتە [٨٦] تایەکی ، جێگای دەبێتەوە • هەموو عەمـەلی چاکیـان و خرابیـانی پـێ دەکێشێت • تای گرانی بەرە ژوورە ، تای سووکی بەرە ژێرە ، مەیـلی دەکا بە عەکسی ترازووی دنیای •

پردی قیامەت [٨٧] کە پردێکە لە موو باریکترە ؛ لە تیغ تیژترە ، بـە ئەمری خودای تەعالا دەینێنە سەر پشتی جەهەننەمێ ؛ ئەمر دەکەنە هەموان بەسەریدا ڕابوورن • هەرکەسێ بەهەشتی بێ ؛ هێندێك وەك برووسکە ؛ هێندێك وەك با ؛ هێندێك وەك ئەسپی لنگ [٨٨] بەسەریدا ڕادەبوورن • هەرکەسێ جەهەننەمی بێ پێی [٨٩] هەڵدەخلیسکێ دەکەوێتە جەهەننەمەوە ؛ خودای تەعالا وەهای پێ موقەددەرە هەرکەس لە دنیادا لەسـەر ڕێـگای

(٨٢) ئەبوو (بدات) بوایە .

(٨٣) ئەم وشـەیە لە دەسنووسەکەدا بەمجۆرە نووسراوە : (هیە) .

(٨٤) ئەم (بە)یە زیادە .

(٨٥) لەم نامیلکەیەدا وشەی (خراپ) هەمووی بە (خراب) نووسراوە ..

(٨٦) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە (بنیتە) .

(٨٧) ئەم ناونانە گەلێ لەوە ڕاستترە کە ئێستا باوە ؛ کـە ئەڵـێن (پـردی صێراط ) چونکە (صراط) خۆی بە عەرەبی واتە پرد .

(٨٨) لنگ : غار .

(٨٩) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە : (پی) .

٤/٢: د-٤، ل٢١

نەریعەتدا (٩٠) چاتر ڕابووردبێ ، لەسەر پردی قیامەتدا چاتر ڕادەبوورێ •

هەم حەوضی کەوثەری حوضێکە ڕێگەی مانگێك گەورەیە ، ئـاوی لە شیر سپی‌ترە ؛ لە میسك بێنی (٩١) خۆشترە • هەرکەس دەفعەیێ بیخواتەوە ئەگەر چەند ساڵ لە جەهەنەمدا بێت تینووی نابێت •

هەم ئەنبیا و ئەولیا و مەلایکە و صالحان شەفاعەت دەکەن بۆ گوناهی گەورە و پچووکی موسوڵمانان چەندانکو (٩٢) بێ‌تەوبە مردبن • شەفاعەت لەوڕۆژەدا پێنج نەوعە • یەکێك بۆ ئەوەیە زوو حیسابیان لەگەڵ بـکەن لە جێگای حەشرێ • دووەمین بۆ ئەوەیە بە سووك و ئاسانی حیسابیـان لەگەڵ بکەن • سێمین (٩٣) بۆ ئەوەیە گوناهکاران نـاوێنە جەهەنـەمێ ، خەلاصیان بکەن لە عەزاب • چوارەمین بۆ ئەوەیە کە جەهەتەمی‌یان بێنـە دەرێ (٩٤) • لەپاش ئەوانە پێنجەمین بۆ ئەوەیە مەرتەبەی چاك و عالیـی پایە بڵندیان بدەنێ لە بەهەشتێ •

---

(٩٠) یا ئەم (دا)یە زیادە ؛ یا ئەبێ (لەسەر)ەکەی پێشـەوەی (بەسـەر) بێ، هەروا لە وشەی (قیامەتدا)ی پاشەوەشدا .

(٩١) نالیی شاعیریش لەجیاتیی وشەی (بۆن) کە ئێستا لە دیالێکتی سولەیمانیدا بەکارئەهێنرێ ؛ (بێن) بەکاردێنێ . ئەم وشەیە دەمێکە بەتەواوی لـەم دیالێکتەدا لەبیرچوەتەوە .

(٩٢) ئەمەش (چەندانکو)یەکی‌تر هەر بەمەعنای (هەرچەند) .


(٩٣) ئەم وشەیە لە دەسنووسەکەدا بەمجۆرە نووسراوە : (سیمین) .

(٩٤) لە بڕبڕەی دەسنووسەکەدا (دروە ـ دەرەوە) نووسراوە ؛ بـەڵام لـە پەراوێزەوە نووسراوە (دری ـ ب) واتـە (دەرێ) لەجیـاتیی (دەرەوە) دانێن .



* دەستنووس عەقیدە ١٨٧٧
* ئەمە تەواوی فۆتۆکۆپیی (د-٤)ی بڵاوکراوەی محەممەدی مەلا کەریمە کە ئەو بەتەنێ سەرەتا و کۆتایی دەستنووسەکەی لە گۆڤاری کۆڕدا بڵاوی کردبۆوە و بۆی نەلوا بوو هەمووی بنوێنێ من بۆ پشت گرتنی کارەکەی و کـەڵکی لێ کـۆڵەکـانی زمـان و ئەدەبی کـورد، هەمـوویم نواند کـە لە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانییەوە وەرمگرتووە.


٦/٢: د-٥: عەقیدەی ئیمان (سەمیع) ل١








٦/٢: د-٥: ل٢




٦/٢: د–٥: ل٣








٦/٢: د–٥: ل٤




٦/٢: د-٥: ل٥







٦/٢: د-٥: ل٦



٦/٢: د-٥: ل٧

له پرد صراط بعده ده و عم　　رگه نه خزاری بو [illegible]
عوذ بالله لو بو سجینه　　[illegible] نکیو سجینه
اوّل بقلاب آسنین وادوری　　وک دکوشت [illegible] هلدا دسری
هتا دسونه دقلب دادرزی　　ایسقان دکوشت پیکیا هلدکری
سرباک لم رشی وبردبته خوار　　دیسان دیان کن هردک ادلجار
بل له او لجار روژ روژ خراب تر　　دسونه دیسان له اوّل چیا تر
هر بم دستوره هرتا تیدا بی　　هر عذاب ددری سردنی نابی
مار دووپشک له رگث خرا بتر　　[illegible] نه درنه سرباک له اگر
هر یک صد قلّه زهر تیدایه　　هرکس بیوه دن بوی وا دیلای
هتا حفتا سال داودستونزان دکا　　لو دوا دادرزی لی سیلان دکا
غل و زنجیریان له گردن دکن　　هر یک بنوعی عذابیان ددن
سعت بسعت هرلی زیاد دکری　　مردن روژ [illegible] امری
معلوم جهنم حوت طبقیه　　هر طبقیکی لبو فرقه
هرنا داره نا دار هردا ویلا یه　　هیچکس بزانی لمبدا [illegible]
ادیان [illegible] حمیمه　　یا عین الغوطه او زوخ کیمه
خوراکیان ضریع قرص زقومه　　اوکرم بوگن [illegible]
درخوار دیان ضریع و زقوم　　ادان دگرین له تک حلقوم
نه دچیته خوار نه بوی دیته در　　ماوار ماطره آدم بینه سر

[illegible]





٦/٢: د-٥: ل٨

[illegible]

هزار ربانی آوی بو دیتی　　که دبچرا ناو سک پاک داورتی
بحث عذابیان ایه تقریر　　بو حزنی فرموه وبئس المصیر
هرکس اذیت خلقی زور دابی　　بو ظلم مخلوق زوره تی کوشابی
اوه در زلیله خیلی به بخته　　زیاتر له همان عذاب سخته
آخر زور دگرین روز شکوا دکن　　تا حوت هزار سال واویلا دکن
هزار سال [illegible] دلین یا حنان　　هزار سال دلین یا دار هتان
هزار سال دلین یا دار یا روف　　هزار سال دلین یا دار عطوف
هزار سال دلین یا کریم یا دار　　هزار سال دلین یا رحیم یا دار
هزار سال تر دلین یا رحمن　　رحیمان بی دلیا [illegible] سبحان
تا جبرئیل دی بزانی او حاله　　دپرسن کیه او نوره حیا له
دلین جبرئیل این دا در　　که خدا ناردویه بو لای پیغمبر
اوساکه ناوی پیغمبر دبین　　پاکیان بجاری لیک ناله دکن
یا رسول الله بی ماوار مان　　[illegible] حالمان
جمع ابنیا له گل پیغمبر　　شفاعت دکن دیان هینه در
هرکس شهادت بحق هینا بی　　بو حاله مردیه ایمان نابی
پاکیان وینه در بچا تیان ددن　　او وخته داخل بهشتیان دکن
مدح بهشتی ایه کفار　　جنات تجری تحتها الانهار
معلوم راسته هشت طبقیه　　او هشت طبقه صد [illegible]

٦/٢: د-٥: ل٩







٦/٢: د-٥: ل١٠

